

# کەلەپوور و
## کاریگەریی لەسەر بونیاتنانی ئێستا و بەرچاوڕوونیی ئایندە


نوسینی: عەبدولسەلام ڕەیاح

وەرگێڕانی: ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد



سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

(١٢٠)

# کەلەپوور و

## کاریگەریی لەسەر بونیاتنانی
## ئێستا و بەرچاوڕونیی ئاینده

# کەلەپوور و کاریگەریی لەسەر
## بونیاتنانی ئێستا و بەرچاوڕونیی ئاینده

نوسینی: عەبدوسەلام ڕەیاح
وەرگێڕانی: ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد

# کەلەپوور و کاریگەریی لەسەر

## بونیاتنانی ئێستا و بەرچاوڕوونیی ئاینده

له بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (١٢٠)

- نووسینی: عەبدوسەلام ڕەیاح
- وەرگێڕانی: ڕێدار ڕەئوف ئەحمەد
- بابەت: فیکریی مێژوویی
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٢.

له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٣٧١)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

## ناوەرۆك


**پێشەکیی** ........................................................................ **٧**

**بەشی یەکەم:** چەمکی کەلەپوور و ئەرکەکانی ............................................ ١٥

**بەشی دووەم:** کەلەپوور لە نێوان بژارکردن و ڕزگارکردندا ................................ ٣٧

**بەشی سێیەم:** کەلەپووری ئیسلامیی و فێڵی کارپێکردن (مکر التوظيف) ...... ٨٣

**بەشی چوارەم:** کەلەپووری ئیسلامیی و قایمکردنی ئوممەت .......................... ١٢٥

**بەشی پێنجەم:** کەلەپووری ئیسلامیی و بونیاتنانی هاوبەشیی مرۆیی .......... ١٦٣

**کۆتایی** ........................................................................ **٢٠٠**

# پێشەكیی

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانییان، درود و سڵاو لەسەر ڕێزدارترینی پەیامهێنەر و نێردراوان.

یەكێک لە سوننەتەكانی خودای میهرەبان بۆ بەردەوامێتیی ژیان ئەوەیە، ئەوەی دێت لەسەر داهێنانە جوانەكانی ئەوانەی پێش خۆی بونیاتبنرێت، سود لە هەوڵی پێشینەكانی وەربگرێت، لە شێوازی ژیان و پێداویستییەكانی واقیع (كەتوار)، هەتا ژیان ئاسانتر بكات و ناڕەحەتیی و سەختییەكانی سوكبكات.

بە هەمان شێوە تێكڕای نەتەوەكان، ئیدی لەوانەبن كە كۆن ڕەتدەكەنەوە، یان لەوانەبن، كە بە توندیی پێیەوە پەیوەستن، ئەوا بە شێوەیەكی ئەرێنیی، یان نەرێنیی بەشی خۆیان لە چاكییەكانی ژیانی ئەوانەی پێش خۆیان بەهرەمەندبوون، چونكە ژیانی مرۆڤەكان وەكو ژیانی بونەوەركانی تر نییە، كە هیچ ڕێگەیەكی پێشكەوتنی تێدا نەبێت و نەتوانێت لە دۆخێک بۆ دۆخێكی تر هەنگاوبنێت.

مسوڵمانانیش جیاواز نەبوون لە نەتەوەكانی تر، ئەمانیش لەوانەی پێش خۆیان سودمەندبوون، شارستانیەتییەكیان بە سروشتێكی تێڕوانینی جیاواز بونیاتنا، ڕێڕەوی خۆیان بۆ ژیان دیاریكرد، ڕوكاری ڕێگەیەكی وەهایان بۆ دانا، كە لەگەڵ ئەو تێڕوانینە تایبەتەدا بگونجێت، كە ئاینی ئیسلام پێیبەخشیون بۆ دیاریكردنی ڕێڕەو و ئایندەی لە بەرچاو بێت و چاوی لەوەیە خەسڵەتی جیهانییبوونی تێدابێت، ئەمەیش لە سۆنگەی زاڵبوونی ئاینی ئیسلام بەسەر هەموو ئاینەكاندا.

بەڵام ئەم بژاردەیە، نە لە كۆن و نە لە نوێدا، تەنها لە دەستی تێڕوانینی مسوڵماناندا نەبووە، بەڵكو زۆر تێڕوانینی تریش كۆششیانكردووە لە بونیاتنانی كۆمەڵگەیەكی مسوڵماندا شوێنپێیەكیان هەبێت، هەنگاوەكانیان خێراكرد و خۆیان و هاوبەشەكانیان كۆكردەوە، پەنایان بۆ هەموو ئەو دەروازە و دەرگایانە برد، كە پێیانوابوو بەهۆیەوە دەتوانن پشكیان هەبێت لە بەدیهێنانی ئەو خواستە، كە ئەگەر بێتەدی، ئەوا بە تێپەڕبوونی كات سەركردایەتیی و پێشەنگبوون بەدەستدەهێنن و باڵادەستیی چاوەڕوانكراو لای مسوڵمانان لە تێڕوانیندا وەلادەنرێت. تەنانەت كارەكە، ئەگەر بەردەوام گورزی چڕی بەربكەوێت، پێشبینییدەكرێت مسوڵمانان بە گەورە و

بچووکیانەوە ببنە پارویەکی ئاسانی ناو کەڵبەی ئەوانی تر. ئیدی بەڕێوەدەبرێن، نەک ڕێبەرێتیبکەن. فەرمانیان بەسەردا دەکرێت، نەک فەرماندەربن. لە پەیژەی شارستانیەت و مەدەنیەتدا هەردەم لە پلەکانی خوارەوە دەبن.

**أ- پاڵنەرەکانی نوسین لەسەر ئەم بابەتە:**

بابەتی کەلەپوور، کە ئەم توێژینەوەیە لەخۆیگرتووە، لە مەترسییدارترین ئەو بابەتانەیە، کە ئوممەتی ئیسلامی زۆر سەرقاڵکردووە. ڕۆڵەکانی لە بارەیەوە بە تەواویی پەرتەوازە بوون، وایکرد تێڕوانینی جیاواز بێتەئارا. هەندێک لەو تێڕوانینانە لەسەر ئەوە بنیاتنراوە، کە کەلەپوور لە سەردەمی لاوازبوون و دارماندا، سودی بۆ ئوممەت دەبێت، هەندێکی تریش لەسەر ئەوەیە، کە تەنها زیانی دەبێت و لە کۆتاییشدا ڕیشەی ڕوکارەکانی دواکەوتوویی تێیدا دەچەسپێنێت و لێکەوتەکانی شکست و پاشەکشەی تێدا گەورەدەبێت، لە سەردەمێکدا دەبێت زیاتر هەتا ئەوپەڕی سنوری دونیا مکوڕ بێت لەسەر بەدیهێنانی مرۆڤبوونی تاکەکانی.

ئەم تێڕوانینە جیاوازانە -لە کۆتاییدا- بوونە هۆی دروستبوونی هەڵوێستی هاوشێوەیان. توێژەرانێک هەن هەڵوێستیان لەسەر بە تەواویی ڕەتکردنەوەی کەلەپوور بونیاتناوە، بەمەیش دابڕانێکی مەعریفییان هێنایەئارا، گەیشتووەتە قسەکردن لە بارەی ئەوەی دروشانەوەیەکە لە درەوشانەوەکانی دابڕاو لە ناسنامەی ئوممەت و ڕۆشنبیرییەکەی.

توێژەرانێکی تر ڕێگەی قبوڵکردنی ڕەهایان گرتەبەر، ئەم هەڵوێستەشیان وای لێکردن ئەوەیان لەیادنەمێنێت، کە کەلەپوور مرۆڤ بەرهەمیهێناوە، هەندێکی ئیجابیی بەسودی تێدایە، کە پێویستە لەسەر هەر کەسێک وەریبگرێت و لێی سودمەند بێت، هەندێکیشی وانییە و هیچ سودێکی نییە.

بۆچوونی سێیەمیش هەیە، هەڵویستیان لە نێوان وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدایە، عەقڵی خۆیان لە جیاکردنەوەی بەرهەمەکانی کەلەپووردا خستووەتەگەڕ، ئەوەی باش و بەسود بوو ئەوا وەریدەگرن، ئەوەشی باش نەبوو خۆیان لێلاداوە.

لە ڕاستییدا کەلەپوور پێگەیەکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی ڕوکارەکانی ئوممەتی ئیسلامیی و کێشانی ئەو ڕێگاە سەرەکییانەی لە ڕابردوودا گرتوویەتیەبەر، کە دەبێت لەم ڕۆژگارەی خودادا بگیرێنەبەر. ئەو ڕێگەیە -ئەگەرچی دابڕانێکی زۆر کەوتووەتە نێوان ئەو ڕێگەیە و زۆر لە خەڵکەکەی، کاتێکی زۆر بەسەر دڵەکاندا تێپەڕیوە و نەگەڕاونەتەوە بۆی، بەهۆی ملەکەچبوونی بۆ گۆڕانکارییەکانی ژیان و خۆدانەدەستی تازە داهاتووەکان، کە بنچینەکانی ڕۆشنبیرییەکەی خۆی لەیادبردووەتەوە- وەکو

لانکەی یەکەم و کۆتایی، کە وێنە ڕاستەقینەکەی خۆی بۆ دەپارێزێت، کە لەوانەیە واقع (کەتوار) نەیەوێت گرنگیی پێبدات، بگرە لە هەندێک لە ڕەفتارەکانیدا بیەوێت دژی بوەستێتەوە و خۆی بەدووربگرێت لەو ڕوکارە جیاکەرەوانەی لە خۆی گرتووە.

ئەگەر کەلەپوور یادگە و مێژووی ئوممەت (ذاكرة الامة) بنوێنێت، ئەوا بەو پێیەی بەشێکی ژیانیەتی و بەشێکە لە نەستە تێکڕاییەکەی، دەبێت فەرامۆشنەکرێت، چونکە ئەگەر بە هەڵە، یان بێئاگایی، یان بە نکوڵیلێکردن و بەسوکسەیرکردن لەدەستیدا، ئەوا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی کەوتنە ناو بازنەی لەبیرچوونەوە و فەرامۆشکردن و سڕانەوەی ڕوکارەکانی.

بەڵام گرنگییدان بە کەلەپوور پێویستی بە هەڵبژاردنی کەسانێکی بەهێزی متمانەپێکراو هەیە، لەوانەی توانای ئەوەیان هەیە لە تاریکییەکانی گۆشەگیریی و خامۆشیی دەریبهێنن بەرەو ڕۆشنایی ژیان و وەگەڕخستنی کراوە بە ڕووی تێکڕای گەردووندا. ئەمەیش خواستێکی هەروا ئاسان نییە هەر کەس بیەوێت ئەنجامیبدات، لەبەرئەوە دەبێت تەنها لە لایەن ئەو کەسانەوە ئەنجامبدرێت، کە سەرەتا بە توانای زانستیی و مەعریفییان ناسرابن. دووەمیش مکوڕن لەسەر ئەمانەتپارێزیی و بەهەدەرنەدانی، بە ئەنجامدانی هەرشتێک کە پێیوایە بۆ مسوڵمانان بەسودە.

جا ئەگەر ئەو کەلەپوورە ئاراستەکار و دیارخەرێکی جیاکەرەوە بێت بۆ هەموو ئوممەت، وا پێویستدەکات کارەکەی ڕوونبکرێتەوە و ڕەهەندەکانی دیاربن، تەنانەت ئەوانەیش ئاشکرابکرێن کە بۆی لەبۆسەدان، هەتا کارەکەیان بزانرێت و ڕایبگەیەنێت کە توانای خزمەتکردنی مرۆڤی هەیە لە هەر کوێیەک بێت. ئەمەیش لە بنەڕەتی تێڕوانینەکەیەوە سەرچاوەدەگرێت، کە سوورە لەسەر ئەوەی خەڵک بخاتە سەر ڕێگەیەکی پێگەیشتوانە. ئەمانەیش لەم بڕگانەدا ڕووندەکەینەوە:

- خستنەڕووی ئەو ئامانجە پیس و نیازە خراپانەی لایەنە ڕۆژهەڵاتناسییەکان هەیانە، کاتێک ڕوو لە کەلەپوور دەکەن و گرنگیی پێدەدەن. ئەوانە شتێکی سادە پیشاندەدەن و مەبەستیان شتێکی گەورەیە. بۆ ئەوانەی ئەزموونیان نییە لایەنە باشەکان دەردەخەن، بۆ ئەوانەی بێئاگان لە فرتوفێڵی فریودەران، کە چاکە پیشاندەدەن و خراپەیان مەبەستە، بە شەو و ڕۆژ کاری بەردەوام دەردەخەن و نیازە خراپ و پیس و نابەجێیەکانی خۆیان دەشارنەوە.

- ڕاستکردنەوەی تێڕوانینە بێئاگاکان، ئەوانەی ڕووە و تانەدان لە کەلەپووری ئوممەتەکەیان ئاراستەکراون، ئیدی کارەکە لە نەزانیی بە ڕەهەندەکانی ڕەفتارەکەیەوە

بێت، یان بەهۆی فێرکەرانیەوە بێت لە لایەن ئەو خەڵکانەی چاویان تێبڕیوە، فێرکردنێک هاتووەتە بەرهەم و کاری خۆی کردووە.

- ڕوونکردنەوەی ڕێگەکانی ڕزگارکردنی کەلەپووری ئەرێنیی بەسودی بێزیان و فەراهەمکردنی وزە و کەرەستەکان بۆی، لەپێناو پاراستنی ڕوکارەکانی ئوممەت، کە خەریکە لەیاددەکرێت. جارێک بەهۆی پلانگێڕیی شەوانە و ڕۆژانە و جارێکی تر بەهۆی مردنی عەزیمەت و فریوخواردن بە سپێدەیەکی درۆیینە و ڕوناکییەکی فریودەر، کە بەرانبەر پیشانیدەدات، وەکو پارویەکی چەور دەیخاتە بەردەم هەموو ئەوانەی کە دەستەپاچەیی بەسەریاندا زاڵبووە. ئەمەیش بە مەبەستی پەیوەستکردنی بە نەتەوەیەک، کە هیچ ڕوکارێک بەوانیەوە نابەستێتەوە، هیچ پەیوەندییەکی خزمایەتییان لە نێواندا نییە هەتا پێکەوەیان ببەستێتەوە.

- چاوبڕینە ڕوکارەکانی هێزی کەلەپوور، کە تێیدا شاراوەتەوە و لە هەموو لایەکیەوە دەورەیداوە، کە لێهاتوویەکی پێدەدات هەتا شایستە بێت بە بنیاتنانی هاوبەشێتیی مرۆیی بونیاتبنێت و پاراستنی و باڵادەستبوون بەسەریدا، جا سودە ئەرێنییەکەی بەرهەمی ئاینە، لە کاتێکدا خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ مِنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَمُهَيۡمِنًا عَلَيۡهِۖ﴾ (المائدة: ٤٨). لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمووێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ٣٣﴾ (التوبة: ٣٣)، هەروەها دەفەرمووێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدٗا٢٨﴾ (الفتح: ٢٨).

**ب- پلانی توێژینەوەکە:**

ئەم کارەم لەسەر دوو کۆڵەکە بنیاتنراوە، یەکەمیان بریتییە لە کۆکردنەوەی بابەتی زانستیی لە سەرچاوە جیاوازەکانیەوە، قورئان و فەرموودە، زمان و تەفسیر، مێژوو و کۆمەڵایەتیی و ژیار، زانیاریی و پرۆگرامەکان، هەروەها بە تێپەڕبوون بەسەر هەموو خاڵەکانی ڕوبەری کەلەپووری هەمە لایەنەدا، بەسەر هەموو ئەو بابەتانەی جێی گرنگییپێدانی ئەوانەیە گرنگیی بەم بوارە دەدەن، لە سیاقی مێژوویی و واقیعی دەستخەتەکان و تێڕوانین و چاکسازیی و بونیاتنان و ڕێزدارییەوە...

لەگەڵ فراوانی ڕوبەرەکە و هەمەچەشنەیی کەرەستەکاندا، بەسەر کۆسپەکاندا زاڵدەبووم و لە هەموو کارەکەمدا دڵم بەو قسەیە گەشدەبوو کە دەڵێت: مرۆڤ لەسەر کارێک سەرزەنشت ناکرێت کە لە سەرووی توانایەوە بێت، هەموو ماندووبوونێک ئاسانە ئەگەر مەبەستەکە بەدیهێنرا.

دووەمیشیان خۆی دەبینێتەوە لە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە و ڕێکخستنی بەو شێوەیەی مەنهەجی توێژینەوەکە دەیخوازێت، پاشان نوسینەوەی بە شێوەیەکی زانستیی.

پێکهێنەرەکانی توێژینەوەکە بۆ پێنج بەش دابەشکردووە، بە پێشەکییەک دەستپێدەکات و لە کۆتاییشدا پوختەی دەرئەنجامەکان، لەگەڵ خستنەڕووی لیستی ئەو سەرچاوانەی لە توێژینەوەکەدا پشتم پێبەستووە. هەروەها لیستی کلیلە وشەکان، کە دەروازەی باشن بۆ گەڕان لە کتێبەکەدا و پێڕستی بابەتەکانیش ئاسانکاریی دەکات لە گەڕانەوە بۆ ئەو بابەتانەی تێیدا خراونەتەڕوو.

لە پێشەکییەکەدا هەڵوێستەم لەسەر پاڵنەرەکانی نوسین لەسەر ئەم بابەتە کردووە و تێیدا پلانی توێژینەوەکەم خستووەتەڕوو. ڕوکارەکانی مەنهەجی زانستیی پشتپێبەستراوی توێژینەوەکەم ڕونکردووەتەوە.

لە بەشی یەکەمدا بە ناوی چەمکی کەلەپوور و ئەرکەکانی، هاتنی وشەی (ورث)م لە قورئانی پیرۆزدا کردووەتە زەمینە و دەروازەیەک بۆ چارەسەرکردنی بابەتەکە، ئەو چەمکە بنەڕەتییانەم دیاریکردووە کە لە سەریان بونیاتنراوە، لەگەڵ ئەو ڕوانەی کە کەلەپوور بۆیان دەڕوانێت، چونکە ئەرک و ڕۆڵی جۆراوجۆری هەیە و گەنجینەی ئەزموونەکانی بونیاتنان و بەرزبوونەوەیە. ئەو دەروازانەم ڕونکردووەتەوە، کە لە ڕووی مێژوویی و بەشوێنیەکداهاتنی ڕۆشنبیریی و مرۆییەوە، دەگاتە کرۆک و حەقیقەتەکەی.

بەشی دووەمم تەرخانکردووە بۆ کەلەپووری ئیسلامیی لە نێوان بژارکردن و ڕزگارکردندا، بە مەبەستی قسەکردن لەسەر هەردوو بابەتی بژارکردن و ڕزگارکردن، ئیدی کارەکە پەیوەندار بێت بە بابەتەکەیانەوە، یان بەوەی پێیان وەستاوە، یان بەو شێوازی کارانەی کە دەبێت ملەکەچی بن.

لە بەشی سێیەمدا گرنگییم بە فێڵی تەوزیفکردن داوە، ئیدی ئەوە لە دەرەوە بێت، یان لە ناوەوە، کارەکەی لەسەر دوو کۆڵەکە ڕادەگرێت، کە لە نێوان ڕەخنەلێگرتن و دزەکردنە ناوی دێت و دەچێت.

پاش ئەم بەشە، بەشی چوارەم دێت، کە گرنگیی بە دیاریکردنی پەیوەندیی کەلەپوور بە پتەوکردنی ئوممەت و دیاریکردنی ڕوکارەکانی دەدات. لە ڕووی دۆزینەوە و بونیاتنانەوە، خستنەڕووی ڕێگەکانی وەبەرهێنانی ڕۆڵ و ئەرکەکانی لە بەدیهێنانی ئەم کارە بەرزەدا.

لە بەشی پێنجەمدا بایەخم بە دیاریکردنی کاریگەریی کەلەپووری ئیسلامیی لە بونیاتنانی هاوبەشیی مرۆییدا داوە. ئەو بانگەشەیەی تێدایە کە لەسەر خەسڵەتی جیهانییبوونی کەلەپوور بنیاتنراوە، دیاریکردنی لێهاتووییەکانی لەپێناو بەشدارییکردن لە بونیاتنانی هاوبەشیی مرۆییدا.

کۆتایی بۆنداری توێژینەوەکە، کۆتاییەکە تێیدا ئەو دەرئەنجامانەم کۆکردووەتەوە کە ئەم توێژینەوەیە بەدیهێناون. بە دوایدا کۆمەڵێک ڕاسپاردەم نوسیوە کە هاندەرێکە بۆ لێکۆڵەرەوان، هەتا گرنگیی بە بواری کەلەپووری ئیسلامیی و نوێکردنەوەی ڕێگەکانی پاراستنی لایەنە ئیجابییەکانی بدەن و بێداربن لە مەرامی هەموو ئەوانەی چاویان تێبڕیوە، لە ناوەوە، یان لە دەرەوە.

**ت- مەنهەجی زانستیی پەیڕەوکراو:**

بابەتی ئەم دانراوە، لە ڕووی پلاندانان و چارەسەر و گفتوگۆوە، لەسەر ڕوکارەکانی مەنهەجێک بونیاتناوە، کە ئەوەی پەیوەستە پێیەوە زەوییەکی بەپیتە بۆ خستنەڕوو و ئاشکراکردنی، لەوانە:

- **بەدواداچوون**: لە توێژینەوەکەدا پشتم پێبەستووە لە کۆن و نوێیدا، چوون بە دوای ئەو پرشنگە کەلەپوریانەی پێشینان بۆ دواییەکانیان بەجێهێشتووە، هەتا ببێتە بناغەیەک و لە ژیانیاندا بیخەنەگەڕ، هەتا هاوئاوازیی و پێکەوەگونجان زاڵبێت لە نێوان دەستپێکی ژیانی عەرەب و مسوڵمانان و ژیانی دواییەکانیان. هەروەها گەڕام بە دوای بۆچوونەکانی تازەگەرەکاندا، کە چەندیین ئاراستەی جۆراوجۆریان گرتووەتەبەر، لە نێوان پشتگیریی و نەیاریەتیی و وەرگرتن و ڕەتکردنەوەدا.
- **ڕەخنە:** کە ئاڕاستەی بۆچوونەکانم کردووە، تێیدا پابەندبووم بەو مەرجەعیەتەی لێیەوە سەرچاوەیگرتووە، کە خۆی لە دۆزینەوەی چاکیی و خراپییەکانیدا دەبینێتەوە. هەڵەی ئەوانەشم خستووەتەڕوو، کە بە تەواویی دژایەتیی کەلەپووریان کردووە و بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە هیچ سودێکی لێوەرناگیرێت و لای ئەوان کاریگەریی لەسەر دروستکردنی ژیانی هاوچەرخدا نییە، هیچ ڕۆڵێکی نییە لە ڕۆشنکردنەوەی ئایندە و دەرخستنی ڕوکارە دیارەکانی.
- **بەڵگەهێنانەوە**: کە پەنام بۆ بردووە، بە مەبەستی دڵنیابوون لە هەڵوێستی پشتگیریی، یان نەیارێتییانەی دەدرێنەپاڵ زۆرێک لە توێژەران، بەو شێوەیە ئیدی بوارێک بۆ داوالێکراو نامێنێتەوە کە هەڵبێت، یان ئەملاولا بکات، یان هەوڵی خۆبەریکردن لەوەی گوتوویەتی بدات، یان بڵێت کەسانێک بە ناوی ئەوەوە شتانێک دەڵێن کە نەیگوتووە. هەروەها کاریگەریی ئاشکرای هەیە لە ڕونکردنەوەی ڕۆڵی

ئەرێنیی کەلەپووری لە بەدیهێنانی ئایندەیەکی چاک بۆ ئوممەت، بە سەرنجدان لە جیهانیبوونی کەلەپووری ئیسلامیی و توانا مێژوویی و تیۆرِوانینیی و مەنهەجییەکانی.

- **بەراوردکاریی:** کە لە ڕێگەیەوە ڕێبازی لێکۆڵەرانم بۆ دەرکەوت لە دیاریکردنی چەمکی کەلەپوور، بە هەمان ڕێگە ئاستەکانی وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی کەلەپوور دەرکەوت.

- **بەڵگەداربوون:** کە کاریگەریی ڕونی هەبوو لە گێڕانەوەی قسەکان بۆ خاوەنەکانیان، کارەکە جدییە و ڕۆڵی کەلەپوور لە نەخشاندنی ژیانی هاوچەرخ و ئایندەیدا بنچینەییە. لەبەرئەوە دروست نییە کارەکە لەسەر مەزندە و ویست و هەوا و هەوەس دابمەزرێت. لە لایەکی ترەوە یەکێک لە بەرەکەتەکانی زانست ئەوەیە قسە بدرێتەوە پاڵ خاوەنەکەی.

لە کۆتاییدا، من بەم کارەم دەمەوێت خزمەتێک بە کەلەپوور بکەم و ڕوانگەیەکی بەراوردکاریی (تنظيري) بەدیبهێنم. ئومێدەوارم خودای گەورە بیکاتە مایەی سود و ئەو باشییانەی تێیدایە ببێتە ڕێنماییکار بۆ توێژەران، لەپێناو گەیشتن بە بونیاتنانێکی پێگەیشتوانەی ئێستا و ڕۆشنبوونێکی سەرکەوتوانەی ئایندە، خۆیان لە خەوش و هەڵەکانی لابدەن، چونکە ئەمە هەوڵێکی بچووکە و بەدەر نییە لە کەموکورتیی، کە هیچ گومان هەڵنەگرێت، بەڵکو خشتێکی سادەیە بۆ خزمەتی دوبارە بونیاتنانەوەی پێگەی بەرزی ئوممەت.

# بەشی یەکەم

## چەمکی کەلەپوور و ئەرکەکانی

**یەکەم: لە هونەرەوە بۆ بابەت:**

ڕەگی "ورث" لە قورئانی پیرۆزدا سیوپێنج جار بە دارِشتنی هەمەجۆر هاتووە، ئەو دارِشتنانەیش بە واتای جیاواز هاتوون. ئەگەر لێیانڕابمێنین دەبینین واتاکانیان بەم شێوانە هاتووە:

| ڕاڤە | سورەت | ئایەت | دارِشتەکانی |
|---|---|---|---|
| "دەفەرموێت: پاش تیاچوونی ئەوان ئێوەی کردە خاوەنی زەوییەکەیان، واتە کێڵگە و بێستانەکانیان، ماڵەکانیان واتە: خانوو و سامانەکانیان، مەبەست تەواوی سامانەکانی ترە، جگە لە زەوی و خانووە"[1]. | الاحزاب: ٢٧ | ﴿وَأَوۡرَثَكُمۡ أَرۡضَهُمۡ وَدِيَـٰرَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُمۡ وَأَرۡضٗا لَّمۡ تَطَـُٔوهَاۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٗا٢٧﴾ | أورث |

[1] الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير. جامع البيان في تأويل القرآن، بيروت: مؤسسة الرسالة، (١٤٢٠هـ/٢٠٠٠م)، ج٢٠، ص ٢٥٠.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ﴿وَأَوۡرَثۡنَا ٱلۡقَوۡمَ ٱلَّذِينَ كَانُواْ يُسۡتَضۡعَفُونَ مَشَٰرِقَ ٱلۡأَرۡضِ وَمَغَٰرِبَهَا ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَاۖ وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلۡحُسۡنَىٰ عَلَىٰ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ بِمَا صَبَرُواْۖ وَدَمَّرۡنَا مَا كَانَ يَصۡنَعُ فِرۡعَوۡنُ وَقَوۡمُهُۥ وَمَا كَانُواْ يَعۡرِشُونَ﴿١٣٧﴾﴾ | الأعراف: ١٣٧ | "فەرمایشتی خودای گەورە: (وأورثنا القوم) مەبەستی بەنی ئیسرائیلە، کە ئەوان (الذين كانوا يستضعفون) واتە بە سەربڕینی منداڵان و بەکارهێنانی ئافرەتان و ڕامکردنی پیاوان سەرشۆڕکرابوون، (مشارق الأرض ومغاربها) سی بۆچوون لە بارەیەوە هەیە، یەکێکیان: ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای شامە، حەسەن ئەمە بۆچوونیەتی. دووەمیان: ڕۆژهەڵاتی خاکی شام و میسرە. سێیەمیان: بە شێوەیەکی ڕەها لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای زەوی"[١]. |
| أورثتم | ﴿وَتِلۡكَ ٱلۡجَنَّةُ ٱلَّتِيٓ أُورِثۡتُمُوهَا بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴿٧٢﴾﴾ | الزخرف: ٧٢ | "وتلك الجنة التي أورثتوها بما كنتم تعملون، واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا ئەم قسەیان پێدەگوترێت: واتە هەر وەکو چۆن میراتیی بۆ میراتگر دەگەڕێتەوە، بەهەشتیش بۆ ئێوە گەڕایەوە، بەهۆی ئەو |

[١] ابن الجوزي، جمال الدين عبد الرحمن بن علي، زاد المسير في علم التفسير، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٤٢٢هـ ج٢، ص١٥٠.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | کـــردەوە چاکانـــەی لـــە دونیادا ئەنجامتانداوە"[1]. |
| أورثنا | ﴿ثُـمَّ أَوۡرَثۡنَـا ٱلۡكِتَـٰبَ ٱلَّذِيـنَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَاۖ ...﴿٣٢﴾﴾ | فاطر: ٣٢ | "( ثُمَّ أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَـٰبَ ٱلَّذِيـنَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِـنۡ عِبَادِنَـاۖ): بە دەربڕینـــــی میـــــرات پەرتوکەکەی پێداون[2]. |
| | ﴿كَـذَٰلِكَۖ وَأَوۡرَثۡنَـٰهَـا بَـنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ﴿٥٩﴾﴾ | الشـــعراء: ٥٩ | "(الإرث): لێجێمـــــاوی ئـەوەی ڕۆشـتووە بـۆ ئـــەوەی ماوەتـــەوە، خودای گـەورە فیرعـەون و داروەســــــتەکەی لـەناوبرد، مـاڵ و سامان و نـەوەکانیان بـۆ بـەنی ئیسرائیل مایەوە"[3]. |
| | ﴿كَـذَٰلِكَۖ وَأَوۡرَثۡنَـٰهَـا قَوۡمًـا ءَاخَرِينَ﴿٢٨﴾﴾ | الدخان: ٢٨ | " فەرمایشـتی: (كَـذَٰلِكَۖ وَأَوۡرَثۡنَـٰهَـا) بــە واتــای کارەکـە دەگرێتـەوە، بـە میرات ناوبردووە، هـەر وەکـو چـۆن شـتانی خـەڵکانێک پاش مردنیان گەیشتووە بە کەسانێکی تـر، ئـەمەیش حەقیقـەتی میراتـــە لـــە زمانـــدا، |

[1] الشوكاني: محمد بن علي، فتح القدير، دمشق وبيروت: دار ابن كثير ودار الكلم الطيب، ١٤١٤هـ ج٤، ص ٦٤٥.

[2] القشيري، عبد الكريم بن هوزان. لطائف الإشارات، القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، (د.ت.)، ج١، ص ٢١٧.

[3] ابن فورک، أبو بكر محمد بن الحسن، تفسير القرآن العظيم، (من أول سورة المؤمنون الى آخر سورة السجدة، مكة المكرمة: جامعة أم القرى، (١٤٣٠هـ/ ٢٠٠٩م)، ص ٢٣٢-٢٣٣).

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | شــــــــــــەرعیش بەســـتوویەتیەوە بـــە ڕەچەڵەک و هۆکارەکانی تری میراتەوە. (الآخرون) ئەوانەن پاش (قبط)یــــــەکان فــەرمانڕەوایی میســریان کەوتە دەست"[1]. |
| | ﴿وَإِنَّ ٱلَّذِينَ أُورِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لَفِي شَكّٖ مِّنۡهُ مُرِيبٖ ١٤﴾ | الشـــوری: ١٤ | "دەفــەرموێت: ئەوانــەی خــودای گــەورە کتێبــی تـــەورات و ئینجیلـــی پێداون، لە پاش ئەوانەی کـــە ســـەبارەت بـــە حەقیقەتی ڕاجیا بوون. (لَـفِي شَـكّٖ مِّنۡـهُ مُرِيـبٖ) دەفـــەرموێت: ئەوانـــە گومانیان لەو ئاینە هەیە، کـــە خـــودای گـــەورە وەصیەتی بۆ نوح کرد لە بارەیەوە، بەوەحی بۆ تۆیشـی نـاردووە ئـەی موحەممـەد، فەرمانیشـی پێکردن بەجێیبگەیەنن"[2]. |
| "تراث" | ﴿وَتَـأۡكُلُونَ ٱلـتُّرَاثَ أَكۡـلٗا لَّمّٗا ١٩﴾ | الفجر: ١٩ | قـــوڕتبی گوتوویـــەتی: (تَأۡكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ) مەبەست لێـی میراتیـی هــەتیوە، |

[1] ابن عطية، عبد الحق بن غالب الأندلسي، المحرر الوجيز فى تفسير الكتاب العزيز، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٤٢٢هـ ج٥، ص٧٣.

[2] الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير. جامع البيان في تأويل القرآن، سەرچاوی پیشوو، ج٢١، ص ٥١٥.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | بنچینەکەی (الوراث)ە لە (ورث) وەرگیراوە، (و) گۆڕاوە بۆ (ت). هەر وەکو لە وشەکانی (تجاه، تخمة، تكاة، وتؤدة) و هاوشێوەکانیاندا گوتراوە"[1]. |
| ترثوا | ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗا...١٩﴾ | النساء: ١٩ | "جۆری یەکەمیان: ئەم فەرمایشتەی خودای گەورە: (لَا يَحِلُّ لَكُمۡ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرۡهٗا) دوو پرسی تێدایە:<br>پرسی یەکەم: لە بارەی ئایەتەکە دوو لێکدانەوە هەیە. یەکەمیان: لە سەردەمی نەفامییدا ئەگەر پیاوێک بمردایە و ژنێکی هەبایە، کوڕێکی لە ژنێکی تر، یان هەندێک لە خزمانی دەهات و پۆشاکێکی دەدا بەسەر ژنەکەدا و دەیگوت: ژنەکەیم بە میرات وەرگرت، هەر وەکو چۆن ماڵەکەیم بە میرات وەرگرت. ئیتر بەو شێوەیە لە هەموو خەڵک و لە ئافرەتەکە خۆیشی لەپێشتر بوو بۆی. ئەگەر بیویستایە بەبێ مارەیی مارەیدەکرد، تەنها بەو مارەییەی مێردە |

[1] القرطبي، أبو عبد الله محمد بن أحمد أبي بكر، الجامع لأحكام القرآن، القاهرة: دار الكتب المصرية، (١٣٨٤هـ/ ١٩٦٤م)، ج٢٠، ص ٥٣.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | مردووەکـــەی پێیـــدابوو. ئەگەر ویستی لەسەر بوایە لە پیاوێکی تری مارەدەکرد و مارەییەکەشـی دەبـرد و هیچی نەدەدایە. ئەوە بوو خودای گەورە ئەم ئایەتەی نـــاردە خـــوارەوە و ڕونیکردەوە کە ئەو کارە حەرامـــە و ئـــافرەت بـــە مردنـی مێردەکـەی نابێتـە میـرات بـۆ پیـاو. ئەمەیـە مەبەسـتی فەرمایشـتەکە: (أَن تَرِثُـواْ ٱلنِّسَـآءَ) خـودی ئافرەتەکـــــە، هـــــەروەها ئافرەتان میرات لە مردوو ناگرن. دووەمیـان: میراتگرێتیـی بـۆ سـامان دەگەڕێتـەوە، میراتگـــری مردووەکـــە دەیتوانی شووکردنی لێ قەدەغـــــەبکات هەتـــــا دەمرێـت و سـامانەکەی بە میرات بۆ دەمێنێتـەوە، لەبەرئەوە خودای گەورە دەفـــەرموێت: بۆتـــان حـــەڵاڵ نییـــە سـامانی ئافرەتان بە میرات ببەن، لە کاتێکدا پێیاننانخۆشە[1]. |

[1] الرازي، فخر الدين محمد بن عمر، مفاتيح الغيب، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٤٢٠هـ ج١٠، ص١١.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ميراث | لەم فەرمایشتەی خودای گەورەدا: ﴿وَمَا لَكُمۡ أَلَّا تُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ | الحديد: ١٠ | واتاکەی: نکوڵییکردن لە خەرجکردنی سامانەکەیان لەوانەی خودای گەورە داوای لێکردوون سامانی تێدا خەرجبکەن، ئەوانیش دەمرن و سامانەکەیان بۆ کەسانێک بەجێدەهێڵن کە خودای گەورە ویستی لەسەر بووە بۆیان بگەڕێتەوە. ئەگەر بەشێکی سامانەکەیان لەوەدا خەرجبکردابە، کە خودا فەرمانی پێکردوون، ئەوا ڕەزامەندیی خودای گەورەیان بەدەستدەهێنا و لە سامانێک سودمەند دەبوون، کە دەبێتە هسی میراتگرەکانیان.<br>(میراث) دانەپاڵ ئاسمانەکان و زەوی، لە دانەپاڵی چاوگ (مصدر)ە بۆ لای کارپێکراو (مفعول)، دوای سڕینەوەی دراوەپاڵەکە، تەقدیرەکەی: خاوەنەکەیەتی، مەبەست لە میرات خودی ئاسمانەکان و زەوی نییە، چونکە ئەمە ئەو کاتە ڕوودەدات، کە خەڵکی تێکڕا تیادەچن، ئەمەیش کاریگەریی نابێت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | لەسەر مەبەستەکەی لە هاندانیان بۆ بەخشین"[1]. |
| الوارث | ﴿وَعَلَى ٱلۡوَارِثِ مِثۡلُ ذَٰلِكَۗ ...٢٣٣﴾ | البقرة: ٢٣٣ | فەرمایشتی (وَعَلَى ٱلۡوَارِثِ) واتە: میراتگری منداڵ، گوتراویشە: میراتگری باوک، هەروەها گوتراوە: مێردمنداڵ ئەگەر سامانێکی بە میرات بۆ مایەوە"[2]. |
| الوارثون | ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ١٠﴾ | المؤمنون: ١٠ | "واتە: هەر کەسێک کار بەوانە بکات کە لەو ئایەتانەدا باسکراوە، ئەوانە میراتگرن، واتە دەبنە میراتگری شوێنەکانی خەڵکی ئاگر لە بەهەشتدا"[3]. |
| | ﴿وَإِنَّا لَنَحۡنُ نُحۡيِۦ وَنُمِيتُ وَنَحۡنُ ٱلۡوَٰرِثُونَ ٢٣﴾ | الحجر: ٢٣ | "فەرمایشتی: (وَإِنَّا لَنَحۡنُ نُحۡيِۦ وَنُمِيتُ) هەواڵدانە سەبارەت بە توانای خودای گەورە لەسەر دەستپێکردنی دروستکردن و دوبارەکردنەوەی، هەر خودای گەورەیە کە بونەوەرانی لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، پاشان دەیانمرێنێت، پاشان هەموویان بۆ ڕۆژی |

[1] ابن عاشور، محمد الطاهر. التحرير والتنوير، تونس: الدار التونسيه للنشر، ١٩٨٤م، ج٢٧، ٣٧٣.

[2] الكرماني، محمود بن حمزة بن نصر. غرائب التفسير وعجائب التأويل، تحقيق: شمران سركال العجلي، جدة و بيروت: دار القبله للثقافة الإسلامية و مؤسسة علوم القرآن، (١٤٠٨هـ/ ١٩٨٨م)، ج١، ص٢١٧.

[3] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج١٢، ص ١٠٨.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | حەشر زیندوودەکاتەوە، هەواڵیش دەدات کە خودای گەورە دەبێتە میراتگری زەوی و ئەوەی لەسەریەتی، هەموانیش بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە. پاشان خودای گەورە باسی ئەوەی کردووە کە زانیاری تەواوی لە بارەیانەوە هەیە، لە ئەوەڵیانەوە هەتا ئاخریان"[1]. |
| ورث | ﴿وَوَرِثَ سُلَيۡمَٰنُ دَاوُۥدَ﴾ | النمل: ١٦ | "خودای گەورە باسیدەکات: کە سولەیمان بووە میراتگری (داود) باوکی لەو زانستەی کاتێک لە ژیاندا خودای گەورە پێیبەخشیبوو. هەروەها ئەو موڵکەی کە بە تایبەت بەوی دابوو جیا لە هەموو هۆزەکەی، لە پاش داودی باوکی، خودا بۆ ئەوی دانا جیا لە هەموو کوڕەکانی باوکی"[2]. |
| | ﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ وَرِثُواْ ٱلۡكِتَٰبَ يَأۡخُذُونَ عَرَضَ هَٰذَا ٱلۡأَدۡنَىٰ وَيَقُولُونَ سَيُغۡفَرُ لَنَا | الأعراف: ١٦٩ | "واتە هاوشێوەی میرات، لە پێشینەوە گوێزرایەوە بۆ پاشین، لەم بارەیەوە دوو بۆچوون هەیە: یەکەمیان: ئەوانە لە |

[1] إبن كثير، أبو الفداء إسماعيل بن عمر القرشي. تفسير القرآن العظيم، الرياض: دار طيبة للنشر والتوزيع، (١٤٢٠هـ/ ١٩٩٩م)، ج٤، ص٤٥٦.

[2] الطبري، جامع البيان في تأويل القرآن، بيروت: سەرچاوەی پێشوو، ج١٩، ص ٤٣٧.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ﴿وَإِن يَأۡتِهِمۡ عَرَضٞ مِّثۡلُهُۥ يَأۡخُذُوهُۚ ...١٦٩﴾ | | نـــــەوەکانی پاشـــــینی جولەکەن، ئەو کتێبەیش کە بە میرات بۆیان ماوەتەوە تەوراتـــــە، چونکـــــە گوازرایـــــەوە بۆیـــــان. دووەمیـــــان: مەبەســـت گاورەکانـە، چونکـە ئـەوان پاشـــینی جولەکـــەن، ئـــەو کتێبەیشی بۆیان ماوەتەوە، ئینجیلـــــە. لەبەرئـــــەوەی کەوتووەتـــــە بەردەســـت ئەوان"[1]. |
| | ﴿ فَإِن لَّمۡ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٞ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُۚ... ١١﴾ | النساء: ١١ | "واتــە: ئەگــەر مردووەکــە جگـە لــە دایـک و بـاوکی میراتگری تری نەبوو، ئەوا دایکـی سـێیەکی بـۆ هەیـە، واتە دایکەکە یەک لە سێی ماڵەکـەی دەبـات و ئـەوەی مایەوە بۆ باوکەکەیە"[2]. |
| يرث | ﴿يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنۡ ءَالِ يَعۡقُوبَۖ وَٱجۡعَلۡهُ رَبِّ رَضِيّٗا٦﴾ | مريم: ٦ | مەبەست لێی میراتگرێتیی پێغەمبەرایـــەتیی (نبــوة) و عیلم و فەزیڵەتـە، نـەک مـاڵ و سـامان، چونکـە مـاڵ و ســـامان لای پێغەمبـــەران بـەهای نییـە هەتـا کێبرکێـی لەسەر بکەن، بەڵکو زۆر بە کــەمیی مـــاڵ و ســـامان کۆدەکەنـــــــــەوە و |

[1] الماوردي، أبو الحسن علي بن محمد بن حبيب. النكت والعيون (تفسير الماوردي)، بيروت: دار الكتب العلميه، (د.ت.)، ج٢، ص ٢٧٤-٢٧٥.

[2] السمرقندي، أبو الليث نصر بن محمد بن إبراهيم. بحر العلوم (تفسير السمرقندي)، تحقيق: علي معوض وعادل عبد الموجود وزكريا النوتي، بيروت: دار الكتب العلمية: ١٩٩٣م، ج١، ص ٢٨٦.

| | | | |
|---|---|---|---|
| خاوەنداریيدەكەن.<br>" يَرِثُنِي" كۆمەڵی زانایان بە (رفع) خوێندوویانەتەوە، وەكو سیفەتێكی (ولیا). ئەبو عەمرو كەسائی بە (جزم) خوێندوویانەتەوە، بەوپێیەی وەڵامی پاڕانەوەیە دەڵێت پێمببەخشە، لەبەر ئیرادەی هۆكارییە، چونكە بنچینەی هەشت وەڵامەكە لەسەر تەقدیری (ف) سەبەبییەكەیە.<br>(آل یعقوب)یش دەكرێت مەبەست پێیان بەنی ئیسرائیل بە تایبەت بێت، وەكو وشەی "آل" دەیخوازێت، كە هەستی فەزیڵەت و ڕێز دەبەخشت، بەوەیش یەعقوب خۆی دەبێتە ئیسرائیل، وەكو ئەوەی بفەرموێت: لە ئالی ئیسرائیل میرات بگرێت، واتە هەڵگرانی شەریعەت و ئەحبارەكانی جولەكە، وەكو فەرمایشتی: ﴿فَقَدۡ ءَاتَيۡنَآ ءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ ...﴿٥٤﴾﴾ (النساء: ٥٤)، كاتێك كەسوكاری كەسێك بەو شێوەیە باسدەكرێن، كە لەسەر | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ڕێگە و ڕێبازی ئەو بن، نمونەی لەمەیش ئەم فەرمایشتەی خودای گەورەیە: ﴿إِنَّ أَوۡلَى ٱلنَّاسِ بِإِبۡرَٰهِيمَ لَلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ...﴾ (ال عمران: ٦٨). هەروەها فەرمایشتی: ﴿ذُرِّيَّةَ مَنۡ حَمَلۡنَا مَعَ نُوحٍ ...﴾ (الاسراء:٣)، ئەمە لە کاتێکدا کە خەڵکیی هەموویان نەوەی ئەوانەن کە لەگەڵ نوح لە کەشتییەکەدا بوون"[1]. |
| | ﴿ٱلَّذِينَ يَرِثُونَ ٱلۡفِرۡدَوۡسَ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ﴾ | المؤمنون: ١١ | "ئەوەیش بەرزترین و جوانترین شوێنی بەهەشتە، باوەڕدار تێیدا بە ئاواتی دەگات و سەیری خودای گەورە دەکات"[2]. |
| | ﴿وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ﴾ | الانبیاء: ١٠٥ | "مەبەست زەوی بەهەشتە کە ئوممەتی موحەممەد (درودی خودای لەسەربێت) دەبێتە میراتگری. مەبەست ئەوەیە خودای گەورە لە (اللوح المحفوظ) لە کتێبی پەیامبەراندا نوسیویەتی: ئەو کەسە لە بەندەکانی خودا دەبێتە میراتگری بەهەشت، کە صاڵح بێت و |

[1] ابن عاشور، التحرير والتنوير، سەرچاوەی پێشوو، ج١٦، ص ٦٨.

[2] الإسلامبولي، إسماعيل حقي بن مصطفى. روح البيان في تفسير القرآن، تحقيق: عبداللطيف عبدالرحمن، بيروت: دار الكتب العلمية، ٢٠٠٣م، ج١، ص ٣٤.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | گوێڕایەڵییبکات. ئیبن عەباس گوتوویەتی: مەبەست لەو زەویی بێباوەڕانەیە، کە مسولمانان فەتحیدەکەن، ئەمەیش حوکمێکە لە خودای گەورەوە بە سەرخستنی ئاین و بەرزکردنەوەی مسولمانان، گوتراویشە مەبەست لێی زەویی پیرۆزە (الأرض المقدسة)، کە لە دوای ئەوانەی تێیدا بوون بۆ چاکەکاران دەمێنێتەوە"[1]. |
| یورث | ﴿وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً﴾ | النساء: ١٢ | " (الكلالة) ئەو کەسەیە کە نە منداڵی هەیە، نە باوک. هەر میراتگرێک کە باوک، یان منداڵی مردووەکە نەبێت، ئەوە (کلالە)یە. (کلالە) لەم ئایەتەدا بۆ مردووەکەیە. واتە: ئەگەر پیاوێک مرد، نە منداڵی هەبوو، نە باوک"[2]. |

ئەو کەسەی لە داڕشتە جیاوازەکانی وشەی (ورث) لەم ئایەتانەی قورئانی پیرۆز ڕابمێنێت، دەبینێت یەک ئاماژە (دلالة) و یەک واتایان نییە، بە تایبەت ئەو کاتەی لە بابەتی میراتدا دێت (ئەوەی بە میرات دەمێنێتەوە). لێرەدا تەنها ئەوە ناگرێتەوە کە مردوو بۆ میراتگرەکانی بەجێهێشتووە، بەڵکو چەندین شێوازی سەرنجڕاکێش لەخۆدەگرێت، جار هەیە لێجێماوە (ترکة)، یان زەوییەکی ئازادکراوە، یان زەویی

[1] الخازن، علاء الدين علي بن محمد بن إبراهيم. لباب التأويل في معاني التنزيل، تحقيق: عبدالسلام شاهين، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٤١٥هـ ج٣، ص ٢٤٦.

[2] الواحدي، أبو الحسن علي بن أحمد، الوجيز في تفسير الكتاب العزيز، تحقيق: صفوان عدنان داودي، دمشق وبيروت: دار القلم والدار الشامية، (١٤١٥هـ/١٩٩٥م)، ج١، ص ٢٥٥٠.

بەهەشتە، یان فیردەوس، یان پێغەمبەرایەتییە، یان فەزیڵەت، یان زانست، یان کتێبێکی ئاسمانیی وەکو تەورات و ئینجیل، یان پارە و سامانە، یان ئافرەتە، یان شوێن و نشینگەی بێباوەڕەکانە لە بەهەشتدا. بۆ ئەوەی هەموو ئەو ئاماژە هەموەکییەکانە (الدلالات الكلية) دیاریبکەین، کە وشەی (ورث) دەیگرێتەوە، بە پێویستی دەزانین بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی تر، هەتا بابەتەکە زیاتر ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەمەیش لە بابەتەکانی داهاتوودا دەخەینەڕوو:

**دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی چوارچێوەی توێژینەوەکە:**

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر بنەمای زانستیی دابمەزرێت، کارەکەمان لەسەر ڕێگەی ڕاست بڕوات، پێمانخۆشە ئەو چەمکە بنەڕەتییانەی کە لەسەری ڕاوەستاوە دیارییانبکەین، ئەوەیش بەم جۆرە:

**١- چەمکی کەلەپوور (مفهوم التراث):**

بابەتی (ورث) لە ڕووی زمانەوانییەوە بۆ ئەم واتایانە دەگەڕێتەوە: مانەوە، بەردەوامیی، ئەسڵ، مایەوە (البقية)، شوێنگرتنەوە، بەشوێنداهاتن، سودمەندبوون. هەموو ئەمانەیش بۆ یەک بنەڕەت دەگەڕێنەوە، کە ئەویش سودمەندبوون (الاستفادة)یە.

راغبی ئەصفەهانی دەڵێت: (الوراثة والإرث) گوێزرانەوەی شتێکە لە کەسێکی ترەوە بۆت بەبێ گرێبەست، نەک ئەوەی لە ڕێگەی گرێبەست دێت، ناونراوە گوازراوە لە مردووەوە... هەروەها هەرکەسێک شتێکی بەبێ ماندووبوون دەستبکەوێت، ئەوە بە میرات بۆی هاتووە، کەسێکیش لە شتێکدا سەرپشککرابێت، بۆ پیرۆزبایی پێیدەڵێن: بە میرات بۆت ماوەتەوە... دەگوترێت: لە فڵانە کەسەوە عیلمم بۆ ماوەتەوە، بەو واتایەی سودمەندبووم لێی"[1].

ئیبن مەنظور دەڵێت: " (ورثت فلانا مالا، أرثه ورثا وورثا) لە فڵان کەس سامانێکم بە میرات بۆ مایەوە، میراتی لێدەگرم، ئەمە کاتێک کەسەکە مرد و میراتەکەی بۆ تۆ مایەوە... دەڵێیت (أورثه الشيء ابوه) باوکی شتێکی بە میرات بۆی جێهێشت... (وورثه توريثا) کردیە میراتگری. واتە لە سامانەکەی دەخستە پاڵ میراتگرەکانی... (الورث) و (الأرث) و (التراث) و (الميراث): ئەوەیە کە بە میرات دەمێنێتەوە... التراث: ئەوەیە

[1] الراغب الأصفهاني، أبو القاسم الحسين بن محمد بن المفضل. معجم مفردات ألفاظ القرآن، بيروت: دار الفكر، (د.ت.)، مادة: ورث.

کەسێک بۆ میراتگرەکانی بەجێیدەهێڵێت. (ت) تیایدا لە جێگەی (و)ە... (وأورثه الشیء) كردیە میراتگری. واتە لە پاش خۆی دانا"[1].

وشەی (تراث) بەم دەربڕینە یەک جار لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە لە فەرمایشتی: ﴿وَتَأْكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ أَكۡلٗا لَّمّٗا﴾ (الفجر:١٩)، بە واتای ئەوەی هەتیو لە باوکیەوە بۆی دەمێنێتەوە هاتووە. قورطبی دەڵێت: (وَتَأْكُلُونَ ٱلتُّرَاثَ) مەبەست لێی میراتیی هەتیووە، بنەڕەتەکەی (وراث)ە، لە (ورثت)ەوە هاتووە، (و) تێیدا گۆڕاوە بۆ (ت)، هەر وەکو لە (تجاه) و (تخمة) و (تكاة) و (تؤدة) و هاوشێوەکانیاندا هەیە"[2].

لە فەرمودەی پیرۆزیشدا لە عەلی کوڕی ئەبو طالب دەگێڕنەوە، کە گوتوویەتی: زۆرترین پاڕانەوەی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) لە ڕاوەستانی عەرەفەدا ئەمە بوو: (اللهم لک الحمد كالذي نقول، وخيرا مما نقول، اللهم لک صلاتي، نسكي، ومحياي، ومماتي، وإليک مابي، ولک رب تراثي..."[3].

بەڵام (تراث) لە ڕووی بەکارهێنانی زاراوەوە، بە یەک شێوەی دیاریکراو نەهاتووە، کە هەموو لێکۆڵەران لەسەری کۆک بن. لە شێوازی جیاوازییەکانیان لەوەدا، عەبدولمەجید نەجار دەڵێت: مەبەستمان لە (التراث الإسلامي) کەلەپووری ئیسلامیی "ئەو زانست و زانیارییە، تیۆریی و کردارییانەیە، لە بوارە جیاوازەکانی مەعریفە و بوارە جیاوازەکانی جێبەجێکران لە ژیانی کردارییدا، لەوانەی لە بەدەستهاتووی ئیجتیهادین لە دینداریيدا لە ئاینی ئیسلامدا، کە نەوەکانی ئوممەت بۆیان گواستوونەتەوە، لە تێگەیشتنی ئەحکامەکانی و داواکارییە پەتییەکانی و دابەزاندنی بۆ سەر واقیعی ژیان لە لایەنە جیاوازەکانیدا"[4].

---

[1] ابن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم. لسان العرب، بيروت: دار صادر، (١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م)، مادة: (ورث).

[2] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج٢٠، ص ٥٣.

[3] الترمذي، أبو عيسى محمد بن عيسى. الجامع الكبير "سنن الترمذي"، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون، القاهرة: مطبعة مصطفى البابي الحلبي، (١٣٩٥هـ" ١٩٧٥م)، كتاب: الدعوات عن رسول الله، ج٥، ص ٥٣٧، حديث رقم: (٣٥٢٩).

[4] النجار، عبدالمجيد. "مبادىء منهجية في التعامل مع التراث"، نحوة منهجية للتعامل مع التراث الإسلامي، أعمال ندوة عملية نظمها المعهد العالمي للفكر الإسلامي، بالتعاون مع معهد الدراسات المصطلحية فى فاس، ٣٠ أكتوبر-٥ نوفمبر ١٩٩٦م، ص٢٦٧.

لێرەدا تێبینیی ئەوە دەکرێت، بەگوێرەی ئەم دیاریکردنە، هەر شتێک بەرهەمی مرۆڤ نەبوو، لە بازنەی کەلەپوور (تراث) دەچێتە دەرەوە، لە سەرووی هەموویەوە وەحیی خودایی: قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر.

لە وێنەکانی تری ئەم جیاوازییە، دەبینین ئەکرەم ضیاء عومەری بە شێوەیەکی پێچەوانەی ئەمە کەلەپوور دیاریدەکات و دەڵێت: "کەلەپووری ئیسلامیی بریتییە لەو عەقیدە و ڕۆشنبیریی و بەها و ئاداب و هونەر و پیشەسازیی و تەواوی دەستکەوتەکانی تر، مەعنەویی و مادیی، کە لە باووباپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە. لێرەوە کەلەپوور تەنها لە دەستکەوتە ڕۆشنبیریی و شارستانیی و مادییەکاندا کورتنەبووەتەوە، بەڵکو وەحیی خودایی (قورئان و سوننەت)یش دەگرێتەوە، کە لە پێشینانمانەوە بۆمان ماوەتەوە"[١].

موحەممەد عابد جابری پێناسەی کەلەپووری عەرەبیی ئیسلامیی بەم جۆرە کردووە کە: "زنجیرەیەک لە بیرمەندان و بۆچوون و تێڕوانینە، بە درێژایی ڕۆژگار بە دواییەکداهاتووە و کەوتووەتە ژێر کاریگەریی یاسای پەرەسەندن و ململانێ"[٢]. ئەم پێناسەیە زۆر دوورە لە قسەی ئەوانەی پێشتر باسمانکردن، چونکە ئەم دیاریکردنە بیرمەند/ مرۆڤ وەکو یەکێک لە پێکهێنەرەکانی کەلەپوور دادەنێت و ئەوانەش دەخرێنە پاڵی، کە لای پێشینەکان بە پێکهێنەرێکی بنەڕەتی کەلەپوور دانرابوون، لە بۆچوون و تیۆرەکاندا دیاریکراون، هەر ئەوەیە لای هەردووکیان بە بەرهەمی مرۆیی ناوبراوە.

هۆی جیاوازیی لەدیاریکردنی چەمکی کەلەپووردا بۆ ئەو پێگەیە دەگەڕێتەوە، کە خاوەنەکەی لێیەوە دەڕوانێتە پەیوەندیی وەحیی خوادایی بە واقیعەوە، ئەوانەیان وایدەبینن کە وەیحی دەستبژێری (الانتقاء) و هەڵبژاردن (الاختيار) قبوڵناکات. هەروەها ئەوەیش قبوڵناکات کە ملکەچی واقیع و ڕووداوەکانی بێت، هەتا لەگەڵی بگونجێت. بەمەیش دەبێتە حوکمبەسەرداکراو لە بری ئەوەی حاکم بێت. ئەوانە بۆچوونیان وابووە پێکهاتەکانی کەلەپوور و وەحیی لێکجیابکرێنەوە، لەبەرئەوە لەگەڵیدا نەیانهێناوە. ئەوانەیشی پێیانوابووە وەحیی لە حەقیقەتدا شتێکە لە پێشینەکانەوە دەمێنێتەوە، ئەوا ئەو ڕێگەیەی گرتووەتەبەر کە پێکهێنەرەکانی لەگەڵ

[١] العمري، أكرم ضياء. التراث والمعاصرة، سلسلة كتاب الأمة (١٠)، الدوحة: وزراة الأوقاف والشؤون والمقدسات الإسلامية، شعبان ١٤٠٥هـ ص٢٧.

[٢] الجابري، محمد عابد. كيف نتعامل مع التراث، سلسلة مواقف (١٥)، الدار البيضاء: دار النشر المغربية، ٢٠٠٣م، ص٤١.

پێکهێنەرەکانی تری کەلەپووردا لێکداوە. بەڵام لەو ڕووەوە جیاوازییەک لە نێوان ئەو دوو بۆچوونەدا هەیە، کە وادەخوازێت باسیبکەین، ئەو کەسەی تێڕوانینێکی ئیمانیی هەبووە، ئەوا لە بارەی دەستبژێری (الانتقاء)و هەڵبژاردن (الاختیار) لە وەحیی خودایی خۆی پاراستووە. لەم بارەیەوە ئەکرەم ضیاء عومەری دەڵێت: "کاتێک ئەم پێناسە گشتگیرە بۆ کەلەپوور وەردەگرین، ئەوا سەیرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵی بە یەک شێوە نابێت، چونکە وەحیی خودایی بواری دەستبژێری (الانتقاء) و هەڵبژاردن (الاختیار)، یان هەوڵدان بۆ ملکەچکردنی بۆ واقیع، یان بیرکردنەوە لە تەوزیفکردنی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە گشتیی و تایبەتەکان قبوڵناکات، بەڵکو ئەو بۆ خۆی چوارچێوەیەکە و حوکمی ژیان دەکات"[1].

ئەوانەی کە ڕۆشنبیرییەکەیان لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاواوە سەرچاوەیگرتووە، هەمان بۆچوونی هاوەڵەکانی هەیە لە مامەڵەکردنی وەکو یەک لەگەڵ کەلەپووردا، لە نێوان ئەوانەی سەرچاوەکەی مرۆڤی دروستکراوە و ئەوانەی سەرچاوەکەی کە خودای دروستکارە، هەموان دەکەونە بەر پرۆسەی ڕەخنەلێگرتن و دەستەبژێری (الانتقاء) و قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە، بەبێ هیچ بەپیرۆزگرتنێک، ئاینیش ملکەچی ئەو مەنهەجە دەکرێت"[2].

منیش هەمان بۆچوونی هەندێک لە توێژەرانی پێش خۆمانم هەیە، پێموایە کەلەپوور ناکرێت وەحیی بگرێتەوە، ئیدی ئەوە قورئان بێت، یان فەرمودە، چونکە وەحیی فەرمایشتێکە لە سەرەوەی واقیعە، لە مێژوو بەرزترە. فەرمایشتی خودای گەورەیە، ئەویش: (لَّا يَأْتِيهِ ٱلْبَٰطِلُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَلَا مِنْ خَلْفِهِۦ)، ئەگەر خرایە پاڵ جگە لە خۆی، لەوانەی بەرهەمی مرۆڤن، ئەو خستنەپاڵەی بۆ لای شتێکە، کە ئەگەری قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە و مشتومڕلەسەرکردنی هەیە، دەبێتە دەروازەیەک بۆ ئەوەی هەمان ئەوەی لەسەر ئەوان جێبەجێدەبێت، لەسەر وەحییش جێبەجێبکەن. پاش ئەم دیاریکردنە، بۆمان دەردەکەوێت کە کەلەپوور گرنگیی نابێت ئەو کاتە نەبێت کە سود بگەیەنێت بە بونیاتنانی ئێستای کۆمەڵگەی ئیسلامیی، بونیاتنانێک کە دەکرێت لێیەوە دوبارە بکەوێنەڕێ و لەو کۆتانە دەربازیبکات کە بەرەو چەقبەستن لەسەر زەوی ڕادەکێشن. واتای ئەمەیش لەمەدا دەخەینەڕوو:

---

[1] العمري، التراث والمعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦.

[2] سەرچاوەی پیشوو، ص ٢٩.

### ٢- چەمکی بونیاتنان (مفوم البناء):

وشـەی (بنـی) لـە زماندا بـە واتـای دروسـتکردن (الانشـاء) و چوونـەلا (الـدخول) و چەسـپاویی (الثبـوت) هـاتووە. هـەموو ئـەمانەیش بـۆ یـەک بنـەڕەت دەگەڕێنـەوە کـە ئەویش چەسپاویی (الثبوت)ە.

ڕاغـب گوتوویـەتی: "گـوتراوە (بنیـت وبنیـة وبنیـا)... (البنــاء) نـاوە بـۆ ئـەوەی بونیاتـدەنرێت... (البنیـان) یەکـە و کـۆ نییـە... هەندێکیشـیان گوتوویانـە: (بنیـان) کـۆی وشەی (بنیانة)ە... ئەم جۆرە کۆیە بۆ نێر و بۆ مێ دروستە"[١].

نوسەری (مختار الصحاح)یش گوتوویەتی: " (بنی بیتا) خانوویەکی بونیاتنا، (وبنـی علی أهله یبني زفها) چووە لای هاوسەرەکەی، دەچێتەلای، گواستیەوە. عاممی دەڵێت (بنی بأهله)، ئەمەیش هەڵەیە... (وابتنی دارا)ماڵێکی بونیاتنا، (بنی) بە واتای بنیاتنان و (البنیان)یش دیوارە"[٢].

(ئیـبن مـەنزور) دەڵێـت: (البنـی) بونیاتنــان پێچەوانـەی (الهـدم) تێکدانـە... (البنــاء): ڕێکخەری بونیاتنان و دروستکاریەتی... (البِنیَة والبُنیَة): ئەوەیە کە دروسـتتکردووە... (وبنــی فــلان بیتــا بنــاء) فلانکــەس خانوویــەکی بونیاتنــا... (ابتنــی دارا) خانوویــەکی دروستکرد، (بنی) واتایەکە (البنیان): دیوارەکەیە... (أبنیت الرجل: أعطیته بناء أو ما یبتني بـە دارە): پیـاوێکم بنیاتنـا: بینایـەکم پێـدا، یـان ئـەوەی خانووەکـەی پـێ بونیاتـدەنێت... (البنـاء): بریتییـە لـەوەی دەبێـت کۆتـایی وشـەکە یـەکێک بێـت، لـە (سـکون)، یـان هـەر (حرکة)یەک"[٣].

(کەفەوی)یش دەڵێت: (البناء)، لە ڕووی زمانەوانییەوە: دانانی شتێکە لەسەر شـتێک بـە مەبەسـتی جێگیربـوون (الثبـوت)"[٤]. بـەڵام (البنــاء) لــە ڕووی زاراوەییــەوە بــەوە دیاریـدەکرێت، کــە کۆمــەڵێک ڕێوشــوێنی بــەکارهاتووە لــە گێڕانــەوەی کۆمــەڵگەی ئیسلامیی بۆ سەر چەشمە پاکەکانی، لە ڕێگەیەکی تایبەتەوە.

خشتەکانی بونیاتنان لە واقیعی مسوڵمانانـدا بەردەستە، ڕێگە تایبەتەکەشی نیشـانە تیـۆریی و مێژووییـەکانی دیـاریکراوە، لەبەرئـەوە بونیاتنـانی ئیسـتای مسـوڵمانان لـە

---

[١] الراغب الأصفهاني، معجم مفردات ألفاظ القرآن، سەرچاوەی پێشوو. مادة: (بنی).

[٢] الرازي، محمد بن أبي بکر بن عبدالقادر. مختار الصحاح، تحقیق: محمود خاطر، بیروت: دار العلم للملایین، (١٤٠٥هـ/ ١٩٩٥م)، مادة: (بنی).

[٣] ابن منظور، لسان العرب، سەرچاوەی پێشوو، مادة: (بني).

[٤] الکفوي، أبو البقاء أیوب بن موسی الحسیني. الکلیات، معجم في المصطلحات والفروق اللغویة، تحقیق: عدنان درویش ومحمد المصري، بیروت: مؤسسة الرسالة، (١٤١٢هـ/ ١٩٩٢م)، ص ٢٤١.

بۆشـــاییەوە ســـەرچاوەناگرێت، وەکـــو یەکـــەم جـــاری، چونکـــە خـــاوەنی هـــەموو ئامرازەکانی بونیاتنان و هەموو ئەزموونی پێشینەکانە لەو بوارە، بەڵام ئەوەی هێشتا نەهاتووەتـەدی، بـە نـەبوونی هـەموو ئـەوەی هەیـە بێسـودە، ئـەوەیش بریتییـە لـە لێهـاتوویی و سـووربوون و ئیـرادە. ئـەم پێکهێنەرانـە هەرچەنـدە لـە هـەر کارێکـدا بەردەسـتنەبن، هەرچەندیش لە ئەنجامداندا نـەبن، ئـەوا دەرئـەنجامی کارەکـان وەکـو پێویسـت نـابن، لەبەرئەوە دەبێتـە گەڕانـەوە بـۆ ئـەو دەسـتپێکەی لێیـەوە بونیاتنـان سەرچاوەیگرتووە، بەڵکو لەوانەیە گەڕانەوە بۆ ئەو قۆناغانە بێت، کە لە پێگەیەکی زۆر نزمدایـە، چونکـە شکسـت (فشـل) وزەی مـادیی و دەرونیـی بـەکاردەبات و ڕەنگدانەوەکانی زیاتر دەبێت لەوەی چاوەڕواندەکرێت.

بونیاتنـان لـە کـاتی بەدیهاتنیـدا، هـەرگیز ناگاتـە تەواومەنـدیی، مەگـەر بتوانێـت بـە شـێوازێکی ڕوون، ڕوکارەکـانی ئاینـدەی تێدا دەربکـەوێت، کـە پشتبەسـتوو بێـت بـە بەرچاوڕونییـــەک مەرجـــە بارودۆخییـــەکانی لـــەخۆگرتبێت. هانـــدەر بێـــت بـــۆ خستنەژێرڕکێف، هەتـا ببێتـە خزمـەتکاری ئوممـەت، نـەک کۆسـپ بهێنێتـە ڕێگـەی. بـە پشتیوانیی خودای گەورە دواتر ئەمە ڕووندەکەینەوە.

### ٣- چەمکی بەرچاوڕونیی (مفهوم الإبصار):

وشــەی (بصـر) لــە زمانەوانییـدا بــۆ چەنـد واتایــەک دەگەڕێتــەوە: مەعریفــە و بەدواداچوون (تحقق) و عیلم و ڕامان و ڕوونیی و پرشنگداریی. هەموو ئەمانەیش بۆ یەک بنەڕەت دەگەڕێنەوە کە ئەویش عیلمە.

ڕاغـب دەڵێـت: (بصـر) بـە ئەنـدامی بینـین دەوترێـت و... بـەو هێـزەی کـە تێیدایـە، بـەهێزی پەیپێبـەری دڵـیش دەگوترێـت (البصـیرة = بـەرچاوڕونیی)... (الباصـرة)ەش بریتییە لە ئەندامی سەیرکەر"[1].

نوسەر (مختار الصحاح)یش دەڵێت: (البصـر): هەسـتی بینینـە، (أبصـره): بینیویـەتی، (البصیر): پێچەوانەی (ضرير)ە، واتە نەبینین، (المبصـرة): ڕۆشـن... (المبصـرة) لەسـەر کێشی (المتربة): بەڵگەیە... (البصيرة): بەڵگە و بەرچاوڕونییە لە شتدا"[2].

(ئیـبن مـەنظور) دەڵێـت: (البصـر): چـاو، گوتراویشــە: (البصـر) هەسـتی بینینـە... کۆیەکەی (أبصار)ە، (تبصرة): سەیریکرد ئایا دەیبینێت... (باصره): لەگەڵیدا سـەیری

---

[1] الراغب الأصفهاني، معجم مصطلحات ألفاظ القرآن، سەرچاوەی پێشوو، مادة: (بصر).

[2] الرازي: مختار الصحاح، سەرچاوەی پێشوو، مادة: (بصر).

شتەکەی کرد کامیان پیش ئەوی تریان دەیبینێت"[1]. بەڵام (الأبصار) لە ڕووی زاراوەییەوە خۆی لە ڕونبینیی ڕوخساری شتەکانەوە و بەشەکانیدا دەبینێتەوە، ئەمەیش لە ڕێگەی خوێندنەوەی شتی ترەوە، ئەو ئامرازەیە کە دەمانگەیەنێتە زانینی خودی بابەتێک، ئەمەیش لە ڕێگەی پەیوەندییەوە بە بابەتیکی ترەوە. لەبەرئەوە ڕابردوو دەکرێتە خاڵی بەرێکەوتنی بەرچاوڕونیی ئایندە، ئەمەیش بە دەستپێکردن لەوانە و پەندەکانییەوە کە لە کەلەپووردا گەنجینەکراوە.

**سێیەم: کەلەپوور لە نێوان بونیاتنانی ئێستا و بەرچاوڕونیی ئایندەدا:**

بە مەبەستی زیاتر دیاریکردنی چەمکی کەلەپوور لە پەیوەندیی بە هەردوو ئەرکی بونیاتنانی ئیستا و بەرچاوڕونیی ئاینده، وایدەبینم لەپاڵ ئەوەی خستمانەڕوو، دوو خاڵی تریش کە من بە پەیوەنددار پێیانەوە دەبینم بخەمەڕوو، ئەوانیش:

**١- کەلەپوور و فرەیی ڕۆڵ و ئەرکەکانی:**

کەلەپوور بە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی ڕابردوو دادەنرێت، بە مەبەستی هێنانەوەی بیرکردنەوەی ئەوانەی ڕۆیشتوون و بەئاگابوون لەسەر شێوازەکانی ژیانیان و بەرهەمە مرۆییەکانیان. وەکو بەشداربوونیان لە دروستکردنی ڕوخسارەکانی ژیان، ماوەکانمان بۆ کورتدەکاتەوە. کەلەپوور ئەرکێکی تریش بەدەستدەهێنێت، کە خۆی لە بەشداربوونی لە بونیاتنانی ئیستادا دەبینێتەوە، چونکە ئیستای ئوممەت لە ڕووی مەعریفییەوە هەرچەند باڵا بێت، یان لە ڕووی پیشەسازییەوە پێشکەوتوو بێت، یان لە بوارە جیاوازەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەچوونی ژیاندا پەرەیسەندبێت، ئەگەر کەلەپوورێکی نەبێت کە کۆڵەگە مەعنەوییەکەی و ڕەمزیەتە ڕۆشنبیرییەکەی پێکنەهێنابێت، ئەوا هاوشێوەی ئێستای ئەو نەتەوانە دەبێت، کە شکۆمەندییەکانی جگە لە خۆیان وەردەگرن و خۆیان دەدەنە پاڵ ئەوانەی کەسانی تر پێی شکۆدار بوون.

کەلەپوور ئەرکی سێیەمیشی هەیە، خۆی لە بەرچاوڕونیی ئایندە و دووربینی (استشراف)یدا دەبینێتەوە، چونکە لەسەر ڕویەک دامەزراوە کە لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەوەی بۆ ئایندە مەزەندەیدەکەین سودمان پێدەگەیەنێت، بە بانگەشەکردن بۆ سودمەندبوون لە ئەزموونی ئەوانەی ڕابردوو، خستنەڕووی لەسەر ئەوەی واقیع و ئایندەمان دەیخوازێت ڕێگامان بۆ خۆشدەکات. ئەمەیش بە مەبەستی ئامادەسازیی بۆ ئایندە، ئامادەسازییەکی ئەرێنیی کە لەسەر بەڕێوەبردنێکی ئامانجدار دامەزرابێت، کە خاوەنەکەی بزانێت چی دەوێت و خۆی بەدووربگرێت لە هەموو ئەو شتانەی کە

[1] ابن منظور، لسان العرب، سەرچاوەی پێشوو، مادة: (بصر).

سودی نابێت بۆی و وزەکانی بەرهەمدارانە بخاتەگەڕ و ڕێبەری خەرجییەکانی بکات، خۆی دووربگرێت لەو کارە دوورانەی کە عەقڵ و شەرع دەیخوازێت.

**٢- کەلەپوور گەنجینەی ئەزموونەکانی بونیاتنان و** پێشبینی **(استشراف):**

سەرەڕای بەشداریی کەلەپوور بە فرەیی ئەرکەکانی و هەمەچەشنیی ڕۆڵی، ئەزموونی کرداریی پەیوەندداری بەوەی باسمانکرد پێماندەدات، کە وا لە مرۆڤی هۆشمەند دەکات لەپێناو ئەوەی ڕەوتی ئەرێنیی بگرێتەبەر، بەدووربێت لەوەی چارەنوسی بەرەو سەرئەنجامێکی خراپ ببات هەڵوێستەی لەسەر بکات، چونکە کەلەپوور ئەزموونی ئەوانەی ڕابردوومان بۆ دەپارێزێت و هەموو بەشداربوونەکانی پێشین لە بونیاتنانی سەربەرزییەکانی ئوممەت بە مکوڕبوون لەسەر بەرژەوەندیی دەستەجەمعیی بۆ بونیاتنانی ئێستا و پێشبینی (استشراف) ئایندەی، یان پاڵدانی بەرەو ناباشییەک کارەکەی بەرەو ئاسانییەک ببات بە گرتنەبەری ڕێگەیەک کە بە چاکەی ناگەیەنێت، هەموو ئەمانەمان بۆمان گەنجینەدەکات. پاش ئەمە، دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو کە من بۆ چارەسەری ئەم توێژینەوەیە سێ دەروازەم داناوە، کە تێیدا بەهاناوەچوون لەسەر ڕێگەی هەموو تەوەرە پێشنیازکراوەکانی تێدایە، بەبێ ئەوەی یەکێکیان دووربخاتەوە، یان وەلایبنێت.

**أ- دەروازەیەکی مێژوویی:**

هەرکەس ئاشنای ڕابردووی ئوممەتی ئیسلامیی بێت، هەست بە ڕۆڵی کەلەپوور لە بەدیهێنانی یەکێتییەکەی دەکات، سەرەڕای فراوانیی لایەکانی ڕووبەرەکەی و پەلهاویشتنی بە هەموو لایەکدا، دان بە ئەرکە کاراکەیدا دەنێت لە کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی بە جیاوازیی زمان و ژینگە و بنەچەکانیانەوە، زاڵبوونی لەسەر پێکهێنانی کەسێتیی ئوممەتدا دەبینێت. پێکهێنانێک کە لە هەموو لێدان و پەلاماری دوژمنەکانی لە هەموو لایەکەوە پاراستی. ئەگەر کەلەپوور ئەم ڕۆڵە مێژووییەی لە پاراستنی ئوممەتی ئیسلامییدا هەبووبێت، هەمووی پێکەوە کۆکردبێتەوە، ڕیزەکانی لە ڕۆژگاری زوودا پتەوکردبێت، ئەوا عەقڵ ئەوە دەخوازێت گرنگیی بە ئەرێنییەکانی بدرێت، هەتا ئوممەت پارێزگاریی لەسەر کۆڵەکە و ڕەسەنایەتییەکانی بکات.

**ب- دەروازەی کێبڕکێی ڕۆشنبیریی/ دەروازەی شارستانیی:**

لە پەیوەندیی کاریگەربوون و کاریگەریی دروستکردنی نێوان نەتەوەکاندا ناکرێت بێلایەن بیت، یان ئەوەتا نەتەوە بە مەبەستی کاریگەربوونی ڕۆشنبیریی دەچێتە ناو نەتەوەی ترەوە، یان ئەوەتا خۆی دەخاتە بەر کاریگەریی ئەوانی تر. کێبڕکێی

ڕۆشنبیریی لە شەرعدا هۆشداریی لە بارەوە دراوە. دەقەکانی وەحیی، بە قورئان و سوننەتەوە، زۆری لەمە تێدایە، لەبەرئەوە پەردەپۆشکردن و کێبڕکێ و ڕەتکردنەوەی شێوەکانی لەخشتەبردن، لە مەزنیی و ڕازاوەیی و هێزدا لە هەر ئاستێکی بەرزدا بێت، هەموو ئەوانە هەر ڕەتدەکرێنەوە، ئەگەر لە بەرانبەرەکەی فەرامۆشکردنی یەکێک لە کۆڵەگەکانی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی بێت، بەڵکو فەرامۆشکردنی هەر هەموو کەلەپووری ئەرێنییەکانیەتی.

کێبڕکێی ڕۆشنبیریی ئەوە دەخوازێت کەلەپوور فەرامۆشنەکرێت، یان بە کەمسەیرنەکرێت، یان نکوڵیی لێنەکرێت. بە تایبەت ئەوەی کە ئەرێنییە، ئیدی بە هەر نرخێک و لەژێر هەر گوشارێکدا بێت، چونکە ئوممەت ئەگەر بەرگریی لێنەکات و نەیپارێزێت، وەکو یەکێک لە تایبەتمەندییە چاکەرەوەکانی، ئیدی دەبێت بەرگریی لە چ شتێک بکات؟ لە کاتێکدا ئەگەر ئەوە لەدەستبدات، ئەوا چاکەیەکی زۆری لەدەستدەچێت، بە لەدەستدانی وەکو دەموچاوێکی لێدێت، کە ڕەنگ و ڕواڵەتی لەدەستدابێت.

**ت- دەروازەیەکی مرۆیی:**

کەلەپووری ئیسلامیی خەسڵەتە مرۆییەکەی لە ئاین و شەریعەتەکەیەوە وەردەگرێت، چونکە ئاین بە وەحیی بۆ پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) هاتووە، هەتا بە خەڵکیی ڕابگەیەنێت، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنۡ هُوَ إِلَّا ذِكۡرٞ لِّلۡعَٰلَمِينَ١٠٤﴾ (یوسف: ١٠٤). جا ئەگەر کەلەپووری ئەرێنیی گونجاو لە تێڕوانینەکەیدا بۆ گەردوون و ژیان لە ئاینی ئیسلامی بێگەردەوە سەرچاوەبگرێت، ئەوا بە خەسڵەتی مرۆڤایەتیی جیادەکرێتەوە، لەبەرئەوە وا پێویستدەکات پێگەی ئوممەت لەم ڕۆژگارە سەختەدا ڕونبکرێتەوە بە بەراورد بە ڕۆژگاری پڕسەروەریی ڕابردووی. هەروەها پێویستە توانای بەشداربوونی لە بونیاتنانی هاوبەشێتیی مرۆییدا ڕونبکرێتەوە.

لە کاتێکدا ئەم کەلەپوورە ئەو تایبەتمەندییە دیارانەی لەخۆگرتبێت، ئەوا گرنگییپێدانی بە بژارکردن و ڕزگارکردن کارێکی زۆر پێویستە. هەر ئەمەیشە لە لاپەڕەکانی دواتردا بە پشتیوانیی خودای گەورە قسەی لە بارەوە دەکەین.

# بەشی دووەم:

## کەلەپوور لە نێوان بژارکردن و ڕزگارکردندا:

**(التراث بين الغربلة والانقاذ)**

**یەکەم: کەلەپوور بابەتی بژارکردن و ڕزگارکردن:**

لەوانەیە هەندێکمان بپرسین: گرنگیی "بژارکردن"ی کەلەپووری ئیسلامیی چییە و بە دەربازکردنی چیمان دەستدەکەوێت؟ ئەمەیش بە توندیی هانماندەدات گرنگیی ئەوەی دەمانەوێت بخەینەڕوو، دەمامک لەسەر بەهای ئەم کارە بەرزە لاببەین، هەتا هیچ ناڕوونییەکی تێدا نەمێنێت و کەس لە گرنگییەکەی دودڵ نەبێت.

بە مەبەستی دانانی بناغەیەک بۆ ئەمە، بە پێویستی دەزانین وەکو دەستپێک لەسەر "بژارکردن"ی کەلەپوور بە شێوازێکی تایبەتمەند بدوێین و ڕزگارکردنیشی بە گرتنەبەری ئاراستەیەکی دیاریکراو.

- باشە ئەو چۆنێتییە کامەیە کە بۆ بژارکردنی کەلەپوور پێشنیازیدەکەین؟
- ئەو پێکهێنەرانە کامانەن کە ڕزگارکردنی لەسەر دەوستێت؟

بە سەرنجدان لە کەلەپووری ئیسلامیی دەردەکەوێت کە تێڕوانین تێیدا هەمان پێگەیشتن و هێز و چاکیی نییە، لەبەرئەوە پێویستی بە پاڵفتە و بژارکردنیەتی لە هەموو خڵتەیەک. ئەگەرچی بژارکردن و ڕزگاکردن دوو پێکهێنەری یەک بابەتن، لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووردا بژارکردن لەپێشترە، چونکە ئوممەتی ئیسلامیی کێشەی ئەوەندە لەسەر کۆبووەتەوە، بە جۆرێک نازانرێت چی پێش بخرێت و چی دوابخرێت، چەند پێویستیی هەبووە بە وازلێهێنانی چارەسەرکراوە؟ چەند پێویستییش هەیە پێشیخستووە، لە کاتێکدا دەبوو دوابخرێت؟

چەند پێویستییش هەیە دوایخستووە و دەبوو پێشبخرێت؟ هەموو ئەمانە بەهۆی بوونی ناتەواوییەک لە فیقهی لەپێشبوون (فقه الاولويات) و ڕەخنەگرتن لە دەستکەوتەکان دروستبووە، بە جۆرێک کە نەبوونی جولانەوەی ڕەخنەگرتن -هەر وەکو ئەکرەم ضیاء عومەری باسیدەکات- بووەتە هۆی دروستبوونی بێسەروبەرییەکی فیکریی (فوضى فكري)، ئەمەیش خۆی لە لەدەستچوونی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و زۆریی دوبارەکردنەوەی شێوە و ناوەڕۆکەکان دەبینێتەوە"[1].

لە کاتێکدا گرتنەبەری ئەم ڕێگە نەرێنییە ئەو جۆرە ڕەنگدانەوە مەترسییدارانەی لێدەکەوێتەوە، ئەوا ئێمە نامانەوێت لە کارەکەماندا پەیڕەویی لێبکەین. لەبەرئەوە پشت بە پێشخستنی لەپێشترین و ئینجا لەپێشتر دەبەستین. بە پشتیوانیی خودای گەورە بەو جۆرە باسەکەمان دەخەینەڕوو.

## ١- کەلەپوور و بابەتی بژار:

ئەگەر ئوممەت بیەوێت سود لە کەلەپوورەکەی وەربگرێت، بە دەرهێنانی گەوهەرەکانی بۆ جیهانی بینراو، ئەوا پێویستە یەکەمین هەنگاوی بریتیبێت لە بژار و پاڵفتەکردنی، چونکە هەموو کەلەپوورێک بەکەڵک نییە، تێکڕای کەلەپوور تێڕوانینێکی تیژیی وای نییە، کە لەم ڕۆژگارەی خودادا سود بە مرۆڤەکان بگەیەنێت. هەموو کەلەپوور لە تێڕوانینێکی ئیسلامیی سەرچاوەگرتوو لە قورئان و سوننەتەوە نەهاتووە، تێیدایە زیانی لە سودی زیاترە. هەیەتی دزەیکردووەتە ناوی، کە ڕۆڵی دیاری هەبووە لە بەلاڕێدابردنی زۆرێک لە ڕۆڵەکانی ئوممەت لەسەر ڕێگەی ڕاست. لەبەرئەوە پێویستبوو کەلەپوور بەگوێرەی دوانەییەکان دابەشبکرێن، کە لە ڕێگەیانەوە لایەنە گەورەکان دیاریدەکرێن، کە خۆی لەو حاڵەتانەدا دەبینێتەوە کە لەسەریەتی.

بە مەبەستی بەئەنجامگەیاندنی ئەم کارە پێمانباشە دەستپێشخەرییبکەین لەوەی دەمانەوێت لە برگەی دواتردا بیخەینەڕوو و بڵێین: کاری دابەشکردنی کەلەپوور لەپێناو دەرخستنی بەسودەکانی، ئەوانەی لەم ڕۆژگارە سەختانەدا خزمەتی بە ئوممەت گەیاندووە، هیچ چارەیەکی تر نییە و دەبێت چەندیین لیژنە لە توێژەرانی پسپۆڕ لە لێکۆڵینەوەی کەلەپوور و ئاگادار لە بەشە بەسودەکانی پێکبهێنرێن، بە

---
[1] العمري، التراث والمعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧.

سەرپەرشتیی ناوەندێک، کە گرنگیی بە بژار و ڕزگارکردنی کەلەپوور بدات[1]، چونکە بووەتە کارێکی زۆر پێویست، کە ئوممەتی ئیسلام سووربێت لەسەر مانەوە لە سەردەمێکدا کە بەرەو داڕوخان و نەمانی دەبات.

ئەرکی ئەوەی ئێستا قسەی لە بارەوە کرا، خواستە مەنهەجییەکانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووردا دیاریدەکرێت -وەک ئەوەی عەبدولمەجید نەجاڕ بۆی چووە- بەوەی "لە قۆناغی یەکەمدا خستنەژێرسەرنجدان و لێکۆڵینەوە پێویستە، دوای ئەوە هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی ئەوانەی بەسودە لێی، بەبێ ئەوەی لە ڕووی ئاینییەوە پێویستبکات پابەندی ئیجتیهادەکانی بن"[2]. لەپێناو دابەشکردنی بۆ دوو بەش، بەم جۆرە دەیانخەینەڕوو:

- بەشێکیان ئەوەمان بۆ دیاریدەکات کە دەبێت بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، هەتا ڕۆشنایی ببینێت، وەکو داننانێک بە هەوڵەکانی پێشین و کارەکانیاندا، دوای ئەوە وەکو ویستێک بۆ خزمەتکردنی ئوممەت و مرڤایەتیی.
- بەشەکی تر ڕوکارەکانی لاوازیی و داکەوتنی تێیدا ڕوندەکاتەوە، یان ئەگەری بەشداربوون لە پاڵنانی ئوممەت بەرەو هەڵدێر دەردەخات.

لە دەرئەنجامی بژاری کەلەپووریش بۆ ئەو دوو بەشەی باسمانکرد، ئەمانەمان بۆ ڕوندەبێتەوە:

**١- ئەرێنیی (إیجابي)/ نەرێنیی (سلبي):**

هەرکەس ئەوانەی تێدابێت کە باسمانکرد، بێگومان جیاوازییەکی ڕوون دەبینێت لە نێوان بەشە ئەرێنییەکەی کەلەپوور و ئەوانی تردا، لەبەرئەوەی کەلەپوور هەندێکی ئەرێنییە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بیرۆکەکە لە مێشکی خاوەنەکەیەوە هەڵقوڵاوە، بۆ لێکۆڵینەوەیەک دەگەڕێتەوە، کە مەبەستەکەی ڕوونە و ڕێگەی دەستپێک و ئامانجەکانی خۆشکراوە، دەریدەخات کە خاوەنەکەی لە کارەکەیدا بەئاگا و بەرچاوڕون بووە و زانیویەتی چی وەربگرێت و چی لابدات.

هەر وەکو لە ناو کەلەپووردا هەیە کە بەو جۆرە نییە، بەڵکو خاوەنەکەی هەرچی بۆ هاتووە وەریگرتووە، چ بە تێخزاندن، یان هەڵبەستن، یان بە وەرگرتنی ڕاستەوخۆ. لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەتا لەو حاڵەتە بە بێسودیی دانانێین، لێرەدا مەبەست لەسەر

[1] سەبارەت بەدروستکردنی ئەو ناوەندە لەلاپەڕەکانی دواتری ئەم کتێبەدا لەسەری دەدوێین.
[2] النجار، "مبادیء منهجیة في التعامل مع التراث"، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧١.

ویستی جیاکردنەوەی نێوان پێکهاتەکانی کەلەپوور وەستاوە، لە ڕووی ئەرێنیی و نەرێنییەوە، پلە و ئاستی هێز تێیدا بە چەندیین ئاراستەیە.

ئەم ڕوکارەیە لەم ڕۆژگارەدا ئەوەمان لێدەخوازێت، کە "بژاری کەلەپوور" بکەین، لە وەرگرتنی زۆر لەوانەی تێیدا هاتووە پەلەنەکەین، چونکە هەرچی تێیدایە بە ڕاست و دروست نییە، وەکو ئەوەی دووربێت لە هەڵە، ئەوە تەنها قسەی خەڵکانێکە، ڕاستیی دەپێکن و هەڵەیش دەکەن، لە قسەکانیان وەردەگیرێت و ڕەتیشدەکرێتەوە، بەگوێرەی پێوەرە پەیوەستەکان.

لێرەدا ئەوەی زیاتر بەلامانەوە گرنگە ئەو دەرئەنجامەیە بەهۆی گرتنەبەری ئەم ڕێگەیەوە هاتووەتە ئارا، وای لێهاتووە ئەو بۆچوونانەی لە کەلەپووردا هاتوون بۆ یەکی دەگوازنەوە، وەکو ئەوەی هەقێک بێت و نابێت لە دونیای مرۆڤەکاندا کەس لێیلابدات، ئەوەیش گەورەترین کارەساتە، تێیدا زانیارییەکان (المعارف) تێکەڵدەبن و حەقیقەتەکان تێیدا دەشێوێن، دەرئەنجامەکان بێسود دەبن.

سەبارەت بەمە ئیبن خەلدون[1] -لە قسەکردن تایبەت بە گێڕانەوەی مێژوو- دەڵێت: "ئەو شوێنەوارانە زۆر کەس لە پاش خۆیان شوینیکەوتن و پەیڕەویانکرد، وەکو ئەوەی بیستبوویان گەیاندیان پێمان، بەبێ ئەوەی تێبینیی هۆکاری ڕوداوەکان و ڕەوشەکانیان بکەن و لەبەرچاویبگرن، بەبێ ئەوەی گێڕانەوە بێبنەماکان ڕەتبکەنەوە و لایبەرن. لێکۆڵینەوە کەمە و لایەنی بژارکار زۆربەی جار لاوازە... لاساییکردنەوە لە ئادەمیزادەکاندا دێرییە و درێژەی هەیە، مشەخۆریی (تطفل) لەسەر هونەرەکان درێژ و بەرییە"[2].

کەواتە مەبەست لە ئاگادارکردنەوەکە سەرزەنشتکردنی ئەوانەیە، کە هەموو شتێک بەبێ ڕەخنە و بیرلێکردنەوە قبوڵدەکەن، هەر ئەمەیە لێرەدا ناومانناوە "بژاری کەلەپوور". ئەمەیش کارێکە هەر وەکو چۆن لە ڕووی عەقڵییەوە خوازراوە، لە ڕووی

---

[1] ناوی: ئەبو زەید عەبدوڕەحمان کوڕی موحەممەد کوڕی خەلدون، ساڵی (٧٣٢ک) لەدایکبووە، ساڵی (٨٠٨ک) کۆچی دواییکردووە، بە بنەچە خەڵکی ئیشبیلیەیە، لە تونس لەدایکبووە. لە هونەرە عەقڵیی و نەقڵییەکاندا پێشکەوتوو بووە، لە دانراوەکانی: "المقدمة" و"العبر". بڕوانە: التنبكني، أبو العباس أحمد بابا بن أحمد الحاج أحمد بن عمر. نيل الابتهاج بتطريز الديباج، تحقيق: عبدالحميد عبدالله الهرامة، طرابلس: دار الكاتب، ط٢، ٢٠٠٠م، ص٢٥٠.

[2] إبن خلدون، أبو زيد عبدالرحمن بن محمد. مقدمة إبن خلدون، بيروت: دار القلم، ط٥، ١٩٨٤م، ص٤.

شەرعیشەوە بە هەمان شێوە خوازراوە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦﴾ (الإسراء).

لەگەڵ ئەوەدا بژاری کەلەپوور پێویستی بە پابەندبوون بە ئەمانەتی زانستیی هەیە، کە هیچ حەقێک بەفیڕۆنەدات و کەس شتێک بەدەستنەهێنێت کە هیی خۆی نییە. لە هەندێک شوێنی کەلەپووردا هەندێک ناوچە هەن، وەکو هێڵێکی ڕەش دەردەکەوێت، ئاماژەیە بۆ لاوازیی و بێهێزیی و گرتنەبەری ڕێگەیەکی ناڗیرانە. بە تەواویی ئەو ئەمانەتە زانستییەی لەسەر مێژوونوسی مسوڵمان پێویستە، دەبێت ئەم هێڵە لە شوێنی خۆیدا بهێڵدرێتەوە... بەڵام لە قەبارەی سروشتیی خۆیدا بهێڵدرێتەوە بە بەراورد لەگەڵ لاپەڕەیەکی پڕ لە ڕووبەری سپیی... لانی کەم لە ماوەی فراوانبوونی دەسەڵاتی ئیسلامییدا"[1].

ب- **بەهێز/ لاواز:**

لەو دەرئەنجامانەی لە کاتی گرتنەبەری ئەو ڕێگەیە بەدەستدێت، جیاکردنەوەی کەلەپووری بەهێز لە لاوازەکەیەتی، ئەنجامدانی کارێکی هەروا ئاسان نییە. لەبەرئەوە پێویستیی خۆیەکلاکردنەوە بۆی، یەکێکە لەو مەرجە بنەڕەتییانەی کە بەبێ ئەو هیچ بنیاتنانرێت.

هەندێک کەلەپوور هەیە، کە دەیخوێنیتەوە، ڕوخساری بەهێزی لە ڕوکار و ناواخنیدا هەستپێدەکەیت. لە هەموو لایەکەوە باڵادەستە بەسەر پایەکانیدا، بە دەستی شانازییەوە ئاماژە بە لێکۆڵەر دەدات، کە من لێرەم، هەیەتی کاتێک لێیدەکۆڵیتەوە، لە دەرئەنجام واگومان دەبەیت کاتت بەفیڕۆداوە و وزەیەکت بەبێ سود سەرفکردووە[2].

بەڵام لە کۆتاییدا کارەکە بۆ توێژەری هۆشمەند، پێش ئەویش بۆ لیژنەکانی بژاری کەلەپوور دەمێنێتەوە. ئەوانە بەرپرسن لە ڕونکردنەوەی هەموو ئەوانە، "ڕەخنەگری بەرچاوڕونییش پێوانەکاری خۆیەتی"[3] بەبێ زۆرلەخۆکردنێکی دوور لە بابەتییبوون بۆ پاکژکردنەوەی کەلەپووری ئیسلامیی لە زۆرێک لەو پۆخڵەواتانەی پێوەی

---

[1] قطب، محمد، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، الرياض والدار البيضاء: دار الوطن والمكتبة السلفية، طبعة خاصة بالمغرب، ١٩٩٢م، ص٢٩.

[2] دکتۆر ئەکرەم ضیاء عومەری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "وێنەی وەکو ئەو دەستخەتانە دەکرێت فەرامۆشبکرێن و کات و سامان و توانا تێیاندا بەفیڕۆنەدرێت." بڕوانە:
-العمري، التراث والمعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٢.

[3] ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، ص٤.

نوساوە. ئەوانەی کراوەتە ولآخی سواربوون، لەوانەیە ئێمە، یان ئەوانەی پاش ئێمە دێن، بە ئەنجامێکی ناپەسەند بگەیەنێت. ئەمەش -هەر وەکو جابری ئاماژەی بۆ دەکات- تەنها بە چوونەناوگفتوگۆیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ پێشینانماندا دەبێت، ئەمەیش بە مەبەستی تێگەیشتنێکی قووڵتر لێیان، بەستنەوەیان بە خۆمانەوە بە شێوەیەک لە شێوەکان، هەر کاتێک ئەوە لەتوانادابوو"[1].

**ت- لاساییکەر/ نوێکار:**

زانین بە لاساییکردنەوە و خۆپێچواندن بەرهەمدار نابێت –هەرچەندە ئەوە لە سەرەتای فێربووندا پاساوی خۆی هەیە کە کەس نکوڵیی لێناکات- دووركەوتنەوە لێی زیاتریش توندەبێت، کاتێک کارەکەی پەیوەنددار دەبێت بەو زانایانەی کە قسەکانیان بە دروستیی وەردەگیرێت و متمانە بە بۆچوونەکانی دەکرێت، کەسانی تر لە ڕێڕەوی ژیاندا پشتیانپێدەبەستن، بە لاساییکردنەوە دەرئەنجامی نەرێنیی لەسەر ولآت و خەڵکیی دەبێت. لە ڕووی فیکریی و واقیع و تێڕوانینەوە بۆ ژیان.

لەوانەیە لاساییکردنەوە هەندیک جار باشێتیی هەبێت، بەڵام ناکرێت بەسەر تێڕوانینی دەستەجەمعیی ئوممەتدا زاڵبێت و ببێتە نەریتێک و هەر سەرقاڵی ئەوە بێت، ئەو ئاڕاستەیە بگرێتەبەر، کە خواستی هەموو تواناکانە، چونکە ئەگەر وایلێهات ئەوا دەبێتە عەقیدەیەک، ئەوەیش دوبارەکردنەوە و جوینەوەی دەستکەوتەکانی کەسانی تر دێنێتەئارا. بەڵام ئێمە بە دڵنیاییەوە دەزانین کە بابەتەکانی ژیان دەگۆڕێن و بە گۆڕانی پێداویستییەکانیەوە لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕەوتی خۆی درێژەپێدەدات. بێگومان ئەگەر لاساییکردنەوە بکرێتە ڕێبازێکی حەتمیی، ئەوا ژیان لە چاوەڕوانیی خاوبوونەوە و دواکەوتندا دەبێت، لە ئاسۆوە سەرەتاکانی چوونە ناو متبوونێکی قووڵ دەردەکەوێت و لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەو پێگانەی کە چەندیین ماوەی دیاریکراو دەستکەوت بوون بۆ ئوممەت.

لە لێکدانەوەی هۆکارەکانی بۆچوونەکانمان، پێویستمان بە گەڕان لە دۆسیەی نەتەوەکانی تر نییە، چونکە دۆسیەکانی ئوممەتەکەمان وایکردووە پێویستمان بەو ماندووبوون و ناڕەحەتییانە نەبێت، کاتێک ئوممەتی ئیسلامیی دەستی بە نوێبوونەوەوە گرتبوو، سەرنجی لە کێشەکانی دەدا و پێداچوونەوەی بۆ دەکردن، ئاراستەی بیروڕاکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکرد و بەراوردی لە نێوانیاندا دەکرد.

---

[1] الجابري، كيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٣.

لــەپێناو پاککردنــەوە و بەدەســتهێنانی باشــترین دەرئــەنجام و بــەرزترینی ئــەو پێشــکەوتنەی کەســێک چــاوەڕوانیەتی، هەتــا لــە جەنگــە هەمەچەشــنەکانی ژیانــدا ســەرکەوتن بەدەســتبهێنێت. ئــەو کــات خــاوەنی پایەیــەکی مــەزن بــوو، ڕێــزی خــۆی لێدەگیرا، لە ناو ئەوانی تردا، لە ڕووی زانین و سیاسەت و تێڕوانین بۆ ژیان، پایەدار بوو.

کاتێک ئوممەت چووە قۆناغی لاساییکردنەوە بە مەبەستی –وەکو ئەوەی هەندێک لە زانایانی بۆچوونیان وابوو- پاراستنی لە بەئامانجگرتنی لە لایەن ئەوانی ترەوە، پاراســتنی ئــەو دەســتکەوتانەی پێشــینانی بەدەســتیانهێنابوو، چــووە ســەرەتای دامرکانەوەی شارستانییەوە، دەرئەنجامەکانیشی ئەو ڕەوشەیەتی کە دەیبینین، کە هیچ مسوڵمانێکی دڵسۆز بۆ ئوممەتەکەی پێی ڕازینابێت، لە کاتێکدا نەتەوەکانی تر بە نەفامییەکەی پێکدەکەنن. ئەگەر لاساییکردنەوە لە بونیاتنانی شارستانییدا کۆڵەکەیەک نــەبێت پشــتی پێببەســترێت، کۆڵەکەیــەک نــەبێت لــە نارەحەتییــەکانی کێشمەکێشــی ڕۆشــنبیرییدا بــەکاربیهێنێت، ئــەوا نوێبوونــەوە هــەموو ئەوانــە لــەخۆدەگرێت، بــەڵام تێگەیشــتن لێــی بــەگوێرەی گۆشــەنیگای لێکۆڵــەر، یــان تــوێژەر دەبێــت. نوێبوونــەوە (تجدید) لای هەندێکمان بووەتە هاوواتای نوێگەریی (حداثة).

ئەو نوێبوونەوەیەی کە پێویستە تێڕوانینی بەشێکی کەلەپووری ڕاستکردبێتەوە، هیچ چارەیەک نییە و دەبێت لە تێڕوانینێکی ئیسلامییەوە سەرچاوەیگرتبێت، کە لەگەڵ پێویستییەکانی وەحیی دژ نەبێت، لەوانە دوورنەکەوێتەوە کە لە سەرچاوەکانیدا بە دەق هــاتوون. ئــەمەیش خــۆی لەوانــەدا دەبینێتــەوە کــە نوێبوونــەوەی تێدا کــراوە و ئەسڵێکی لە شەرعدا هەیە، هەتا تێڕوانینەکە بە خاڵی دەستپێک دابنرێن و دەرئەنجامە ویســتراوەکانیش بەئامانجــدابنرێن، یــەک کۆکــەرەوەی ڕەســەن کۆیانبکاتــەوە. جــا هەموویان دەبنە خزمەتکاری بەرژەوەندییەکانی ئوممەت، بەبێ ئەوەی دژایەتیی، یان هەڵچوون بەسەر پێکهێنەرەکانیدا زاڵبێت.

دەکرێــت بــەراوردی ئــەو ســەرچاوە کەلەپوورییانــە بکرێــت، کــە پشــتیان بــە لاساییکردنەوە بەستووە، لەگەڵ ئەوانەی پشتیان بە نوێبوونەوە بەستووە، ئەو کاتە جیاوازیی ڕوون لە نێوان هــەردوو ڕێبازەکەدا دەردەکەوێت. هــەروەها جیاوازییــەکی دیــاریش لــە نێــوان ئــەو ئەنجامانــە دەردەکــەوێت، کــە هــەر جۆرێکیــان بــەرەو ڕووی دەچن.

لەبەرئەوە، ئەوەی بەدواداچوون بۆ دەستکەوتەکانی کەلەپووری ئیسلامیی بکات، ئاسایيە کە پرشنگی نوێبوونــەوەی زۆر ســەرنجی ڕابکێشــێت، بــەڵام هــەموو قۆناغــە

مێژووییەکانی ناگرێتەوە. لەوانە، ئەو پرشنگە ڕوناککەرەوانەی کە لای (جاحظ)دا[1] دەیبینیت، کاتێک خوێندنەوە بۆ گوتاری عەرەبیی دەکات لە هەردوو کتێبی "البيان والتبين"[2] و "الحيوان" و، لای ئیمامی شافیعیی[3] دەیبینیت، لە ڕێککردنی زانستی ئوصولدا لە کتێبی "الرسالة" و، ئیبن ڕوشد[4] لە"بداية المجتهد ونهاية المقتصد، و، ئیبن تەیمییە[5] لە تێڕوانینە شارستانییە پێگەیشتووەکەیدا، شاطبی[6] لە ڕێککردنی مەقاصدی شەریعەتدا لە "الموافقات" و، "الاعتصام" و ئیبن خەلدون لە خوێندنەوەیدا بۆ یاساکانی مێژوو لە کتێبی " المقدمة"دا...

---

[1] ناوی: عوسمان عەمر کوڕی بەحرە، بە (جاحظ) ناسراوە، (وەفاتی: ٢٥٥ک)، گرنگترین کتێبەکانی "الحيوان" و، "البيان والتبيين". بڕوانە:

- ابن خلكان، أبو العباس أحمد بن محمد بن أبي بكر. وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، المحقق: إحسان عباس، بيروت: دار الثقافه، ١٩٦٨م، ج٣، ص٤٧٠.

[2] دکتۆر شاهد بوشیخی ناونیشانی کتێبەکەی (جاحظ) ڕێککرد و کردی بە "البيان والتبين"، لە بری ئەو ناونیشانەی لە ناو خەڵکییدا باوبوو: "البيان والتبيين". لەمەدا پشتی بەوە بەست کە لە دەستخەتە یەکەمینەکاندا هەبوو. هەروەها پشتی بە واتای ناونیشانەکەش بەست، کە پێویستدەکات کە "ملقي" لە "الابانة" و "المتلقي" لە "التبين" بێت، بابەتەکانی کتێبەکەیش ئەم واتابەخشینە دوپاتدەکەنەوە. بڕوانە:

- البوشيخي، الشاهد. مصطلحات نقدية في كتاب البيان والتبين للجاحظ، بيروت: دار الآفاق الجديده، (١٤٠٢هـ/ ١٩٨٢م).

[3] ناوی: ئیمام ئەبو عەبدوڵلا موحەممەدی کوڕی ئیدریس شافیعیی مەطلەبییە، ساڵی ١٥٠ی کۆچیی لەدایکبووە، ساڵی ٢٠٤ی کۆچیی وەفاتیکردووە. یەکێکە لە چوار ئیمامەکە، یەکەمین کەسە لەسەر ئوصولی فیقھ قسەی کردبێت. بڕوانە:

- ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پیشوو، ج٤، ص ١٦٣.

[4] قازی ئەبو وەلید موحەممەدی کوڕی ئەحمەد کوڕی موحەممەد کوڕی ڕوشد، لە سەدەی شەشەمی کۆچییدا ژیاوە، خەڵکی قورتبە بووە، فەقیھ و فەیلەسوف و پزیشک بووە. بڕوانە:

- ابن أبي أصبيعة، موفق الدين أحمد بن سديد الدين القاسم. عيون الأنباء في طبقات الأطباء، بيروت: دار مكتبة الحياة، (د.ت.)، ص ٥٣٠.

[5] ئەبو عەبدوڵلا موحەممەدی کوڕی قاسم خضر، ناسراو بە ئیبن حەڕانی، شەرعزانی حەنبەلیی، ساڵی ٥٤٢ی کۆچیی لەدایکبووە. ساڵی ٦٢١ کۆچیی وەفاتیکردووە. لە ڕووی زانستییەوە دیاربووە و لە ئاینزانییدا جێی ئاماژە بووە.

- ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پیشوو، ج٤، ص ٣٨٦.

[6] ناوی: ئەبو ئیسحاق ئیبراهیم کوڕی موسای لخمییە، بە (شاطبي) ناسراوە، (ساڵی ٧٩٠ کۆچیی وەفاتیکردووە، پیشەوایەتیی مەزنی لە هونەرەکانی فیقھ و ئوصول و تەفسیر و فەرمودە و زمانی عەرەبیی و هی تریشدا هەبووە. بڕوانە:

- التنبكتي، نبل الابتهاج بتطريز الديباج، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٨.

## د- هێنراو (دخیل)/ ڕەسەن (أصیل):

هێنراو (دخیل) لە حەقیقەتدا ڕۆشنبیرییەکی پێچەوانەیە، تێڕوانینێکی هەڵگرتووە لەوانەیە پێچەوانە بێت، لێرەوە مەترسییەکەی لەسەر ناسنامەی خود سەرچاوەدەگرێت. مەبەست لە هێنراو (دخیل) ئەوەیە کە کراوەتە پردێک لەو پردانەی کە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی بەرەو ڕۆشنبیرییەکەمان دروستیدەکات، دواتر پێگەی دژ دەگرێت و دەیەوێت ژاوەژاو لەسەر خود دروستبکات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی داگیرکاریی ڕۆشنبیریی لە قۆناغێکی دواتردا.

یەکێک لە ئامانجەکانی هێنراو (دخیل) لەسەر وڵاتانی ئیسلامیی، دەستەمۆکردنی عەقڵی مسوڵمانە بە مەبەستی ڕاهێنانی بۆ وەرگرتنی بیرۆکە پێچەوانەکان، وەکو ڕێگەخۆشکردنێک هەتا وای لێدێت پێویستبکات لەخۆیبگرێت و بەرگریی لێبکات و بیکاتە ڕۆشنبیرییەکی باو لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامییدا.

ئەگەر لەوێوە دەستپێبکەین کە هێنراو (دخیل) ڕۆشنبیرییەکە ئامانجی داگیرکاریی فیکرییە، کە تەڕ و وشک دەگرێتەوە، تاکەکانی ئوممەت وا لێدەکات بە هەموو توانای خۆیانەوە ببنە زوڕناژەنی ڕۆشنبیریی جگە لە خۆیان، لە کاتێکدا وای لێچاوەڕواندەکرا ببێتە ئامرازی بەرگرییکردن لە ڕۆشنبیریی و ناسنامەی کۆمەڵگەکەی. هێنراو (دخیل) ئەوانەن کە خاوەنەکانی ئەو هێزەیان نەبووە لە بەرانبەر ڕۆشنبیریی ئیسلامیی ڕابوەستن، لەبەرئەوەی بەو شێوەیە ڕەفتاردەکەن. پاشان لە بارەی ئەو لایەنەوە پرسیاردەکەین، کە بانگەشەی دەکرد بۆ بوژانەوەی هێنراو (دخیل) و هاندانی، دۆزینەوەی شوێن لە کۆمەڵگەدا بۆ لەخۆگرتنی.

سەرچاوەکانی مێژوو هەواڵمان پێدەدەن، کە یەکەمین کەس دەروازەی بۆ هێنراو (دخیل) کردەوە، خالیدی کوڕی یەزیدی ئەمەویی بوو[١]. ئەوەیش دەزانین کە گوێزانەوە لە هەوڵی گواستنەوەی تاکەکەسیی بۆ وەرگێڕانێکی ڕێکخراوی فەرمیی لەگەڵ هاتنی عەباسییەکاندا هات، کە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە کردنەوەی دەروازە لە هەموو لایەکەوە بۆ هاتنەناوەوەی هەموو هێنراو (دخیل)ێک، بە تایبەت ئەوەی لە کەلەپووری نەتەوە تیاچووەکان بوو، وا گومانیاندەبرد کە هێزی ئوممەت –بە تایبەت هێزە مادییەکەی- قەڵای بەتینی پارێزەریانە لە مەترسیی هەموو ڕۆشنبیرییەکانی تر.

---

[١] ناوی: ئەبو هاشم خالید کوڕی یەزید کوڕی معاویەی کوڕی ئەبوسوفیانی ئەمەوییە، (ساڵی ٨٥ی کۆچی وەفاتی کردووە)، پیشەسازی کیمیاو پزیشکی لە ڕاهیبێکەوە ورگرت کەپێیان دەووت مریانس. بڕوانە:

- ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص٢٢٤.

لە ڕاستییدا هێزی ڕۆشنبیریی -کە لە داگیرکاریی فیکرییدا خۆی دەنواند- پێوەرێکی تری هەبوو، نەدەکرا بە شمشێر و ڕم -بە پێوەری ئەو سەردەمە- هەڕەشە لە ڕۆشنبیریی بکرێت، بەڵکو بۆ بەرەنگاربوونەوەی، پێویست بە هێزێکی ڕۆشنبیریی هەیە، کە وەکو خۆی و توندتریش وەڵامیبداتەوە، هەموو فرتوفێڵێکی هاتوو لە ئوممەت دووردەخاتەوە.

لەبەرئەوە دەبینین ڕۆشنبیریی بەرگریکار لە کۆمەڵگەدا شوێنی هەیە، بەڵام کردنەوەی دەروازەی قبوڵکردنی هێنراو (دخیل)، بگرە شانازییکردن پێیەوە، ڕەنگدانەوەی سەختی هەبوو. کەمترینیان ئەوە بوو کە ببینین زانایانی ئوممەتی ئیسلامیی بوونەتە دوو بەش؛ هەیانە وابەستەیە بەوەی ناسنامەی ئیسلامیی دەیخوازێت و چنگی لێگیرکردووە و دەسبەرداری نابێت. هەیانە بووەتە کەسایەتییەکی دیاری ڕۆشنبیریی یۆنانیی هێنراو (دخیل). ئەمەیش لە خۆیدا دیمەنێکە لە دیمەنەکانی وێرانکردنی تەلاری ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی ئیسلامیی.

ئەگەر هێنراو (دخیل) ئەم خەسڵەتانەی هەبێت، ئەوا ڕەسەنەکەیش خەسڵەتی پێچەوانەی هەیە، چونکە ئەو هێزێکی خودییە کە ئوممەت لە ڕێگەیەوە وەڵامی هێرشەکان دەداتەوە. ئەو قەڵا پۆڵایینانەی کە هانای بۆ دەهێنێت هەتا بزانێت چی نامۆیە و لە ڕێگەی پێگەی باووباپیران و پێشینانیەوە شوێنەکەی جیابکاتەوە، ئایندەی پرشنگدار بکات ئەگەر بەرەو چاکسازییکردنی خۆی و تێپەڕاندنی کۆسپەکانی هەنگاویدەنا. ئەوەیش لە خۆیدا داهێنانە، بە جۆرێک وەکو سەرچاوەی لەدایکبوونیەتی، ئەمە هەر کاتێک کۆسپەکان ڕایانگرت و بەربەستەکان لە ڕوویدا وەستان.

ج- **قبوڵکراو/ ڕەتکراوە:**

لە ڕاستییدا بەشێک لە کەلەپوور بە جۆرێک بەکارخراوە کە شایستەی نییە، دەبوو فەرامۆشبکرێت، لە ناو توێژەراندا بووە باو و لە ڕوداوە جیاوازەکاندا بڕیاردەر بوو. لە پاڵ ئەمەدا شتانێک فەرامۆشکرابوون، بەڵکو پشتیان تێکراوە، نەگیراوەتەخۆ و کاریان پێنەکراوە، لەبەرئەوە چووەتە گۆشەی چەقبەستن و سکاڵای فەرامۆشکرانی لە لایەن ئوممەتەوە و کەمتەرخەمییان بۆ لای خودای گەورە بەرزدەکاتەوە.

فەرامۆشکردنی ئەم بەشەی کەلەپوور، یان بەرهەڵستیکردنی دەرئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکارە، زۆربەیان بۆ تێگەیشتنی ناتەواو لە کارپێکردنی مەزهەبێک لە مەزهەبەکان دەگەڕێتەوە، بە تایبەت ئەگەر شەرعزان، یان کەلامی

بووبێت. دەمارگیریی مەزهەبیی —هەر وەکو عەبدولمەجید نەجار باسیدەکات- بووەتە هۆی ئەوەی پەیڕەوانی هەر مەزهەبێک تەنها نوسراوەکانی مەزهەبەکەی خۆیان، یان ئەوەی لەگەڵیان یەکیدەگرتەوە، دەخوێندەوە و پشتیان لەوانی تر دەکرد، هەندێک جار وەک فەرامۆشکردن، هەندێک جاریش دوورخستنەوە و بەلاوەنان"[1].

هەروەها هۆکاری سیاسییش ڕۆڵی خۆی هەبوو لە وەلانانی بەشێک لە کەلەپوور. هەندێک لە گەواهییەکانی ئەمە لەو نسکۆیەدا دەبینین کە نەیارانی بیرۆکەی دروستبوونی قورئان بەسەریاندا هات، لە دژی موعتەزیلەکان، کە لە لایەن دەسەلاتدارانەوە، لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی حوکمڕانیی عەبباسییەکاندا (١٣٢-٦٥ك) پشتیوانییدەکران.

لە پاڵ ئەمەدا مەزهەبی ئیمامی ئەوزاعیی کە لە وڵاتی ئەندەلوس بڵاوبوو، پێش ئەوەی مەزهەبی ئیمامی مالیک بگاتە ئەویّ، کە لە لایەن خەڵکەوە بە گشتیی پشتیوانییدەکرا و دەسەلاتدارانیش پشتیوانییانکرد. هەروەها مەزهەبی ظاهریش دەچێتە پاڵیان بەوپێیەی مەزهەبێکە لە مەزهەبەکان کە لە مێژووی یاسادانانی ئیسلامییدا بوونی خۆی سەلماندووە، بەلام بەرەوامێتیی بۆ نەنوسرا، ئەگەرچی زۆر وزەی فیکریی بەرزی لە خۆ بوو، سەرەڕای ئەوەی بۆ نەوەکانی داهاتووی بەجێهێشتووە، وەکو تێڕوانینێکی ئیجتیهادیی لە ژیانی مسوڵمانان.

ئەوانەی پێشتر بەرپرسیارێتیی "بژاری کەلەپووریی"مان خستە سەرشانیان، دەبێت هەوڵەکانیان لە بارەی بژاری "کەلەپووری فەرامۆشکراو و پشتتێکراو" زیاتر بکەن و پیوەرکانی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە لەسەریان جێبەجێبکەن، بە مەبەستی ڕێگەخۆشکردن بۆ ڕزگارکردنی ئەرێنیی.

ژیانی هاوچەرخ ئەوە دەخوازێت بە شوێن چارەسەری شەرعیی ئەو کێشانەدا بگەڕێین کە پێشتر بوونیان نەبووە، بگرە بە خەیاڵیشدا نەهاتووە، لەوانەیە لە کەلەپووری فەرامۆشکراو و پشتتێکراودا چارەسەر و ئیجتیهادی وامان دەستبکەوێت کە بە خەیاڵماندا نەهاتووە و زۆر گونجاویشە لەگەڵ کێشەکانی سەردەمەکەماندا.

لە ڕاستییدا ڕەتکردنەوەی کەلەپوور، یان قبوڵکردنی، دەبێت بەگوێرەی هەندێک پێوەر بێت و بەوە ڕێکبخرێت، توێژەران لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئاریشەیەکدا لەسەر هەر بابەتێک بۆی بگەڕێنەوە، ئەوەش هەرچەند جیاواز و فرە بێت، هیچ چارەیەکی تر نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ پێوانەیەکی گشتگیری ڕێگر، ئەویش

[1] النجار، "مبادىء منهجية في التعامل مع التراث"، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧٥.

خۆی لـه یەکگرتنـەوە لەگـەڵ تێڕوانینـی ئیسـلامییدا دەبینێتـەوە، کـە ئەگـەر کـاری کەلەپووری لەگەلیدا گونجاو بوو، ئامانجەکانی لەبەرچاوگرتبوو قبوڵدەکرێت، ئەگەر وا نەبوو، ئەوا –هەر وەکو شاهد بوشیخیی دەڵێت- دەخرێتە خانەی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە کەلـەپوورەوە نییـە، ئەگـەریش لـە پێشـینانەوە بۆمـان ماوەتـەوە"[1] لەبەرئەوە دەبێت فەرامۆشبکرێت.

خۆ ئەگـەر تـوانرا کـاری ئـەم دوانەییانـە بهێنرێتـەبوون –ئـەوا ئـەو کەسـەی لـە سەرەتای توێژینەوەی تایبەتمەنددایە، یان کۆتاییپێهێناوە بە کەمترین کۆشش، کە دەچێتـە سـەر لایـەنێک لـە لایەنـەکانی کەلـەپوور بـە مەبەسـتی لێکۆڵینـەوە، یـان قسەلەسەرکردن، یان بەدواداچوون... ئەو کەسە لە کارەکەیدا بەرچاوڕونە، دەزانێت بەرەو کوێ هەنگاودەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو سودەی مەبەستیەتی و دەشزانێت پێویستە لە چی خۆی لابدات، لەپێناو گێڕانەوەی کات و خەرجیی و وزەدا... –ئەو کاتە کارێکمان ئەنجامداوە، کە ئەنجامدانی ئاسان نییە، کەسەکەمان خستووەتە سەر ئەو ڕێگەیەی کە سەرئەنجامی پەسەندی لێ وننابێت، بە ویستی خودای گەورە، "ڕزگارکردنی کەلەپوور"ی لەسەر دادەمەزرێت کە لەسەر ئوممەت پێویستە لە جەنگی شارسـتانیەکەیدا لەسـەری بـڕوات. ئـەمەیش لـەم بابەتانـەی دواتـردا دەزانـین چـی پێویستە:

### ٢- کەلەپوور بابەتی ڕزگارکردن:

پرسیارکردن سەبارەت بە گرنگیی ئەم کارە، هەر وەکو پێشتر لەگەڵ "بژارکردن" (غربلـة) خرایـەڕوو، لەگـەڵ "ڕزگـارکردن"یش دەخرێتـەڕوو، لەبەرئەوە سـودەکانی "ڕزگارکردنی کەلەپوور" لەم بڕگانەدا ڕوندەکەینەوە:

#### أ- ڕونکردنەوەی پێگەی کەلەپوور لە کەسێتیی ئوممەتدا:

ئەوەی لە کۆن و ئێستادا لەسـەر زارە کە ئوممـەت -هـەر ئوممـەتێک بێت- بـەبێ کەلـەپوور نابێت. وەکو دەبینین عـەرەبی کۆنیش لەمـە بائاگـا بـووە، لەبەرئـەوە زۆر گرنگیـی پێـداوە و ئـەم گرنگییپێدانـە شـێوازی جۆراوجـۆری لـەخۆگرتووە، وەکـو سەرناسـیی (الفراسـة) و گەڕاندنـەوەی کەسـەکان بـۆ بنچینـەی خۆیـان، ئـەمەیش بـە چەندیین ناو لە لایان ناسراوە، لە پێش هەموویانەوە شەجەرەی ڕەچەڵەک.

---

[1] البوشيخي، الشاهد. مشروع المعجم التاريخي للمصطلحات العلمية، فاس: (د.ن.)، ٢٠٠٤م، ص١٥.

کەلەپوور، ئەگەر ئەو پێوەرە ڕاستبێت، دەیبینیت چۆن ڕۆڵێک دەبینێت، خۆ ئەگەر سەرناسیی (فیراسەت) خزمەتی تیرە، یان هۆز، یان بنەماڵەیەک بکات، ئەوا ڕۆڵەکانی کەلەپوور جیاوازە لەو ڕۆڵەی سەرناسیی دەیگێڕیت و بنەچەی ڕەچەڵەکی تایبەت بەرەو هاوبەشیی ڕۆشنبیریی گشتیی تێدەپەڕێنێت، چونکە ئەوەی لە کەلەپووردا بە لامانەوە گرنگە گۆشت و خوێن و بنەچەی ڕەچەڵەک نییە، بەڵکو هاوبەشێتیی ڕۆشنبیرییە کە لەوانەیە پەیوەندیی لە نێوان ئێمە و پێشینانماندا جگە لەو هیچی تر نەبێت. هەر لەبەرئەوە کاتێک گرنگیی پێدەدرێت و سەردەخرێت ئامانج لەمە هەمووی ئەوەیە نوێنەری بنەچە ڕۆشنبیرییەکەیە، کە مرۆڤی خاوەن-عەقڵی وریا ئامادەیە لەپێناو خزمەتکردن و پاراستن و بڵاوکردنەوە و دەستاودەستکردنیدا بە هەموو شتێکی بەرز و بەنرخ قوربانییبدات، چونکە کەلەپووری هەر گەلێک لە گەلان "پێکهێنەرێکی سەرەکییە لە ناسنامەکەیدا، هەر کەسیش ناسنامەی نەبوو، ئەوا وەکو ئەوە وایە کە ناسنامەیەکی ناتەواوی هەیە، هەردووکیشیان بوونیان ناتەواوە"[1].

کاتێک مرۆڤ لە کەلەپوور ڕادەمێنێت ئەو ڕێگەیەی بۆ ڕوندەبێتەوە کە بەهۆیەوە نەتەوەکەی توانیویەتی پێگەی پێشەنگیی لە مێژووی مرۆڤایەتییدا بەدەستبهێنێت، ئەمەی تەنها بەهێزی مادیی بەدەستنەهێناوە، بەڵکو بە زانست و گەڕانی ڕێکی بەردەوام. لەبەرئەوە لە بێدارییەکی ویژدانییدا دەژی، جگە لە کەلەپوور کاتێک بە چاوی خۆی دەیبینێت، هیچ شتێکی تر بەشداریی لەبەدەستهێنانیدا ناکات. لە ڕێگەی ئەمەوە کەسانێک دەناسێت، کە قەڵای سەربەرزییان بۆ نەتەوەکەیان بونیاتناوە، کە لەو ڕۆژانەی خودادا، جگە لەمان کەس نەیتوانیوە هاوشێوەیەکی بۆ نەتەوەکانیان بنیاتبنێن.

لە کاتێکدا ئێستا ئوممەت لە قۆناغی تاقیکردنەوە و پێگەیشتندایە، تاقیکردنەوەی تونای مانەوەی لەگەڵ سەختی نەهامەتییەکەدا و پێگەیشتنی توانای لەسەر بەرگەگرتنی نەهامەتیی لەپێناو مانەوە، دەرکەوت کە "هیچ شتێک وەکو زانست لە تاقیکردنەوە و لە پێگەیشتندا سودی نابێت بۆی، ئەوەی تێیدا بووە و ئەوەی هەیە لێیوەردەگرێت، بۆ دروستکردنی ئەوەی پێویستە ببێت"[2].

لێرەدا پێویستمان بەوەیە ڕونیبکەینەوە مەبەست لە زانست چییە، ئەو زانستەی دەمانەوێت زانستی کتێبەکان نییە، ئەوە -لەگەڵ گرنگییەکەیدا- لێرە نەویستراوە،

---

[1] النجار، كيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پیشوو، ص٤٤.

[2] البوشيخي، مشروع المعجم التاريخي للمصطلحات العلمية، سەرچاوەی پێشوو، ص١١.

بەڵکو ئەوەی لێرەدا داوادەکرێت، لە بنەڕەتدا تەنها ئەو زانستەدا دەگرێتەوە، کە دەبێتە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی بونیەی ڕۆشنبیریی ئوممەت، بە ئیلهاموەرگرتن لەو مەعالیمانەی کە پێشینانمان بە یەقینەوە دایانناوە، کە یەکەمین بانگەوازی ئاینەکەیان بۆ زانست و خوێندنەوە بووە، کە زۆر نابات و دەبێتە نیشانەیەک بۆ تێڕوانینی ژیان، چاوی لەوەیە لە هەموو لوتکەکان تاک بێت و ڕازینابێت بەو ژیانەی ئەمڕۆمان لە ناو چاڵەکاندا.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە هەمان ئەوەیە کە عیمادەدین خەلیل –خودا بیپارێزێت– بۆی چووە، کاتێک دەڵێت: "ئەوەی کە دەمانەوێت ڕوون بێت، ئەوەیە قسەکردن لێرەدا لە بواری ژێرخانی ڕۆشنبیرییە، ئەمەیش بابەتێکی ترە، کە مەعریفەی زانستیی ئەکادیمیی تەنها بەشێکی کەمی پێکدەهێنێت، سەرەڕای پێویستیی و گرنگییەکەی... زانست شتێکە و ئەو ڕۆشنبیرییەی دەتوانێت ئەو زانستە تەوزیفبکات و سودمەند بێت لێی، شتێکی ترە"[1].

ئەگەر کەلەپوور لە هەندێک کاتدا لەو پێگەیەدا بێت وەکو لە بابەتی "بژاری کەلەپوور"دا چەند وەسفێکمان کرد، هەتا جیابێتەوە لەوانەی داوای پەلەکردن دەکەین بۆ خزمەتکردنی و گرنگیپێدانی، لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕۆشنبیریی زانست هەموو لایەنەکانی ئوممەتی گرتووەتەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەو حەزێکی سەرکەش بۆ بڵاوکردنەوەی لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامییدا. ئەمەیش ئاماژەیەکە بەسمانە کە لێیەوە– لە پاڵ کەلەپووری ئەرێنییدا– سەرەتای ڕێگەکە بدۆزینەوە،. لە ڕێگەی ئەم دۆزینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە کەلەپوور بە ڕووە جیاوازەکانیەوە، پێگەیەکی گرنگ لە کەسێتیی ئوممەتدا دەردەخات، بەو پێیەی یەک جەستەیە.

ئەگەر ئەوەمان بۆ دەرکەوت، هێندەمان لەسەر دەمێنێتەوە لە دژی سەرشۆڕیی و بەرزڕاگرتنی ڕۆشنبیریی بەرانبەرمان ڕاپەڕین، کە گەلەکۆمەی ڕۆشنبیریی خود وایلێهاتووە کە پێشبینیی چارەنوسێکی باشی لێناکرێت، ئەوەی کەسانی دڵسۆز بۆ ڕۆشنبیریی ئوممەتەکەی دەیەوێت، بە تایبەت ئەگەر لە ناخماندا چەسپا، کە تێڕوانینمان بۆ شتەکان لە ئێستا بنچینەیەکی دەرونیی هەیە، لە ڕێگەی هێنانی

---

[1] خليل، عماد الدين. حوله تشكيل العقل المسلم، سلسلة قضايا الفكر الإسلامي: (٦)، هيرندن: المعهد العالمي للفكر الإسلامي، (١٤١٢هـ/١٩٩١م)، ص١٨.

بەرانبەر بە سوپا ڕۆشنبیرییەکەی و دەسەڵاتە تەکنەلۆژییەکەیەوە بەسەرماندا دروستبووە.

بۆ ئەوەی بابەتەکە بخەینە شوێنی شیاوی خۆی، پێویستە ئەو گوتەیەی ئیبن خەلدون لە بارەی هەمان ئەوەی لەسەری دەدوێین، بێنینەوە یاد، کە "شکستخواردوو هەمیشە تامەزرۆیە شوێن سەرکەوتوو بکەوێت، لە دروشمیدا، لە پۆشاکیدا، بیروباوەڕیدا و هەموو ڕەوش و نەریتەکانیدا. هۆکاری ئەمەیش ئەوەیە، هەمیشە دەرون باوەڕی بە تەواوەمەندیی ئەوە هەیە کە زاڵبووە بەسەریدا و کردوویەتیە شوێنکەوتەی"[1].

کەلەپوور مێژووی ڕاستەقینەیە کە ڕوداوەکان کۆدەکاتەوە، ئەو پەرەسەندنە دەنوێنێت کە ئوممەت بینیویەتی و دەرفەتی خوێندنەوەی خود بۆ خود بە شێوەیەکی بابەتییانەی بە ویژدان دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی شوێنی ناتەواوییەکان دەربخات هەتا بتوانرێت تێبپەڕێنرێت و هەڵوەستە لەسەر تیشکە بەهێزەکانی دەکات بە مەبەستی بەهێزکردن و پێگەیاندنی، ملەچ نەبووە بۆ ئەو ئامڕازانەی کە زۆر جار ڕاستییەکان دەستەمۆدەکات و دەیشێوێنێت، بە تێکەڵکردنی هەقیقەتەکە و کاریگەرییەکانی و سەرپێچییە عەقیدەیی و ئایدۆلۆژییەکانی.

هەر وەکو چۆن کەلەپوور خۆی مێژووە ڕاستەقینەکەیە، بە هەمان شێوە ڕەنگدانەوەی ڕوخساری ناسنامەکەیە، بەبێ کەلەپوور، هیچ پێوەرێکی تر نییە پەنای بۆ ببرێت، بۆ دەرخستنی دروستیی ئەو پێگەیەی کە تێیدایین، بەبێ کەلەپوور پەیوەندیی نێوان پێشین و پاشین دەپچڕێت، مرۆڤ ناتوانێت ئەو بنچینە ڕۆشنبیرییەی بزانێت، کە بە تانوپۆیەک دادەنرێت بۆ دیاریکردنی پێگەکەی بە بەراورد لەگەڵ ئەو "نیشانە-معلم"ەی شوێنیکەوتووە.

وێڕای ئەم خەسڵەتانەی کە بەشێکن لە بیانووەکانی "ڕزگاکردنی کەلەپوور"، دەبینین کەلەپوور ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ئاستی ئەو شارستانیەیە کە مسوڵمانان پێیگەیشتوون، بوونەتە پێشەنگ و زەویی خودایان ڕزگارکردووە، بە وڵات و بەندەکانەوە، خەڵکیان لە تاریکیی دەربازکردووە بەرەو ڕوناکیی، لە کاتێکدا نەتەوەکانی تر لە تاریکایی دواکەتوویی فیکریی و ئاینیی و دونیاییدا دەیانناڵاند. هەروەها وەکو ئاوێنەیەک دەیبینین کە ڕەنگدانەوەی ئاستی ئەو دواکەوتوویییە کە

---

[1] ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٧.

له وڵاتی مسوڵمانان کەوتەوە، بوونە ئەو خودانەی لە هەموو لاوە نەتەوەکانی تر سەریانتێکردووە.

لە کۆی ئەوەی خستمانەڕوو دەردەکەوێت کە ئاماژەی زۆر هەن یارمەتییدەرن بۆ خستنەڕووی پێگەی کەلەپوور لە کەسێتیی ئوممەی ئیسلامییدا، هەیانە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەر ڕێگەکانی پەیوەندیی پێشین بە پاڵپشتییە زانستیی و مەعریفییەکانەوە، کە لایان بووبووە ڕۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتیی، لە منداڵی بچووکەوە دەستپێدەکرد هەتا پیاوی بەساڵاچووی پیر، هەموویان لە کۆڕەکانی زانست و مەعریفەدا دەبینی، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی پرشنگی ڕوناکیی و ڕامالینی تاریکییەکان، هەر ئەو بناغەیەیش بوو کردبوونیە سەرداری جیهان.

هەیانە ئەو پێگەیە دەردەخات کە ئەمڕۆ لەم ڕۆژانەی خودادا تێیداین، بە جۆرێک وایلێهاتووە زۆرمان ئەوە ڕەتدەکاتەوە لە خوێندنەکەیدا پەیوەندیی بە کەلەپوورەوە هەبێت، وا گومان دەبات هیچ سودێکی لێنابینێت. کارەکە بۆ ئەو سروشتە دەرونییە دەگەڕێتەوە کە لەوانی ترەوە، بە ویست و بە زۆر و بە ناچاریی، وەرمانگرتووە. وامان لێهاتووە شتی خراپی وا لە کەلەپوورەکەماندا دەبینین کە تێیدا نییە، ئەوانە دەبینین کە کەسانی تر لە پێگەی پێشەوایەتییدا دەیکەن، ئەگەریش ئەو پێشەوایەتییە پێچەوانەی ڕیساکانی گەردوون و ژیان بێت، دژی هەموو پێودانگەکانی ئادەمیزاد بێت.

**ب- پاراستنی کەلەپووری مرۆڤایەتیی:**

کەلەپووری ئیسلامیی کەلەپوورێکی مرۆیی دەنوێنێت، خەسڵەتە مرۆییەکەی لە خەسڵەتی پەیامی ئیسلامەوە وەردەگرێت کە بۆی دەگەڕێتەوە، بەو پێیەی کە چاوگە و سەرچاوە و ڕێککارە.

لەبەرئەوە پاراستنی ئەو کەلەپوورە پاراستنی بەرژەوەندییە مرۆییەکان بووە، بوژاندنەوەیشی بوژاندنەوەی ئەو سەرچاوانەیە کە سودێکی زۆری بۆی هەیە، ئەوەی لەبەرچاوگرتبێت، یان نا. پاشان کاری گرنگییپێدانی وەکو پێویست لەپێناوی خزمەتکردنی تەواوی مرۆڤایەتییدا زۆر پێویستە.

ڕزگارکردنی کەلەپووری ئیسلامیی دەرفەتی ئاشنابوونی ئەو قۆناغانەی گەشەسەندن بۆ مرۆڤایەتیی دەڕەخسێنێت، کە هەندێکیانی بەبێ بوونی کەموکوڕیی بڕیوە، چونکە توێژەرانی ڕۆژئاوا و هاوئاوازەکانیان، کاتێک باس لە بابەتێک دەکەن پەیوەنددار بێت بەو گەشەسەندنە فیکریی و شارستانیەتی مرۆڤایەتیی بینیویەتی، بە باسکردنی دەستکەوتەکانی فەیلەسوف و زانا یۆنانییەکان دەستپێدەکەن. کاتێکیش

دەیانەوێت بچنە سەر قۆناغی دواتری ئەو گەشەسەندنە، دەبینیت یەکسەر بۆ قۆناغی ڕێنسانسی ئەوروپیی بازدەدەن، بەبێ ئەوەی باسی شارستانیەتی ئیسلامیی بکەن، یەکەم، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە پاراستنی کەلەپووری یۆنانییدا هەبووە. دووەم، ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە ڕێنیشاندانی عەقڵی ئەوروپیی بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی لەسەر دەستی بەدەستهاتووە. هەر کەس لەوانیش باسیکردبێت، وا لێیدواوە کە هەموو دەستکەوتەکانی لە یۆنانییەکانەوە وەرگرتووە. ئەمەیش گواستنەوەیەکی تاڵە و ئەوەیش پردێکی خۆپەڕاندنەوەی ترە. لەبەرئەوە ئەو گەشەسەندنە شارستانیەی باسی لێوە دەکرێت، هیچ گرنگییەکی نییە و هیچ بەشدارییەکیشی نییە تێیدا، لەبەرئەوە پێویستە زیاتر لە مافی خۆی پێنەدرێت.

تەنانەت ئەو کەسەی زانیارییەکانی لە بارەی گەشەسەندنی فیکری مرۆییەوە لە سەرچاوەی متمانەپێنەکراو وەرگرتووە و حەقیقەتی پێنەگەیاندووە، بە سەرنجدان لە فاکتەرێک لە فاکتەرەکان، دەرفەتی ئاشنابوونی کەلەپووری ئیسلامیی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بواری ناسینی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت کە بێدەنگیی لێکراوە.

ئەو دوو پاساوە خۆیان لە پاراستنی کەلەپووری ئیسلامیی دەنوێنن، بەو پێیەی کەلەپوورێکی مرۆییە و بەدواداچوونی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆیی بەبێ بوونی کەموکوڕیی، بە دوو پاساوی گرنگ بۆ ڕزگارکردن و پاراستنی کەلەپووری ئیسلامیی دادەنرێن، هەتا مرۆڤایەتیی ئەو کەلەپوورەی بۆ بمێنێتەوە کە کاری زۆر کراوە بۆ داپۆشینی، جارێک بە فەرامۆشکردنی، جارێکیش بە نەڕەخسانی دەرفەتی گەیاندنی بە جیهان.

### ت- بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەوانەی کەلەپووری ئیسلامییان دزیوە:

کاتێک گرنگیی بە فەرامۆشکراوەکانی کتێبخانەی ئیسلامیی دەدرێت و دزراوەکانی دەگەڕێنرێتەوە، ئەوا بەرەو چاکبوونەوە دەچێت. ئەو ڕۆژە مسوڵمانانی دڵسۆز بۆ کەلەپووری ئوممەتەکەیان بە گەڕاندنەوەی حەق بۆ شوێنی خۆی دڵخۆش دەبن، پاش ئەوەی ڕووەکانی لە هەموو لایەک ڕوندەبێتەوە و دەنگدەداتەوە.

سەرنجدان لەوانەی لە ناواخنی بەرهەمە شاکارەکانی مسوڵماناندا هاتووە و بەراوردکردن لە نێوان بیرکرنەوە و بۆچوونی خاوەنەکانیان و ئەوانەی سەردەمی نوێ بەرهەمیهێناوە، لە هەموو بوارە زانستییەکان و ڕشتە مەعریفییە جیاوازەکاندا، هاوکارێکی باش دەبێت لە دانان بە حەقی خاوەن-حەقەکاندا، ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە گەڕاندنەوەی پێگە بۆ ئەوانەی سەربەرزیی مرۆڤایەتییان دروستکرد و -لە میانەی

زۆر هەڵوێستدا- بە خراپ پاداشتیاندرایەوە. لە ڕاستییدا مسوڵمانان دۆزینەوە و داهێنانی بێشوماریان لە لقە جیاوازەکانی زانستدا ئەنجامداوە. لەگەڵ ئەوەدا –هەر وەکو زەغرید هونکە دانیپێدادەنێت- "زۆربەیان دزران و درانە پاڵ کەسانی تر"[1].

لە ڕاستییدا ئەوروپا شارستانیەتەکەی لەسەر بناغەی ئەو زانستانە دامەزراند، کە مسوڵمانەکان بەرهەمیانهێنابوو، یان، پەرەیانپێدابوو، بنەماکانی زانستی خۆیان لەسەر بونیاتنا. ئیتر کە توانای بوو، کەم کەم دەریدەخست، بەگوێرەی ویستی خۆی، هەتا جگە لە خۆی بەوانە نەزانێت کە لایەتی و دزیی و تالانیی و بانگەشەکانی ئاشکرا ببێت، نەک ڕۆژێک لە ڕۆژان کەسانی تر ئەو تێبپەڕێنن.

ڕزگارکردنی کەلەپووری ئیسلامیی پێگەی کەلەپوور لە کەینونەی ئوممەتدا دەردەخات و خزمەتی مرۆڤایەتیی دەکات بە پاراستنی کەلەپوورەکەی کە دەستە ناپاکەکان شێواندوویانە، نەنگییەکانی ئەوانەیش دەردەخات کە دزیویانە و دەیانکاتە وێنەیەکی بێگیان لە بەردەم ئەو حەقیقەتەی کە هەرگیز مافی خاوەنەکانی نافەوتێنێت. ئەمەیش ئەو کارەیە کە ئەو خەسڵەتانەی لێ یەکلادەکەینەوە، ئەو کات ڕزگارکردنی کەلەپوور دەبێتە ئەرکی سەرشانی هەموو ئەوانەی هەست بە گرنگییەکەی دەکەن.

ئەم ڕزگارکردنە هەرگیز لە بۆشاییەوە نایەت، چاوەڕوانیش ناکرێت کەسانێک پێیهەستن کە غیرەیی و دڵسۆزیی بۆ کالا و ناسنامەی ئوممەتەکەی نەبێت، نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ گەنجینە بەزایەدراوەکەی بکات. زانیاریی و ئەمانەتپارێزیی و سووربوون لەسەر گەڕاندنەوەی شارستانیی، لە ڕێگەی کەسانێکەوە ئەنجامدەدرێت، کە کۆمەڵێک ڕەوشتی تێدا بەرجەستەبێت، کە کردوومانەتە مەرج کە پێویستە تێیاندا بێت. بە پشتیوانیی خودای گەورە لەمەودوا لێیاندەدوێن.

**دووەم: کەلەپوور و لێکۆڵەری ڕزگارکەر:**

لێکۆڵەرانی بواری کەلەپوور وا ڕاهاتوون کە لە زۆر بواردا بە تاک تاک کاربکەن، یەکێک دێت و لاسایی جگە لە خۆی دەکاتەوە، یان هەندێک جار لەوەی دەیهێنێت کۆششی تێدا دەکات، بەڵام ناگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی گشتگیری کۆکەرەوە، کە هێزەکان ڕێکبخات و ئامانجەکانیان یەکبخات و دەرئەنجامەکان وەبەربهێنێت.

ئەوەی بۆ لێکۆڵەری بواری کەلەپوورمان دەوێت لە بنەڕەتدا خۆی دەبینێتەوە لە یەکخستنی هەوڵەکان و ڕێککردنی لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی زانستیی، کە ئەو

---

[1] هونکە، زغرید. شمس العرب تسطع على الغرب، أثر الحضارة العربية في أوروبة، بيروت والدار البيضاء: دار الآفاق الجديده والدار الجماهيرية، (١٤١١هـ/١٩٩١م)، ص٤٠٢.

کـاره لـەخۆیبگرێت و سەرپەرشـتییبکات و چـاودێریی قۆنـاغ بـە قۆنـاغی بکـات، دەرئەنجامەکانی وەبەربهێنێت.

ئەمڕۆ ئەو کەسەی بیەوێت لە دەرەوەی کۆمەڵ کاربکات جێگەیەکی بۆ نییە، ئەو کەسەی بیەویت ڕێگەیەکی کارکردن بگرێتەبەر بەهۆیەوە لە کۆمـەڵ دووربکەوێتـەوە، هیچ ئەنجامێکی باشـی لێ چاوەڕواننـاکرێت. سـەردەم سـەردەمی کـاری بـە گـروپ و بنیاتنانی دەستەجەمعییە. بۆ سەلماندنی ئەمە، نمونە لـە واقیعـی ئـەو نەتەوانـەی کـاری بە کۆمەڵی هۆشمەندانەی ڕێکخراو ئەنجامدەدەن، زۆر زۆرن.

لەوانەیـە کەسـێک بڵێـت ئـەم کـارە لـە واقیعـدا هەیـە، ئـەوەتا زانکۆکـان لـە ڕێگـەی سەرپەرشـتییکردنی ماسـتەرنامە و تێـزی دکتـۆرا کـە لـە لایـەن مامۆسـتاکانەوە سەرپەرشتییدەکرێن، قوتابییـان پێیهەڵدەسـتن، بـە مەبەسـتی بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی زانستیی وەکو دبلۆمی خوێندنی باڵا و ماستەر و دکتۆرا...

ئەمە دەزانین، بـەڵام هـیچ نزیکایەتییـەک لـە نێوان ئەمـەو ئـەوەی ئێمـە دەمانـەوێت نییە، چونکە کارەکە تەنها لە سنوری هەوڵە تاکییەکانی ئەو قوتابییەدا دەهێڵێتەوە، کـە بە سەرپەرشتیی مامۆستایەک ئەنجامیدەدات، بەڵام ئـەوەی ئێمـە دەمانـەوێت هـەوڵ و کۆششەکە لە چوارچێوەی کارنامەیەکی هەوڵەکاندا دادەنێت، تێیدا گروپی لێکۆڵینـەوە بە هەموو ئەندامەکانیەوە بەرپرسیارن لە کارە کەلەپوورییەکە، هەر لەسـەرەتاوە هەتا کۆتاییەکەی چەندیین دانیشتن و دیدار و کۆبوونەوە ڕێکدەخرێت و تێیاندا کۆسـپ و کێشـەکان و پێشنیاز و پلانەکانی کارکردن تاوتوێدەکرێن. هەموو کارەکە دەدرێتە پاڵ دامەزراوەکـە، بـەبێ ئـەوەی کۆششـەکانی گروپـی توێژینەوەکـە دانیپێدانـەنرێت و بەهەدەربچێت.

وایـدەبینین ئـەم جـۆرە دامەزراوانـەی ئـەرکی ڕزگـارکردنی کەلـەپوور و کارلەسەرکردنیان گرتووەتەخۆیان، پاکسازیی لەو ئەندامانەیان بکات، کە بـەم ئەرکـە هەڵدەستن، بـەوەی دەبێت هـەر یەکـەیان ئـەو دوو مەرجـەیان تێدا بێتـەجێ، ئـەوانیش هێز و ئەمانەتپارێزییە. ئەگـەر لـە ژیـانی خەڵکییـدا یـەکێکیان هـەبێت، ئـەوا ئەوەکـەی تریشیان نابێت، مەگەر زۆر بە کەمیی.

ئەوەی لەم دوو مەرجەدا مەبەستمان، لێرەدا دەیخەینەڕوو:

## ١- هێزی مەعریفیی:

دەمانەوێت لێرەدا جیاوازیی لە نێوان هێزی مەعریفیی و بڕی مەعریفەدا بکەین. بڕی مەعریفە ئەو زانیارییانەیە کە لە یادگە (ذاكرة)دا کۆدەکرێتەوە هەتا لە کاتی پێویستدا بخرێنە بەردەست، لەوانەیە خاوەنەکەی نەتوانێت بە باشیی لێی سودمەند بێت، لەبەرئەوە ئەنجامەکەی بەو شێوەیە نابێت کە چاوەڕوانکراوە.

هەبوونی بڕی مەعریفە بە کەڵەکەکردنی زانیارییەکان و کۆکردنەوەیان، هەموو ئەوەیش لەسەر بەرهەمی ئەوانەی تر ڕاوەستاوە، بەم شێوەیە پێشکەوتنی شارستانیی ویستراو بەدەستنایەت، چونکە ئێمە ئەگەر لە ئاستی بەردەستخستنی تێپەڕین بۆ ئاستی پێویستیی وەبەرهێنانی و لە ئاستی جوینەوە و بەکاربردنیان تێپەڕین بۆ ئاستی پێویستیی دوبارە دروستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی، ئەو کاتە ساز و ئامادەدەبێت بۆ بەکاربردن. ئەمە ئەگەر بوو بە خەسڵەتێکی توێژەری کەلەپوور، ئەوا زانیارییەکانی پێشین دوبارەدەکاتەوە، کە لەوانەیە زۆر تێپەڕێندرابێت، لەبەرئەوە لە هیچ دۆخێکدا بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە بە تەنها جێگەی قبولکردن نییە.

لەبەرئەوە ئەگەر تەنها بەکارهێنانی زانیارییە بەردەستەکان، بۆ توێژەری کەلەپوور جێی سەرزەنشت بێت، ئەوا سەرزەنشتەکە توندتر و خراپترە بۆ کەسێک زانیاریی و مەعریفەی بەردەستی نەبێت و خۆی لە توێژینەوە لە بوارێکی زانستیی هەڵبقورتێنێت، کە هەمووی یان بەشێکی نەزانێت؛ چونکە یەکێک لە مەترسییە هەرە گەورەکان لە کاتی گرتنەبەری ئەم ڕێگەیە ئەوەیە دەقەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە شێوە بنەڕەتییەکەی دەربچێت، ئەوەندەی بەسەردابدرێت کە لە توانایدا نییە و ئیدی شتێک بە ناوی خاوەنەکەی دەڵێت، کە نەیگوتووە و بۆچوونێکی دەداتە پاڵ کە باوەڕی وانەبووە.

وەکو نمونە بۆ ئەمە، دەبینیت توێژەرێک سەرقاڵە بە لێکۆڵینەوە لە دەقێکی تایبەت بە فیقهی زەکات، کەچی خۆی هیچ پەیوەندییەکی بە فیقهەوە نییە، دەبینیت کاتێک باسی نیسابی زەکات لە ئاژەڵ دەکات، ڕادەی زەکاتدان لێی بە "ابن لبون" دیاریدەکات، نارەحەتیی ناساندن و پێناسەکردنی دەگرێتەبەر. کاتێک لە کتێبەکانی ناوداران و ناساندنەکاندا هیچی بەرچاوناکەوێت، پابەندی ئەمانەتپارێزیی زانستیی دەبێت و ڕایدەگەیەنێت کە هیچی لە بارەیەوە دەستنەکەوتووە.

لە ڕاستییدا هۆکاری شکستی ئەوەی لە نمونەکەدا باسمانکرد، بریتییە لە بێئاگابوون لە ناوەڕۆکی ئەو بوارە مەعریفییەی توێژینەوەی تێدا کردووە، کەچی هیچ

لـه بـارەی دەروازە و دەرچـەکانی بابەتەکـە نـەزانێت، لـە کاتێکدا "هـەموو پیشـەیەک زاراوەی خـۆی هەیـە"[١]. - بـەگوێرەی دەربڕینـی جـاحظ- هـەموو بـوارێکی مـەعریفیی پێوەدانگ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

بەڵام ئێمە -لەگەڵ ئەوەی باسمانکرد- ناڵێین بڕی مەعریفەیی سودی نییە، چونکە پێکهێنەرێکی بنەڕەتییە و قۆناغێکە لە پێکهێناندا هەر دەبێت هەبێت، بەڵام لەو گرنگتر ئەوەیـە کـە لـە پـاش ئـەو دێـت "لـە شـیکار و لێکدانـەوە و ڕێککـردن"[٢]. ئـەمەیش پرۆسـەیەکە ئەو هێزە مەعریفییە پێی هەڵدەستێت، کە "خەسڵەتێکە لـە دەرئـەنجامی مەنهـەجێکی دیـاریکراو لـە فێربـوون و فێرکـردن، کەسـەکە بـەهێز دەکـات و توانـای پێدەدات ئەوەی نەیزانیبوو بیزانێت"[٣].

لێرەدا باسەکە دەچێتە سـەر گرنگیبدان بـە لێهـاتوویی (المهارات)ییـەکان، کـە وا لـە کەسـەکە دەکـات، بتوانێـت ئـەوەی پێشـتر پێینهـگـوتراوە و لـە کتێبـەکانی زانسـتدا نەیخوێنـدووە، بەرهـەمیبهێنێت. لێـرەدا تـەرکیز دەکرێتـە سـەر دۆزینـەوەی خەسـڵەتە تایبەتـەکان لـە بونیـاتی مێشـکی ئـەو کەسـەدا، کـە ئامادەسـازیی بـۆ ئەوپـەڕی سـودمەندبوون لـە کەرەسـتەیەکی کـەم دەسـتەبەردەکات. هـەروەها بـەکاربردنی کەمترین وزە بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین دەستکەوتی پێدەدات.

ئەگـەر بـەو شـێوەیە لـە لێهـاتوویی تێبگـەین، ئـەوا سـودەکانی لـەوەی باسـمانکرد قەتیسنابێت، بـەڵکو تێیدەپـەڕێنێت هەتـا دەگاتـە ئـەوەی ببێتـە دەروازەیـەک لـە دەروازە پێشکەوتووەکان، کە بەهۆیانەوە عیزەتی نەفس و کەرامەتی مـرۆڤ بەدیدێت، چونکە مـرۆڤ و ئوممـەت دەپارێزێت و دووریدەخاتـەوە لـە شـوێنکەوتەیی ئـەوانی تـر. هـەر کاتێک بیـەوێت دەچێتـە پێش و ئەگـەر پێیوابـوو چوونـەپێش هـیچ بەرهـەمێکی نابێت، دەوەستێت.

کاتێک توێژەر بەدواداچوون بۆ حەقیقـەتی "هێـزی مـەعریفیی" دەکـات، یـان ئـەوەی ناومان لێنا "لێهاتوویی"، ئەوا یەکلابوونەوەی کەسانێکی زیرەک و زۆرزان لـەم بـوارە -لە قۆناغـە جیاوازەکانی مێژوودا- دەبینێت. هـەروەها ئـەوەیش تۆماردەکات کاتێک چەسـپاویی لەسـەری لەدەسـتدەدات، دەسـەڵاتی بـەڕێوەبردن و پلانـدانان دەکەوێتـە دەسـت کەسـانێک کـە شایسـتەی بەرهـەمهێنان نـەبوون و لەگەڵیـدا کۆمـەڵگە بـەرەو

[١] الجاحظ، أبو عثمان عمرو بن بحر. الحيوان، بيروت: دار الكتب العلميهة، ١٤٢٤هـ ص ٣٦٨.

[٢] البوشيخي، الشاهد. مصطلحات النقد العربي لدى الشعراء الجاهليين والإسلاميين، قضايا ونماذج ونصوص، بيروت: دار القلم، ط١، (١٤١٣هـ/١٩٩٣م)، ص ٢٢.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ص ٢١.

بەکاربردن بە لێدانە جیاوازەکانیەوە دەڕوات، ئەو کاتە یەکێک لە دوو شێوازەکەی دەردەکەوێت، یەکەمیان بیرۆکەی خۆشەویستیی ڕادە (کم) سەرهەڵدەدات، کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بەرەو کەڵەکەکردن (تکدیس)، ئەو هەستە -هەستێکی درۆزنانە- لای دروستدەبێت، کە کاتێک ژیانێکی بەکاربەرانە بەدیدەهێنێت، ئەوا چەند قۆناغێکی لە خولگەی پێکەوتن و بەرەپێشچووندا بڕیوە.

لە میانەی ئەوەی ڕابورد بۆمان دەردەکەوێت هێزی مەعریفە، یان لێهاتوویی مەیلێکی عەقلّیی بەرەو بەکارخستنی عەقلّ لە هەموو شتێکدا تێدایە، لەبەرئەوە عەقلّ و شەرعیش پشتیوانییدەکەن. ئەوەی پەیوەنددار بێت بە عەقڵەوە لە میانەی هەموو ئەوەی ڕابورد ڕوندەبێتەوە. ئەوەیشی بە لای شەرعەوە گرنگە لە میانەی دەقە قورئانییەکاندا دهیبینێت، وەکو ئەم فەرمایشتەی خودای گەورە -کە وەسفی بەنی ئیسرائیل دەکات کە سودمەند نەبوون لەو دەق و ڕێنماییانەی پەروەردگار کەپێیانبوو-: ﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُمَّ لَمۡ يَحۡمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢاۚ بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ۝﴾(الجمعة).

لەبەرئەوە کۆکردنەوەی دوو پێکهێنەرەکە: "ڕادەی مەعریفیی" و "هێزی مەعریفیی"، ئەوەیە کە ئێمە بوونیان بە مەرج دەگرین لەو کەسەی توێژینەوە لە بارەی کەلەپووردا دەکات، چونکە بەردەستبوونی زانیارییەکان زۆر پێویستە و دەبێت هەبێت. هەروەها باشبەکارهێنان و لێهاتوویی لە سودمەندبون لێی و وەبەرهێنانی لەو کارەی کە خزمەت بە بەرەوپێشچوونی ئوممەتی ئیسلامیی و مرۆڤایەتییش پاش ئەو دەکات زۆر پێویستە، چونکە ئەو ویستێکی شارستانیی هەی ەو ڕێنماییکارێکی مرۆییش هاندەریەتی.

ئەو هێزە مەعریفییەی کە مەنهەجیەتی وەرگرتنی مەعریفەی لەسەر دادەمەزرێت، بەوەی لە ڕێککردن و بەرزکردنەوە و وەبەرهێنانیدا لەپێناو زانستیبوونێکی ڕوکاری ڕووندا دەیگرێتەبەر، بەرهەمەکەی زانستیی دەردەچێت. ئەمەیش مەرجێکی بنەڕەتییە پێویستە لە توێژەری بواری کەلەپووری ئیسلامییدا هەبێت. تەنها ڕۆڵی ئەوە نەبێت بەو شێوازەی لە ناو توێژەراندا باوە دەقەکان دەربهێنێت، بەڵکو بەشداربێت لە بونیاتنانی نوێیدا.

لەبەرئەوە بەهێزکارێکی گشتیی و مەرجێکە لە مەرجەکانی هەموەکیی، کە ئەگەر لە توێژەردا هەبوو، ئەوا چاکەی زۆری بۆ توێژینەوەکە و توێژەران دەبێت. لەگەڵ ئەمەدا مەرجی لاوەکیی تر هەیە پێویستە بەدەستبخرێن، ئەویش خۆی لە

جیاکردنـەوەی لـەو بـوارە مەعریفییـەدا دەبینێتـەوە، وازنـەهێنانی لـە هـەر توند، یـان لاوازێکی، لەوانەیە ڕۆژگار ناچاریبکات پێویستی پێیان هەبێت.

لـە مەرجـەکانی تـری ئەوانـەی لـەم بـوارەدا کاردەکەن ئـەوەیـە لـە هـەر زانسـتێک بەشـێکی وەرگرتبێت، هەتـا مەعریفـەکانی وەبـەربهێنێت، هەتـا هێـزە مەعریفییەکـەی وایلیبکـات توانـای لێکۆڵینـەوەی هـەبێت، چونکـە هـیچ وەبـەرهێنانێک بـەبێ تێگەیشـتن نابێت. لەگەڵیدا تێگەیشتن لەوانەی ئەم سەردەمە دایهێنـاوە، نـەک تـەنها بـە مەعریفـەی پێشـینەکان وازبهێنـین. ئەگـەر مەعریفـەی پێشـین و دواتـر زانـرا و زانیمـان چ جیاوازییـەک هەیـە لـە نێـوان ئـەو و مەعریفـەی هاوچەرخـدا، ئـەوە بـۆ خـۆی دەستکەوتێکی گەورەیە و دەروازەیەکی مەزنە لەو دەروازانەی کە لێیانەوە کەلەپوور بەرەو بواژندنەوەی ڕاستەقینە و گەڕانـەوە بۆ واقیع تێدەپەڕێت، کە تـەنها لـە چینی توێژەراندا قەتیسنەبووە.

لە پاڵ ئەو دوو مەرجەی پێشوودا مـەرجێکی تریش هەیە پەیوەندداره بە زانینی سەرچاوەی ئەو زانیارییانەی کە ئاسنکاریی بۆ تـوێژەر دەکات لـە گەڕانـەوە بۆ ئـەو سـەرچاوە ڕۆشنبیریی و ئیسلامییانەی کە دەیەوێت بە شێوەیەکی ئاسـان، خۆ ئەگـەر نەیدەزانی ئەو سـەرچاوانەی لە چ پسپۆڕییەکدان، یان ئاگاداری ئەو هونەرە جیاوازانە نـەبوو کـە لـە کتێبخانـەی ئیسـلامییدا هەیـە، لـە زانسـتە هەمـەجۆرەکان، زۆر سـەخت دەبێت بۆی ئەوەی دەیەوێت ئەنجامیبدات، ئەگەر توانیشی، ئەوا کاتێکی زۆری دەوێت کـە خزمـەتی ئوممـەت ناکـات لـە دابینکردنی ئـەوەی لـە هەنبـەر لیشـاوی ڕۆشـنبیرییدا پێویستییەکەی، کاتێک بەدەستیدەهینێت وەخت بەسەرچووە.

لە پاڵ ئـەو مەرجانـەی باسمانکرد مـەرجی شارەزابوون لـە ڕێگەکانی لێکۆڵینـەوە (تحقیق) مەرجـە، چونکـە وا لـە تـوێژەر دەکات لـە کارەکەیدا بـەرچاوڕون بێت. کـارە کەلەپوورییەکـــەی بـــە شـــێوەیەک ئەنجامـــدەدات ئـــەوەی تییدایـــە لـــە خوێنـــەری نزیکدەکاتەوە. خۆ ئەگەر بێئاگا بوو لەو ڕێگەیانـە، یان لـە ئاسـتێک لـەو ئاسـتانەی کـە ڕێگەی پێنـادات کارەکـەی بـە باشـترین شـێوە تـەواوبکات، ئـەوا کارەکـەی بـەرەو ئـەو پلەیانە بگەڕێنێتەوە پاش خراپتر بێت لەو حاڵەی دەستخەتەکانی تێدا بووە.

لە پاڵ ئەو مەرجانەدا، مەرجی ئاگاداربوون لـەو لایەنانـەی ئەولەویـەتیان هەیـە کـە پێویسـتدەکات بخرینـە پـێش هیـی تـرەوە، هـەروەها ڕەوشـی شارسـتانیی ئێسـتا بـە پێویستی دادەنێت.

بـۆ ئـەوەی بونیاتنانەکـە بـە تـەواویی بێـت، دەبێـت تـوێژەری بـواری کەلـەپوور کەرەسـتەکانی خوێندنـەوە و ڕزگـارکردنی نوێبکاتـەوە و بیکاتـە چـەکێک لـە هـەموو

قۆناغەکانی مامەڵەکردنی لەگەڵ کەلەپووردا، ئەگەر هەستا بە لێکۆڵینەوەی ئەوەو تەکنەلۆژیای نوێ و سی دی، ئەمانە سودی باشیان بۆی دەبێت، کە کات و هەوڵی بۆ دەگێڕنەوە.

هێزی مەعریفیی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامیی، لەگەڵ ئەوەدا بەرهەمی وەکو پێویست نابێت لە ڕووی شارستانییەوە، ئەگەر مەرجی دەستگرتن بە "ئەمانەتی زانستیی" لەو مامەڵەکردنەدا نەبێت. ئەمەیش دواتر بە پشتیوانیی خودای گەورە لێیدەدوێین.

٢- ئەمانەتی زانستیی:

ئەگەر "ئەمانەتی زانستیی" و "هێزی مەعریفە" پێکەوە کۆبوونەوە، توێژەر دەگەیەننە لوتکەی توێژەران، لە ڕووی زانستیی و کارکردن و ڕۆشنبیریی و ئاکارەوە، چونکە پێویستە توێژەر لە پاڵ هێزە مەعریفییەکەیدا خاوەنی ئەخلاقێکی بەرزی جوان بێت، چونکە نوێنەرایەتیی چینێکی زانایانی کۆمەڵگە دەکات و هەڵگری بەیداخی سروشتیی ئەو ڕێگایەیە، کە پێویستە ئەوانی تریش لەسەری بڕۆن.

کاتێک توێژەری کەلەپوور پابەندی ئەم ڕەوشتانە دەبێت، ئەوا ڕەنگدانەوەی تەنها لە سنوری خۆیدا نابێت، بەڵکو دەبێتە خزمەتکاری و زیاتریش. زیاترەکە لێرەدا لەو باشییانەدا خۆی دەبینێتەوە کە سود بە کەلەپوور دەگەیەنن، بە جۆرێک دەبێتە پاڵنەری تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆشویستنی ئەوەی لایەتی و ڕۆشتن ڕووەو ئەوەی دەیهێنێت. بەمەیش دەبێتە مەرجێکی بنەڕەتیی لەو مەرجانەی کە پێکەوە خزمەتی کەلەپوور دەکەن.

لەگەڵ ئەوەدا ئەمانەتی زانستیی لە بواری توێژینەوەدا نایەتەدی ئەگەر نەبووبێتە خەسڵەتێکی ئەخلاقیی، کە مرۆڤ لە ژیانیدا هەیبێت. خۆ ئەگەر وەکو ڕەوشتێک لە ڕەوشتەکانی توێژەری ڕزگارکەری کەلەپوور چەسپا، ئەوا گومانی تێدا نییە کە گرنگیی بەم بوارانە دەدات:

**أ- ئەمانەتپارێزیی توێژەر لە بژاردا:**

ئەم مەرجە هەر وا ئاسان نییە، هەر کاتێک توێژەر نیەتی خۆی لە کارەکەیدا پاککردەوە و لە دروستیی هەواڵەکانی کۆڵییەوە، ڕوکار و سیفەتەکانی پۆلێنکرد، سود و زیانەکانی بۆ ئوممەت دیاریکرد، ئەوە هەنگاوێکی پەسەندە لە بردنەوەی کارێکی زۆر باشدا. لە ڕەوتی بژارکردندا چەندیین قۆناغی گەورە لەپێناو سودمەندبوون لێی بە شێوەیەکی زۆر چاک دەبڕێت.

ئەمانەتپارێزیی لێرەدا لەسەر خەمی توێژەر لەپێناو گەڕاندنەوەی ئوممەت بۆ شەقامی مێژوو ڕاوەستاوە. ئەگەر ئەم وەسفەی تێدا نەهاتەدی، ئەوا ئەو بوێرییەی نابێت کە پاڵپیوەبنێت بۆ سووربوون لەسەر بژاری کەلەپوور. بژارکردنێک کارەکەی پێ ڕاستببێتەوە و ئەو سود و ئەنجامانەی لەسەر بەدەستبهێنێت، کە بەرهەمەکەیان بۆ ئوممەت بگەڕێتەوە لەو بونیاتە شارستانییەی کە دەیەوێت.

لەبەرئەوە ئەمانەتی زانستیی ئەو قەڵغانەیە کە ئوممەت دەپارێزێت لەوەی زیانی کەلەپووری خراپ، یان زیانبەخش، یان لاسایکەرەوە، یان ڕەتکراوەی پێبگات. هەروەها کەلەپووری ئەرێنیی سودبەخش دەپارێزێت لەوەی ئەوانەی لە سایەیدان مافیان نەخۆرێت و چارەنوسیشی بە ڕادەی ئەوەی بێسودە لاوازدەبێت، یان ئەوەی سودەکەی پوچ و لاواز بێت.

لە ڕاستییدا وایلێهاتووە لە زۆر کاتدا ئەمانەتپارێزیی ڕەوشتێکی ونە، لەبەرئەوە لێرەدا بووەتە مەرجێک پێویستە بێتەجێ، هەتا سیفەتێک نەدرێتە پاڵ کارێک کە تێیدا نەبێت. لەوانەیە وەسفی کارێکی کەلەپووری ئەرێنیی بە سیفەتێکی نەرێنیی بکرێت ببێتە ڕێگر لەوەی پیشانی خەڵک بدرێت و کاردانەوەی سوکتر بێت لە کارێکی کەلەپووری نەرێنیی کە بە ئەرێنیی وەسفکرابێت و خرابێتە بەردەم خەڵکیی هەتا زیانەکەی هەموان بگرێتەوە و بەهۆیەوە ئاکارێک بڵاوببێتەوە کە لە حەقیقەتدا وا پێویستبکات نەکەوێتە ناو کۆمەڵگە.

هەڵگەڕاندنەوەی ئەو پێوەرانە دەبێتە هۆی داڕوخانی بەهای کارکە و خاوەنەکەی و ئەوەی لێی ئومێددەکرێت، ئەوەیش ڕێگەی توێژینەوە خۆشدەکات بۆ بەدەمەوەچوونی مەیلە ئایدۆلۆژییەکان. خۆ ئەگەر لە ڕووی دەرونییەوە بەهای لەدەستدا، ئەوا لە بۆنەی تردا ناتوانێت بەدەستیبهێنێت، لەوانەیە توێژەر تێیدا گەڕابێتەوە بۆ پابەندبوون بە ڕێگەی ڕاستەوە. کەواتە خۆهەڵواسین و پەیوەستبوون لە بنەڕەتیاندا دەگەڕێنەوە بۆ سەر چەشمەی دەرونیی بەرلەوەی لە لایەنەکانی تردا بەدوایدابگەڕێیت.

ئەمە لەوەی پەیوەندداره بە سیفەتە دووانەییەکانەوە پێمانوابوو پێویستە بژاریانبکرێت. لە لایەکی ترەوە ئاگادارماندەکاتەوە لەوانەی پەیوەندییان بە پێش خۆیەوە هەیە، کە پێویستی بە بیرتیژیی هەیە. هەر ئەمەیشە لە مەیلە مەزهەبیی و فیکرییەکانی ئەوانەی ئامادەییان لە کەلەپووردا هەیە دیاریدەکرێت. ئەگەر توێژەر خۆی لە کارێکی کەلەپووریدا بینییەوە، یان لە تێڕوانینێکدا کە یەکێک لە پێشین هەیبووە کە لێرە، یان لەوێوە تێپەڕیون، زۆر پێویستە لە کارەکەیدا برایەتیی بیروڕا

نەخوێنێتەوە، بەهۆی ئەوەوە خۆی لە پیشاندانی حەقیقەت لابدات و پەنا بۆ ڕێگەی فـووتێکردنی میـدیایی شـێوێنەواری ڕاسـتییەکان ببـات، لـەپێناو بەدەمــەوەچوونی ویستێکی فیکریی، یان مەزهـەبیی، یان سۆزداریی، یان هاوشـێوەی ئەوانـە. لـە پاڵ ئەمەدا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دەبینین، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە توێژەری کەلـەپوور، زۆربـەی کـات یـەک تێڕوانینـی لـە نێـوان ئـەو و خـاوەن-کارەکـەدا بـە شـێوەیەکی هـەموەکیی دروسـتنەبووە، لەبەرئەوە پـەنا بـۆ وەرگرتنـی ڕوخسـارە گشـتییەکان و هەڵبژاردنی هەندێک لەوەی لە پێشیانەوە زانراوە و تێڕوانینی تـوێژەری هاوچـەرخ و تێڕوانینی توێژەی کۆن یەکدەخات، وەکو ئەوەی دەیبینیت لە پرۆژەی ئیبن خەلدونـدا تـەنها درەوشـانەوە عەقڵانییـەکان (التجليات العقلانيـة) هەڵدەبژێرێت، کـە تێیـدا وەکـو مادییەکی ڕووت دەردەکەوێت و هەموو درەوشانەوە ئیمانییەکان فەرامۆشدەکات، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندداره بە غەیبەوە. ئەمەیش وادەکات پرۆژەیـەکی تـەواو ناتـەواو دەکات کە لەسەر ڕێسا ئیمانییەکان دروستکراوە و خاوەنەکەی گەیاندووەتە ئـەوەی پێیگەیشتووە. ئەو کات لێیهەڵدەبژێرێت و گوڵبژێریدەکات و زۆر لایـەنی ڕەتدەکاتـەوە و لایدەبات، هـەتا پرۆژەکە بە شێوازێک دربکـەوێت کە پێچەوانـەی بێت و وێنەیـەک بێت لە وێنە سـەرەکییەکەی نەچێت. لەمەیشدا پەیڕەوی عەقڵانیەت بکات، کە ئـەوە لـە کاری تردا پەیڕەویی لێدەکرێت.

ئەوەی لە بارەی ئیبن خەلدونـەوە باسکرا سـەبارەت بـە ئیبـن ڕوشـدیش دەتـوانین بیڵێین، زۆرێک لە توێژەرانی کەلەپوور لە کارەکانیدا تەنها ئـەوە دەهێنن کە خزمـەتی تێڕوانینـەکانیان دەکـات و ئـەوەی ونبووەکـەیانی تێدا ببینـەوە دەیهێنن، بـەڵام بێن و هەموو دانراوەکانی –وەکو یەک پرۆژەی تەواومەندیی کە بەڵگەیە لەسـەر تێڕوانینێکی ئیمــانی پێگەیشــتوو، کــە ئامانجــەکانی بــە ڕوونیــی دیــاریکراوە، تواناکــانی بــە هەڵبژاردنێکی بەرز ئەنجامدراوە و لەوەیشەوە تێڕوانینێکی ڕوون بەرهـەمهاتووە، کە هـەر وەکـو چـۆن خزمـەتی قیامـەتی دەکـات بـە هـەمان شـێوەیش خزمـەتی دونیـای دەکات. لە هەموو ئەمەیشدا ملکەچە بۆ پەرستشی خودای گەورە- ئەگەر وا نەبایـە، ئەمە نەدەبوو.

### ب- ئەمانەتپارێزیی توێژەر لە ڕزگارکردندا:

لەوانەیــە لــە بژارکردنــدا هەسـتبکەین کـە بابەتێکـە پەیوەندییــەکی بــەتیینی بــە نـاوەڕۆکی دەقەکانـەوە هەیـە، چونکـە جیاکردنـەوەی نێـوان دەقـی ئـەرێنیی و دەقێکـی تری نەرێنیی، یان لە نێوان بەئەنجامگەیاندنی بەسود و یـەکێکی تـری زیانبـەخش، یان

بڕیاردان لەسەر دەقێک کە قبوڵکراوە، یان ڕەتکراوەیە، لەسەر زانینی ناوەڕۆک و ئەوەی لەخۆیگرتووە نەبێت نابێت.

ئەگەر کارەکە بەو جۆرە بوو، ئەوا ئەوەی دەمانەوێت لەم هەنگاوەدا لێیبدوێین خۆی لە پابەندبوون بە ڕەوشتی ئەمانەتپارێزیی لە قۆناغێکدا دەبینێتەوە، کە قۆناغی دواتری لەسەر دادەمەزرێت، ئەویش ڕزگارکردنە. ئەگەر پابەندبوون پێیەوە لەم قۆناغەدا ناتەواو بوو، ئەوا ئەنجامی بژار بەو شێوەیەی کە دەمانەوێت وابێت دەرناچێت، کەلەپووریش سود لەو هەوڵەی توێژەرانی پێشتر وەرناگرێت.

ئەگەر خەسڵەتی ئەمانەتپارێزیی بەشێک نەبوو لە کەسێتیی توێژەری بواری کەلەپوور، لە توانایدا هەیە دزەبکرێتە ناوی، بەڵکو لە تواناداﯾە بە مەبەست زۆر کاروبار کە کاری کەلەپوور لێی تەبەڕایە بکرێتە ناوی، وەکو ئەوەی بیر لە دەرچوون لە کێشەیەک لەو کێشانە بکاتەوە کە ڕووبەڕووی توێژەرانی کەلەپوور دەبێتەوە و بێت شتێک بۆ دەقەکە زیادبکات، کە تێیدا نییە، یان شتێکی لێ کەمبکاتەوە کە لەسەر ئەو شتە وەستاوە، بەمەیش ناتەواوییەک تێیدا دروستدەکات کە دواتری ناوەڕۆکێکی ڕەسەنە. ئەگەرچی بۆ توێژەر کارێکی پێویست بەدەستبخات، بەڵام لە ڕاستییدا ئەوە دەربازبوونێکی خودییە، نەک دەرچوونێک سودێکی بۆ خودی کارە کەلەپوورییەکە هەبێت.

لەوانە، توێژەرێک ببینیت کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە و گوێ بە جیاوازیی زاراوەکان لە چەند دەقێکی جیای دەستخەتەکان نەدات، ئەمەیش وابکات ناتەواویی لە واتادا دروستببێت، بەڵکو گۆڕانی هەمووی لەوەی خاوەنی دەقەکە ویستوویەتی ڕووبدات، یان بیبینیت حساب بۆ گوتە و بڕیارەکانی لە لێکۆڵینەوە و قسەلەسەرکردندا نەکات. جارێک بێت بە شێوازێک ستەمکارانە و نادادپەروەرانە پەیڕەوبکات و جارێکی تر مەیلی بە لای سەرخستنی بۆچوونێکدا هەبێت با ڕاست و دروستیش نەبێت.

ئەوەی لە کەسە بەرزەکان داواکراوە کە ئێمە بانگەوازی دروستبوون و دەستکردن بە کاری باشیان لە ناو پێکهێنەرەکانی کەلەپووردا دەکەین، کە بێگومان سەخت دەبێت، لەگەڵ ئەوەدا ئەوە تەنها هەنگاوێکە و پێویستە هەنگاوی تری ڕزگارکردنی بەدوادابێت هەتا ئەنجامی باشی هەبێت، فرەڕەهەندیی هەبێت، لەوانە لێرەدا باسیاندەکەین:

### سێیەم: کەلەپوور و میکانیزمەکانی ڕزگارکردن:

لەم بابەتە و لە میانەی دوو لقدا قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین، یەکەمیان خۆی لە بوژاندنەوەی کەلەپووردا دەبینێتەوە، ئەویش بە ژیاندنەوەی لە ناخەوە و تەپوتۆزی سالانی کۆن لەسەری لادەبرێت، بە مەبەستی بەدیهێنانی هەستی بەرجەستە و مەعنەویی بە بوونی. دووەمیشیان خۆی لە کارپێکردنی و پێدانی پێگەکانە لە ژیانی ئاساییدا، کە بەردەوامێتیی و پێگەیشتن و سودی بەردەوام دابینبکات، چونکە کەلەپوورێک کە بژی و بپارێزرێت لە ڕەفەی کتێبخانەکاندا هیچ سودێکی نییە.

ئەو ڕێگەیانەی بۆ ڕزگارکردنی کەلەپوور لە ڕۆژگاری ئێستامان و پێشتردا پەیڕەوکراوە، وای دەهێڵێتەوە کە تەنها تایبەتبێت بە چینێکی ئەکادیمیی پسپۆڕ، بەوە بانگەشەی بوژانەوەی کەلەپوور دەکەین، بەڵام ئەوەی وەکو ئەرکێک دەمێنێتەوە کە پێویستە بهێنرێتەدی بریتییە لەوەی بەردەوامیی بە بوون و سودلێوەرگرتنی بدەین. ئەمەیش تەنها بەوە دەبێت کە لە ژیانی گشتیی مسوڵماناندا بخرێتەگەڕ.

لەبەرئەوە پێویستە وەک خاڵی دەستپێکردن و ئامانج سەیری ڕزگارکردن بکەین، کە بە دوو میکانیزم دروستدەبێت و بەبێ بوونی یەکێکیان، یان بە بوونی ناتەواویی تێیدا ناهێنرێتەدی.

- ئایا ئەو دوو میکانیزمە کامەیە کە پێویستە بۆ ڕزگارکردنی کەلەپوور پشتیانپێببەستین؟
- ئەو پێکهێنەرانە چین کە لەسەریان دامەزراون؟

#### ١- کەلەپوورو میکانیزمی بوژاندنەوە:

لە مێشکی زۆر کەسدا ئەوە چەسپاوە کە بوژاندنەوە پرۆسەیەکە لە بنەڕەتدا لەسەر دەرهێنانی دەق بە شێوەی وێنەی چاپکراو ڕاوەستاوە، لە کاتێکدا پێشتر دەستخەت بووە. ئەم کارە تەنها قۆناغێک لەو قۆناغانە دەنوێنێت، کە ئەو ڕزگاکردنەی بۆ کەلەپووری ئیسلامیی دەمانەوێت.

ئێمە لە بارەی گرنگیی کورتهێنان لەسەر ئەو هەنگاوە لە خزمەتکردنی کەلەپووردا پرسیاردەکەین و لە بارەی کاریگەریی لەسەر ڕۆشنبیریی گشتیی کە ئوممەتی ئیسلامیی ئێستا تێیدا دەژی، چەندە لەبەرئەوە لەگەڵ ئەحمەد ئەبی زەیددا دەڵێم: ئێمە مەبەستمان لە بوژانەوە لێرەدا "سەرلەنوێ_ژیانبەرداکردنەوە (ژیانەوە)ی ئەم

کەلەپوورەیە و هەستاندنەوەیەتی لە ڕاوەستانەوەکەی لە ڕێگەی نوێکردنەوە و دوبارە پێداچوونەوەی لەبەر ڕۆشنایی بیردۆزە زانستییە هاوچەرخەکاندا"[1].

لەمەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە کە ژیاندنەوە ڕێکارێکی فرە ڕوکاری، پێکهاتە جیاوازە، پێویستی بە توانا و وزەیە، لەسەر چەند قۆناغێک ڕاوەستاوە کە بڕینیان کارێکی ئاسان نییە، بە پێدانی لەپێشبوون بە دەستخەتەکە بەسەر ئەوانی تردا دەستپێدەکات و بەوەی لێکۆڵینەوە پێویستیەتی تێدەپەڕێت و بە ڕۆچوون لە دەقە کەلەپوورییەکەدا لەپێناو ڕونکردنەوەی سروشتی مەنهەج و تێڕوانینەکەی کۆتاییدێت، کە خاوەنەکەی بەڕێوەبردووە لەپێناو سودوەرگرتن لێی لە ژیاندا و وەبەرهێنانی لە کاتی هەڵوێستەکردن لەسەر تێڕوانینی بیرمەندە هاوچەرخەکان.

بۆ ئەوەی کە دەمانەوێت کەلەپوور بەو شێوازەی مەبەستمانە و پێیڕازین بێتەدی، دەبێت ڕێگەیەک بگرینەبەر ئەم مەعالیمانەی تێدا بێت:

**أ- کردنەوەی پەیمانگاکانی بوژاندنەوە:**

یەکەمین میکانیزم کە بوژاندنەوەی کەلەپوور پێویستی پێیەتی خۆی لە دامەزراندنی چەند پەیمانگایەکدا دەبینێتەوە، کە ئەم ئەرکە بگرنەئەستۆ. پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە ئەم سەردەمە سەردەمی کاری تاکەکەسی نییە، سەردەمی کاری ناڕێکخراوەیی نییە، دوور لە پەیڕەوکردنی مەنهەجیەتیی زانستیی لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا. لەبەرئەوە دامەزراندنی ئەم دامەزراوە زانستییانە دانانی ستراتیژیەتی کارکردن ئاساندەکات و بەکارهێنانی تەکنیکەکان لە توێژینەوەدا ئەنجامی هەرە باش و سودی چاوەڕوانکراوی دەبێت.

لە ناو ئەوانە لەوانەیە، کارێک ئەنجامنەدرێت کە بۆ لایەک لە لایەکانی کەلەپوور گرنگیی هەبێت، بە پەنابردن بۆ کۆششی تاکەکەسیی، کە لەوانەیە هەڵخلیسکانی زۆری تێبکەوێت. هەروەها چەندیین کۆسپی وای بێتەپێش، کە ڕێگربێت لە ئەنجامدانی کارەکەی بە شێوەیەکی چاک. ئەگەر ئەوەی ویستمان هاتەدی، کارەکە لە سەرەتاوە لەسەر ستراتیژیەتێکی ڕوونی یەکگرتوو لە نێوان توێژەراندا دەستپێکرد، هیچ بوارێک بۆ کاری هەڕەمەکیی، یان ڕۆشتن بەبێ بەرچاوڕونیی ناهێڵێتەوە. بەبێ بەدیهاتنی ئەوانە جیاوازییەکە وەکو خۆی دەمێنێت و توێژینەوەکەمان کە لە ڕووی

---

[1] ابوزید، احمد. "موقفنا من التراث"، عالم الفکر، مج (١٤)، العدد (٢)، ١٩٨٣م، ص٧.

زانستییەوە ناوی لێدەنێین توێژینەوەیەکی هەرەمەکیی، وزە فیکریی و مادییەکان بەبێ سود بەهەدەردەدات"[1].

نمونەی تری لەمە، کەلەپوور دابڕدرێت لەوەی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زۆر و جیاوازی لەسەر بکرێت، بە جۆرێک لێکۆڵینەوەکەی لە لایەن دوو توێژەر، یان زیاترەوە بکرێت. کاتێکیش بڵاودەکرێتەوە، لە لایەن ئەو لایەنە جیاوازانەوە ئەنجامدەدرێت، ئەمەیش هەوڵەکان پەرتەوازەدەکات و وزە فیکریی و مادیی و دەرونییەکان لە یەک کاردا خەرجدەکات. لە کاتێکدا لەپێشتر بوو –ئەگەر ئەو هەوڵانە بە سەرپەرشتیی نمونەی ئەم پەیمانگایانە یەکبخرایە- کەمتری پێویستدەبوو، ئەوەی تری بۆ ئەنجامدانی کاری تر ئاراستەدەکرا.

لە گەواهییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی دوبارەکراوە و بێئاگا لە گرنگیی هەماهەنگیی و سەرپەرشتیی کە دەبێتە ڕێگر لەوەی یەک کاری کەلەپوور چەندیین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، لە کاتێکدا کاری تر هەیە هیچی بۆ نەکراوە، تەنانەت یەک لێکۆڵینەوەیش، یان کاتێک بۆی کراوە بە هەمان شێوەی دەستخەت ماوەتەوە. بە سەرنجدان لەو شێوازەی لێکۆڵینەوەی کەمتەرخەمانە پەیڕەوکراوە، کە لێرەدا باسیدەکەین:

لەوانە لێکۆڵینەوە لە کتێبی "نفح الطيب من غصن الاندلس الرطيب"ی ئەحمەد مقری، لە لایەن شێخ محیەدین عەبدولحەمیدەوە، پاشان لە لایەن دکتۆر ئیحسان عەباسەوە.

هەروەها لێکۆڵینەوە لە کتێبی "العمدة في صناعة الشعر وآدابه" لە لایەن محیەدین عەبدولحەمیدەوە، پاشان لە لایەن دکتۆر محەمەد قرقزانەوە.

بە هەمان شێوە لێکۆڵینەوە لە کتێبی "الرسالة"ی ئیمامی شافیعیی لە لایەن ئەحمەد شاکر و موحەممەد سەید گەیلانیی و موحەممەد نەبیل غنام.

لێکۆڵینەوە لە کتێبی "الوصول الى علم الأصول"ی بەیضاوی لە لایەن محیەدین عەبدولحەمیدەوە، پاشان لە لایەن سەمیر مجذوب و سەلیم شەعبانییەوە.

بە هەمان شێوە لێکولینەوە لە کتێبی "النبذ في اصول الفقه"ی ئیبن حەزم، لە لایەن موحەممەد زاهد کەوسەریی و ئەحمەد حیجازیی سەقاو، ئەبو عەبدوڵڵا موحەممەد نەجدیی و موحەممەد بەدریی و موحەممەد صبیح حەلاقەوە.

---

[1] الغزيوي، علي. "خدمة التراث العربي الإسلامي، عرض وتقويم واقتراح"، نحو منهجية للتعامل مع التراث الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٠.

دامەزراندنی پەیمانگاکانی توێژینەوەی کەلەپوور لەپێناو بژار و ڕزگارکردنی کارێکی مەزنە، بەڵام ئاسانە بۆ کەسێک خودای بۆی ئاسانبکات، چونکە سودەکانی لەوە زیاترە بژمێردرێت، ئەرکەکانیشی مەزنترە لەوەی وەلابنرێت. لەبەرئەوە نابێت دودڵ بین لە دامەزراندنیدا بە شێوازێکی زانستیی ئامانجدار بۆ خزمەتی شارستانیەتی ئیسلامیی، لە ڕووی ئاینیی و دونیاییشەوە.

لەبەرئەوەی دەمانەوێت قسەکانمان کاری بەدوادابێت، لەسەرمان پێویستە ڕونیبکەینەوە دامەزراندنی ئەم دامەزراوە زانستییانە چی پێویستە، دەبینین کە پێویستە هێندەی ژمارەی وڵاتانی ئیسلامیی بێت، زانایانێک بگرێتەخۆ کە زۆرییەکەیان ببێتە هۆی خێراکردنی پرۆسەی ڕزگارکردنی ژمارەیەکی مەزن لە کەلەپووری فیکریی ئوممەتی ئیسلامیی.

ژمارەی ئەوانەی لە بواری کەلەپووردا کاردەکەن لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لێی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ڕزگارکردنی نزیکەی چوار ملیۆن دەستخەتی ئیسلامیی پێویستیەتی، کە بەسەر ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا دابەشبوون. خۆ ئەگەر بژارکردن ڕۆڵی خۆی هەبێت لە پوختەکردنی ئەو ژمارە زۆرەدا، بەوەی لەپێشبوون بدرێتە هەندێک لە دەستخەتەکان و هەندێکی تریان دوابخرێن، لایەنێکیان فەرامۆشبکرێت، ئەوا کەلەپوور لە ماوەیەکی کەمدا ڕزگاردەکرێت، بە تایبەت ئەگەر کارکردن بە شێوەیەکی ڕێکخراو و لەژێر سەرپەرشتیی ئەو پەیمانگایانەدا بێت.

ئەمە تەنها ڕێکارێکە، ئەگەرنا کاری بە کۆمەڵی هاوبەش، وا پێویستدەکات کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین هەر دەستخەتێک ئەوەی پێویستە بۆی بکرێت -بەگوێرەی حاڵەتەکان- بە دەستکەوتێکی هاوبەش دادەنرێت، بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی هەڵدەسەنگێنرێت. پاش چەندیین دیدار لە بارەی ڕێڕەوەکە و لە بارەی ناسینی ئەو قۆناغانەی کارەکە بڕیویەتی، بەر لەوە گرنگە ڕۆڵەکان دابەشبکرێن، وەکو ئەوەی هەموو تاکەکان هەستن بەوەی بەراوردی نێوان نوسخەکان پێویستیدەکات، لەپێناو پشتبەستن بە نوسخە ئەسڵەکە (ڕسەنەکە) و بەوەی بەراوردکردنی نێوانیان دەیخوازێت. پاشان هەر یەکەیان بە کارێک لە کارەکانی لێکۆڵینەوە ڕادەسپێردرێت، لە تەخریجی ئایەتەکانی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت)، بەیتە شیعرەکان و ناساندنی زانا و شوێنەکان، ڕونکردنەوەی ئاڵۆزەکان... پاشان گروپەکانی توێژینەوەکە بۆ چەند دەستەیەک دابەشدەکرێن بە مەبەستی دانانی پێڕست و پرۆسەکانی دەرخستن.

لــه هــەموو ئەمانــەدا، هەماهــەنگیی دریــژەی هەیــە و ڕاوێژکــردن بــەردەوامە، ڕاستکردنەوە دەکرێت، ئەگەر کارەکە ئەنجامدرا ئەوا بە کاتێکی کەم دەکرێت، وزە و کۆششی زۆری ناوێت لە لایەن ئەو پەیمانگایەی پێیهەڵدەستێت، کە ئەویش لقێکە لە لقە زۆرەکانی کە لە ناوچەکانی تری وڵاتانی ئیسلامییدا هەیە و لقی سەرەکییشی هەیە کە لە ناوچەیک دەبێت کەسانی بەتوانای پسپۆڕی زانستیی تێدا بێت.

سودوەرگرتن لە زانکۆکانیش بۆ بەرەوپێشچوون لەو ڕێگەیەدا کارێکی پێویستە، لەبەرئەوە دەبێت پەیمانگاکانی خزمەتی کەلەپوور پێیانەوە ببەسترێنەوە، پشت بەو توانایانەی ببەسترێت کە لەو پرۆژە گەورەیەدا پێیدەدات.

کاتێک کارێک لەسەر ڕێنماییەکی زانستیی دادەمەزرێت، خاڵەکانی دەستپێک و ئامانجەکان و تواناکانی تێدا دیاریدەکرێت، بەڕێوەچوونی تەنها بۆ چارەسەری پینەکردنانە نییە، یان ئەو هەنگاوە ڕێککارییانە ناگرێتەبەر کە هەموو ئەوانە لەخۆناگرێت کە خاوەنەکەی دەیەوێت. بەو شێوەیە دەچێتە کارێکەوە، کە لە ڕووی دەرهێنان و بەرهەمەوە، وەسفی کارە زانستییە ناوازەکان وەردەگرێت، چونکە ئەو زانستییبوونەی توێژینەوەکەی پێدەناسێنرێت، "هەنگاوە ڕێککارییەکانی ڕێکخستنی بابەتی توێژینەوەکە و پێکهێنەرەکانی، بەرەو پلانێکی گشتگیر تێدەپەڕێنێت، کە مەنهەج و ئامانجە دوور و نزیکەکان، ئاستی توێژینەوەکەی لە میانەی جوڵانەوەی فیکری جیهانییدا تێدا دەبێت"[١].

کاری بە کۆمەڵ بریتییە لە خاڵی دەستپێکی بنەڕەتییە بۆ بوژانەوەی ئەرێنیی بەسود لە کەلەپوور، بە کەمترین تێچوو و بە خێراترین کات و بە زۆرتریت ستراتیژیەتی ڕێک و تەواو، بە تایبەت ئەگەر لەمەدا گەیشتبێتە "دەستەکانی توێژینەوەکە بە دەرخستنی ئەوەی فەرامۆشکراوە، یان دوورخراوەتەوە"[٢].

**ب- لەبەرگرتنەوە:**

یەکێک لەو ڕێکارانەی کە بوژانەوەی کەلەپووری لەسەر ڕاوەستاوە بە دیاریکراویی خۆی لە لەبەرگرتنەوەدا دەبینێتەوە، کە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پاراستنی دەستخەتەکان لە لەناوچوون، کە لەوانەیە بە هۆکاری سروشتیی وەکو شێ و مۆرانە و شتی ترەوە ڕوودات. هەروەها دەکرێت بەهۆی مرۆڤیشەوە بێت، وەکو ئەوەی مرۆڤ بە خراپیی دەستیلێبدات، ئیدی بە مەبەست بێت، یان بە نەزانیی.

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[٢] النجار، "مبادیء منهجیة في التعامل مع التراث"، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧٧.

لەبەرگرتنـەوە پرۆسـەیەکە ناکرێـت هیچـی تـر لەوانـەی بوژانـەوەی کەلـەپووری لەسـەر ڕاوەسـتاوە پێشـیبخرێت، مەگـەر کارەکـە پەیوەنـددار بێـت بـە دامەزرانـدنی پەیمانگاکانی بژار و ڕزگارکردن، چونکە گۆڕانی شێوازی پاراستنی دەستخەتەکان و بەگەڕخستنی ئـەو تەکنیکـەی کـە ئـەم سـەردەمە بـە مرۆڤـی بەخشـیوە، خـۆ ئەگـەر پاراستنی زانیارییەکان لە کۆندا تەنها بە نوسینەوە و تۆمارکردنەوەی دەکرا، ئەوەیش سـووربوون لەسـەر ئـەو ڕێگە تەقلیدییـە سـادەی پێویستبوو کـە پێـی ئەنجامـدراوە، لەوانەیـە ئـەوە بـە باشـترین شـێواز دانرابێـت کـە مرۆڤایـەتیی لـەو سـەردەمانەدا پێیگەیشتووە. لە سـەردەمی ئیسـتامان لەبەرگرتنـەوە ڕۆڵـی زۆر گـەورە لـەم بـوارە و بوارەکـانی تـردا دەگێڕێـت و لەسـەر تـەکنیکی جۆراوجـۆر ڕاوەسـتاوە، کـە پلـەیان جیاوازە. هەروەها توانایان لەسەر بەردەوامیی جیایە.

بـە ئەنجامـدانی لەبەرگرتنـەوەی کەلـەپوور، قۆنـاغێکی بنـەڕەتییمان لـە ڕەوتـی پاراسـتنیدا بڕیـوە، لەگـەڵ ئـەوەدا لـەم قۆناغـەدا هێشـتا لـە بـاری "وەسـتان"دایە کـە ناتوانرێت بەو شێوەیەی هەیە سودی لێوەربگیرێت، تـەنها بـەوەی تـەکنیکی پاراسـتنی دەستخەتەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لەبەرئـەوە هـەنگاوێکی تـر دێتـەپێش دەمانباتـە قۆنـاغێکی تـر، کـە تێیـدا زانسـت و هونـەرەکانی کەلـەپوور کـە خـۆی لـە نـاوەڕۆکی دەستخەتە وێنە لەبەرگیراوەکان دەبینێتەوە پۆلێندەکرێت.

**ت- پێڕستەکردن:**

ئـەو قۆناغـەی پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد بریتییـە لـە قۆنـاغی پێڕسـتەکردن، کـە پێویستە هەموو دەستخەتەکان بەپێی زانستەکانیان و هونەرەکانیان و نوسەرەکانیان، شوێنەکانیان و مێژووەکانیان و ڕەوشـەکەیان پۆلێنبکرێن لە پێڕستێکی تایبەتدا، کە ئــەو دەســتخەتانەی لــە گەنجینــەکانی وڵات (گشــتیی و تایبــەت) هەیــە کــە ئــەو پەیمانگایەی تیدایە گرنگیی بە خزمـەتی کەلەپوور دەدات و پارێزراون ڕێکبکرێت، لە پێڕسـتێکی گشـتییدا کـە هـەمووی لـەخۆگرتبێت بـەو پێیـەی بەشـێک لـە ناوەڕۆکـە جیاوازەکانی بۆ ناوچە جیاوازەکانی دەگەڕێتەوە.

ئەگـەر هـەر پەیمانگایـەک لـە پـەیمانگاکانی خزمـەتکردنی کەلـەپوور لـە وڵاتـانی ئیسـلامییدا دوو پێڕسـت هـەبوو: تایبـەت و گشـتیی، ئـەوا پـەیمانگای مەڵبەنـدی کـە لقەکانی تێدا کۆدەبێتـەوە دەکرێت هـەموو ئـەو پێڕستانەی تێدا بێت، لەوێدا هـەموو ئامرازەکانی خزمەتکردنی کەلەپوور کۆدەبێتـەوە، هـەر لـەوێیش ڕێنماییە پێویستەکان دەردەچێت.

### د- لێکۆڵینەوە (تحقیق):

لەم سنورەدا تێبینیی ئەوە دەکەین کە پەرۆشی توێژەر لە قۆناغی بژارکردندا، هەموو کارێک خزمەتی کەلەپوور بکات لەسەری دادەمەزرێت، لەبەرئەوە باش پاڵفتەکردن و ڕێکئەنجامدانی جیاکردنەوەی نێوان دەقەکان، ئەمەیان تەنها ئەرێنییە سودبەخشەکانی لێوەردەگیرێت، تەپوتۆزێکی زۆری لەسەر لادەدرێت. واگومان دەبەین –زۆر توێژەریش وا گومان دەکەن- لە ڕۆژگاری ئێستامان هیچ سودێکی نییە، ئەویش "بەرهەمی مرۆڤ"ە باش و خراپ، ئەرێنیی و نەرێنیی، خورافیی و وەهمیی تێدایە"[1].

پێویستە ئەو دوو مەرجەی پێشتر باسمانکرد لە خەسڵەتەکانی لێکۆڵەر بن: هێزی مەعریفە و ئەمانتپارێزیی زانستیی، چونکە پرۆسەی لێکۆلینەوە "ناکرێت ئەو ئەرکەی ئەنجامبدات کە چاوەڕوانکراوە، بەبێ ئەوەی لە لایەن شارەزایانی خۆییەوە لە لێکۆڵەرانی بەئەزموون ئەنجامدرابێت، کە دڵسۆزیی لە نیەت و کارکردن، هەبوونی کەرەستە پێویستەکان لایان تێیاندا کۆبووەتەوە"[2].

### ث- لێکۆڵینەوەی زاراوەکە:

توێژەرانی کەلەپوور وایان ڕاهێناوین کە دوورترین پرۆسەی خزمەتکردنی خۆی لە کۆتا وێستگە لە وێستگەکانی لێکۆڵینەوەکەیدا دەبینێتەوە، ئەوان بەمە لەیادیاندەچێت کە بوژاندنەوەی کەلەپوور بە شێوەیەکی ڕاستەقینە، نابێت لەو سنورەدا ڕابوەستێت، چونکە سنورێکە دەقە کەلەپوورییەکە بوونی خۆی لەو سەردەمەدا دەهێڵێتەوە، کە تێیدا بەرهەمهاتووە، بە تەواویی تەپوتۆزی ساڵانی لەسەر لاناچێت و لەیادکردن و فەرامۆشکردنیشی وەکو پێویست کۆتاییپێناهێنێت. ئەو "ڕازییە بەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەردەمەی تێیدا دەرکەوتووە بخاتەڕوو، بەمەیش وەکو بەشێک لەو ڕابردووە دەردەکەوێت، کە تێپەڕیوە و بەسەرچووە و بە دووریی و نامۆیی لە ڕۆشنبیریی هاوچەرخ دەمێنێتەوە، بگرە لە زۆر کاتدا وەکو نەیاریەتی"[3].

لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە لە زاراوەکە وەکو دووەم هەنگاو دێت لەو هەنگاوانەی کە ئەوەی دەمانەوێت بۆ کەلەپووری بەدەستدەهێنن، ئامانج لێی ئاشنابوونی واقیعی

---

[1] الغزيوي، "خدمة التراث العربي الإسلامي، عرض وتقويم واقتراح"، سەرچاوەی پیشوو، ص١٤٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٣١.

[3] الجابري، كيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پێشوو، ص٧.

زاراوەکەیە "لە ڕووی چەمک و خەسڵەتە پێکهێنەرەکانی و ئەو لقانەی لێیبوونەتەوە لە بوارە زانستییە دیراسەکراوەکەیدا"[1].

لەبەرئەوە، زاراوەکەیش دەروازەیەکی بنەڕەتییە لەو دەروازانەی کە لە ڕێگەیانەوە سروشتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە ڕوندەبێتەوە. هەروەها ڕوکارەکانی بونیاتی عەقڵیشی دەردەکەوێت کە هەتا زیاتر ڕونبکرێتەوە، ئەوا بەهۆیەوە مەشخەڵی ڕێگە ئاسانکار بۆ بڕینی ڕێگە بە شێوەیەکی بەرچاوڕونانە و ڕێنماییکراوە دەدۆزرێتەوە، چونکە زاراوەکە "ئەو چوارچێوەیەیە کە تێیدا تێڕوانینی (کۆمەڵگە) دێتەبوون و تێیدا ئەو ئەزموونە تایبەتەی ئەنجامدەدات، کە چوارچیوەیەک بۆ ئەو تێڕوانینە دادەنێت و مەبەست و ئامانجەکانی بۆ دیاریدەکات"[2].

ئەگەر زاراوە ئەم ڕۆڵە گەورەیەی هەبێت وای لێبکات ببێتە ئامرازێکی سەرەکیی تێگەیشتن لە ڕەوتی خودی ژیانی کۆمەڵگە، ئەوا بە هەمان شێوە بە خاوەن-دەستێکی سپیی لەسەر کەلەپووریش دادەنرێت کە گرنگییەکەی کەمتر نییە لەوەی لەسەر کۆمەڵگە هەیەتی. کەلەپوور گەنجینەیە و زاراوەیش کلیلەکەیەتی. "هیچ ڕێگەیەکیش بۆ لای کەلەپوور نییە بەبێ کلیلەکەی کە ئەویش زاراوەکانە"[3]. پاشان "هەنگاوی یەکەمە بۆ تێگەیشتنی دروست کە هەڵسەنگاندنی دروست و مێژووی دروستی لەسەر بونیاتبنرێت"[4].

بە سەرنجدان لە بەهای ئەم زاراوەیە، هەر کەس وای بە خەیاڵدا بێت کە "بە شوێن شوێنەواری زانستدا بڕوات، بە چاوپۆشیی لە دید و بۆچوونە کارایییەکانی و چەمکە پێکهێنەرەکانی، وەکو ئەو کەسە وایە کە پارچەکان وەکو تارمایییەکانی دەبینێت"[5]. بەوەیش زاراوە دەبێتە کەرەستەی بینین و دیاریکردنی مەشخەڵی ڕێ و

---

[1] الأنصاري، فريد. "منهجية دراسة المصطلح التراثي"، نحوة منهجية للتعامل مع التراث الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٩.

[2] شبار، سعيد. الحداثة في التداول الثقافي العربي الإسلامي، نحو إعادة بناء المفهوم، الرباط: منشورات جريدة الزمن، رقم: (٣٦)، ٢٠٠٢م، ص٤، دەقەکە عەبولمەجید ئەلصەغیر پێشەکەشی کردووە.

[3] البوشيخي، مشروع المعجم التاريخي للمصطلحات العلمية، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣.

[4] البوشيخي، مصطلحات نقدية في كتاب البيان والتبين للجاحظ، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣.

[5] المسدي، عبدالسلام. قاموس اللسانيات، عربي فرنسي-فرنسي عربي، مع مقدمة في علم المصطلح، تونس: الدار العربية للكتاب، ١٩٨٤م، ص١٥.

خاوەنی جێپەنجەی دیار، چونکە "کێشی مەعریفیی هەموو زانستێک بەستراوەتەوە بە زاراوەکانیەوە"[1].

بۆ ئەوەی دەقی کەلەپووریی ژیانێکی بەردەوامی هەبێت، پێویستە زاراوەکانی بەکاربهێنرێت، چونکە زاراوەی بەکارهاتوو "مانەوە و بەردەوامیی بۆ هەیە و ئەو زاراوانەیشی کە بەکارنایەن وەکو مردوون، هیچ بوونێکیان نییە لە تۆماری دەرونەکاندا"[2].

لەپێناو بەدیهاتنی ئەمەدا دەبێت ملکەچی کۆمەڵێک هەنگاو ببین کە بە کۆکراوەیی باسیاندەکەین و خۆیان لە کۆکردنەوەی زاراوەکان، پۆلێنکردن و سەرژمێر و لێکۆڵینەوە لێیان، لەبەرچاوگرتنی ڕیزبەندیی مێژووییاندا دەبینێتەوە و ئەو گەشەسەندنە هەستپێدەکرێت کە بەسەریداهاتووە.

خۆ ئەگەر خوێندنەوەی زاراوەیی بەگوێرەی ئەو زانستەی بۆی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو کارێکی کەلەپووریی کرا، بە شێوەیەکی بەردەوامیی ئەرێنیی لە ژیانی گشتییدا، بێگومان ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە بەشداریکردن لە بوژاندنەوەی کەلەپووردا بە شێوەیەک کە بەردەوامبوونی مسۆگەربکات، ئەمەیش بە دەربازکردنی لەوەی کە تەنها لە ناو کتێبەکاندا بمێنێتەوە، یان بە تەنها لە گۆشەیەک لە گۆشەکانی کتێبخانەکاندا بێت.

**ج- وەبەرهێنانی مەنهەجیی:**

ئەگەر خوێندنەوەی زاراوەیی یەکێک بێت لە دوو هەنگاوەکەی تەواوکەری میکانیزمی بوژانەوەی کەلەپوور، ئەوا دووەمیان خۆی لە وەبەرهێنانی مەنهەجی کاری کەلەپووردا دەبینێتەوە، چونکە بابەتی مەنهەج لە نوسینە کەلەپوورییەکاندا "مەسەلەیەکی میحوەرییە و شایستەی چاودێریی و گرنگیپێدانە"[3].

وەبەرهێنانی مەنهەجسی لەو قۆناغەدا نامانهێڵێتەوە کە دەق تەنها وەکو پێکهێنەرێکی کەلەپووریی دابڕاو لە پێکهێنەرەکانی تری بەرهەمی مرۆیی ببینین. کاتێک هەڵوێستە لەسەر نیشانەکانی مەنهەج دەکەین تێیدا بۆمان ڕوندەبێتەوە کە دەچێتە پەیوەندییەکی گفتوگۆیی لەگەڵ پێکهێنەرە ڕۆشنبیرییە کۆن و نوێیەکاندا.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١١-١٢.

[2] القاسمي، علي. "لماذا أهمل المصطلح التراثي"، مجلة المناظرة، الرباط، العدد ٠٦، سبتمبر، ١٩٩٣م، ص٣٨.

[3] الجابري، كيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پێشوو، ص٨.

لـه نمونـەی ئـەمەیش، ئـەوەی دەیبینـین لـە "نظریـة البیـان"ی جاحظیـدا دێتـەئارا، توخمەکانی "تیۆری پەیوەندیی/ نظریة التواصل" بە شێوەیەکی ڕوون تێیدا سنورداره. لەگەڵ ئەوەدا بە ناوە هاوچەرخەکانی ناونەنراوە، کە لای زانا تازەگەرەکانیەوە ئەو ناوانەیان لێنراوە.

کاتێک پێکەوە بەستەرەکانی نێوان لۆژیکی کەلەپووریی و ئەو دەستکەوتانەی سەردەمی هاوچەرخ هێناویەتی سەیردەکەین، ئەو کاتە دەتوانین ژیان بە لایەنەکانی کەلەپوور بدەینەوە، ئەمەیش بە پشتبەستن بە وەبەرهێنانی مەنهەجیی، بەبێ ئەوەی لەخۆباییبوونێکی درۆیینە بە سەرماندا زاڵبێت و بمانگێڕێتەوە بۆ ڕابردوو، هەتا لە ڕێگەیەوە ئیستامان بژین، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو هەستەمان تێدا بوروژێنێت بەرەو بەراوردی نێوان پێگەی پێشکەوتووی پێشینانمان و پێگەی ناجێگیری ئێستامان بکەین، هەتا لە ڕێگەیەوە ئەو مکوڕبوونە نوێبکەینەوە کە لەپێناو گێڕانەوەی ئەو پێگە لەدەستچووەدا بەردەوامبین.

لـە نمونـەی ئـەمەیش، ئەو نیشـانە مەنهەجییانـەی لـە "أسـرار البلاغـة"و "دلائـل الاعجاز"دا دەیبینین، کاتێک بووە یەک-بناغە، تیۆرێکی هەمەلایەنی تەواو پەیدابوو، هەندێکیان لە هەندێکی تری دوانەکەوتبوو، یان بەلاڕێداچوونی هەندێکی بۆ شوێنێکی جیا لەوەی بەرەو ڕووی دەچێت.

کاتێک ڕوکارەکانی ئەو دیمەنە دروستدەبێت دەبێتە بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر بوونی پەیوەندییەکان لە نێوان سەرەتاکەی کە دەگەڕێتەوە بۆ عەبدولقاهر[1] لەگەڵ ئەوەی ئێستا لەم ڕۆژگارەماندا بڵاوە لە تیۆرەکان و دونیای پڕکردووە و خەڵک پێیەوە سەرقاڵە. "تیۆری ڕێکخستنەکان/ نظریة النظم" کە عەبدولقاهری جورجانیی دایناوە، لێکۆڵەری بابەتیی، کەلەپووریشی خۆش نەوێت و مەیلی بە لای دەستکەوتەکانی سەردەمی هاوچەرخدا نەبێت، هەر دەبێت ئەو بەستەرانە بدۆزێتەوە کە ئەو تیۆرە و ئەوەی "تیۆرە شێوازییەکان/ النظریات الأسلوبیة" بۆی هێناوین بەیەکەوەدەبەستێتەوە، کە جیاوازیی لەگەڵ ئەوەی دانەری "تیۆری ڕێکخستنەکان/ نظریة النظم" بۆی چووە زۆر کەمە، تەنها لە زاراوە بەکارهاتووەکان نەبێت، لەگەڵ

---

[1] ئەو: ئەبوبەکر عەبدولقاهر کوڕی عەبدولڕەحمان کوڕی موحەممەدی جورجانییە، (وەفاتی:٤٧١هـ)، لە ڕەوانبێژە ئەشعەرییەکان بووە، خاوەنی (نظریة النظم)ە، لە دانراوەکانی: "أسرار البلاغة"و، "دلائل الإعجاز". بڕوانە:

- الذهبي، شمس الدين محمد بن أحمد بن عثمان. سير أعلام النبلاء، تحقيق: شعيب الأرنؤوط، بيروت: مؤسسة الرسالة، (١٤٠٥هـ/١٩٨٥م)، ج١٨، ص٤٣٢.

هەندێک چەمکی گۆڕاو کە لە بواری مەعریفیی جیاواز لە بواری زمانناسییەوە هاتوون.

لە میانەی ئەو نمونانەی خرانەڕوو ڕوندەبێتەوە کە ڕۆڵی وەبەرهێنانی مەنهەجیی کەم نییە لە بوژاندنەوەی کەلەپووردا، بوژانەوەیەکی سودمەندانە کە بیکاتە بەشێکی دانەبڕاو لە بەرهەمهێنانی ئێستا، بەڵگەیە لەسەر پێگەی ڕاستەقینەی ئەوانەی پێشین، پاشینی دوای ئەوان هاتن، ئەوەیان جارێک بەهۆی بێئاگابوون و جارێکی تریش بەهۆی نەزانینی بەهایەوە لەدەستدا.

ئەگەر ئەمە و ئەوانەی تریش کە باسمانکرد بەدیهات، ئەوا کەلەپوور چەندیین قۆناغی لە پەیژەی ڕزگاربوون بڕیوە، کە ئاسان نییە. بۆ ئەوەی ئەمە بگاتە ئەوەی مەبەستە دەبێت ئەوەی ڕۆحی بەبرداکراوەتەوە و ژیاوەتەوە لە ژیانی گشتییدا زیندووبێت، ئەوەی پەیوەستبێت بەمەوە دواتر بە پشتیوانیی خودای گەورە لێیدەدوێین.

## ٢- کەلەپوور و میکانیزمی بەکارخستنی:

لەوانەیە کەسێک بڵێت ئەو کەلەپوورەی لە واقیعدا بەو شێوەیەی زیندوودەیهێڵێتەوە بەکارخراوە، بۆ نمونە کۆڕ و کۆبوونەوەی فۆلکلۆریی و ئاهەنگی شەوانە بە مۆسیقای ناوخۆیی. ئەمە قسەیەکە حەزناکەین لەسەر ئەو ڕەوتەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە بڕۆین، چونکە فۆلکلۆر لای ئێمە ڕووی ئەو کەلەپوورە نانوێنێت، کە شایستەی بژار و ڕزگارکردنە، ئەگەرچی لە ڕاستییدا ئەویش کەلەپوورە. ئەو کۆتا شتە پێویستە بیری لێبکەینەوە، بە جۆرێک ڕەنگدانەوە فیکریی و شارستانییەکەی ئەو گرنگییەی نییە کە عەقڵەکان لە پێوەندەکان و عەزیمەتەکان لە ژەنگی کۆتوبەندەکان ڕزگاربکات، ئەوانەی ڕێگرن لە داهێنانی ئەرێنیی و گەڕانەوە بۆ شارستانیەتە چاوەڕوانکراوەکە.

ڕێگەی خستنەگەڕی کەلەپوور دەبێت پشت بە لەپێشبوونی ئەوەی بەسودە ببەستێت و شێوازێک بگرێتەبەر کە سود لە ڕۆحی تێڕوانینەکانی پێشینەکان و مەنهەجەکانیان وەربگرێت، بە دەستەبەرکردنی ئەو میکانیزمانەی کە لەوانەیە هەندێکیان دەستەبەرکرابێت بۆ شێواندنی خودی کەلەپوور و دەرخستنی بە ڕوخسارێک لێیدووربکەویتەوە و حەز بە نزیکبوونەوەی نەکەیت.

لەو میکانیزمانەی دەکرێت لە بەکارخستنی کەلەپووردا بخرێنەبەردەست، بە مەبەستی بەردەوامبوون لەو ژیانەی کە ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمانکردن بۆیان هێناوەتەدی، ئەمانەیە کە لێرەدا پشتیوان بە خودا باسیاندەکەین:

## أ- بەردەستخستنی فێرکردن:

فێرکردن دەروازەیەکی بنچینەییە لەو دەروازانەی کە بەهۆیانەوە بۆچوون و ڕێگەی بیرکردنەوە دەگۆڕێت، ئەگەر فێرکردن ڕێکخراو بێت و لە ویستی بونیاتنانی شارستانییەوە سەرچاوەیگرتبێت و وابەستەی بنچینەکانی ناسنامە و ڕۆشنبیریی بێت، نەک بە شوێن ناسنامە و ڕۆشنبیریی تری پێچەوانەدا ڕابکات، بە مەبەستی بەدەمەوەچوونی حەزێکی دەرونیی بە تێڕوانینێکی پێنەگەیشتوو، ڕوانگەیەکی شارستانیی نەچەسپاو، ئەو کات دەتوانێت هەموو چاکییەک لەگەڵ خۆی بهێنێت و هێندە خزمەتگوزاریی بەرز پیشکەشبکات، کە لە ژماردن نایەن و بێسنورن. لە پێش هەموویانەوە -وەکو ئەکرەم ضیاء عومەری باسیدەکات- کە "ڕۆحی ئینتیما بۆ ئوممەت دروستبکات و ڕێگریی لە وێرانکاریی فیکریی و ڕەفتاریی بکات"[1].

لەبەرئەوە، فێرکردن لەم حاڵەتەدا بە دەروازەیەک لە دەروازەکانی شارستانیەت ئەژماردەکریت، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداردەبێت لە بەدیهێنانی هەستانەوەی شارستانیی و پێگەیشتنی ئەو تێڕوانینە گشتییەی کە بە شوین ئەو ڕێڕەوانەدا دەگەڕێت، کە دەیگەیەنن بە گەڕانەوەی شارستانیی، لەپێناو بەدەستهێنانەوەی ئەو پێگە ئەرێنییانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مسوڵمانان هەیانبووە.

بەڵام ئەگەر فێرکردن هۆکارێک بێت لە هۆکارانەی لە لایەن ئەوانی ترەوە بەردەستکراون، لەپێناو لە ناوبردنی ئەوەی ماوەتەوە لە پێکهێنەرەکانی شارستانیەت و ڕۆشنبیریی، ئێمە وا بیرناکەینەوە بکریتە کەشتییەک و لە ڕێگەیەوە پرۆسەکانی بەگەڕخستنی کەلەپوور تێبپەڕیت، چونکە دەبێت خۆی ملکەچی پرۆسەی چارەسەریی و چاکسازیی بکرێت، بە مەبەستی بەدیهاتنی ساغبوونەوەی، بەرلەوەی داوی خزمەتکردنی لایەنەکانی تری ژیانی ئیسلامیی لێبکەین.

بۆ ئەوەی فێرکردن ببێتە هۆکارێک لەو هۆکارانەی میکانیزمی بەگەرخستنی کەلەپووری لەسەر دەوەستێت، پێویستە فێرکردنێک بێت کە لە خزمەت کێشەکانی ئوممەتدا بێت، شەونخونیی بکێشێت بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی، هیچ دودڵ نەبێت لە هاندانی ڕۆڵەکانی ڕووەو بەدەستهینانەوەی هەستی ئینتیمای شارستانیی ئیسلامیی.

لەبەرئەوە ئەم ڕوانگەیە مەرجێکی سەرەکییە هەتا برۆینە قۆناغێکی تری پەیوەندار بە خزمەتکردنی کەلەپوور ئەگەر هاتەدی، ئەوا دەتوانین بچینە سەر

---

[1] العمري، التراث والمعاصرة، سەرچاوەی پیشوو، ص١٣٧-١٣٨.

قسەکردن لە بارەی ئەو چۆنێتییەی کە بەهۆیەوە سود لە فێرکردن وەربگیرێت وەکو هۆکارێکی بەردەست لەپیناو بەگەڕخستنی کەلەپوور، لەپێناو بەردەوامبوونی ژیانیدا.

یەکەمین ئەو توانایانەی فێرکردن هەیەتی لە بەردەستبوونی لە زانکۆ و دامەزراوە باڵاکاندا، ئەوەیە مامۆستا و زانایانی لەخۆگرتووە، کە دەکرێت ژمارەیەکیان لەوانە بن کە لە پەیمانگاکانی بژاری کەلەپوور و ڕزگارکردنیدا کاربکەن. ئەگەر هاتو مەڵبەندی خزمەتکردنی کەلەپوور بە لقەکانیەوە، لە حاڵەتی پەیوەندییدا بوو لەگەڵ زانکۆ، ئەوا بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ڕەوت و دیاریکردنی وزەکانی، دابینکردنی کەشی زانستیی پێویست بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی، ئەوا بەهانایەوە دەچێت.

ئەگەر کەلەپوور ئەو سودەی لە فێرکردن بینی کە دەمانەوێت، ئەوا قۆناغێکی گرنگی لەسەر ڕێگەی بەکارخستنی بڕیوە کە ئەویش درێژەپێدانی ژیاندنەوەی ڕاستەقینەیە، چونکە بە ڕاستیی ئەوەی پێویستمانە "بریتییە لە کاکردن لەسەر گواستنەوە، یان (وەرگێڕان)ی کەلەپوورە بۆ زمانی هاوچەرخی باو لە ناو خوێندەواراندا، وەکو ئامرازێکی باش بۆ نزیککردنەوەی کەلەپوور و خستنەناوژیانی فیکرییمانەوە، هەتا ببێتە بەشێکی ئەندامیی لە بیرکردنەوەمان"[1].

ئەگەر فێرکردن ئامرازێکی بنەڕەتیی بێت لەمەدا، ئەوا تاکە ئامرازی بەدەستهێنانی نییە، لە پاڵ ئەمدا ئامرازی ترش هەیە، لەوانە ڕاگەیاندن کە بە پشتیوانیی خودا لێرەدا لەویش دەدوێین:

**ب- بەردەستخستنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن:**

بەردەستخستنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەپێناو کارپێکردنی کەلەپوور بە مەبەستی درێژەدان بە مانەوەی، -لە پاڵ هۆکاری فێرکردندا- هۆکارێکی کاریگەرە لە ناساندنیدا و بیکاتە پێکهێنەرێک لە پێکهێنەرەکانی ژیانی گشتیی. لە ئێستا ڕاگەیاندن بووەتە "واقیعێکی ئاوێتە، پێگەیەکی سەرەکیی هەیە لەو ستراتیژیەت و سیاسەتانەی کە ئامانجیان بونیاتنانەوەی کۆمەڵگە هاوچەرخەکانە"[2].

ڕاگەیاندن لە ئەدەبیاتی باودا بە دەسەڵاتی چوارەم دانراوە، بەڵکو زیاتر لەوەیش. بووەتە "ئەو پێوەرەی کە لێهاتوویی کارکردنی گشتیی ڕژێمە سیاسییەکانی پێدەپێورێت، یان بۆ پێوانی ڕادەی گونجاویی، یان کارایەتیی هەر بیرۆکەیەک، یان

---

[1] الجابري، كيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پێشوو، ص٧.

[2] عبدالرحمن، عواطف. الإعلام وتحديات العصر، مجلة عالم الفكر، مج(٢٣)، العددان (١-٢)، ١٩٩٤م، ص٨.

گوتەیەک"[1]. ئەم دیاریکردنە جێگەی قبوڵکردن نەدەبوو ئەگەر ڕاگەیاندن هێزی لە کاریگەریی و ئاراستەکردندا نەبایە بەو جۆرەی کە خزمەتی ئەوانە بکات کە ئاراستەیدەکەن. لەم ڕوانگەیەوە ڕاگەیاندن بە هۆکارێکی خاوەن-هێز و کاریگەریی دادەنرێت کە لە ململانێی هاوچەرخی ئێستادا بە کەم سەیرناکرێت.

کاتێک دەیبەستینەوە بە بابەتەکەمانەوە و ئەو ڕێگەیانە دەگرینەبەر کە بەهۆیانەوە دەکرێت سود لە ڕاگەیاندن وەربگرین بۆ بەکارخستنی کەلەپوور، دەبینین لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- کردنەوەی کەناڵی تایبەت بە کەلەپووری ئیسلامیی بە هەموو بوارە مەعریفیی و لقە فیکریی و ناوی زانایان و دروستکارانییەوە، کە کەسانێکی بژاردەی بەهێز و ئەمانتپارێز و بەغیرەت لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئوممەتی ئیسلامیی و هەڵگرانی خەمی گەڕاندنەوەی پێگەی پڕسەربەرزییەوە بەڕێوەیببرێت.

لەبەرئەوە، پێویستیی کردنەوەی کەناڵی ڕاگەیاندن کە گرنگیی بە کەلەپوور بدات بووەتە یەکێک لە پێویستییە شارستانییەکانی ئێستا و داهاتووە دەستبەربکات، کە خوازیارە لە ئوممەت لەپێناو بەگەڕخستنی کەلەپوورەکەیدا، کە کاتێکی زۆری بۆ بوژاندنەوەی بەسەربردووە و سامانێکی زۆری بۆ خەرجکردووە و لەپێناو بەئەنجامگەیاندنیدا چەندیین وزەی زانستیی کە لە باشترین وزە پاڵفتەبووەکانی بووە خراوەتەگەڕ.

کاتێک کەناڵێک تایبەتدەبێت بە کەلەپوور، بەهۆیەوە دەروازە بە هەموو لایەکدا واڵادەبێت بە مەبەستی گرتنەبەری هەموو ئەو ڕێگەیانەی سودیان لێوەردەگیرێت، دێت و بەرنامەی پێشبڕکێی زانیاریی و بابەتەکانی پێشکەشدەکات. تێیدا خەڵاتی بەنرخ پێشکەشی ئەو کەسە دەکرێت لەپێناو سەرخستنی کارێکی کەلەپووردا کۆششیکردووە، یان خێرێکی پیشانداوە کە سودی بۆ کەلەپوور دەبێت. زانایانێکی ئوممەت دەستنیشاندەکرێن بۆ ناساندنی کە ئاسودەیی دەرونیی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی باشەوە بڵاودەکەنەوە کە "وادەکات کەلەپوور سودی هەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشە هاوچەرخانەی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بەسەر مسوڵماناندا هاتووە"[2]. لە ئەنجامی هەموو ئەمانەیش بۆ ئەو کەسەی بیەوێت

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص٩.

[2] الغزیوي، "خدمة التراث العربي الإسلامي، عرض واقتراح"، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٠.

ڕوندەبێتەوە کە گەورەترین ناتەواویی لە خودی ئێستامانە، نەک لە خودی ڕابردوومان.

ئەمەیش نابێتە ڕێگر لەوەی بەرنامەی ڕاگەیاندنی بەردەوام لە ڕێگەی خولێکی دیاریکراوی کەلەپوورەوە لەو کەنالانەیش تەرخانبکرێت، کە تایبەت نین بە کەلەپوور، با ئەوە بەرانبەر بە پارەیش بێت، چونکە بە دڵنیاییەوە دەزانین خەڵکانێک هەیە کاتێک شتێکی باوی کەلەپوور دەبیستێت، چونکە دوژمنی شتێکە کە ئاشنای حەقیقەتەکەی نییە. لەبەرئەوە ئەو کاتە بواری گەیاندنی دەنگی کەلەپوور و تێڕوانینی خاوەنەکانی بۆی فراوان نابێت.

زۆرێک لەو کەسانەی خۆیان دەکەنە نەیاری کەلەپوور و کەلەپوورناسان، لە ڕاستییدا ئەمانە بێئاگان لێی، بێئاگان لەوەی جیایدەکاتەوە، لەبەرئەوە دەرفەتی ئەوەی بەگوێیاندا بدرێت لە جەنجاڵی ئەو ڕوداوانەی بۆ ئەو نین و بۆ کەسەکانی توانای بەرگرییلەخۆکردن نییە لە ڕێگەیەوە و دەرچوون لێی بە سەلامەتیی دێت، ئەو کاتە ئەوانەیان بابەتییبوون درفەتدەڕخسێت بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەکانی کەلەپوور، لەپێناو ئاشنابوون بەوەی لایەتی، پێش ئەوەی دژایەتیی بەهاکانی بکرێت، بەوەیش دەتوانێت سودی لێوەربگرێت. هەر وەکو چۆن لە قۆناغەکانی دروستبوونیدا سودی لە جگە لەوان وەرگرتووە، لەوانەی بەهێزترو زیاتر دوژمنکار بوون.

- دامەزراندنی ڕادیۆ کە هەڵبستێت بە ناساندنی کەلەپوور لەپێناو بەشدارییکردن لەبەگەڕخستنیدا، چونکە ئێمە ئاشنای توانای ڕادیۆکانین لە گەیاندنی هەواڵ بۆ فراوانترین ڕوبەری بیسەران بە تێچووی مادیی زۆر کەم بەراورد بە تەلەفیزیۆن. هەموو ئەمانە بە شێوازی هاوچەرخ دەبێت کە هۆگرێتیی و پەیوەستبوون لە نێوان جەماوەر و کەلەپوورەکەیدا دروستبکات، لەمانەیش پەخشکردنی گفتوگۆ و وتوویژ و دیدار، چاوپێکەوتن و کۆڕ و ئەوەی کە بتوانێت هەڵبستێت بەو ئەرکانە کە کەلەپوور لە پاش بوژاندنەوە بخاتەگەڕ.

- چاپکردنی ڕۆژنامەیەکی فرە زمانیی تایبەت بە کەلەپوور، ئەرکی ناساندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی بێت بە شێوەیەکی بەردەوام، چونکە ڕۆژنامە لەو هۆکارانەی ڕاگەیاندنە کە دەتوانرێت بە ئاسانیی لە ناو جەماوەردا بڵاوببێتەوە. ئەوەی ئیستا بە لامانەوە گرنگە خۆی لە ویستی بەگەڕخستنی کەلەپوور و ئامادەبوونی بەردەوامیی لە واقیعدا دەبینێتەوە.

هێنانەدی ئەم ئاواتە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە دەبێت لە چەسپاندنی بیرۆکەکانی کەلەپوور و بابەتەکانی و ئەوەی پەیوەندداره پێیەوە لە مێشکی جەماور و یادگەی

دەستەجەمعییاندا. ئەمەیش پێداگریی و ئەو کۆتانەی لەسەری بووە لادەبات، کە وایکردبوو لە گۆشەی لەبیرکران و فەرامۆشییدا متببێت و تەنها بۆ چینێکی ئەکادیمیی پسپۆڕی توێژنەوە و سەرقاڵ پێیەوە هەبێت.

- دەرکردنی گۆڤارێک بە چەند زمانێک کە تایبەتبێت بە کەلەپوور، بەراورد بە رۆژنامە ئەم گرنگیی زیاترە، چونکە گۆڤار توانای بەردەوامێتیی و مانەوەی هەیە. پاشان بەردەوامبوونی سودوەرگرتن لێی، بە پێچەوانەی رۆژنامەوە کە تونای مانەوەی بە هەمان شێوە نییە.

هەموو ئەم ئامرازانە رێگەی کارپێکردنی خۆیان لەپێناو کردنی کەلەپوور بە پیکهێنەرێک لە پێکهێنەرەکانی ژیانی گشتیی دەگرنەبەر، لەمەیشدا پشتیان بە زمانێکی دروستبەستووە. بەدەر لە هەر ئاڵۆزکردنێکی زامانەوانیی، دوور لە هەموو ئەوەی ناڕونیی لە تێگەیشتن، یان ناچێژیی لە کەلەپووردا دروستبکات.

بۆ ئەوەی ئەمە بهێنرێتەدی دەبێت ئەوانەی کاری تێدا دەکەن لە پەیوەندیی بەردەوامدا بن لەگەڵ ئەوەی پەیمانگاکانی بژاری کەلەپوور و ڕزگاکردنی ئەنجامیدەدەن، لەپێناو ناساندن و پیاهەڵدانی ئەو کارە جیاوازانەی کە دەریدەکەن، هەتا کارەکە ملکەچی مەنهەجێکی گشتیی ببێت، لیستکراو بێت لە ناو تێڕوانینێکی گشتگیر کە سود لە هەموو بوارە جیاوازەکانی ژیان وەربگرێت و هیچ دەرفەتێک نەفەوتێت و هیچ وزەیەک بەهەدەرنەدرێت، بەبێ ئەوەی دەستکەوتێک بۆ خود و سودێک بۆ ئوممەت بەدەستبهێنێت.

لە ڕاستییدا ناساندنی کەلەپوور و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی و چەمکەکانی لە ناو خەڵکییدا لە رێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە دەروازەیەکی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی وایلێبکات لە ژیانی گشتییدا پەیڕەوبکرێت و زۆربەی چینەکانی ئوممەت بیناسێت و بە چەقبەستوویی لە گۆشەیەکی ئەو ئەکادیمییانەدا نەمێنێتەوە، کە کاری لەسەر دەکەن. هەروەها بە متبوویی لە پایەکانی فەرامۆشکردن و لەبیرچوونەوەدا نەمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا –پێموایە- ناساندنی کەلەپوور لە رێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، ناکرێت تەنها لەو کارتانەدا کورتبکرێتەوە، کە گرنگیی بە لایەنێکی کەلەپووریی بدات، ئەگەریش کاریگەرییەکەی بێتەدی، لە بەگەرخستنی ئەوی ژیانی بەبەرداکراوە سنوردار دەبێت، بە بەراوردکردنێک لە نێوان ڕابردوو و ئێستای دیاردەی زانستیی و بە دۆزینەوەی پردەکانی پەیوەندیی نێوانیان لە کۆندا، ئەوەی ئێستا هەیە، هەموو

ئەمانــە لــە ڕێــگەی هۆکارەکــانی ڕاگەیاندنــەوە دەکرێــت، کــە دەبێــت بــە ئاراســتەی بەدیهاتنی ئەم ئامانجە بە هەموو هێز و هاوسەنگییەکەوە بڕوات.

بەخششــی شارســتانیەتی ئیســلامیی بــەهێزە، بــەڵام ئــەوەی بــە بــەردەوامیی لــە سێبەردا دەیهێڵێتــەوە ئەوەیــە بەخششــێکە تــەنها ئــەو کەســانە دەیناســن کــە پســپۆڕن تێیدا. لەبەرئــەوە ڕێــگەی ســەرکەوتوانە بــۆ بەگەڕخســتنی خــۆی لــە لادانــی ڕوپــۆش لەســەری دەبینێتــەوە هەتــا ببینرێــت و زمــانی بێتــەگۆ و ببیســترێت و وێنــە ڕاســتەقینە کاراکەی لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا بدرەوشێتەوە.

د- بەردەستخستنی تۆڕی ئینتەرنێت:

سیستمی ئینتەرنێت کە لە ئێستا ڕۆڵی سەیر و مەترسییداری هەیە، بە دەنگ و ڕەنگ جێبەجێیدەکات، بەبێ ئەوەی مرۆڤ هیچ ماندووبوون، یان سەختییەکی بێتەڕێ لەگــەڵ ئەوانــەی کــە یــەک زمــان بەیەکیانەوەدەبەســتێتەوە، دەکرێــت ئــەو ڕێگەیانــەی بدۆزینەوە کە لـە ڕێگەیانـەوە دەتـوانین کەلـەپوور بخەینـەگەڕ و بیکەینـە پێکهێنـەرێکی ڕۆشنبیریی هاوچەرخ.

گرنگتــرین دەروازە بەرچاومانبکــەوێت ئــەو ڕۆڵــە ببینێــت تایبــەتکردنی پێگەیــەکی ئەلکترۆنییە بە کەلەپوور لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، کە تێیدا هەموو باسەکان دابنرێن و لە تێڕوانینێکی پێگەیشتوانەوە بخرێنەڕوو، کە لـە ڕێگەیانـەوە حەقیقەتی مرۆڤایـەتیی ڕونبکرێتــەوە و ئــەو ڕوداوانــەی بەســەریداهاتووە ئاشــکرابکرێن و بــە ڕاشــکاویی ئــەو هۆکارانە باسبکرێت کە لە پێگە بەرزەکەیەوە کە تێیدا مرۆڤایەتیی ئاشنای ڕوانگەکانی شارســتانییبوون و پێشــکەوتن کــردووە، هەتــا دەگاتــە ڕاگەیانــدنی هەڵوێســتی ئەوانــەی کینەلەدڵن بەرانبەر و جارێک دەیشێوێنن و جارێکی تر سوکایەتیی پێدەکەن و ئاماژە بەو گەنجینە و کتێبخانانە بکرێت کە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەخۆیگرتووە، ئەو کاتە تەنها چاوەڕوانیی درەوشانەوەی لە هەموو جیهاندا دەمێنێتەوە.

هــەموو ئــەم پێشــنیازانە ســودیان نابێــت بــەو شــێوازەی ویســتراوە نابێــت، ئەگــەر سەرچاوەی دارایی بەردەوامی بۆ دابیننەکرێت. لەبەرئەوە پێشنیازمان ئەمە دەبێت کە لە بڕگەی دواتردا دەیخەینەڕوو:

### ح- دامەزراندنی سندوقی کەلەپوور:

ئـەم پرۆژەیـەی لـەم تێڕوانینـەوە سـەرچاوەیگرتووە، ئەگـەر پشـتگیریی دارایـی و هاریکـاریی مـادیی دەسـتکراوەی نـەبێت، ئـەوا تـەنها بـە مرەکـەبی سـەر کاغـەز دەمێنێتـەوە، ئـەو کاتـە بیرۆکـەکانی تـەنها گۆزارشـت لـە کاتێـک دەکات کـە وا گومـان دەبرێت بەهـەدەر و بێسـود سـەرفکراوە. بـەهۆی ئـەوەی قسـەکان کارکردنیان لەگەڵ نییە، ئەویش وەکو زۆر پرۆژەی گـەورەی تـری ئیسـلامیی دەفـەوتێت، کـە لـە ژمـارە نایـەن و پرشـنگی ڕوناکییەکـەی لایەنـەکانی ئوممـەتی ڕوناکـدەکردەوە، بـەڵام کاتێـک هاوکاریی مادیی سـەقامگیرنەبوو، سـەرچاوەکانی بەردەوامنەبوون لە بەخشین، ئیتر بەرەو نەمان ڕۆشتن.

لەبەرئەوە بە دڵنیاییەوە ئەگەر بمانەوێت کەلـەپوور بە بوژاندنـەوە ڕزگاربکـەین و بـە بەگەڕخستنیشـی بەردەوامییەکـەی لـە بوونـدا بێتـەدی، دەبێـت پـێش دەسـتپێکردن ڕێکبخرێت. کێشەکە لە سەرەتایدا نییە، بەڵکو کێشە لە گەڕانەوەی پاش دەستپێکردنە، لە نشوستی دوای موژدەی چاکە بە دانانی پێی ئیسلام لەسەر ڕێگەکەیە.

بەڕێکەوتن پیش دیاریکردنی سەرچاوە داراییە بەردەوامەکان هـەموو کارەکە لـەو ڕێکخسـتنەی ویسـتراوە دووردەخاتـەوە، چونکـە بـە دڵنیاییـەوە دەزانـین دارایـی لـەو تواناییانەیـە کـە لـە پرۆسـەکانی نەخشـەداناندا ئامـادەیی هەیـە. لەبەرئـەوە ئەگـەر نەهاتـەدی، یـان بـە پەرتـەوازەیی هـەبوو، سـەرئەنجامی پرۆژەکـە هـەمووی بـەرەو چارەنوسێکی نەویستراوە.

لە کاتی ئەنجامدانی بەراورد لە نێوان پرۆژەکانمان و پرۆژەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە بواری ڕۆشنبیریی و تویژینەوەی زانستییدا، دەبینین ئـەوان "توێژینـەوەی زانسـتیی بە وەبەرهێنان دادەنێن، بۆیە دەرماڵەی زۆری لە بودجە بۆ تەرخاندەکەن، لە کاتێکدا لای ئێمـە بـە بەکاربـەر و زیادەخـەرجیی دادەنێـین، بۆیـە دەرماڵـەی زۆر کـەمی بـۆ تەرخاندەکەین"[1].

لەبەرئەوە زۆر پێویستە ئاگاداری ئەم جیاوازییە بین کە جگە لە ئەنجامی خراپ هیچـی تـری نـەبووە. لـەپێناو تـەرخانکردنی دەرماڵـەی دارایـی و پـارە بـۆی، پشـت بـە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٧.

ڕێگەی وەقفی ئیسلامیی ببەسترێت، هەتا بتوانرێت ئەم پرۆژە گەورەیە دابمەزرێت و هاوکاریی شایستەی بکرێت.

خزمەتکردنی کەلەپوور پێویستی بەم خەرجکردنە دەستکراوانەیە هەیە، بە هەمان شێوە پێویستی بە پلادانانی پێگەیشتوانەیە. مەبەستەکە دیاریکردنی سەرچاوەی دارایی نییە لەپێناو بەهەدەردانیدا، بەڵکو مەبەست لە دیاریکردنیەتی بە شێوەیەکی ورد و ڕاست لەپێناو خەرجکردنی بۆ کەلەپوور و ئەوەی پێویستیەتی، هەتا بەرهەمەکەی دەوڵەمەند بێت و بەوەیش دەستپێکردن لە پەیژەی شارستانیەتدا بە ویستی خودای گەورە پێگەیشتوانە بێت.

لە ڕاستییدا خزمەتکردنی کەلەپوور بە هەموو شێوە و ڕووەکانیەوە ئەگەر وەکو ئەرکێک بێت هەندێک لە تاکەکانی ئوممەتی ئیسلامیی پێیهەڵبستن، لەپێناو پاراستنی ناسنامە و مێژوو، دیاریکردنی ڕووەکانی دەستپێکردنێکی تێگەیشتوانە لە ئێستا و ئایندەدا، ئەوا بێزاریی لای کەسانی تر دروستدەکات، بەو بیانووەی کەلەپوور ئەو گرنگییەی نییە. هەروەها بووەتە جێگەی تانەلێدان لای زۆرێک لەوانەی تر کە سەرنجی کەلەپوورەکەیان داوە. پشتیوان بە خودا لە بەشی دواتردا ڕونیدەکەینەوە.

# بەشی سێیەم:

## کەلەپووری ئیسلامیی و فێڵی کارپێکردن (مكر التوظيف)

**یەکەم: کەلەپوور و ڕێگەکانی ڕەخنەلێگرتن[1]:**

کەلەپووری ئیسلامیی لە لایەن لێکۆڵەرانەوە خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە و لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە هەڵوێستی هەمەجۆر و جیاواز دەرکەوتووە. هەیانبووە قبوڵیبووە و هەیانبووە ڕەتیکردووەتەوە و کردوویەتی بە کەرەستەیەکی تانەدان لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیی و بەکەمسەیرکردنی عەقڵی مسوڵمان بە هەندێک گومان کە لە توانا و گرنگییەکەی کەمبکاتەوە، ژیانی ئیسلامیی بە هەموو لایەنەکانیەوە بشێوێنێت.

لە ڕاستییدا هەر یەک لەم گروپانەی ئەو هەڵوێستانەیان هەبووە ئاڕاستەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، هەیانبووە لە ڕوانگەیەکی خودیی جیاوازەوە سەیریکردووە، هەیانبووە ڕوانگەکەی پەیوەندداربووە بە ڕۆشنبیرییەکی نامۆ بە خود، هەڵوێستەکەی لە نێوان ڕەتکردنەوەی تەواو لەسەر ئەو بناغەیەی کە کەلەپوور گۆڕاوە بۆ "بارگرانیی و جۆرێک لە کۆسپ لە بەردەم ئێستا و ئایندەدا"[2] و قبوڵکردنی بەرتەسک، کە تێیدا هەموو کەلەپوورێک قبوڵناکرێت، بەڵکو دەبێت مەرجی نەکەوتنە ئامێزی مردووپەرستیی و ملکەچنەبوونی تەواو بۆ هێزە نادیارەکانی تێدا بێت"[3] هەتا

---

[1] لێرەدا جیاوازییکردن لە نێوان ئەو ڕەخنەیەی کە بابەتییبوونی تێدایە و هەرروەکو چۆن خراپییەکان دەردەخات، بە هەمان شێوە باشییەکانیش دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەی کە تەنها دەیەوێت ناتەواویی و کەموکورتیی پیشانبدات، بە چاوپۆشیی لە هەموو ئەوەی بەڵگەیە لەسەر باشێتیی ئەرێنیی، ئەمەیش ڕوخساری شێواندن و بەهەڵەپیشاندنی بەسەردا زاڵدەبێت.

[2] سبيلا، محمد. دفاعا عن العقل والحداثة، الرباط: منشورات جريدة الزمن، رقم: (٣٩)، ٢٠٠٣م، ص٧٠.

[3] هيئة التحرير، "النهضة في أفق وحدوي"، مجلة الوحدة، العدد (٣١-٣٢)، السنة (٣)، (١٤٠٧هـ/١٩٨٧م)، ص٤، (كلمة العدد).

سەرپشکبوون و هەڵبژاردن بێتەدی، کە ئەم دوانە ویستێکی فیکریی دەهێننەدی کە تێیدا بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە گونجاوە بۆیان.

لەم بەشەدا گرنگیی بە بۆچوونی ئەوانە دەدەین کە کەلەپووریان قبوڵبووە و لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵی ڕێڕەوێکی گرتووەتەبەر، کە خزمەتیناکات و لایەنە بەهێزەکانی تێیدایە بەدەریناخات و لایەنە لاوازەکانی دەرناکەوێت هەتا هۆکارەکانی ناتەواوییەکەی نەهێڵرێت، بەڵکو قبوڵکردنەکەی لەپێناو بەدیهێنانی چەند ئامانجێکدا بووە، کە بۆ کەلەپوور و خەڵکەکەی زیانی زیاتر بووە لە سودی.

بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە، لە چارەسەرکردنی ئەوەی دەمانەوێت دوو ڕێگە دەگرینەبەر، کە بە ڕەخنەگرتن لە میکانیزمە تێڕوانین و مەنهەجییەکان دیاریکراون، کە لای زۆر لە توێژەران بە "عەقڵی" ناونراوە. پاشان لە ڕەخنەگرتن لە کارە کەلەپوورییە ئەنجامدراوەکان، ئەمانەیش ئەو دوو دەروازەی گەورەن کە لە لایەن ڕۆژهەلاتناسان[1] و زۆرێک لە نوێگەرانەوە گیراوەتەبەر، لەپێناو گەیشتن بەو ویستانەی کە لە یەکەم ساتدا جیاواز دەرکەوتووە، بەڵام بە وردبوونەوە لە ڕەوتەکە دەردەکەوێت، کە یەک ئامانجی هەیە. ئەوەیش پشتیوان بە خودا لەمەودوا لێیدەدوێین:

### ١- ڕەخنەگرتن لە عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی:

بابەتی ئینتیمای ڕۆشنبیریی لە سەردەمی هاوچەرخدا بە توندیی دەخرایەڕوو، ئایا هەر کەس لێکۆڵینەوەی لە یەک لە ڕۆشنبیرییەکان کردبێت، ئەوا ئەو کەسە دەبێتە یەک لە توخمەکانی؟ ئایا هەر کەس ئاشنای شارستانیەتێک لە شارستانییەتەکان بوو، دەبێت ببێتە تاکێک لە تاکەکانی؟

ئەم بابەتە ئەوە دەخوازێت ڕەگەزە ڕۆشنبیرییەکان بۆ لێکۆڵەری ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان و ئەوانەی گرنگیی بە کاروبارەکانی دەدەن دیاریبکرێت، چونکە وایلێهاتووە ڕێسای ڕێکخەر تێیدا "وادەخوازێت ڕۆشنبیر نادرێتەپاڵ ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو، مەگەر لە ناویدا بیربکاتەوە"[2]. بیرکردنەوە لە ناو ڕۆشنبیرییەکدا بە

---

[1] لێرەدا هەندێک لەو ڕۆژهەلاتناسانە بەدەردەکەین کە بەوە جیا دەکرێنەوە قسەی حەقی خۆیان کردووە و ئەوەیش بووەتە هۆی ئەوەی لە لایەن خەڵکەکەی خۆیانەوە وەلابنرێن، لەوانە "گۆستاف فیل" و "گۆلزیهر" و "گۆستاف لۆبۆن" و "زگرید هونکە"...

[2] الجابري، محمد عابد. تكوين العقل العربي، بيروت والدار البيضاء: مركز دراسات الوحدة العربية، ١٩٨٧م، ص١٣.

کارکردن لەسەر بابەتە کۆن و نوێیەکانی دیاریناکرێت، بەڵکو بە بیرکردنەوە بەهۆیەوە دیاریدەکرێت، لەوانەیە بیرکردنەوە لە کێشەکانی ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو بەهۆی ڕۆشنبیرییەکی ترەوە بکرێت، لەگەڵ ئەوەدا بیرمەند ئینتیمای بۆ ئەمەیان هەبێت و بۆ ئەویان نەبێت"[1].

لەو دیاریکردنە سەرەتاییەدا، "شەرعیەت" بە لێکۆڵەران درا، لە ناونانی کۆی میکانیزمەکانی بیرکردنەوە و شێواز و تێڕوانینە جوڵێنەرەکانی، بە "عەقڵێک" کە پێوەی پەیوەستە و دەدرێتەپاڵی، ئەوە بوو "عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی" و "عەقڵی ڕۆژئاوایی" و "عەقڵی ژاپۆنیی" و ...هتد، هاتەئاراوە. پاشان هەر "عەقڵێک" بە کۆمەڵێک خەسڵەت و باشێتیی لەوانی تر جیادەکرێتەوە.

زۆرێک لە توێژەرانی هاوچەرخ: بە ڕۆژهەڵاتناس و نوێگەرانەوە، پەنایانبردووە بۆ خوێندنەوەی عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی و دیاریکردنی ئەو تانوپۆیانەی ڕێکیدەخات و ئەو تایبەتمەندییانەی جیاکەرەوەیەتی، خوێندنەوەکانیشیان بە گشتیی بەرەو یەک ئامانجە، سەرەڕای هەمەجۆریی ڕوانگەی خاوەنەکانیان و لێکجیاییان لە زۆرکاتدا، لەسەر هەموو ڕێگەیەک وەستاون و هەڕەشەدەکەن و بەرەنگاری تاکەکانی ئوممەت دەبنەوە. لە ڕوانگەی "ڕەخنەگرتن لە شتەکۆنەکان، کاتێک دەڵێین ڕەخنەگرتن لە شتە کۆن، ئەمە لە بنەڕەتدا واتە ڕەخنەگرتن لە عەقڵ"[2].

ئەو دیاریکردنانەیە کە دەمانەوێت لە بڕگەکانی دواتردا هەڵوێستەیان لەسەر بکەین:

**أ- عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی عەقڵێکی غەیبییە:**

لە ڕاستیدا ئەو پێگەیەی کە مرۆڤ تێڕوانینی خۆی لێوە دەدات، بە شێوەیەکی سەرەکیی کاریگەریی لەسەر هەموو جوڵە و وەستان و بیرکردنەوەیەکی هەیە. لەبەرئەوە ئەگەر مرۆڤ خاوەنی ڕوانگەیەک بوو کە ڕۆح هیچ پێگەیەکی نەبوو تێیدا، پاش ئەوەی مادە بەشی پێویستیی خۆی بۆ مسۆگەرکردنی هاوسەنگیی پێویست لە ژیاندا داگیرکرد، ئەوا بێگومان کاتێک عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی دەخرێتە بەردەستی، وا دەردەکەوێت کە عەقڵێکە لە کاتی خوێندنەوەیدا سەرنجت بۆ لای جیاکەرەوەکانی ڕادەکێشێت، بە بەراورد بەو ڕوکارەی فیکرەکەی دایڕشتووە، لە بارەی عەقڵی نمونەیی، کە پێویستە چۆن بێت.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[2] الجابري، کيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٧.

لەبەرئەوە، قسەکردن ئەو کاتە تەنها لەسەر لایەنە جیاکەرەوەکانیەتی، کە لەگەڵ ئەو خاڵە هاوبەشانەی لە لای توێژەران چەسپاوە یەکناگرێتەوە، ئەو کاتە دەتوانین بۆ ئەو کەسەی عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی بە عەقڵێکی "غەیبیی" پێناسەکردووە، هەندێک پاساوی دامەزراو لەسەر ئەوەی تێیدا نییە بدۆزینەوە، هەر کەسێک غەیب لە مێشکیدا نەچەسپابێت، بێگومان بەجۆرێک پێناسەی باوەڕبوون بە غەیب دەکات، کە لە قەدەری کەمدەکاتەوە و بەکەمسەیری پایەی دەکات و هەر کەس بێئاگابێت لە شتێک دوژمنایەتیی دەکات.

لە کاتێکدا ئێمە پشتگیریی سەرخستنی حەقیقەت دەکەین، مەبەستمان پیاهەڵدانی خود نییە، پێویستە لەسەرمان ئەو ڕەوشە بێنینە بەرچاو، ئەگەر لە قۆناغێکدا هەبووبێت، کە تێیدا کۆمەڵگەی ئیسلامیی توشی دواکەوتوویی و پاشەکشە لە پێگەی پێشەنگایەتیی بووەتەوە، ئەوا ڕوبەرە پرشنگدارەکەی پڕناکاتەوە، ئەوەی کاتێک شانازیی بە چەندیین نمونەی ناودارەکانیەوە دەکەین، دەبێت ئەوەمان لەیادبێت کە ئەو ناودارانە لە نوێنەرانی ئەو عەقڵەن، کە تۆمەتی ئەوەی دراوەتەپاڵ عەقڵێکی بە تەواویی غەیبییە، کە لە پێشتر ئەوە بوو بە عەقڵێکی ئیمانیی ناو ببرێت، گونجان لە نێوان مادە و ڕۆحدا بکرێت و، ژیانیش ملکەچی هاوسەنگییەک دەکات کە پشت بە غەیب دەبەستێت، ئەویش خۆی لە باوەڕبوون بە خودای گەورە و فریشتەکانی و ڕۆژی دوایی و قەدەر بە خێر و شەڕیەوە، بە بەهەشت و دۆزەخ دەبینێتەوە.

ئەم قسەیە لە نێوان زۆرێک لە توێژەرانی فەلسەفە و مێژووی ئیسلامییدا بڵاوە، دەبینین هەندێکیان کاتێک لە مێژوو دەکۆڵێتەوە، ئەو کەسەی پابەندبێت بە ئاینەکەیە و پشت بەوە ببەستێت کە بە وەحیی هاتووە بەوە تۆمەتباریدەکات غەیبییە و دەڵێت: "خاوەنی ئەم بۆچوونانە وا باسی ئەو ڕوداوانە دەکەن کە لە نێوان سالانی (٦٢٠ – ٦٣٢ز) لە پێشکەوتنی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە نیوە دورگەی عەرەبییدا لەسەر ئاستی ئەو ناوچانەی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی عەرەبە مسوڵمانەکانی پێگەیشت، بۆ هێزێکی خودایی دەگەڕێننەوە"[1]. بگرە لە جەنجاڵیی ئەو ڕوداو و پێشهاتانەدا کە دەوری کەشی بانگەوازی ئیسلامیی و سەرکەوتنە نەمرەکانیان دابوو، لە جەنجاڵیی

[1] صالح، فرحان. جدلية العلاقة بين الفكر العربي والتراث، رؤية نقدية، بيروت: دار الحداثة، ط١، ١٩٨٣م، ص١٤. ئەو ماوەیەی لەو پارچە نوسینەدا مەبەستی دەستکەوتەکانی سەردەمی پێغەمبەرە.

ڕەوشـی ناخۆشـی کۆمەڵایـەتیی و ئـابوریی عـەرەبیان دابـوو، پێشـبینیی دەرکـەوتنی "دڵسۆزێک" دەکرا، کە "ویستێکی ئەفسانەیی فرە ڕەنگ و شێوە"[1]ی هەبێت.

مێژوو ئـەوەی سـەلماندووە کـە دەسـتوەردانی یەکلاکـەرەوەی هێـزی خـودایی لـە زۆر شوێندا هاتووەتەدی و ئەو کەسەی ئامانج بووە لەو دەستوەردانە شایەتیی بۆ داوە، بـەڵام ئـەو باوەڕبوونـەی تـەنها مـادە دەگرێتەخۆی، مرۆڤ لـەوە دادەبڕێت کە باوەڕی بە غەیب هەبێت، چونکە بوارێکی فراوان و بەریینترە.

**ب- عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی عەقڵێکی ڕەوانبێژییە (بیانییە):**

زۆر سەرمان لە قسەی ئەو کەسە سوڕدەمێنێت کە بانگەشەی ئەوە دەکات عەقڵی عـەرەبیی ڕونکـەرەوە (بیـانییە)، دەبینـین هـەموو بەرهـەمە عەقڵییـە ناوازەکانیـان لـە هـەموو بـوارە جیاوازەکـانی مەعریفـەدا لـەیادکردووە. سەرسـوڕمانییەکەمان کـەمتر دەبێـت کاتێـک دەزانـین، کـە قسـەکە مـەیلی ڕووەو کورتکردنەوەیـە، کـە دواتـر بـە پشتیوانی خودای گەورە چارەسەریدەکەین. ئەو مەیلەی لە بەرهـەمی ئیسـلامییدا بـە درێژایـی سـەردەمەکانی تـەنها کـەموکورتیی و بەخشـشـی پچڕپچـڕ دەبینێـت، هـیچ بنەمایەکی نییە، جگە لەوانەی باوەڕی خاوەنەکانی تێیکەوتووە.

یەکێک لەوانە ئەوەیە، عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی بە عـەقڵێکی ڕونکـەرەوە (بیـانیی) وەسـفبکرێت و بگوترێت: "عـەقڵی عـەرەبیی زیـاتر لـەوەی مامەڵـە لەگـەڵ چەمکەکانـدا بکات، مامەڵە لەگەڵ بێژە (لفظ)ەکاندا دەکات... میکانیزمەکەی، میکانیزمی ئەم عەقڵەیە، لـە بەدەسـتهێنانی مەعریفـەدا –لـە بـارەی بەرهەمەکـەی نـاڵێین- نزیکبوونەوەیـە (یـان پێوەری ڕونکەرەوەییـە) و وێکچوویـە (یـان پێوەری عیرفانییـە). لـە هـەموو ئەمانـەدا وەکـو بنـەما پشـت بـە ڕێگەپێدران (تجـویز) دەبەسـتێت، وەکـو یاسـایەکی گشـتیی لـە مەنهەجی بیرکردنەوە و تێڕوانینی بۆ جیهان لەسەر دادەمەزرێنێت"[2].

تـەها عەبدوڕەحمان کاری باشـی بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو بانگەشـەیە کـردووە، کاتێک مەبەستە دوور و نزیکەکانی تێیدا هەڵێنجاوە لە "ڕاوەستانی ئەم "عەقڵە" تایبەتە

---

[1] تیزيني، طيب. مشروع رؤيه جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط، دمشق: دار دمشق للطباعة والنشر، ط٢، ١٩٧١م، ص١٥٤.

[2] الجابري، بنية العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٦٤.

بەبێ دروستبوونی کەلەپوور بە هۆکاری زانست و پێشکەوتن"[1] کە ببێتە بانگەشەی تێپەڕاندنی و "وەرگرتنی جگە لە ئەو"[2].

کاتێک کارەکە بەو شێوەیە بێت، ئەوا لێکۆڵەر لێیەوە تۆمەتی دروستکەرانی کەلەپووری دەرهێناوە بەوەی فاکتەرەکانی ڕەوانی زمانەوانیی لایان "لەو میراتییە عەرەبییەدا زاڵبووە بەسەر شێوازە بورهانییەکانی بەرهەمی فیکریی یۆنانییدا"[3]. ئەمەیش وایلێکردووە جیاوازبێت "بەهۆی کورتهێنانیان لەسەر مامەڵەکردن تەنها لەگەڵ دەقەکان، لە سەرووی هەموویانەوە دەقی قورئانیی"[4]. ئەمەیش لە حەقیقەتدا کێشکردنیەتی بۆ لای پسپۆڕێتیی زانستیی لای خاوەنی ئەم بانگەشەیە، نەک بۆ لای ویژدانی زانستیی کە پێویستە ڕابگەیەنرێت.

کە ئەم قسەیە دەکەین نابێت لە سنوری دەلالەتی ڕاستەخۆدا بمێنینەوە، بەڵکو دەبێت پاڵمانپێوەبنێت بەرەو شوێنکەوتنی ئەو گەشەکردنانەی کە بێگومان دەرئەنجامی لەسەر بونیاتدەنرێت و لە ناویاندا ڕیشەدارکردنی ئەو قەناعەتە لای وەرگرانی گوتارەکە خۆی لە "مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکان کۆسپێکی مەعریفیی بووە لە بەردەم پێشکەوتنی عیلمدا و ... هۆکاریش بووە بۆ بێئاگایی مسوڵمان لە مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکانی دەرەوە و ئاراستەکردنی سەرنج بۆ ڕوکەشەکەیان"[5].

گەشتێک بە ناو لایەنەکانی کەلەپووردا لەوە بێگومانمان دەکات کە سەرقاڵبوونی مسوڵمانان بە لێکۆڵینەوەی دیاردە سروشتییەکان بە شێوەیەکی عیلمیی حەقیقەتێکە و ڕویداوە. لەمەوە ئەنجامە مەعریفییەکانیان تەنها خۆی لە لێکۆڵینەوەی شێوازە ڕونکەرەوەییەکان (الأساليب البيانية)دا نەبینیوەتەوە، ئەمەیش لە لایەکی تروە جەختدەکاتەوە ئەو بانگەشەی پێشتر، کە عەقڵی عەرەبیی بە عەقڵێکی ڕونکەرەوەیی ناودەبات، بانگەشەیەکی بێبنەمایە.

مەبەستی دوورتری ئەم بانگەشەیە، تەها عەبدوڕەحمان دیاریدەکات بە گەیشتن بەوەی " بەڵگەکانی فیکری عەرەبیی ناگاتە ئاستی ئەو بورهانانەی کە بە تەنها بەسە

---

[1] عبدالرحمن، طه. في أصول الحوار وتجديد علم الكلام، الدار البيضاء: المؤسسة الحديثة للنشر والتوزيع، ط١، ١٩٨٧م، ص١٥٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٤ – ١٥٥.

[4] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

[5] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

بۆ گەیشتن بە یەقین و بەدەستهێنانی زانست"[1]. کاتێک کەلەپوور بەم وێنەیە دەخرێتەڕوو، ئەوا هاندەردەبێت بۆ لەدەستدانی متمانە پێی، ئەمەیش هەستێکی دەرونیی لای خاوەنەکانی دروستدەکات، کە دواتر دەزووی پەیوەندییەکانیان بە کەلەپوورەکەیانەوە دەچنێت، لەبەرئەوە جارێک سوکایەتیی پێدەکەن و جارێکیش لێیدادەبڕێن، هەندێک جاریش تەنها ئەوە وەردەگرن کە ونبووەکانی خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە، ئەمەیش دەروازە والآدەکات بۆ قبوڵکردنی بەرهەمەکانی ئەوانی تر و وەرگرتنیان بەبێ ڕەخنە و پشکنین.

**ج- عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی عەقڵێکی نامەنهەجییە:**

عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی بەوە تۆمەتبارکراوە کە نامەنهەجییە، لەبەرئەوە لە ڕووی پێکهاتە و بونیاتەوە عەقڵێکی ناتەواوە. هەموو ئەوەی دەیهێنێت، با ئەرێنیی و بەسودیش بێت، بە شێوەیەک دەخوێندرێتەوە کە مەبەست کەمکردنەوە بێت لە پایەی، تێیدا بۆ کەموکورتییەک دەگەڕێن هەتا لە پایەی کەمبکەنەوە و پلەی بهێننەخوارەوە و بێبەهایبکەن.

بەم جۆرە، ئەم عەقڵە بێچارەیە جارێک بەوە پێناسەدەکرێت عەقڵێکی پێوەرییە. ئەوەتا جابر وا پێناسەیدەکات کاری گەڕانی "شتەکانە بۆ شوێن و پێگەیان لە ڕشتەبەندیی ئەو بەهایانەدا کە ئەو بیرکردنەوەیە کردوویەتە مەرجەع و چەقی بیرکردنەوەی"[2]. واتای ئەم قسەیە ئەوەیە عەقڵێکە بەو مومارەسانەی دوور دەمێنێتەوە "لەو سەرنجدانە بابەتییانەی کە لە شتەکاندا بە دوای پێکهێنەرە خودییەکانیدا دەگەڕێت و هەوڵدەدات ئەوەی جەوهەرییە تێیدا بیدۆزێتەوە"[3].

ئەم حوکمدانە ئینتیقائییە کە گشتگیریی و هەموەکیی تێدا نایەتەدی، بەگوێرەی ئەمە عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی وەکو ئەوەی "پێوەرییە" عەقڵێکی خاوەنی تێڕوانینی کورتکەرەوەیە، شت تەنها لە بەهاکەیدا پوختدەکاتەوە"[4]. لەمەیش ئەوە دەکەوێتەوە، واتای پێچەوانەی لێوەردەگیرێت -هەر وەک شەرعزانانی ئوصول پێناسەیانکردووە- کە عەقڵێکی هەڵوەشێنەرەوەیە، بنیاتنەر نییە. سەیری شتەکان لە ڕێگەی شتی ترەوە

[1] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

[2] الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص٣١-٣٢.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص٣٢.

[4] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

دەكات، لە میانەی ئەمەوە توانای ڕێككردنی توخمەكانی نییە پاش شیكردنەوەیان "بە شێوەیەک ئەوەی جەوهەری بێت تێیدا دەربیبخات"[١].

جارێكی تریش عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی بەوە پێناسەدەكرێت كە عەقڵێكە ڕەخنەگرانە نییە، ئەمەیش وایلێدەكات شتەكان چۆنن هەر بەو جۆرە قبوڵیانبكات و ڕازیبێت بە بۆچوونی ئەوانی تر، بەبێ ئەوەی داوای شیكردنەوە و ڕونكردنەوەیان بكات. لەم بارەیەوە "گۆتییە"[٢] دەڵێت: "ڕۆحی ڕۆژهەڵاتیی پێچەوانەی ڕۆحی ئێمەیە... بێبەشە لە تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی عەقڵانیی... هەستكردن بە واقیعی نییە"[٣].

پاڵنەرەكانی ئەم حوكمە پاش ئەوەی كە دەزانین ئەمە تەنها پیشەكییە بۆ هەڵسەنگاندنی كاری عەبدوڕەحمان ئیبن خەلدون و دەستكەوتە بەرزەكانی ڕوندەبێتەوە، كاتێک كە دەڵێت: "ئیبن خەلدون دەیەوێت تێبگات"، سەبارەت بە مسوڵمان. ئەمە بە تەواویی ڕۆژئاواییە "..." لەبەرئەوە ڕۆژهەڵاتیی عەقڵێكی ڕەخنەگرانەی بێدارە، ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێین كە ئەو تێگەیشتنێكی ڕۆژئاوایی بۆ مێژوو هەیە"[٤].

لە میانەی ئەوەی خستمانەڕوو دەركەوت "گوتییە" كاتێک وەسفی عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی دەكات بەوەی ڕەخنەگرانە نییە، ڕێگە خۆشدەكات بۆ گەیشتن بەوەی كە دەستكەوتی ئیبن خەلدون هەڵگری تایبەتمەندیی ڕۆژئاواییە، نەک تایبەتمەندیی ئیسلامیی. لەبەرئەوە هەر شتێكی باشی عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی دەكرێت بە دوا جێڤایەكدا بگەڕێین لەخۆیبگرێت، بۆ ئەمە لە لایەنی ڕۆژئاوا باشتر نییە! هەرچیش بێسەروبەر و ناتەواوییە ئەوا بۆ ئەو سروشتە لاوازە دەگەڕێتەوە كە هەیەتی!

دابڕینی عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی لەم خەسڵەتە، خەسڵەتێكی تری تێدا دروستدەكات، كە خۆی لە وەرگرتنی بەبێ شیكردنەوەی ئەو شتەی بۆی دێت دەبینێتەوە، لەبەرئەوە عەقڵێكی نەرێنیی بەكاربەرە. ئەمە وادەكات "ئامادەسازیی بۆ

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[٢] ئەو: جیل دو گۆتییە، ساڵی ١٨٥٨ز لەدایكبووە، ساڵی ١٩٥٢ز مردووە، فەیلەسوف و بیرمەندێكی فەرەنسییە، بە مەلی دژایەتیی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی ناسرابوو. بڕوانە:

- Collectif. Dictionnaire de la langue francaise: noms communs- noms propres، ITALIE: Hbachette، edition 5، 1998،p.558.

[٣] وەرگیراوە لە:

- لاكوست، أيف. العلامة ابن خلدون، ترجمة: ميشال سليمان، بيروت: دار ابن خلدون، ط٣، ١٩٨٢م، ص٩٦.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

وەرگرتن و نائامادەیی گیانی ڕەخنەگرتن تێیدا ڕیشە دابکوتێت"[1] و ببێتە خەسڵەتێک لە خەسڵەتەکانی.

ئەگەر قسەکانی پێشتر ڕوویان لە گرنگییدان بە دارِنینی عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی کۆن لە سیفەتی مەنهەجیەت بووبێت، ئەوا قسانێکی تر گرنگیی بە دارِنینی هاوچەرخیشی دەدەن، بە جۆرێک مەنهەجیبوون بە درێژایی سەردەمەکان لێیدادەڕنن و وا وەسفیدەکەن کە نەیتوانیوە ئامرازەکانی بیرکردنەوەی بگۆڕێت، لەبەرئەوە دەکرێت گرنگیی فێرکردنی بدرێت و بەرەو پێشەوە پاڵپێوەبنرێت.

لەوانە دەبینین یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێت: "کاتێک هاوڕێ مسوڵمانەکانمان فێری مەنهەجی هاوچەرخی توێژینەوەی زانستیی دەبن، پاشان مەنهەجەکانمان لە توێژینەوەدا تەواودەکەن، هەندێک جاریش ڕاستیدەکەنەوە، من یەکەم کەس دەبم بەوە دڵخۆش دەبم"[2]. ئەمەیش قسەیەکە لە تێڕوانینێکی ڕۆژئاوایی ناوەندییەوە سەرچاوەیگرتووە کە بانگەشەی سەروەریی لە هەموو شتێکدا دەکات.

لە پاڵ ئەمەدا قسەیەکی یەکێک لە نوێخوازانی عەرەب دەبینین –قسەیەکە لە تێڕوانینێکی مادیی مارسکییەوە سەرچاوەیگرتووە- تێیدا وەسفی کارەکانی توێژەرانێکی هاوچەرخی عەرەب دەکات[3]، کە ڕوانگە مەنهەجییەکانیان جیاوازە. تێڕوانینی تایبەتیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور جیاوازە، بەوەی "نەیانتوانیوە خۆیان بگەیەننە کرۆکی کێشەکە"[4]. هەموو ئەمانە بەهۆی کاریگەریی دوو فاکتەرەوە بووە: "یەکەمیان، کۆمەڵایەتیی، سیاسیی، بابەتیی، ئەویش بریتییە لەوەی ئەوان نەیانتوانیوە، لە ڕووی فیکرییەوە، ئەو ڕێککەوتنە پلانگێڕییە مێژووییە تێبپەڕێنن کە لە نێوان ئاوەزیی، ئایدۆلۆژیی، دەرەبەگایەتیی، ئاوەزیی بۆرجوازییدا دروستبووە. فاکتەری دووەم، خودیی، مەعریفییە لە بونیاتی ئەو بیرمەندانەدا، نەیانتوانیوە لە

---

[1] الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٦.

[2] أركون، محمد. وآخرون. "كلود كاهين يرد على أنور عبد الملك، رسالة الى رئيس تحرير مجلة ديوجين"، الاستشراق بين دعاته ومعارضيه، ترجمة: هاشم صالح، بيروت: دار الساقي، ١٩٩٤م، ص٣٥-٣٦.

ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین تەنها بە ئاماژەدان بەم سەرچاوەیە دواتر وازدەهێنین "الاستشراق بين دعاته ومعارضيه".

[3] ئەو نوسەرانە بریتیین لە: موحەممەد عەبدە و عەلی عەبدولڕەزاق و تەها حوسێن و عەققاد و ...هتد. بڕوانە:

- تيزيني، مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط، سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٩.

[4] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

مەنهـەجیی، مـادیی، مێژوویـی، نزیکبنـەوە لـە لێکۆڵینـەوەی کۆمـەڵگە و مێـژووی مرۆڤایەتییدا"[1].

تویژەر ئەوانە لە گێلێتییدا دەبینێت، بەڵام واقیع جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کە وەکو یەک نەبوون، هەیانبووە خۆی خستووەتە کۆشـی تێڕوانینی ڕۆژئاواییـەوە، بـە مەبەسـتی لـەناوبردنی پێکهێنـەرەکانی ئوممـەت. هەیانـە مامناوەنـد بـووە، لـە هـەموو شـتەکاندا، ئەوانـە وەردەگرێت کـە بەسـود بێت و بەشـێک لـە پێکهێنـەرەکانی ئینتیمـا بەدەستبهێنێت، بەڵام مەیل بە لای حوکمدانی بەبێ بیرکردنـەوە وایکـردووە پـەلەبکات لە بڕیاردان. لەو بڕوایەدایە هـەر کـەس لـەو ڕوانگەیـەی ئـەم لێیـەوە دەسـتیپێکردووە، دەستیپێنەکرد، ئەوا لە حەق و ڕاستیی لادەدات.

کاتێک شانازییکردن وا لە تویژەری نوێگەر دەکات بـەو پێیـەی "زانـاترین" کـەس و "شـارەزاترین" کـەس و "شیاوترین"ـە، کـە هـەموو گـەورە و بچووکێـک بزانێـت، وایلێهاتووە وەها سەیری ئەو تویژینەوانە دەکات کە باس لـە کەلـەپووری ئیسـلامیی دەکـەن، بـە هـەموو ڕەنـگ و ڕەنگاڵەییـە فیکرییەکەیـەوە، بـۆ ئـەو ئاسـتەی ویسـتراوە بەرزنابێتـەوە. ئـەمەیش بـەهۆی پابەندنەبوونیـەوە بـەو مەنهەجـە عەقڵییـەوە کـە ئـەو هەیەتی!

**د- عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی عەقڵێکی دژیەکە (عقل متناقض):**

لەوانەیە بنـەڕەتی بانگەشـەی عـەقڵی عـەرەبیی ئیسـلامیی عـەقڵێکی دژیەکـە، خـۆی لەوەدا دەبینێتەوە کاتێک وەکو ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامیی؛ هەر وەکو چۆن باوەڕی بە مـادە هەیـە، بـە هـەمان شـێوە بـاوەڕی بـە غـەیب هەیـە. بـەمەیش کەوتووەتـە دژیەکییەکەوە کە جێگەی ڕازامەندیی نییە، چونکە هـەر شتێک بـۆ ئـاین بگەڕێتـەوە پێویستە لە مێشکی مرۆیی دەستەجەمعییدا بچەسپێت، کە ئەوە عەقڵانیی نییە و نابێت وابێت، چونکە سیفەتی "عەقڵانیەت" سیفەتێکی قۆرغکراوە لە لایەن ئەو کەسەی خۆی وا دەبینێت کە ئـەو حەقیقەتـەی لایـە، کـە جگـە لـەو کـەس تـر پێیناگـات، مەگـەر ئـەو ڕێڕەوە بیروباوەڕی و تێڕوانینەییە بگرێتەبەر، کە ئەو لە ژیاندا گرتوویەتیەبەر.

ژمارەیەکی زۆری ڕۆڵەکانی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی ئەمەیان گوتووە، بەهۆی ئـەو دژیەکییە بنەڕەتییەی کە بەستوونیەتیەوە بە خەڵکی ڕۆشـنبیری ئیسـلامییەوە. ئـەوەی نامۆیـە ببینین هەندێک دەنگ لێرەو لـەوێ لـە وڵاتـانی ئیسـلامییدا هـەمان شـت بڵێت،

[1] سەرچاوەی پیشوو، ص١٢٩ - ١٣٠.

بەبێ ئەوەی بیەوێت شوێنەکانی ناتەواویی تێیدا دیارییکات، بەڵکو بۆ ئەوەی بیکاتە پاشکۆی ئەوانی تر.

کاتێک بەدواداچوون بۆ هەنگاوەکانی ئەو ڕێڕەوە دەکرێت کە نوێنەرانی ئەو قسەیە بەڕێوەدەبات، دەبینین ڕێڕەوێکە بۆ ڕوانگە ڕۆئاواییەکان دەگەڕێتەوە، کە پیشتر باسمانکردن، ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئەوە قسەیەکە لە ناوخۆ و دەرەوەدا فرەشوێنە، بەمەیش دەتوانین بە تاکە دراوێکی دووڕوو وەسفیبکەین.

لە قسە ڕەواجپێدراوەکانیان لەم بارەیەوە، بۆچوونی طەیب تیزینییە، کە تێگەیشتن (التصورات)ە ئاینییەکان هەوڵی خۆداڕنین لە مێژووی بینراوی تایبەت دەدات، بە جۆرێک کە لە ڕێگەی ئەوەوە دابڕانێک دروستببێت لە نێوان ئەوەی مرۆڤ باوەڕی پێیەتی و ئەوەی ئەنجامیدەدات"[1]. ئەمەیش لە ئاستی ئەوەدا نامانهێڵێتەوە بڵێین دژیەکییەکی ویستراو هەیە بەهۆی کۆبوونەوەی باوەڕبوون بە غەیب و باوەڕبوون بە مادە دروستبووە، بەڵکو پاڵمانپێوەدەنێت بەرەو تۆمەتبارکردنی عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی بەوەی توشی گرێی شیزۆفرینیا بووە، لەو ڕێگەیەوە خاوەنەکەی بە جۆرێک دەردەخات کە تێیدا نییە، بەهۆی ئەوەی خاوەنی کەسایەتییەک نییە، کە ئەگەر لەدەستدرا، ئەوا شتی زۆری لەگەڵدا لەدەستدەدرێت.

یەکێکی تر لە بۆچوونەکانیان، ئەگەریش بە لای ئەو تایبەتە دەچێت کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست لە گشتییە، قسەی یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکانە کە سەرسوڕمانی خۆی لەوە دەردەبڕێت، ئیبن خەلدون لە کاتێکدا قازیی و شەرعزان بووە، مەرجەعیەتێکی ئیسلامیی هەبووە، ئەوەی توانیوە بەرهەمبهێنێت: "تاکە گریمانەیەک، کە بە تەنها ئەو گریمانە قبوڵکراوە، ئەویش دانانی فیکری ئیبن خەلدونە بە کۆمەڵێکی دژیەک. ئیبن خەلدون لە ڕووی فەلسەفییەوە... باوەڕێکی ڕەهای بە دەرکەوتنی خودایی (الكشف الإلهي) هەیە، بەڵام ئەوەی پەیوەندداره بە جیهانی بەرجەستە، ئیبن خەلدون وەکو بیرمەندێکی ئەزموونیی (مفكر تجريبي) ڕەفتاردەکات"[2]. لەبەرئەوە کێشکردنی لەدەستداوە "دوو ئاراستەی فیکریی دژیەکن"[3].

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥٦.

[2] لاكوست، العلامة ابن خلدون، سەرچاوەی پیشوو،ص ٢٣٤.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣٥.

**ح- عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی عەقڵێکە بە ڕابردوودا هەڵدەڵێت:**

عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی زۆر جار بەوە وەسفکراوە بە ڕابردوودا هەڵدەڵێت، زیاتر لەوەی ڕووی لە ئیستا و داهاتووی بێت. ئەمەیش سیفەتێکە وایلێناکات لە واقیعی خۆیدا بژی، بەو ڕادەیەی وایلێدەکات لە واقیعی کەسانێکی تردا دەژی کە نەماون، ئەمەیش دەریدەخات کە کۆن ئامادەیی نابێت "بە ناواخنێکی نوێوە، کە سودی هەبێت بۆی و بیگەیەنێت، بەڵکو ئامادەبوونەکەی لەگەڵیدا شان بە شانی دەبێت و ڕکابەرایەتییدەکات و دەیبەستێتەوە"[1].

ئەوانەی وادەڵێن پێیانوایە ئەم کارە وادەکات کەسی عەرەبیی کاتێک بیر لە ئایندەی دەکاتەوە "جێپێی خۆی لەم ئێستا ڕەتکراوەیەدا نابینێتەوە، بەڵکو بە شوێن جێپێیەکی تردا دەگەڕێت، لە ڕابردووی شکۆدارکراودا، کە هەموو ئومێدەکانی ئایندەی دەکەوێتەسەر"[2].

گوتنی ئەمە وادەکات ئەو عەقڵەی وەسفکرا عەقڵێکی هەڵگەڕاوەیی بێت کە توانای بە ڕێککەوتنی نییە، لەگەڵ ئەوەدا هۆکارەکانی بۆ لای دەگەڕێتەوە و بەرەو ویست و ئیرادەیەتی، ئەگەر ئایندەی مەیلی بە لایدا هەیە -بەپێی ئەم قسەیە- ئەوا لە توانایدایە لەسەر سودمەندبوون لە وزە مادیی و مەعنەوییەکانی دایبمەزرێنێت.

ئەو ڕەوتە گشتگیرەی لێرە پشتیپێبەستراوە، هەر وەکو لە شوینی تردا، ئەو بیرۆکەی زۆرێک لە عەرەبە نوێخوازەکان جیادەکردەوە، بەبێ بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی قسەکان و لێپێچینەوە لە دەربڕینەکان، قسەکان بەبێ بیرکردنەوە دەکران وەکو ئەوەی خاوەنی حەقیقەتێک بێت، کە پوچایەتیی لە هیچ لایەکەوە بۆ نەیەت، وەکو ئەوەی خوێندنەوەکەی بە ڕێسایەک بێت کە هەڵاوێرد (استثناء)ی تێدا نەبێت.

ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەمە، لێرەدا گشتاندن ببینین، کەموکورتیی لە ناساندن بۆ کەسانێکی تر ببینین لە قسەیەکی تردا، تێیدا وا وەسفی سەلەفیەت دەکات -سەلەفیەت بە تەنها- بەو پێیەی کە تێڕوانینێکی مەیلدارە بە لای ڕابردوودا، دەگوترێت: "ئەم تێڕوانینە سەلەفییە (ڕابردووخوازە) تەنها یەک توانا بۆ مرۆڤ دەرەخسێنێت، ئەویش

---

[1] الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص٥١.

[2] الجابري، كيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پیشوو، ص٤٩.

ئاوڕدانەوەیە بۆ دواوە، خواستی گەڕانەوە بۆ پاش و ڕازاندنەوەی ئێستایە لە لایەن ڕابردووەوە بە شێوەیەکی بێسەروبەری سوک"[1].

ئایا ئەم وەسفە گشتییە وەربگرین کە هیچ عەرەبێک بەدەرناکات، یان ئەو قسەیە وەربگرین کە وەسفەکەی تەنها ئەو کەسە دەگرێتەوە کە خاوەنی وتەکە دژایەتییدەکات؟

لەگەڵ ئەوەدا ئێمە لە لایەکی ترەوە دەبینین ئەم وەسفەی دابڕاوە بەسەر عەقڵی عەرەبیی ئیسلامییدا، چ وەک بەش، چ وەک گشت، دەروازەیەکی مەترسییدارە لەو دەروازانەی هەر کەس ویستبێتی هێرشبکاتە سەر ڕۆشنبیریی ئیسلامیی پەنای بۆ بردووە و کردوویەتی بە بنەڕەت بۆ هێرشەکەی. لە کۆندا "جوڵانەوەی شعوبیەت پەنایدەبردە بەر هێرشکردنەسەر ڕابردووی عەرەب و تانەلێدانی"[2]، لەپێناو دانانی سنورێک بۆ ڕۆشنبیریی ئیسلامیی پەیڕەوانی.

لە سەردەمی نوێدا ڕۆژهەڵاتناسان کردوویانەتە دەروازەیەکی مەزن و لێیەوە هاتن بە مەبەستی شێواندنی کەلەپووری ئیسلامیی بەو شێوەیەی کە لای زۆرێک لە ڕۆڵەکانی ئوممەتی ئیسلامیی هەڵگەڕاوەتەوە و وایان لێهاتووە دژایەتیی ڕۆشنبیرییەکەیانن و خزمەتی مەبەستەکانی ئەوانی تر دەکەن، ئیدی هەستیپێبکەن، یان هەستیپێنەکەن، ڕویانکردووەتە کەلەپوورەکەمان پاش ئەوەی زانییان "دەکرێت هەتا ئەوپەری سنور دەکرێت شیکردنەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی بکرێت، بە مەبەستی تێگەیشتن لە بنچینەکەی و هەرسکردنی توخمە چاکەکانی"[3].

وەکو پێویست ڕونکرایەوە کە هەموو ئەوانەی دوژمنایەتیی ڕۆشنبیریی ئیسلامییان کردووە، ئیدی بێگانە بن بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کەلەپوور و دابونەریت و تێڕوانینەکەی بووبنە ڕۆژهەڵاتناس، بە مەبەستی خزمەتکردنی ئەو لایەنانەی کە ڕۆڵیان لە ڕۆشنبیریی و ئەوەی پەیوەندیدار پێیەوە دوور، یان لە نەوەکانی ئوممەت بووبن کە دەستیاننەگرت بە ناسنامە ناوازەکەیەوە، وا گومانیان برد ئەوا بەو هەڵوێستە خراپانەیان لە هەنبەر کەلەپوور کارێکی باش دەکەن و لەسەر ئاراستەیەکن کە بەهۆیەوە پێشکەوتنی ئوممەت و گەشەسەندنی دێتەدی،

---

[1] تیزيني، مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الحديث، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٤.

[2] الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٠.

[3] رودنسون، مكسيم. "الدراسات العربية والإسلاميه في أوروبا"، الاستشراق بين دعاته ومعارضيه، محمد أركون وآخرون، ترجمة: هاشم صالح، بيروت: دار الساقي، ط١، ١٩٩٤م، ص٧٠.

بەڵام ئەوەی ئەو کەسە ئەنجامیدەدا دەگەیشتە کۆتا ویستگە و کەسانی جگە لە ڕۆڵەکانی ئوممەتی ئیسلامیی سودیان لێدەبینی.

هەموویان لە میانەی پرۆژەی گەورەدا کە لەسەر ڕێککاری زۆر و قۆناغی جیاواز دامەزرابوو، پەنایان بۆ ڕەخنەگرتن لە عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی دەبرد، بە بوختانکردن بۆی ڕێگەیان بۆ پرۆسەیەک خۆشدەکرد، کە ئازارەکەی ناواخنی کەلەپوور و ڕۆشنبیریی دەگرێتەوە، چونکە ئێمە کاتێک ڕەخنەگرتن لە عەقڵی عەرەبیی ئیسلامیی قبوڵدەکەین، ئەوە دەبێتە دەروازەی بنەڕەتی گومانکردن لە کۆی ئەوەی ئەو عەقڵە بەرهەمیهێناوە. هەروەها دەبێتە دەروازە بۆ لەدەستدانی متمانە بە هەموو ڕۆشنبیریی ئیسلامیی و بەخششە شارستانییەکانی کە لە ڕابردوو و ئێستادا، سەرچاوەی سودێکی گشتگیرە بۆ مرۆڤ؟

بۆ ئەوەی هەندێک لەوەی پەیوەندداره بەم لایەنەوە ڕونبکەینەوە، باس لەمانە دەکەین:

**٢- ڕەخنەگرتن لە دەستکەوتی کەلەپووریی:**

لە سەردەمی نوێدا هێرشکرایە سەر دەستکەوتی کەلەپووری ئیسلامیی وەکو پرۆژەیەک، یان بەشێک لە پرۆژەیەک، لەگەڵ ڕۆژهەلاتناساندا دەستپێیکرد. پاشان ئەوە چەندین ڕەوتی تری تازەگەریی، سەرەڕای جیاوازییان، ئەرکی ڕوتێکردنێکی گەرموگوڕیان بەرەو کەلەپووری ئیسلامیی و مەرجەعیەتەکانی گرتەئەستۆ، بە مەبەستی ڕەخنەلێگرتنی، ڕەخنەیەک کە هیچ سنورێک ناهێڵێت و لە هیچ ئاستێکی دەمدرێژیی سەرەڕۆییانە ناوەستێت، بەبێ لێکجیاکردنەوەی بوارێکی مەعریفیی و یەکێکی تر. لەم ڕوانگەوە ئەو ڕەوتانە پێیانوایە کە ڕەخنەگرتن لە ڕۆژئاوا بەپێی پێویست کراوە! پێویستە ئەمەیش بکرێتە ڕوانگەی بنەڕەتیی بۆ دۆزینەوەی نەنگیی و کەموکورتییەکانی خود، بە تێڕوانینێکی ڕۆژئاواییانە کە دان بە پیرۆز (مقدس)دا نانێت و ڕێز لە مەرجەعیەت و سەرچاوەی ناگرێت، چونکە ڕەخنەگرتن لە بەرانبەر ئەگەر بەشی خۆی وەرگرێت، ئەوا پێویستە سنوردارکردنی موجامەلە و ڕوپامایی و زیادەپیاهەڵدان لاببرێت و پیرۆزێتیی لە زۆر ناوچەی قەدەغەکراو لەسەر بیرکردنەوە و ڕەخنە نەهێڵدرێت"[١].

تێبینییەکی دووڕوو لەو بارەیەوە بە توندیی بەرەو لایمان دەبات، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە ڕۆژهەلاتناسیی ئەگەر ئەرکی ڕەخنەگرتن لە خودی ئیسلامیی

---

[١] هيئة التحرير، "النهضة في أفق وحدوي"، سەرچاوەی پێشوو، ص٦.

لـەخۆگرتووە و کـاری هەڵوێسـتەکردنە لەسـەر بابەتـە ڕۆشـنبیرییەکانی، جارێـک ناتەواوییەکانی گەورەبکات و جارێکی تریش حەقیقەتەکانی بشێوێنێت، ئەوا ڕۆڵێکی بینیوە لـە پێناسـەکردنی ڕۆشـنبیریی ئیسـلامییدا کـە ئاسـان نییـە. لێکۆڵینـەوەی لـە دەسـتخەتەکانی کـردووە و خوێندنـەوەی بـۆ زانسـتەکانی کـردووە و پێڕسـتی بـۆ ناوەرۆکـەکانی کـردووە و تـەپوتۆزی سـاڵانی لەسـەر تەکانـدووە لـە کاتێکدا لـەژێر دراوپەردووی خۆنەناسیندا بووە.

بـەڵام ڕووی پشـتەوەی ئـەم تێبینییـە ڕەوتێکـی پێچەوانـەی هەیـە، چونکـە ئـەو نوێگەرانەی ئەرکی ڕۆژهەڵاتناسانیان لە لێکۆڵینەوە لە بابەتەکانی ئوممـەت درێژەپێدا، هەمان ئەرکیان بەجێنەهێنا کە ڕۆژهەڵاتناسەکان کردبوویان، یان با بڵێین بە هەندێکی هەستا و لە هەندێکیشی خۆی بەدوورگرت. لێکۆڵینەوەکە لەسەر پێی خـۆی وەستاوە و ئەو لایەنانەی لەخۆگرتووە کە ڕۆڵێکی گەورەیان لە گوماندروستکردن بۆ تاکەکانی ئوممـەت لـە ڕۆشـنبیریی و کەلەپوورەکـەیان ڕێبـازی پێشـینانیان کـە بـە شـێوەیەکی بـەرچاو لـە ئێسـتای دونیـای خەڵکییـدا هەیـە دروسـتبکات، بـەڵام لایـەنی دووەمـی تەواوکەری پرۆژەی ڕۆژهەڵاتناسیی، کە بریتییە لە بەدیهێنانی کەلەپووری ئیسـلامیی و دەرهێنـانی بـۆ خـەڵک، دەردەکـەوێت کـە لـەو ڕۆڵانـە نییـە کـە لـە لایـەن نوێگـەرانی ڕۆڵەی ئوممەتەوە گیراونەتەخۆ.

نوێخوازان لە پەیوەندییان لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامیی هەستێکی شێواویان هەیە بەوەی کە نایانەوێت کەلـەپوور لـە خۆیدا ببوژێننـەوە -لێکۆڵینـەوەی تێدا بکـەن و بـۆ خـەڵکی دەربهێـنن و بـەو دەرئەنجامـە بگـەن کـە ویسـتیان لێـی نییـە- لەبەرئـەوە لێکۆڵینەوەکـەیان ناچێتـە چوارچێـوەی توێژینەوەیـەک کـە بەهۆیـەوە بوژانـەوەی کەلـەپوور بێتـەدی، بـەڵکو دەچێتـە نـاو ئـەوەی لێیـەوە بـەئامانجگرتنی بـۆ لـەناوبردنی ئـــەوەی دەربـــازکراوە و ژیـــانی بەبەرداکراوەتـــەوە پـــاش ئـــەوەی لـــە حـــوکمی ئێسکوپروسکی داخوراودا بووە.

لە ڕاسـتییدا ئاڕاسـتە ڕۆژئاواییـەکان بـە هـەردوو لایـەنی لیبراڵیـی و مارکسـییەوە گرنگییان بە کەلـەپووری ئیسـلامیی داوە، چۆن گرنگییپێدانێک، ویستوویانە تێڕوانینـە جیاوازەکانی خۆیانی لە کاتی لێکۆڵینەوەیدا بەسـەردا جێبەجێبکەن، ئەوەیان لیبراڵیی بـووە ئاڕاسـتەیەکی تایبـەتی هـەبووە کـە لـە خزمـەت داگیرکـاریی مادییـدا بێـت، ئەوەیشـیان ویسـتێکی کۆمەڵایـەتیی هـەبووە بـە شـێوەیەک بـەرەو ڕووی هـاتووە کـە پێویسـتیدەکات بیرۆکـەکانی سـەرکوتبکرێت و لـە جێگەیاندا ئـەوەی لەگـەڵی گونجـاوە

بچەسـپێنرێت، بـە جۆرێـک دەیـەوێت بونیـاتی بگۆڕێـت و چەسـپاوەکان (ثوابـت)ی تێبپەڕێنێت.

بەم جۆرە بینیمـان هـەر دوو ئاڕاسـتەکە لـە کێبرکـێ و ململانێدان، هـەر یەکـەیان دەیەوێت بە شێوەی خۆی کاربکات لەپێناو پەیداکردنی لایەنگر و چەسپاندنی ئـەوەی خۆی بـاوەڕی پێیـەتی، ئـەمەیش بە لێکۆڵینـەوەی بۆ کەلـەپووری ئوممـەت کەبووەتـە قوربانییـەک، کـە شـەپۆلەکان ئەمسـەرو ئەوسـەری پێدەکـەن. بینیمـان ڕۆژهەڵاتناسـە لیبراڵـەکان بـە ئاشـکرا بانگەشـەی جێبـەجێکردنی ئـەو پرۆگرامانـەیان دەکـەن، کـە خزمـەتی تێڕوانینـی وڵاتـەکانیان بەرانبـەر ئـەو وڵاتـەی لێکۆڵینـەوە لـە کەلەپوورەکـەی دەکـەن دەکـات، سـەرەتایش بـە مەنهـەجی فیلۆلـۆجیی دەسـتپێدەکات[1] و بـە بـەراوردە ئەنسرۆپۆلۆجییەکانی نێوان ڕۆژئاوا لەگەڵ تاکەکانی گەلانی ئیسـلامیی تێدەپـەڕێت[2] و بـە مەنهەجـە خـاوەن-تێڕوانینـە سودویسـتەکەیان[3] کۆتاییپێـدێت، کـە زۆر کـەس بانگەشـەیان بۆ کردووە لە سەرووی هەموویانەوە میکیاڤیلی[4].

لەم میانەدا، نوێخوازیی عەرەب پێگەیەک بۆ خۆی دەدۆزێتـەوە بۆ بەشدارییکردن لـە پاڵنـانی ئـەم پێشـبڕکێ هەڵگیرسـاوە بـەرەو ئەوپـەڕی، پشـکدارییەک لـەوەوە لـە خزمەت تێڕوانینی ڕۆژئاوایی لەسـەر حسـابی کەلـەپوور و ڕۆشـنبیریی ئوممەتەکـەی، موحەممـــەد ئـــەرگۆن دەڵێـــت: "فیکـــری ئیســـلامیی پێویســـتی زۆر بـــە دوبـــارە

---

[1] ئەرکۆن باسی ئەوە دەکات ڕۆژهەڵاتناس "ویلفرید کانتۆیل سمیس" مەنهەجی فیلۆلۆجی لەسەر سەرچاوەکانی یاسادانانی ئیسلامی جێبەجێ کرد، لەڕێیەوە بۆی دەرکەوت "ئەم بنچینانە هیچ ناکەن جگە لە ملکەچکردنی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ یاسای پیرۆز. بڕوانە:

- أركون "في فهم الإسلام"، الاستشراق بين دعاته ومعارضيه، سەرچاوەی پیشوو، ص٢٥٢.

[2] ڕۆژئاواییەکان مەنهەجە ئەنسرۆپۆلۆجییەکانی خۆیان لەسەر زۆرێک لەگەلانی ئیسلامی جێبەجێ کردووە، لەسەروی هەمووشیانەوە لیفی ستراوس. بڕوانە:

- لكلرک، جيرار. الانثروبولوجيا والاستعمار، ترجمة: جورج كتورة، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات، ١٩٩٠م.

[3] تێڕوانینی سوودگەریی لەپەیوەندی ڕۆژئاواییەکان بەگەلە داگیرکراوەکانەوە لەنێویشیاندا جیهانی ئیسلامی زۆر زاڵ بووە، وەها سەیریان کردووە کە هەر کارێک بکەن ڕەوایە بۆیە بەگوێرەی ئەم ڕێسایەیان "مەبەست ڕەوایەتی دەداتە ئامرازی بەدیهێنانی".

[4] ناوی: نیکۆلا میکیاڤیلییە، ساڵی ١٤٦٩ز لەدایکبووە، ساڵی ١٥٢٧ز مردووە، نووسەرێکی ئیتاڵییە، بەمەیلی سوودوەرگرتن لەڕووی تیۆری و جیبەجیکردنەوە ناسراوە. بڕوانە:

- Laffont Robert Le nouveau dictionnaire des auteurs de tous les temps et de tous les pays، paris: bouquins، 1998، p.، 1987.

تەئویلکردنـەوەی گوتـاری قورئـانیی و هـەموو ئـەو پێکهاتـە لاهـوتیی و فیقهیـی و ئەخلاقییانە هەیە کە لێیەوە بەرهەمهاتووە، ئەمەیش لەبەر ڕۆشنایی ئەو پرسیار و مەنهەجانەی زیاتر نوێخوازن لە ڕخنەگرتن لە ئایدیۆلۆجیەتەکاندا"[1].

لەوانەیـە کەسـێک بێتـو بڵێـت، جێبـەجێکردنی مەنهـەجێکی دیـاریکراو لـەسـەر ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو واتای تانەلێدانی نییە. لە ڕاستییدا ئەم قسەیە گوزارشت لە ڕادەی مەترسیی کارەکە نییە، چونکە مەنهەج تێڕوانین و هەڵوێستە، خاوەنی ئەم قسەیە باس لە مەبەستی بانگەوازەکەی دەکات و دیاریدەکات مەبەستی "لە هەموو ئەمە دزەکردن (یان شکاندن)ی هەموو دیوارە ڕۆشنبیرییە بەربەستەکان و هەموو دیاریکراوەکان و ئەو چوارچێوە فیکرییانەیە کە بەهۆی ڕۆژگارەوە پیرۆزکراون"[2].

لـە پـاڵ ئەمانـەدا، ڕۆژهەڵاتناسـە مارکسـییەکان دەبینـین وەکـو چـۆن تینوویـەک پەلاماری ئاوی سارد و سازگار دەدات، هەر بەو شێوەیە داویانە بەسەر کەلەپووری ئیسـلامییدا و وایلێهـاتووە زۆرێـک لـە ڕۆڵـەکانی ئوممـەت هـەمان ویسـتی ئـەوان دەڵێنەوە، داوای ئەوە دەکەن پێویستە بە مەنهەجیی، مادیی، مێژوویی، خوێندنەوە بۆ کەلەپووری ئیسلامیی بکرێت و دەڵێت: "ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی پێشتر، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم مەنهەجیەتە، هەر ئەو لە توانایدایە بابەتی "کەلەپوور"ی عەرەبیی - ئیسـلامیی بخاتـە بەرباس و مافـەکانی ئـەم کەلـەپوورە و لایەنە گەشاوە ئەرێنییە دزراوەکانی بگێڕێتەوە"[3].

ئێمە دەمانەوێت هەڵوێستە لەسەر هەندێک بابەت بکەین کە ئەوانە خوێندنەوەیان بۆ کـردووە، بـە جیـاوازیی ئاراسـتەکانیانەوە، لـەپێناو ئـەوەی لـە ڕێگەیانـەوە پلـەی زانستیی ئەو مەنهەجانەی کە زۆر پێیاندا هەڵداوە بزانین، کە جارێک نزمیی ئاستی دەردەخات و جارێکی تر ڕادەی کینەیان بەرانبەر کەلەپووری ئیسـلامیی دەردەخات. با ئەوەی دەمانەوێت لەمانەدا بخەینەڕوو:

### أ- دەستەبژێری مێژوویی (الانتقاء التأريخي):

زۆر جـار دەبینـین ئەوانـەی لەسـەر ئـەم ڕێـڕەوەن لـە لێکۆڵینـەوەی کەلـەپووری ئیسلامییدا، خۆیان لە بابەتی کێشە جۆراوجۆرەکانی دەدزنەوە، هەر وەکو لە ڕووی سەردەمیشەوە بە لێکۆڵینەوە لە سەردەمە جیاوازەکانی، خۆی دەدزێتەوە.

---

[1] أركون، "في فهم الإسلام"، سەرچاوەی پیشوو، ص٢٥٢.
[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
[3] تيزيني، مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط، سەرچاوەی پیشوو، ص١٣٦.

لـەو نمونـانەیش –وەکـو ئـەرگۆن باسـیدەکات- ڕۆژهەڵاتناسـانێک دەبینـین لـە توێژینەوەکانیاندا لەسـەر ئـەم کەلـەپوورە بـە زۆریـی و فرەییـەوە، لـە ڕووی کاتـەوە گرنگییـان بـە ڕوبـەرێکی درێـژ نـەداوە، کـە چەنـدیین سـەدە دەگرێتـەوە، تـەنها چەنـد قۆنـاغێکی مێژووییـان دەسـتەبژێر کـردووە، زۆریـان دانیـان بـەوەدا نـاوە کـە لـە گرنگییپێدانەکانیانـدا زیـاتر لەسـەر ئـەوە بـووە کـە لایـان پێویسـتبووە –زۆر کـات- هەندێک ماوەی مێژوویی بووە زیاتر لەوانی تر، ئەویش ئەو ماوانەیە کە لای ئەوان زیاتر پرشنگدار و ڕوناکتر بووە لەوانی تر"[1].

واتـای ئـەوەی قۆنـاغێکی مێژوویـی پرشـنگدارتر بێـت بـە پێـوەری زۆرێـک لـە ڕۆژهەڵاتناسەکان، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە تێیدا شـوێنێکی بـەپیت بێت بۆ ئـەوەی هەموو هەڵوێستە گوماناوییەکانی خۆیان بەرانبـەر ڕۆشـنبیریی ئیسـلامیی بخەنەگـەڕ، لەمەدا زیاتر چاویان لەسەر –هەر وەک موحەممەد قوتب ئاماژەی پێدەدا- ئەوەیە کە "مێـژووی سیاسـیی مسـوڵمانان پێیانـدەدات... گومـانی تێـدا نییـە مێـژووی سیاسـیی مسوڵمانان خراپترینی ناو مێژووەکەیانە!"[2]

ئـەوەیش ئـەو دەرئەنجامانەیـە کـە "وەکـو دەسـتکەوتی کۆتـایی زانسـت دانـراوە"[3]. ئـەمەیش "وێنەیـەکـی ناڕاسـتی ئـەو مێـژووە پیشـاندەدات... وێنەیـەکی شـێوێنراوی پێچەوانەی وێنە ڕاستەکە!"[4]

کاتێک ڕۆژهەڵاتناسان چاویان زیاتر لەسەر چەند قۆناغێکە بە دیاریکراویی، ئەمە بەڵگـە نییـە لەسـەر بێئاگاییـان و کەمتەرخـەمییان لـە مەعریفـە و ئاگـاداربوون لێـی دەرناخـات، بـەڵکو پیشـاندەری مەیلیانـە بـۆ لای تێڕوانینێـک کـە تـەنها دەیـەوێت کەوتنەکان پیشانبدات و مێژووی مسوڵمانانیش بەدەر نییە لێی، بە مەبەستی گەیشتن بـە ئامانجێـک کـە پەیوەنـدداره بـە ڕۆڵـەی مسـوڵمانانەوە، بـۆ ئـەوەی حەقیقـەتی شارستانیەت و کەلەپوورەکەیان لێبشێوێنن. ئەمە ویستی گەیشتنە بەوەی "مێژووی ئیسلامیی شتێکی تێدا نییە جێگەی شانازیی مسوڵمانان بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە وادەکات لێی دوودڵ بێت و دووربکەویتەوە"[5].

---

[1] أركون،"كلود كاهين يرد على أنور عبد الملك، رسالة الى رئيس تحرير مجلة ديوجين"، الاستشراق بين دعاته ومعارضيه، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٧.

[2] قطب، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٣.

[3] رودنسون، "الدراسات العربية والإسلامية في اوروبا"، سەرچاوەی پێشوو، ص ٦٣.

[4] قطب، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٩.

ئەگەر گرنگییدان بە چەند ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوو دەمی ڕۆژهەڵاتناسان بۆی لێکبکات، ئەوا بە هەمان شێوە ویستیان لە گرنگییدان بە بابەتی دیاریکراو هەیە، دەبینین لە ناویاندا گرنگییدانیان بە لێکۆڵینەوە لە شیعری عەرەبی کۆن، کە ئەمەیش بەرەو دانانی ئەو بیردۆزانەی بردوون کە گومانیان لە حقیقەتی هەیە[1].

گومانی خراپبردن بە شیعری عەرەبی کۆن هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆشنبیریی ئیسلامییەوە نییە، بەڵام خراپییەکە زیاددەکات کاتێک قسە لەسەر هەر شتێک دەکەن گێڕدراوەتەوە و گێڕانەوەی ئەم شیعرانەیش، ئەمە خۆی لە یادگە "ذاكرة"دا دەبینێتەوە. لێرەدا دەبینین ئامانجیان تەنها لەوەدا نییە گومانی لێدەکەن، بەڵکو چاویان لەوەیە حوکمەکە گشتگیربکەن بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کە هەمان ئامرازی بۆ بەکاردێت، لە ناویشیدا قورئانی پیرۆزە و فەرموودە پیرۆزکان.

مەترسییەکە تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە گوتراوە، ئەگەر خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی پتەو بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکە هێنراوەکان، بەڵکو خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کاتێک دەیڵێتەوە، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسیبکات، لە پێشتر ئەوەیە شوێنی بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵاتناسان نەکەوین "لە فەرامۆشکردنی ئەوەی ئەوان فەرامۆشیانکردووە و چاوپۆشییکردن لەوەی ئەوان لە حەقیقەتی مێژوودا چاوپۆشییان لێکردووە"[2]، بەڵکو لە پێشتر ئەوەیە لە هەر جوڵەیەکیان وریابین، کە لەسەر ئامانجێکی گوماناویی دامەزراوە و پێویستە لێی چاودێرییبکرێت و وردبینیی لێبکرێت، هەتا بێتاوانیی ئەو ئامانجەیان دەردەکەوێت، گومانی خراپبردن پێیان پێویستە!

لە ڕوکارەکانی تری دەستەبژێری مێژوویی، کە ببینین هەندێک لە نوێخوازان ڕایبگەیەنێت پرۆژەکەی لە خوێندنەوەی کەلەپووری ئیسلامییدا وایلێکردووە کە "بابەتە سەرەکییەکانی فیکری عەرەبیی ئیسلامیی مامناوەند بکاتە ئامانج، کە کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لەسەر پێکهێنان و گەشە و پێشکەوتنی ئەم فیکرە"[3].

---

[1] جابری لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "بۆ ئەوەی شیعرێک بدەیتە پاڵ شاعیرانی سەردەمی جاهلی، پێویستە بە کرداریی لەوێدا بێت، نەک تەنها (شاعیرانی جاهلی)، بەڵکو بە هەمان شێوە شیعری جاهلیش لەسەر ڕێڕەوی خۆی دەچنرێت، تەزویرکردن بەبێ بوونی نمونەیە پێشتر لە تواناداا نییە". بڕوانە:

- الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٧.

[2] قطب، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣.

[3] تيزيني، مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥.

ئەوەیش ڕێگەیەکە کە تەنها ئەوانەی کاریان لە فەلسەفەدا کردبێت توانیویانە ئاوڕی لێبدەنەوە، ئەمە یەک. پاشان بەو کێشانەی کە پێیوابووە فریاگوزارە بۆ جێبەجێکردنی مەنهەجی مادیی و مێژوویی. هەروەها پێیوایە بۆ پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی تایبەت سەبارەت بە بابەتانێکی دیاریکراو لە مێژووی ئیسلامییدا هەبووە.

**ب- هەڵگەڕانەوەی ڕاستییەکان:**

پشتبەستن بە دەستەبژێریی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامیی، ئەوا تەنها ئەو خاڵانە هەڵدەبژێرێت کە لە خزمەتی تێڕوانینی لێکۆڵەردایە، لەمەدا کۆسپ و سەختیی دێتە ڕێگەی بەهۆی ئەوەی دەقەکان لەخۆیانگرتووە، ئەو کاتانە لێکۆڵەر پەنادەباتەبەر هەڵگەڕانەوەی حەقیقەتەکان بەو جۆرەی کە لەگەڵ ئەوەی باوەڕی پێیەتی دەگونجێت.

نمونەی ئەمەیش، تەیب تیڤینی دەبینین -لە میانەی قسەکردنی لە بارەی "خەساندنی کۆیلە" لە ماوەی خەلافەتی ڕاشیدین و ئەمەوییدا- ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "خەساندن"ی کۆیلە "شێوەی سەرەکیی سنوردانان بووە بۆ ژمارەیان لە دەوڵەتدا"[1]. لە کاتێکدا تەواو دڵنیایە لەوەی ماوەی حوکمڕانیی خەلافەتی ڕاشیدین پاکترین ماوەیە لە مێژووی ئیسلامییدا و چاک دەزانێت کە ئیسلام ئەو جۆرە کارانەی حەرامکردووە کە بەهۆیەوە خاوەنەکەی کاتێک لە ماڵ نەدەبوو ناموسی خۆی پێدەپاراست، ئەوا لە لایەکی تروە پێشێلکردنی مافی کەسانی ترە.

کاتێک مرۆڤ ئەم جۆرە قسەی لەسەر زاری مامۆستایەکی زانکۆوە گوێلێدەبێت کە ناوبانگی لە هەموو زانکۆ عەرەبییەکاندا هەیە و بێئاگایە لەوەی کەمبوونەوەی ژمارەی کۆیلە بەهۆی بانگەوازی ئیسلام بۆ ڕزگارکردنیان بوو، نەک "خەساندن" کە ڕێگرە لە زۆربوون و منداڵبوونیان، بە جۆرێک ڕێگەی و ڕێڕەوی تری بۆ ڕزگارکردنیان دانا. لەوانە ئازادکردنیانی کردووەتە کەفارەت لە هەندێک حاڵەتی دیاریکراودا[2] و چاکەی خۆبەخشانە لەپێناو نزیکبوونەوە لە خودای گەورە، دەروازە

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٥.

[2] لەوانە کەفارەتی سوێندخواردن، خوای گەورە دەفەرموویێت: (لَا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغۡوِ فِيٓ أَيۡمَٰنِكُمۡ وَلَٰكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ ٱلۡأَيۡمَٰنَۖ فَكَفَّٰرَتُهُۥٓ إِطۡعَامُ عَشَرَةِ مَسَٰكِينَ مِنۡ أَوۡسَطِ مَا تُطۡعِمُونَ أَهۡلِيكُمۡ أَوۡ كِسۡوَتُهُمۡ أَوۡ تَحۡرِيرُ رَقَبَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ ثَلَٰثَةِ أَيَّامٖۚ ذَٰلِكَ كَفَّٰرَةُ أَيۡمَٰنِكُمۡ إِذَا حَلَفۡتُمۡۚ وَٱحۡفَظُوٓاْ أَيۡمَٰنَكُمۡۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٨٩) (المائدة) و، کەفارەتی کوشتن، خوای گەورە دەفەرموویێت: (وَمَا كَانَ لِمُؤۡمِنٍ أَن يَقۡتُلَ مُؤۡمِنًا إِلَّا خَطَـٔٗاۚ وَمَن قَتَلَ مُؤۡمِنًا خَطَـٔٗا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُواْۚ

بە ڕووی مسوڵمانان‌دا والاکرد، بەوەی مرۆڤبوون ببەخشنەوە بە براکانیان، ئیتر هەڵپەدەکات بۆ گوماندروستکردن لەسەر ڕەوشتی مسوڵمان و بێزراوکردنی شارستانیەتی ئیسلامیی، بە تایبەت ئەگەر قسەی لێکۆڵەر بە قسەی کۆتایی دانرا و قابیلی مشتومڕ نەبوو، ئەوا لە مێشکیدا دەچەسپێت کە ئەو شارستانیەتە لەسەر بناغەی مرۆڤبوون دانەمەزراوە، ڕۆڵی نەبووە لە دەربازکردنی خەڵک لە تاریکییەوە بەرەو ڕوناکیی. بەوەیش ستایشکراو دەبێتە لۆمەکراو و سەرزەنشتکراو، پێگەی جیابوونی ئەرێنیی دەبێتە جێگەی ڕەخنەگرتن.

کاتێک بەدوداچوون بۆ ئەو کارەی لێکۆڵەر دەکەین، دەبینین لە کتێبەکانی مێژوو و سەربوردەکاندا نییە، بەڵکو تەنها لە کتێبی ڕۆژهەلاتناسەکان و ئەوانەی لە حوکمی ئەواندان هەیە، بەزۆریش لێکۆڵەر لەوانەوە قسەی گواستووەتەوە[1]، ئەمەیش بۆ پوچەڵکردنەوەی بانگەشە هەڵبەستراوەکانیان نا، بەڵکو لەپێناو پاکانە و شایەتییدان، ئەمەیش تێکەوتنێکە لێخۆشبوونی بۆ نییە، بۆ کەسێک بانگەشەی خزمەتێکی بابەتییانە دەکات هەتا بەهۆیەوە کەلەپوور بەرزببێتەوە.

سەیرتر لەمە، لێکۆڵەر کۆششبکات خۆی لەوەی وا پیشانبدات ئەوەی لە ناخدا پەنهانە دەیزانێت، لە میانەی قسەکانیدا سەبارەت بە گەشەسەندنی ئیسلام و هێزەکەی کە توانای ئەوەی پێبەخشیووە بەرەو مەبەستێکی مرۆیی گشتیی هەنگاوبنێت باسی ئەوە دەکات هەندێک لەوانەی ئەو تواناییەیان پێبەخشی مسوڵمانبوونیان بە مەبەستی سەرخستنی نەبوو، هێندەی بە ئامانجی تەقاندنەوەی لە ناوەوە بوو. پاشان ڕامکردن و بەدیهێنانی بەرژەوەندییە کۆمەلایەتیی و ئابورییەکانیان "کە دەستەوسان بوون لە پارێزگاریلێکردنی و تۆکمەکردنی ئەگەر لە دەرەوەی بمانایەتەوە و بەرنگاری ببوونایەتەوە"[2].

---

فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰ أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ اللَّهِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا﴿٩٢﴾) (النساء: ٩٢) و، کەفارەتی زیهار (کەسێک سوێند بخوات ژنەکەی لەجێی دایکییەتی)، خوای گەورە دەفەرموویت: (وَالَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴿٣﴾) (المجادلة:٣).

[1] بڕوانە پشتبەستنی پێیان لە:

- تيزيني، مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٢و١٤١و١٤٨و ١٥٢و١٥٨و١٧٢...الخ.

[2] سەرچاوەی پیشوو، ص ١٠٢.

ئـەو شـێوازە زانسـتییەی بانگەشـەی بـۆ کـراوە سـنوری ڕوکەشـی پڕوپاگەنـدە تێناپـەڕێنێت کـە کەسـێک لەخشـتەدەبات ئاگـاداری ڕاسـتیی کاروبارەکـان نـەبێت، لەبەرئەوە دەبینین ڕەوشەکە و هەڵبەستن و تـەزویر و هەڵگەڕاندنـەوەی ڕاستییەکان بـاوە، تەنانـەت لەسـەر خوێندنـەوەی دەقـەکان و ڕوداوەکـان کورتنەبووەتـەوە، بـەڵکو بەرەو شێواندن و ناشیرینکردنی تێپەڕیوە و لـەوانەیش قسـەی عـەرەبێکی هاوچـەرخ کە دەڵێت: "لەبەرئەوە بانگەوازی موهاجیرین و ئنصار کرا لەپێناو جەنگ، ﴿وَقَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٞ﴾ (البقرة:٢٤٤)[1]. پاشـان هـەوڵێکی قووڵتر بـۆ داپۆشـین دەبینـین "خـودای گـەورە فـەزڵی موجاهیـدەکان دەدات بەسـەر ئەوانـەی دانیشتوون، موجاهیدەکان پاداشتی مەزنیان لە بەهەشتدا بۆ هەیـە"[2]. هـەروەها دەڵێت: "شەڕکردنتان لەسەر نوسراوە و ڕقتان لێیەتی، لەوانەیە شتێکتان خۆشبوێت خراپبێت بۆتان، خودای گەورە دەزانێت و ئێوە لێیبێئاگان"[3].

هـەمان شت لـە قسـەکانیدا دەردەکـەوێت، کاتێک تەفسیری هەندێک لـە یاسـاکانی ئیسلام دەکات: "کاتێک موحەممەد دزیی و تالآنیی حـەرامکرد لـە قۆناغـەکانی دواتری دەستپێکردنی شۆڕشدا، ناچاربوو پەنا بۆ هەندێک لە دەوڵەمەندەکانی مەککە ببات بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە"[4].

لێرەدا ئێمە وامان لێدێت لـە بەرانبـەر شۆڕشـێکدا بین، نـەک ئاینێک لـە ئاسمانەوە هاتبێت! وامان لێدێت لـە بەرانبـەر یاسـایەکدا بین کە بۆ موحەممـەد (درودی خـودای لەسـەربێت) دەگەڕێتـەوە، وەکو تاکێک لـە تاکـەکانی کۆمـەڵگای عـەرەبیی، بـەگوێرەی تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ ژیان یاسایان بۆ دادەنێت، نەک لـە بەرانبـەر وەحییدا بین، کە خودای گەورە بۆ سەر بەندەکەی ناردویەتیەخوار هەتا ببێتە بەئاگاهێنـەرەوە بـۆ جیهانییان. خودای گەورە دەفـەرمووێت: ﴿وَٱلسَّارِقُ وَٱلسَّارِقَةُ فَٱقۡطَعُوٓاْ أَيۡدِيَهُمَا جَزَآءَۢ بِمَا

---

[1] خاوەنی دەقەکە لە بەڵگەهێنانەوەکەیدا شوێنی ئایەتەکەی دیارینەرکدووە، بۆیە ئاگاداربوون پێویستە.

[2] لێرەدا داوا لە نوسەر دەکەین سەرچاوەکانیمان پێبڵێت کە ئەوانەی لێهێناوە، چونکە ئەوە لە قورئانی پیرۆزدا نییە.

[3] لێرەدا شێواندن بە ڕوونیی دیارە، لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە دەفەرموێت: (كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ) (البقرة).

[4] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.

كَسَبَا نَكَٰلٗا مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٞ﴿٣٨﴾﴾ (المائدة: ٣٨). پاش هەموو ئەمانە، ئێمە لە بەرانبەر هەندێک دژیەکی یاساداناندایین کە لە واقیعی ژیاندا هیچ شوێنێک بۆ خۆی نادۆزێتەوە، ئەوە نمونەیەکە کۆمەڵگە دەریدەبڕێت و یاسادانەریش بە دوایدا، لەبەرئەوە ئەو بیرۆکانە بۆ جێبەجێکردن دەستنادەن!

ئەوەی جێگەی پێکەنینێکی تاڵە، کەسێک ئەو قسە بێواتایانە بخوێنێتەوە کە بانگەشەی زانستسیبوون بکەن و زانست لێیان بێبەرییە، کاتێک بەرەو ڕووی لیکۆڵینەوەی زانستیی ڕەسەن دەبێتەوە، کە خۆی بەدووردەگرێت لە قسەی درۆ و مەیلی بە لای دادپەروەرییدا هەیە لە هەموو ڕەوشەکاندا، خۆی ڕاناگرێت.

لە پاڵ ئەو هەڵخزانانەی لێکۆڵەرانی هاوچەرخی عەرەب لە بواری کەلەپووری ئیسلامییدا کە خرانەڕوو، دەبینین خاوەنی هەمان قسەی پێشوو خوێندنەوەیەکی مادییگەریی پێشکەشدەکات و هانا بۆ ئەو دەرئەنجامە دەبات کە لەسەر زاراوە هێنراوەکان بونیاتنراوە. لە زاراوە خودییەکان دووردەکەویتەوە، بەو پێیەی زاراوە بازنەی توانەوەی تێڕوانین و دیاریکردنی ڕوکارە جیاکەرەوەکانیەتی و دەڵێت: "سەرەتای توندوتیژیی ئیسلامیی ئەو کاتە بوو بۆسە بۆ کاروانێکی مەککەییەکان دانرا و پاسەوانێک کوژرا و دوان بەدیلگیران و چوارەمیان هەڵهات"[1].

ئەگەرچی شێواندن و هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکان و تەزویرکردنی لامان گەورە بێت، ئەوا دەبێت ئەوە لە مێشکدا جێگیربێت کە ڕوکاری قسەکە بە خراپ بە لای ژیانی ئیسلامییدا نەچێت، ئەگەر گوێگر کەسێکی تێگەیشتوو و وریا بوو، جا ئەگەر ئەوەی لای ئێمە بە جیهاد ناوزەددەکرێت بە توندوتیژیی ناونرا[2]. ئاینیش وەسفی شۆڕشی پێدرا، ئەوا ئێمە دەڵێین هەموو دەفرێک ئەوەی لێدەڕژێت کە تێیدایە و هەر کەس لەوەی هەیەتی دەبەخشێت، بەڵام لێکۆڵەر ئەگەر بانگەشەی خەسڵەتی زانستییبوونی کرد پێویستە تێیدا ڕەنگبداتەوە، ئەگەرنا بۆی نییە لە شتێکدا قسەبکات کە شارەزایی نییە و خۆی لە بابەتێک نەدات کە پەردەی سەر ڕووی دادەماڵێت، با بە قسەی بێبنەمای ئەوانی تر خۆی داپۆشێت و ئەوەی بەدەستبهێنێت کە لەدەستیداوە.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨

[2] لەو قسەیەدا دەردەکەوێت و بە شێوەیەکی دیاریکراوتریش لەم قسەیەیدا: "تیۆری توندوتیژیی، یان جیهاد لە ئیسلامدا، تەنها بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسیی بوو کە عەرەبە مسوڵمانەکان لە پرۆسەی گۆڕان و شۆڕشدا هەوڵیان بۆ دەدا. سەرچاوەی پیشوو، ص ١٧.

ج- گێڕانەوەی کەلەپوور بۆ ڕۆشنبیرییە نائیسلامییەکان:

زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ڕۆژهەڵاتناس و عەرەبی هاوچەرخیش دەیانەوێت پەیوەندییەک بدۆزنەوە لە نێوان ئەوەی لە ڕۆشنبیریی مسوڵمانانە، بگرە لە نێوان ئەوەی لە ئاین و شەریعەتییانە، لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکانی تر پێیگەیشتووە، لێرەدا تەنها یەک نمونە لەو نمونانەی ئاماژە بەو ڕێڕەوە دەدەن دەخەینەڕوو، تێیدا باسی ئەوە دەکرێت کە "مافە ڕۆمانییەکان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی مافپەروەرانە لە ڕۆژهەڵاتدا، بووەتە دابونەریت لەو وڵاتانەدا، ئەم مامەڵە و ئەم نەریتانە بە شێوەیەک کە هەستیپێنەکرێت چوونەتە ناو مافە ئیسلامییەکانەوە"[١].

ئەو لە کاتێکدا ئەم حوکمە دەدات بەڵگەی مێژوویی، یان مادیی بە دەستەوە نییە، پشتی بە بابەتیبوونی بەویژدانانەش نەبەستووە، کاتێک ئەوەی گرتوویەتیەخۆ شێواو بێت، خۆیشی شێواو دەبێت لەگەڵ هەوڵە ماندوونەناسەکانیان بۆ دۆزینەوەی پەیوەندییەک فیقهی ئیسلامیی ببەستێتەوە بە یاسای ڕۆمانی کۆنەوە. لە کۆتاییدا بۆیان دەرکەوت هەوڵەکانیان بێئاکامە، هەموو کارەکانیان جگە لە ئاهـ و حەسرەت هیچ ئەنجامێکی نابێت. دانی بە تاوانەکەیاندا نا، کاتێک دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکەیان بەسەر لێکۆڵینەوەکە و بەڵگەکاندا دا، ڕاشکاوانە گوتیان: "شەریعەتی ئیسلامیی لەو سنورەی بۆی کێشراوە و بەو بنەما چەسپاوانەوە ناکرێت بگەڕێنرێتەوە، یان بدرێتەپاڵ شەریعەت و قانونەکانی ئێمە، چونکە شەریعەتێکی ئاینییە لە بنەڕەتەوە جیاوازە لە بیرکردنەوەمان"[٢]. بەوەیش بێبنەماییەکەیان بەڵگەکانی خۆیانی لەسەر بانگەشەکەیان پێچەوانەکردەوە.

ئەوان کاتێک ویستەکەیان نەهاتەدی ویستیان ئەو دەستکەوتە کەلەپوورییە -بە تایبەت لە خانەی فیقهی ئیسلامییدا- بچووکبکەنەوە، بۆیە گوتیان: کاری فیقهیی "لە ماوەی سێ سەدەی سەرەتادا (کۆچیی) توانای فیکری ئوممەتی ئیسلامیی هەتا ڕادەیەکی بێوێنە"[٣] بەکاربردووە.

---

[١] وەرگیراوە لە:
- الدواليبي، محمد معرف. الوجيز في حقوق الرومانية وتأريخها، دمشق: جامعه دمشق، ١٩٥٩م، ص٥٤.

[٢] أرنولد، توماس. تراث الإسلام، تقديم: ألفريد غيوم، ترجمة: جرجيس فتح الله، بيروت: دار الطليعة للنشر والتوزيع، ١٩٧٨م، ص٤٣١.

[٣] جيب، هملتن. دراسات في حضارة الإسلام، ترجمة: إحسان عباس وآخرين، بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٦٤م، ص٢٦٣.

خاوەنی ئەم قسەیە -لە پاڵ هەندێکی تردا- لای زۆرێک لە لێکۆڵەرانی مسوڵمان لە هەموو ڕۆژهەڵاتناسانی تر میانڕەوتر و بابەتییتر بوون لە پەیوەندییان بە ڕۆشنبیریی ئیسلامییەوە. "بۆیە واگومان دەبەن کە دڵسۆزن بۆ حەق و لە ڕووی (زانستییەوە) دەستپاکن"[1]. "بەڵام ڕاستییەکە کاتێک دەردەکەوێت کە هەرە باشەکەیان ئەگەر حەقیش بزانێت، لێی نزیکنابێتەوە، هاوڕێکانیشی ئاگاداردەکاتەوە کە نەکەونە ژێر شێوازەکانی بیرکردنەوەی ئەو گەلانەی لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە دەکرێت، "یان ئاراستەکانی ئێستایان، یان ئایدۆلۆژیەتەکەیان بە شێوەی پەرستشیی"[2].

لە کۆی ئەو ڕوکار و دەرکەوتنە کەڵەکەبوانەی دوچاری خوێندنەوە بۆ کەلەپووری ئیسلامیی بە چاوێکی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتناسانە، یان بە چاوێکی عەرەبیی نوێخوازانە بووە، دەردەکەوێت کە سەرچاوەکانی خاوەنەکانیان "بۆ لێوەرگرتن گونجاو نین"[3]. تانەدان لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیی کردووەتە ئامانج، بەبێ جیاوازیی لە نێوان پێکهاتەکانیدا، هەموو ئەوەیش مەحکومە بەو دەرئەنجامانەی کە دەیەوێت پێیانبگات، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات کام لە مەرجەکانی لێکۆڵینەوەکە بابەتییە، یان پابەندبێت بە بانگەشەی زانستییبوون و چاوی بڕیوەتە ئەوەی بگاتە "کوشتنی گیانی شانازییکردن بە ئیسلام و مێژووی ئیسلامیی لە دەرونی خوێنەری مسوڵماندا، گۆڕینی ئەو شانازییە بۆ جۆرێک لە دژایەتیی و ڕقلێبوون"[4]. ئەمەیش دیارترین ڕوکارە لە ڕوکارەکانی دزەکردن کە دەمانەوێت هەڵوێستە لەسەر هەندێک لەوەی پێویستە بکەین، بە ویستی خودای گەورە.

---

[1] قطب، کیف نکتب التاریخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٩.
[2] رودنسون، "الدراسات العربیة والإسلامیة في أوروبا"، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٩.
[3] قطب، کیف نکتب التاریخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پیشوو، ص١٣.
[4] سەرچاوەی پیشوو، ص١٢.

## دووەم: کەلەپوورو تێڕوانینی دزەکردن:

هەندێک مەیل کاری لەسەر ڕۆژهەڵاتناس و نوێخوازەکان کردووە، بە مەبەستی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی بنەڕەتیی. خۆیان لە هەڵوەشاندنەوەی خودی ئیسلامیی و کەلەپوورەکەیدا بینیوەتەوە، پیمانخۆشە لێرەدا هەندێکیان ڕونبکەینەوە.

- ئەو مەیلانە چییە کە کەلەپووری کردووەتە بابەتێک بۆ قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە و لێکۆڵینەوە؟
- ئەو ئامانجە قووڵانە چین کە جوڵەی خاوەنەکانی لە بەرانبەری ئاراستەدەکرد؟

### ١- کەلەپوور و مەیل بەرەو بەهەڵەدابردن[1]

ئەم مەیلە خۆی لەو درەوشانەوە جیاوازانەدا دەبینێتەوە کە لە نێوان بەدیهێنانی دابڕان لەگەڵ کەلەپوور و ملکەچکردنی بۆ پاڵفتەکردنی خلیسکانی لە پێکهاتەیەک لە پێکهاتە فرەکانی، یان لە کەسایەتییەک لە کەسایەتییە زۆرەکانی، یان زیادکردنی جێدەستی شۆڕشگێڕی جیاواز بۆ سەر لایەکانی لە کاتێکدا پێشتر نەیبووە! هەروەها ئامانجی گەیشتنە بە دیاریکردنی خاڵە لاوازەکان، یان جێگەکانی گومان، لەپێناو گەورەکردنی هەتا ئەوپەڕی توانا بە مەبەستی شێواندنی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی بە تەواویی. لێرەدا ڕوکارەکانی ئەو درەوشانانەوە ڕوندەکەینەوە.

### أ- ڕێڕەوی دابڕان:

مەیلی دروستکردنی بەهەڵەدابردن، رەتکردنەوەی کەلەپوور دروستدەکات لەسەر بنەمای باوەڕبوونی بە حەقیقەتی ڕەها. لەبەرئەوە لەسەرمان پێویستە -هەر وەک موحەممەد ئەرگۆن ئاراستەماندەکات- "پاککردنەوەی دەرونمان و ڕاهێنانی لەسەر ئەوەی... شتێک قبوڵبکەین بە دەستکەوتێک لە دەستکەوتەکانی نوێگەریی عەقڵیی دادەنرێت، کە ئەویش نسبیەتی حەقیقەتە"[2] کە لە لایەکی دژ ڕاوەستاوە لەگەڵ ئەوەی "پێشتر لە هەموو ناوەندە ئاینییەکاندا باوبووە"[3].

لەبەرئەوە پێویستە -بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە- کەلەپوور نەکەینە سەرچاوە لە ژیانمان و لە ڕۆشنبیریماندا، بەڵکو پێویستە لەوەوە دەستپێبکەین کە ونبووی

---

[1] مەبەستمان لێری هەموو ئاراستەیەکە ئامانجی بێت گوێگری وتارەکەی بە هەڵەدا ببات گوایە کەلەپووری ئیسلامیی لە ئاستێکی نزمدایە، لەپێناو دوورکەوتنەوە لێی و بەو شێوەیە دەستییەسەردادەگیرێت، ئینجا لەو کاروبارانە بەکاردەهێنرێت کە دژی بەرژەوەندیی خودی ئیسلامییە.

[2] أركون، محمد. وآخرون. ندوة مواقف الإسلام والحداثة، بيروت: دار الساقي، ١٩٩٠م، ص٣٦٢.

[3] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

تێڕوانینەکانمانی تێدا دەدۆزینەوە. "لە لایەنی مەنهەجییەوە هیچ بژاردەیەکمان نییەو ئێمە ناچارین لە نوێگەرییەوە دەستپێبکەین، لە خاڵی نوێگەرییەوە سەرچاوەبگرین، نەک لە خاڵی ڕابردوو، یان کەلەپوور"[1].

لە پاڵ بانگەشە بۆ دابڕان لەگەڵ کەلەپوور توێژەر داوای دابڕان لەگەڵ عەقڵ و فیکری باو لە ڕۆشنبیریی ئیسلامییدا دەکات. هەروەها بانگەشە بۆ دابڕان لەگەڵ وەحیی دەکات و عەقڵ بە سەربەخۆ "لە پێدراوە تەقلیدییەکە، یان پێدراوە دابەزیوەکە"[2] وەسفدەکات. لەمەیشدا هەمان ڕێگەی ئەوانەی گرتووەتەبەر کە داوای ڕەتکردنەوەی ژیانی ئیسلامیی بە تەواویی دەکەن کە خۆی لە ئاینی ئیسلام و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات دەبینێتەوە، چونکە پێشکەوتنمان نایەتەدی بەهۆی ئەوەی ئێمە لە ژیانی فیکریی و فێرکردنماندا دەستمانپێوەگرتووە، لەگەڵ ئەوەی "بنەڕەتی برایەتییە"[3] لەبەرئەوە عەقیدەکەی "پێویستە دژایەتییبکرێت، ئەگەرنا ئەوا ڕازین بەم حاڵەمان هەتا ڕۆژی دوایی"[4].

ئەگەر دابڕان لەگەڵ کەلەپوور و سەرچەشمەکانی بە ڕۆژی نیوەڕۆ بانگەشەی بۆ دەکرێت، بە هەمان شێوە بانگەشە بۆ دابڕان لەگەڵ ئەو هۆکارە دەکرێت کە کەلەپوور ئەرکی خۆی پێبەجێدەگەیەنێت، ئەویش زمانی عەرەبییە. لەگەڵ ئەوەی دەزانن –بەهۆی ئەوەی ڕۆشنبیر و هوشیارن- زمان تەنها شێوازی قسە_لەگەڵیەکترکردن نییە، بەڵکو شێوازی بوون و شێوەی بوونە. هەروەها هەڵگری سەرەکیی ناسنامەی ڕۆشنبیرییە"[5].

بۆ گەیشتن بەم ئارەزووەیان ئەو کەسەی "مەیلی بەرەو بەهەڵەدابردن" دەگرێتەخۆ، دەبێت بۆ پێشکەشکردنی ئەم پێشنیازە لە ناخیدا گونجاندنێک هەبێت، چونکە "دەربڕینی بابەتی سەرەکیی پەیوەنددار بە بیرکردنەوە لە دیاردەی ئاینیی بە زمانی عەرەبیی قورسترە بەراورد بە زمانە ئەوروپییەکان کە پێشتر ڕویانکردووەتە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[2] لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئەرکۆن کە سەعید شبار سازیکردووە، ملحق الفكر الإسلامي، جريدة العلم المغربية، عددي: ١٩٩٧/٠٤/٠٤م و ١٩٩٧/٠٤/١١م.

[3] العروي، عبدالله. أوراق، الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي، ط٣، ١٩٩٦م، ص٥٩

[4] سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٣-٥٤.

[5] سبيلا، محمد. مدارات الحداثة: مقالات في الفكر المعاصر، الرباط: منشورات عكاظ، ١٩٨٨م، ص١١٧.

عەلمانیەت و نوێگەریی و دەربازیانبووە لە کاریگەرییە ئاینییەکان و تەزووی ئاینیی کە گوشار دەخاتە سەر فیکر و لە ناو دیوارێکی تەنگدا بەندیدەکات"[١].

وەکو ئەوەی ئێمە لەم قسانەدا، بۆنی بانگەشەی ئەوانەی لە کۆندا داوای ڕزگاربوون لە زمانی عەرەبیی دەکرد بکەین، بیرکردنەوەکە یەکە، مەبەستەکەیش خۆدارنینە لە پێکهێنەرەکانی خود و خۆ_خستنەباوەشی ڕۆژئاواییە بە زمان و ڕۆشنبیرییەوە. ئەمەیش کارێکە لێیەوە وێنەی تانەدەر لە کەلەپوور و پێکهێنەرەکانی دەردەکەوێت کە پەیوەندداره بە جگە لە خۆیەوە و بەوەی هەیەتی. ئەمەیش لەو جیاوازییە سەیرانەیە لە چینی عەرەبە نوێخوازەکاندا دەیبینین، وەکو حەزێک بۆ گونجاندنی "بانگەشەی دابڕان لە کەلەپووری خۆیان، کەلەپووری ئەوانی تر بڵند ڕادەگرن و وەکو ترسێک لە ڕووبەڕووبونەوەی ئێستا، یان داهاتوویان ڕەخنە لە هەمووی دەگرن بە تەواویی بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ شوێنکەوتنی ئێستای جگە درەوەی خۆیان"[٢]. هەموو ئەمانە لەپێناو سڕینەوەی عەقڵی عەرەبیی کە ئەگەر بەدیهات، ئەوا "بۆچی کەرەستەکانیشی نەسڕێتەوە، لە پیش هەموویەوە زمانی دەربڕین"[٣].

سەیر لەوەدایە نوێخواز ببینین پاش بانگەشەکەی بۆ دابڕانی جۆریی کە کەلەپوور دەگرێتەوە بیەوێت لە نوێگەرییەوە دەستپێبکات و زمان بگرێتەوە و پەنا بۆ زمانە ڕۆژئاواییەکان ببات بە مەبەستی گوزارشتکردن لەو کاروبارە ڕۆشنبیرییانەیان کە خۆیان نەیانتوانیوە گوزارشتی لێبکەن، ئەو دژبوونەی لەیاددەکات و بە پەنابردنی بۆ خۆدەرخستن بە ڕوخساری ئامۆژگارییکاری دەستپاک خۆی دەردەخات، کە دەیەوێت عەرەبە نوێگەرەکان لە درەوشانەوەکانی دابڕانیان لەگەڵ ڕۆشنبیرییەکەیان ئاگاداربکاتەوە، چونکە "ڕۆشنبیری هاوچەرخی عەرەبیی گیرۆدەی دوو دابڕانە، نەک یەک دابڕان. لە لایەک لە کەلەپوورە کلاسیکە داهێنەرەکەی دابڕێنراوە، لە لایەکی تر لە بەرهەمی ئەزموونی باشی ڕۆژئاوایی ئەوروپیی دابڕاوە"[٤].

---

[١] أركون، ندوة مواقف الإسلام والحداثة، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٤٧.

[٢] شبار، الحداثة في التداول الثقافي العربي الإسلامي، نحو إعادة بناء المفهوم، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٨.

[٣]حمودة، عبدالعزيز. المرايا المقعرة، نحو نظرية نقدية عربية، سلسلة عالم المعرفة (٢٧٢)، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، ٢٠٠١م، ص٤٦.

[٤] أركون، ندوة مواقف الإسلام والحداثة، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٥٣.

کاتێک قسەی پێشوو دەبەستینەوە بەمەی دواترەوە دەبینین جیاوازییەکەی نێوانیان زۆرە، تۆ لە کاتێکدا داوادەکەیت لە نوێگەرییەوە دەستپێبکرێت و کەلەپوور وەلابنرێت، پێویستە ڕونبکرێتەوە کە ئەو قسەیە نەگونجاوە لەگەڵ بانگەشەی ڕێنماییکردن بۆ ئەو شوینانەی ناتەواوییان تێدایە، کە ئەویش خۆی لە دابڕانی ئوممەت لەگەڵ کەلەپوورەکەیدا دەبینێتەوە، لەپێناو چاکسازیی و تێپەڕاندنیدا.

لەبەرئەوە، ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە کە ئەم قسەیە بە مەبەستی چاککردنی ڕەوشی ئوممەتی ئیسلامیی نییە و بۆ ئەوەیش نییە چاکە پیشانی خەڵکەکەی بدات، بەڵکو قسەیەکی ڕوپۆشکراوە دەیەوێت هاوسۆزیی لەگەڵ خاوەنەکەی بەدەستبهێنێت لەپێناو ئەوەی بیکاتە تاکێک لەو تاکانەی کە سوورن لەسەر بەرژەوەندییەکانی، جا ئەگەر دەرونەکان دڵنیابوون و ویستەکان هاتنەدی، پاش ئەوە داوای مەترسییدارتر دەکەین!

لە شێوەکانی تری دابڕان ئەو بانگەشە بۆ ڕزگارکردنی زاراوەی کەلەپوور لە مەرجەعیەتەکەی خۆی ببینین، چونکە "ناتوانرێت نوێبکرێتەوە بەبێ دەربازبوونی لەو مەرجەعیەتە"[1] ئەو کاتە سەبارەت بە حەقیقەتی ئەو زاراوەیە دەپرسین کە هیچ ئەرزشێکی نابێت، ئەگەر بۆ خۆی نوینەری مەرجەعیەتەکەی نەبێت، ئەگەر لە مەرجەعیەتەکەی دەربازتکرد، لە دەلالەتە زاراوەییەکەی چیت بۆ دەمێنێتەوە؟

لەگەڵ ئەوەدا بانگەوازی ڕزگارکردنی زاراوەی کەلەپووریی لە مەرجەعیەتەکەی زۆر سوک دەردەکەوێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی دەیبینین بووەتە واقیعێکی بەردەست و پێویستی بە لێوردبوونەوە نییە، چونکە چووەتە بواری کارپێکردنەوە، کە بەهۆیەوە تێڕوانینی بەکارهێنەر دەردەکەوێت. نمونەی ئەمەیش وەک تەیب تیزینی دەڵێت: ئیبن خەلدون و مەقریزی "لە هەوڵەکانیاندا بۆ تێگەیشتن لە مێژووی مرۆڤایەتیی لە شیکردنەوەی کۆمەڵایەتیی و بژێویی (ئابوریی)ەوە دەستیانپێکردووە، واتە لە بزاڤی ژێرخانی سەرەکییەوە، ئەگەریش تاکە هەوڵ نەبووە بۆ مێژوو"[2]. لەم کارەوە ویستێکی هەڵچووانە لە گۆڕینی زاراوەی کەلەپووردا دەردەکەوێت کە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی مادییگەریی مێژوویییە کە بۆ بنچینەیەک دەگەڕێتەوە نە عەرەبییە، نە ئیسلامییە.

---

[1] الجابري، محمد عابد. "حفريات في المصطلح التراثي: مقاربات أولية"، مجلة المناظرة، مجلة فصلية تعنى بالمفاهيم والمناهج، الرباط، السنة (٤)، العدد (٦)، (رجب ١٤١٤هـ/١٩٩٣م)، عدد خاص بندوة المصطلح التراثي بين الإعمال والإهمال، ص٢٠.

[2] تيزيني، مشروع رؤية جديدة للفكر العربي في العصر الوسيط، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٣.

ئەمە تەواو بە ڕوونیی لە قسەیەکی تردا دەردەکەوێت، ئەویش بە تێخزاندنی دوو زاراوە، کە لە لایەک دەلالەتە بۆ لۆژیکی ڕۆژئاوایی و لە لایەکی تر بۆ مەرجەعیەتی مارکسیی دەگەڕێتەوە، ئەوانیش بریتیین لە " ڕاستڕەو -الیمین" و "چەپڕەو -الیسار". کاتێک لە بارەی چەند قۆناغێکی مێژووی ئیسلام لێکۆڵینەوە دەکەین "دەتوانین هەردوو چەمکی "ڕاستڕەو" و "چەپڕەو" بۆ چەند ماوەیەکی مێژوویی کۆن بەکاربهێنین"[1]، چونکە ئەم زاراوانە شاهیدن کە دەکرێت جگە لەمان بەکاربهێنرێت، کە گونجاوتر بێت بۆ مێژووی ئیسلامیی کە "جوڵە و ناوەڕۆکی حەقیقی خۆی لەسەر دەستی زۆرینەیەک کە لە بارەیەوە نوسیویانە لەدەستداوە"[2].

ڕونبوویەوە کە ئەو دابڕانەی هەندێک لە ڕۆڵەکانی خۆمان ئامانجیانە ڕوکاری جیاوازیی لەخۆدەگرێت، لە هەموو ڕەوش و وێنەکانیدا زۆربەی کات حەقیقەتەکەی بە داپۆشەرێک شاردراوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو وەهمە لای وەرگری گوتارەکە دروستبکرێت، کە کەلەپوور و پێکهێنەرەکانی ڕۆشنبیرییەکەی لاوازن و لە توانایاندا نییە لەگەڵ واقیعی ژیاندا بەردەوامبن، لە هەموو ئەم بانگەشەیەدا دەیانەوێت وازیلێبهێنرێت و دابڕانێکی مەعریفیی دروستببێت کە هیچ پردێکی پەیوەندیی لە نێوانیاندا نەمێنێت و توانای هاوسۆزیی، یان ئینتیما بۆی بنەبڕبکرێت.

## ب- ڕێگەی کەمکردنەوە (اختزال):

لە دیمەنە نامۆکانی لە جوڵەی نوێگەریی لایەنی فیکرییدا دەبینرێت ئەوەیە دەبینین تێڕوانینی ژیان تەنها لەسەر لایەک لە لایەکان قەتیسنەبووە، لە گۆشەیەک لە گۆشەکانیدا نەوەستاوە، بەبێ ئەوەی لووتی لە هەموو پێکهاتەکانی ژیان و توخمەکانی بژەنێت بە مەبەستی لەخۆگرتنی هەمووی.

بەڵام لە هەمان کاتدا، کاتێک دەبێتە جێبەجێکردنێکی بەرچاو -بە تایبەت لە ڕووە عەرەبییەکەیدا- ئیتر لە لەخۆگرتن و گشتگیریی دووردەکەوێتەوە و لە چوونەناو هەموو شتێک خۆی لادەدات و بەرەو کەمکردنەوەیەکی ناڕەوا دەچێت، کە وێنە بانگەشە_بۆکراوەکەی سەرەتای لەدەستدەدات و ڕوکاری ئامانجە شاراوەکانی دەردەکەوێت.

---

[1] سەرچاوەی پیشوو، ١٣٥.

[2] سەرچاوەی پیشوو، ١٣٣.

له شێوازەکانی کەمکردنەوەی تایبەت بە تێڕوانینی نوێگەریی، ئەوەی تایبەتە بە کەلەپووری ئیسلامیی، ئەوەیە ڕابگەیەنرێت کە هیی ئەوە نییە کاتی تێدا سەرفبکرێت، بەڵکو پێویستە خوێندنەوەیەکی بژاردەیی بۆ بکرێت، ئەوەی لەگەڵ تێڕوانینیدا دەگونجێت هەڵبژێردرێت، یان پەناببرێت بۆ قووڵایی دەقەکانی هەتا لە هەندێک خاڵدا بەو جۆرە دەربکەوێت کە دەیەوێت.

له ڕاستییدا نوێگەریی عەرەبیی کۆششی سەرسەختانەی کردووە، ئەمەیش نەک لەپێناو چاککردنی ڕەوشی کەلەپوور، وەکو پارێزەری ناسنامە و چوارچێوە گەورەکەی، هەر ئەو دەڵێت "دەستهەڵگرتن لەو ناسنامە ڕۆشنبیرییەی بۆی ماوەتەوە، یان نکوڵییلێکردنی، بۆ هەر ئوممەتێک جۆرێکە لە خۆکوژیی شارستانیی"[1] بەڵکو لەپێناو ئەوەی ئەو شوێنانە هەڵبژێرێت، کە ئەگەر لەوێوە دەستپێکرد ئامانجەکە بە شێوەیەکی دوانەیی دێتەدی. دەستکەوتی یەکەم خۆی لە وەلاوەنانی بەشێکی گرنگی کەلەپووردا دەبینێتەوە و دەستکەوتی دووەمیش دەقۆزێتەوە لە دیاریکردنی هەندێکە ڕوکاری ئەو مەرجەعیەتەی نوێگەرەکان بونیاتیدەنێن بە گەڕان بە شوێن شوێنپەنجەکانیدا لە کەلەپووری ئیسلامییدا، بەهۆی ئەوەوە بەدیهاتنی ئینیتما بۆ ڕۆشنبیریی ئیسلامیی مسۆگەردەکەن و وا پیشاندەدەن کە ئەوان نامۆ نین پێی، ئەوان لە خەڵکی ماڵەکەن و تەنها سودی ئوممەت و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان دەوێت.

له شێوازەکانی کەمکردنەوە ئەوەی دەیبینین خۆی لەم بڕگانەدا دەبینێتەوە:

- **له بەڕێوەبردنی کاروباری ژیاندا:**

جیهانی ئیسلامیی بانگەوازی واهێنان لە کەلەپوورە ڕۆشنبیرییەکەی بە شێوەی لێکدابڕان دەخوێنێتەوە، باوەڕبوون بە کەلەپوور هەمووی بە یەقین دادەنێت، لەگەڵ ئەوەدا دەیەوێت بەشێکی کە کەم نییە، لە جێگەی خۆی لە ئاسانکاریی و بەرنامەڕێژیی دووربخاتەوە، بەو پێیەی مەرجەعیەتێکی خاوەن_ئامادەبوونی گەورەیە لە ژیانی ئیسلامییدا. وەکو ئەوەی لە یەکەمینەکانی ئەم بانگەوازە، بانگەوازەکەی عەبدوڕەحمان کەواکبی[2] بوو، کە دەڵێت: "لێمانبگەڕێن خۆمان ژیانی

---

[1] سبيلا، مدارات الحداثة: مقالات في الفكر المعاصر، سەرچاوەی پێشوو، ص١١٠.

[2] ئەو: عەبدوڕەحمان کەوکبییە، ساڵی ١٢٦٥ی کۆچی لەدایکبووە، ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی لە شاری حەلەب لەخاکی شام وەفاتی کردووە، لەڕووی ستەمکاری ڕاوەستا، گرنگی بەوەدابوو جێگا ناتەواوەکانی ژیانی دەوڵەتی عوسمانی بزانێت، لەدانراوەکانی: "طبائع الاستبداد" و، "أم القرى". بڕوانە:

- أمين، أحمد. زعماء الإصلاح في العصر الحديث، بيروت: دار الكتاب العربي، (د.ت.)، ص٢٤٩.

دونیامـان بەڕێوەببـەین و ئاینـەکان وا لێبکـەین ژیـانی ئـەو دونیامـان بەڕێوەببـەن، لێمانبگـەڕێن لەسـەر گوتـەی وەکـو یـەک کـۆبین کـە ئـەویش: بـژی ئوممـەت، بـژی نیشتیمان، با ئازادانە و سەربەرزانە بژین"[1].

ژیانی ئوممەت و ژیانی نیشتیمان و ژیانی سـەرفرازانە هیچ کەس ڕەتیناکاتـەوە، بەڵکو ئەوەی ڕەتیدەکەینەوە ئەو ڕێگەیەیە کە بەهۆیەوە دەگەینە ئەو ژیانە ویستراوە، چونکە ڕێگە و مەنهەج ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە دیاریکردنی سروشتی تێڕوانینی چەسپاودا.

هەر ئەم کارەیە دەبینین عەلی عەبدوڕەزاق دوبارەیدەکاتەوە و ڕێبازێکی ڕوونی عەلمانیی هەیە و سیاسـەت جیادەکاتـەوە، بەو پێیەی تێڕوانین و جێبەجێکردنێکە بۆ سـەرچاوە ڕۆژئاواییـەکان دەگەڕێتـەوە. جیایدەکاتـەوە لـە ئـاین بـەهۆی ئـەوەی کەلەپووری لەئامێزگرتووە و بەرەو ئەو ئاراستە گونجاوە ئاراستەیدەکات، کە هەموو مرۆڤایەتیی سودی لێوەردەگرن و دەڵێت: "ئەوە دەسـەڵاتی ڕێنماییە بەرەو خودای گـــەورە و ڕێنمونییکردنـــە بـــۆ لای. ئەمەیشـــیان دەســـەڵاتی بـــەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی ژیان و ئاوەدانکاریی زەوییە، ئەویان بۆ ئاینە و ئەمیان بۆ دونیایە. ئـەوەیان بـۆ خودایـە و ئەمـەیان بـۆ خـەڵک. ئـەوەیان سـەرکردایەتییکردنی ئاینییـە و ئەمەیان سەرکرایەتییکردنی سیاسییە. ئای چەندە دوورە نێوانی سیاسەت و ئاین!"[2]

لەوانەیـە بـۆ هەنـدێکمان وا دیاربێـت کـە دەقەکـە دوورە لـەو بابەتـەی ئێمـە چارەسەریدەکەین، بەهۆی ئەوەی بابەتی سیاسـەت و ئـاین دەخاتـەڕوو، بەڵام ئێمـە لای خۆمانەوە وای دەبینین کەوتووەتە چوارچێوەی ئەوەی ئێمە دەمانـەوێت، بـەهۆی ئەوەی کەلەپوور بەشێکی کە کەم نییە ئەو بابەتەی لەخۆگرتووە.

ئـەو بۆچوونـە عەلمانییـەی قسـەی وادەکـات، کەلـەپوور لـە ڕۆڵـی خـۆی لـە بەرنامەڕێژیی و بەڕێوەبردن دادەڕنێت، هـەروەها مرۆڤ لـەوە دەکات پابەندی هیچ کام لە بۆچوونـەکانی بێت، بـەڵکو بەهـەر شتیکەوە کە پەیوەندیی پێیـەوە هـەبووبێت، بەردێکی دەخاتەسەر و لە گۆشەیەکدا دەیهێڵێتەوە کە ئومێدی هیچ سودێکی لە ژیانی دونیادا لێنەکرێت، بەڵام ڕێگەپێیدەدات وەک سـەرچاوەیەک بمێنێتـەوە کـە دەکرێت لـە لایەن ئەوانەی بۆ کاروباری ڕۆژی دوایی ئیشیانپێیەتی بەکاربهێنرێت.

---

[1] الكواكبي، عبدالرحمن. طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد، بيروت: مؤسسة ناصر للثقافة، (د.ت.)، ص١٠٢.

[2] عبدالرزاق، علي. الإسلام وأصول الحكم، بيروت: منشورات دار مكتبة الحياة، (د.ت.)، ص٤٤.

ئەم پێشنیازە لەو ڕێگەیە دەرناچێت کە ئەوروپا لە ژیانیدا گرتوویەتیەبەر، کاتێک ئاینی لە دەوڵەت جیاکردەوە، ئاینی خستەپەناوە و ڕۆڵی تەنها لە گرنگییدان بە جێبەجێکردنی ئەو دروشمانەدا کورتکردەوە، کە مرۆڤ بە پەروەردگاریەوە دەبەستێتەوە! ئیتر بەوە قسەکردن دەبێتە لاسایکردنەوە و شوێنکەوتنی ڕۆژئاوا، بست بە بست و باڵ بە باڵ، بەجۆرێک تەنانەت ئەگەر بچێتە کونی بزن مشکیشەوە، شوێنکەوتەکانی بە دوایدا دەچنە ژوورەوە. هەر لەوەوە حەقیقەتی ئەو بانگەوازانە ڕوندەبێتەوە کە لە هەموو لایەکەوە پیشاندەدرێت، کە بەجۆرێک لەم دەروازەوە چووەتە ژووری دەیەوێت خۆی بگونجێنێت و ئەزموونی ئەوانی تر کۆپیبکات، با ئەوە بەدەر لە ڕێنمونییش بێت و بە تەواویی لە هەموو ڕێبەرێک دووربێت.

- **لە فۆلکلۆردا:**

هەندێک لە ڕەوتە نوێخوازەکان پەنایانبردووەتە بەر کورتکردنەوەی کەلەپوور لە ڕوکاری فۆلکلۆردا، کردوویانەتە ئەو ڕوکارەی کە لە کۆڕ و ئاهەنگەکاندا بە باسکردنی بەهاکەی بەرزدەکرێتەوە، کۆبوونەوە و دیداری بۆ سازدەکرێت و بۆنەی بۆ ئامادەدەکرێت، وایلێهاتووە کەلەپوور بە سەما و دەهۆڵ و زوڕنا و گۆرانیی دەناسرێتەوە. ئەمەیش وایلێکردوە لە پلەی بکەری بەڕێوەبەرەوە بگوازێتەوە بۆ پلەی بەکاربەری بێکەڵک.

زۆر کات مرۆڤ لە بارەی سودی ئەو ڕێگەیەی کە ئەوانەی "عەقڵانیین" گرتوویانەتەبەر لە خۆی پرسیاردەکات، بەو ڕوانگەیە مامەڵە لەگەڵ کەلەپوور دەکات، هەندێکی قبوڵە و هەندێکی ڕەتدەکاتەوە. بگرە هەندێک جار ئەوەی قبوڵیەتی هیچ سودێکی لە ژیاندا نییە، بە تایبەت ئەوەی تایبەتە بەوەی خاوەنی ناسنامەیەکی ڕەسەن بێت و ڕۆڵی هەبێت لە پێکهێنانی ڕوکاری ناسنامەی ڕۆشنبیرییدا.

وەڵامی پەیوەنددار بەمە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ڕۆژئاوا ڕێبازێکی تایبەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووریدا گرتووەتەبەر، ملکەچیکردووە بۆ وانەیەکی کۆن سەبارەت بەڕێزگرتنی باووباپیران. بگرە کتێبی پیرۆزیشی ملکەچی ڕەخنەی توند کردووە، کە هیچ پێوەرێکی تێدا ڕەچاوناکرێت. لەوانەیش کەلەپوور وەکو ئەنتیکەی لێهاتووە و دەپارێزرێت و دەبینرێت لەمەدا گرنگییەکی زۆر بە فۆلکلۆر دەدرێت و لە هەموو ئەوەدا پێگەی هەیە.

لەبەرئەوە گرنگییدان بە فۆلکلۆر لە گۆڕەپانی ئیسلامییدا دەچێتە خانەی هەژموونی فیکرییەوە، کە تێیدا ئەوەی بەسودە فەرامۆشکراوە و ڕوویان تەنها

لەوانەیە کە هیچ ڕۆڵێکیان لە بونیاتنانی ئێستا و دیاریکردنی ڕوکارەکانی داهاتوودا نییە، لەمەوە کەلەپوور گۆڕاوە بۆ "شێوازێکی چێژوەرگرتنی ڕۆشنبیریی"[1].

لە لایەکی ترەوە، دەبینین ئاراستەی کەلەپوور گۆڕاوە بۆ فۆلکلۆر و کورتکردنەوەی تێیدا لای ئەوانەی ئەم ڕەوتەیان گرتووەتەبەر، بەڵکو دەیانەوێت ڕوکارە ڕەسەنەکانی ئوممەت بۆ ڕوکاری پێچەوانە بگۆڕدرێت. لە کاتێکدا کەلەپوور ڕۆڵی پاراستنی ئەو ڕوکارەی هەیە کە نەویستراوە لایان، ئەوا گرنگییپێدانی دڵسۆزانە پێی و لادانی تۆز و گەرد بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە لەسەری، دژە لەگەڵ ئەو ئامانجەی هەیانە. لەبەرئەوە پێویستکراوە کە تەنها وەکو میراتییەک باسبکرێت کە وەک نمونەیەکی چێژوەرگرتنە کە "کاریگەریی گەورەی نابێت لە پێکهێنانی کەسێتیی شارستانییماندا"[2].

- **لە کەسایەتییە ناودارەکاندا:**

لە پاڵ دیمەنەکانی تری کەمکردنەوەدا، وێنەی تر بەدیدەکەین کە گرنگیی بە فیکر نادات لە خۆیدا، ئەگەرچی وەکو ئامرازێک بۆ باسکردنی جگە لە خۆی بەکاریدەهێنێت، ئەمە کەمکردنەوەی بیرمەندانی دروستکاری کەلەپووری ئیسلامییە لە هەندێک ڕوخساری دیاری خاوەن_پێگەی پەسەند لە مێژووی فیکر و داهێنانی ئیسلامییدا. لەو کەسایەتییانە ئیبن ڕوشد و ئیبن خەلدون کە بە دوو کەسایەتیی دیار دادەنرێن و ئەوروپا زۆرێک لە زانستە هاوچەرخەکانی لەسەر بونیاتناون، بە تایبەت لە لایەنی ملکەچکردنی فیکرەوە بۆ عەقڵ و خوێندنەوەی ڕوداوە مێژووییەکان خوێندنەوەیەکی دەرککردن (قراءة استقرائية) لەپێناو دانانی یاسا بۆ ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتیی، ئەگەر مەرجەکانی لە ژینگەیەک لە ژینگەکاندا فەراهەمهاتبوو دەرئەنجامەکانی بە دڵنیاییەوە لەسەر کۆمەڵگە دەرکەوت.

لە شایەتییەکانی ئەو کەمکردنەوەیە ببینین کەسێک بڵێت: "بە بۆچوونی من ماقوڵ نییە ئێمە لە سەدەی بیستەمدا پەیوەستبین بەوانەی ئیبن خەلدون و ئیبن ڕوشد تێیانپەڕاندوون، ئەوانەی پێش ئەوان هاتن بۆ ئێمە پێویستن، بەڵام تەنها بۆ تێگەیشتن لێیان"[3]. ئامانج لەم قسەیە ئەوەیە هەموو بیرمەندان و ئەوەی بەرهەمیانهێناوە بکرێنە ئامرازێک کە تەنها یەک ڕۆڵیان هەیە ئەوی خۆی لە تێگەیشتنی دوو کەسی دیاری

[1] العمري، التراث والمعاصرة، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] الجابري، كيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پيشوو، ص٤٢.

ناو کەسایەتییە دیارەکانی ئیسلام دەبینێتەوە کە ڕێزمان بۆ ڕۆڵیان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی خەمی بونیاتنانی ئوممەن شارستانییبوونی ماندوویکردوون.

لە پاڵ ئەم دیمەنەی کەمکردنەوەدا دەبینین کەس هەیە هەمان ڕێچکەیگرتووە، بەڵام بە لادانێکی کەم لە ڕووە دیارەکانی ئەو ڕێگەیە هەتا لە ڕێگەیەوە پێویستبوونی شۆڕش بەسەر وەحییدا بەدەستبهێنێت، ئاماژە بەوە دەدات کە لە ناو بیرمەندانی مسوڵماندا کەسانێک هەبووە ویستوویانە بەرەو ئەو ڕەوشە ڕێگەیەک بکاتەوە، وەک جاحظ و ئەبی حیانی تەوحیدیی[1] و هەموو نەوەکانی مسکویە[2].

ئەوانە ئەگەر بە دەم ویستێکی عەقیدەیی لای نوسەر دەچن، ئەوا لە لایەن ئەوانەوە سوپاسناکرێن بۆ ئەوەی کردیان، چونکە هیچ کامیان بوێریی نەکردووە بڵێت: من خۆم دادەبڕم و جیادەبم لەم بەخششەی هاتووەتەخوارەوە... من دان بە مەدا نانێم، ئازادانە ڕێگەدەکەم، هەر وەکو ئەوەی بە مکوڕییەوە لە لایەن بیرمەندانی ڕۆژئاوا پاش سەدەی شازدە گوتراوە و ڕاگەیەندراوە"[3].

ئەگەرچی ئەم توێژەرە ستایشی کەسێک ناکات هەمان ڕێگەی هەڵگەڕانەوە لە وەحیی نەگرتبێتەبەر، لە شوێنێکی تردا شتێک دەێنێت بسازێت هەتا لەگەڵ بۆچوونەکەیدا بگونجێت، لەمەشیدا ڕێگەی کەمکردنەوەیەکی ستەمکارانەی گرتووەتەبەر، پرۆژەی زانستیی دادەنێت و دەیکاتە پەیکەر هەتا ئامانجەکەی خۆی تێدا بدۆزێتەوە، لەوانەیش ئەوەی -لە میانەی قسەکردنی سەبارەت بە ئیبن ڕوشد و ئیبن مەیمون[4]- ڕایگەیاندووە کە پێویستی بە کورتهەڵهێنانە لە کاتی توێژەی بیرکردنەوەیاندا تەنها لەسەر بەرهەمە فەلسەفییەکانیان بەبێ تێپەڕاندنی بەرەو بەرهەمەکانیان لە ڕۆشنبیریی ئیسلامییدا، دەڵێت: "لە واقیعدا پێویستە ئێمە کاری

---

[1] ئەو: ئەبو حەییان عەلی کوڕی موحەممەدی تەوحیدیی بەغدادییە، ساڵی لەدایکبوون و وەفاتی نادیارە، لەگەڵ ئەوەدا "لە ساڵی چوارسەد لە ژیاندا بووە". لە دانراوەکانی: "الامتناع والمؤانسة" و، "المقابسات". بڕوانە:

- ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پێشوو، ص١١٢.

[2] ئەو: مەسکویە، لە زانسستە حوکمییەکاندا بلیمەتبووە، پسپۆڕ بووە لە پزیشکییدا. بڕوانە:

- ابن أبي أصيبعة، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، سەرچاوەی پیشوو، ص٣٣١.

[3] أركون، ندوة مواقف الإسلام والحداثة، سەرچاوەی پیشوو، ص٦٤٤.

[4] ئەو: ڕەئیس ئەبو عمران موسا کوڕی مەیمونی قورتبییە، ساڵی ٥٣٠ی کۆچیی لەدایکبووە و ساڵی ٦٠٣ی کۆچیی وەفاتیکردووە، لە زانایانی جولەکە بووە، تاقانەی سەردەمەکەی بووە لە زانستی پزیشکییدا، شارەزاییەکی زۆرباشی لە فەلسەفەدا هەبووە. بڕوانە:

- ابن أبي أصيبعة، عيوان الأنباء في طبقات الأطباء، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٨٢.

قازییەتیی لەیادبکەین کە هەردووکیان ئەنجامیانداوە. هەروەها پێویستە هەموو ئەو نوسراوانەیان لەیادبکەین کە پەیوەستن بە (زانستە ئاینییەکان)ی سەردەمەکەیانەوە، هەتا بتوانین بیانکەینە دوو فەیلەسوفی دەمامکدار، یان دوو عەقڵانیی تەواو"[1].

ئەم جۆرە ڕێچکەیە کە کەسی فەرمانبەردار بە ڕۆشتن بەرەو وەهم گرتوویەتیەبەر ناکرێت زانست بە واتا کردارییەکەی بەدیبهێنێت و ناکرێت ئەنجامێکی هەبێت لە پشکنینی کەلەپوور و ڕونکردنەوەی هێز و پێگەیشتنەکەیدا، یان لە دواکەوتوویی و سەرکوتکرانەکانیدا، مەگەر مەبەست لێی ڕاوەستان بێت لەسەر ئەو شایەتییانەی خزمەتی ڕەوتێک دەکەن کە لای توێژەر چەسپاوە و بەو لایەیدا دەبات کە خزمەتیدەکات و بۆ شوێن دەگەڕێت بۆی لە کەلەپووری ئیسلامییدا، ئەمەیش وای لە تەها عەبدوڕەحمان کردووە مەنهەجە زانستییەکەی کە بانگەشەی کارپێکردن دەکات بەوەی "مەنهەجێکی (هەڵبەستن/ تلفیقی)یە، نەک (تەحقیقی)، لەبەرئەوە بانگەشەکەی (شەرعاندن)ە، نەک زانستیی"[2].

ئێمە کاتێک شوێن ئەم ڕێچکانەی کەمکردنەوە دەکەوین، دەبینین لە لایەن پاشخانانێکەوە بەڕێوەدەبرێت، کە خاوەنەکانی بەرەو ئەو جۆرە دەرئەنجامانە بردووە، هەیانە دەگەڕێتەوە بۆ بەدەمەوەچوونی خولیای ئینتیما بۆ ڕۆشنبیریی ئیسلامیی، بەجۆریک کە نوێخواز خولیای شاراوەی ئەوەی هەیە کە کورسییەک لە کورسییەکانی ڕۆشنبیریی ئوممەت بەدەستنەهێنێت، لەبەرئەوە بە دوای هاوکارێکدا دەگەڕێت لەپێناو گەڕاندنەوە بۆ زانایەکی دیار کە لە هەندێک بۆچوونیدا ئەوە دەبینێتەوە کە گونجاوە لەگەڵ تێڕوانینیدا، ئەمەیش دەکاتە جێپێیەک و شایەتییدان پێی کە ئەو بۆچوونەی مێژوویەکی فیکریی لەم ئوممەتەدا هەیە.

لە لایەکی ترەوە، ئەو کەسەی "خزان بەرەو وەهم"ی لەخۆگرتووە دەیەوێت سەرنجەکان لەسەر زانایانی تری دیار لابدات، کە جگە لە بەرگریی لە ئوممەت و ئاریشەکانی بە شتی تر نەناسراون. جارێک بە بچوککردنەوەی توانایان و جارێکی تریش بە باسنەکردنی ئەوەی پیشکەشی ئوممەت و مێژوویان کردووە، هەتا بانگەوازی هاوچەرخی ئیسلامیی لێی سودمەند نەبێت، ئەم ڕێچکەیەیان بە دەربازکار بۆ بەدیهێنانی ئەو ویستەیان دۆزیوەتەوە[3].

---

[1] أركون، محمد. "ابن رشد، رائد الفكر العقلاني والإيمان المستنير"، ترجمة: هاشم صالح، عالم الفكر، مج (٢٧)، العدد (٤)، (ابريل/يونيو، ١٩٩٩م)، ص١٥.

[2] عبدالرحمن، في أصول الحوار وتجديد علم الكلام، سەرچاوەی پیشوو، ص١٦١.

[3] بۆ زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بڕوانە:

**کەلەپوور و  مەیلی بەسوکسەیرکردن:**

ئەم مەیلە لەسەر ئەوەی پێشوو دروستدەبێت و هەمان ڕێچکە دەگرێتەبەر کە مەیلی بەرەو بەهەڵەدابردن گرتیەبەر. هەروەها لەسەر ئەوانەی پێشتر خرانەڕوو دروستدەبێت، بەجۆرێک بەئامانجکراو وەرگرێکی گریمانەییە و تەنها لە ناو ئەوانەدایە کە ئینتیمایان بۆ ڕۆشنبیریی ئیسلامیی هەیە، چاوی لەوانە و گوتارەکە بە شێوەیەکی سەرەکیی بە ئاراستەی ئەوە. لەگەڵ ئەوەدا ئێمە دەبینین ئەوە کەسەی ئەم مەیلی بەسوکسەیرکردنە ئامانجدارەی بەرانبەر کەلەپووری ئیسلامیی هەیە، لە نوسینە جگە لە عەرەبییەکانیدا، وەکو نوسینە ڕۆژهەڵاتناسییەکان و نوسینەکانی هەندێک لە نوێخوازە عەرەبەکان، تینوێتیی گەروویان -پاش ئەوەی لە شوێنی خۆی ڕۆڵی خۆی گێڕاوە- بە وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبیی دەشکێنن، بەو مەبەستەی کاریگەرییەکەی لەسەر خەڵکانی کەلەپووری ئیسلامیی بەردەوامبێت، ئەگەر حەقیقەتەکان شێوێنران و ئەو نامسوڵمانانەی هیچی لە بارەوە نازانن قەناعەتیان پێیهێنا و بەلاڕێیدابرد بەرەو ڕێڕەوێک کە خزمەتی خودی ئیسلامیی ناکات، بە ئەنجامدانی بەسوکسەیرکردنی پێگەکەی لای ڕۆڵەکانی ئیسلام، بەم شێوەیە ئەو ئامانجانەی هێناوەتەدی کە هەیبووە.

بەسوکسەیرکردنی توانای کەلەپوور چەند شێواز و وێنەی جۆراوجۆری هەیە، کە ئاسان نییە لێرەدا و لەم توێژینەوە قەبارە دیاریکراوەدا بیخەینەڕوو، بەڵام ئەوەی ناتوانرێت هەموو باسبکرێت، واز لە گرنگەکەیشی ناهێنرێت. لەبەرئەوە یەکەمین دیمەن لە دیمەنەکانی دەخەینەڕوو، ئەویش بریتییە لە باسکردنی کەلەپووری ئیسلامیی بەوەی کە "وەکو چەندیین تورەکە خۆڵ وایە، باری سەرشانی تاکی عەرەبیی و داهێنەری عەرەبیی و ڕوناکبیری عەرەبیی و هۆشیاریی عەرەبیی بە شێوەیەکی گشتیی قورسدەکات"[1].

ئەم قسەیە وادەخوازێت کە پێویستە بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆمانی لێ ڕزگاربکەین، چونکە ئەگەرچی جێگەی شانازییە بۆمان، لەگەڵ ئەوەدا شانازییەکە تەنها وەکو مێژوویەکی تێپەڕبوو باسدەکرێت. لەبەرئەوە دەکرێت بەجۆرێک خۆمانی لێ دەربازبکەین، کە دەمانگەیەنێت بە شارستانیەتی مرۆڤایەتیی لەم ڕۆژگارە گەشاوەیدا! ئەم قسانە ئینتیمای کردووەتە دەستپێک و سەرچاوە، هەتا لە ڕێگەیەوە

---

- قطب، کیف نکتب التاریخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٨.

[1] سبیلا، دفاعا عن العقل والحداثة، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٠.

خاوەنەکەی بگات بەوەی هەرچی دەخرێتەڕوو، لە چوارچێوەی بۆتەی ئامۆژگارییە بۆ خەڵکیماڵەکە، ئەو ئامۆژگارییەش ماڵەکە و خەڵکەکەی لە پێکهێنەرێکی بنەڕەتیی ژیان دادەبڕێت.

دیمەنێکی تری پەیوەندیدار بەوەی ئێمە لە بارەیەوە دەدوێین و قسەی لەسەر دەکەین، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کەلەپوور ناتوانێت سەردەمەکەی خۆی تێبپەڕێنێت، چونکە توانای بەشداربوونی لە بونیاتنانی سارشتانیەتی ئیستای نییە و نایشتوانێت داهاتووی پرشنگداربکات. لەبەرئەوە پێویستە خوێندنەوەمان بۆ کەلەپوور "بۆ خۆی هاوچەرخانە بێت، بەو واتایەی شتێکی نەخەینەئەستۆ، کە لە توانایدا نییە، لەبەر ڕۆشنایی ژینگە مێژووییەکەی و بوارە مەعریفیی و ئایۆلۆژییەکەی تێیبگەین"[١].

ئەم پیشنیازە لە ڕووی بنەمایەوە ڕەتکراوە نییە، چونکە ئاراستەماندەکات بەرەو پێویستبوونی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپوور بە شێوەیەک، ئەو سودەی دەمانەوێت بەدەستبهێنێت، بەبێ ئەوەی بە پێچەوانەوە دامانبماڵێت، وابکات کە "ڕابردوومان بە بەردەوامیی ڕکابەرایەتیی ئیستامان بکات، چونکە ئەوە بونەوەری کەلەپووریمان لێ دروستدەکات، نەک بونەوەرانێک کەلەپووریان هەبێت"[٢].

بەڵام ئەو خاڵەی جێگەی گومانە لەم بارەیەوە ئەو سنورە تێدەپەڕێنێت، بەجۆرێک کە ئەو ئاراستەکردنە مامەڵەمان لەگەڵ کەلەپووردا تەنها لەسەر بوارە سەردەمییەکەی خۆی کورتدەکاتەوە، بەبێ لابردنی ئەو قورسایی و کۆتوبەندانەی هەتا ئەمڕۆ لەسەریەتی، هەر ئەوەیشە وادەکات بە گۆشەگیریی بمێنێتەوە و ڕەنگدانەوەی سەردەمێک بێت کە بەسەرچووە، بەبی ئەوەی لە ڕوکارەکانی ژیانی هاوچەرخدا بە شێوەیەکی ئەرێنیی سودبەخش کارییپێبکات، کە بەردەوامێتیی پێدەبەخشێت و بە ڕێککەوتنی ئوممەتیش بەدیدەهێنێت.

بەسوکسەیرکردن، کاتێک بەخششەکانی کەلەپوور دەکاتە هۆکار، بۆ بەئامانجگرتنی لایەنی دەرونیی لە کەسایەتیی گوێگر بەکاریدەهێنێت، ئەوەیش لایەنە سەرەکییەکەیە، کە ئەگەر لێڵبوونی پەیوەندیی نێوان خود و کەلەپوورەکەی بەدواداهات، بێگومان لەسەر ئەو بنەمایە جۆرێک لە جۆرەکانی گرژیی لە نێوانیان دێتەئارا، یان ئەوەتا دابڕان لە نێوانیان دروستدەکات، یان وادەکات بەها و نرخی کەلەپوور بەسوکسەیربکات.

---

[١] الجابري، كيف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پیشوو، ص٤٣.

[٢] سەرچاوەی پیشوو، هەمان لاپەڕە.

لەرزینی پەیوەندیی دەرونیی دەبێتە هۆی لەناوبردنی ڕۆحی ئینتیما و نکوڵییکردن لە خودی ئیسلامیی، ئەمەیش بە بەرگریی لە پارێزەرەکانی و بەبچووکسەیرکردنی دەستکەوتی ناودارانی، ئەمەیش دەبێتە دەروازەیەکی ڕێخۆشکەر بۆ گەیشتن بەوەی لای ئەوانی تر هەیە. هەروەها لەرزینی ئەو پەیوەندییە، سوکایەتیی بە هەموو توخمێکی دیار، یان ڕوخسارێکی ڕێنیشاندەری لێدەکەوێتەوە، چونکە کەسەکە لەو کاتەدا دان بە هیچ دەستکەوتێکی ڕۆڵەکانی ئوممەتەکەیدا نانێت، ئیدی ئەو دەستکەوتە هەرچەند بەهادار و پایەبەرز بێت، چونکە وەکو ئەو کەسەی لێدێت، کە پێکهاتەکانی ناسنامە و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی گۆڕیوە و بونیاتی ئینتیمایەکی تری وەرگرتووە.

لەدەستدانی متمانەبەخۆبوون و بەرهەمەکانی، یەکەمین مەبەست لێی، لای ئەوانەی کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەتەکانی پەیوەندیی نێوان کەلەپوور و خەڵکەکەی دەکەن، بە بەسوکسەیرکردنی پێگەی و بێبەهاکردنی، چوونەپاڵ ڕۆشنبیرییەکەیان، یان ڕۆشنبیریی ئەوانەی ڕویانتێکردووە نییە، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە ئەو کەسە هەستی ئینتیمای بۆی لەدەستبدات و ڕوکارە ڕۆشنبیرییە دیارەکانی بسڕێتەوە، کە لە بنچینەکەیدا بۆی دەگەڕێتەوە و لەگەڵ ئەو ڕوانگە و بنەما و مەرجەعیاتانەی دەوریداوە.

ئەمەیش ئەگەر هاتەدی، مرۆڤ وا لێدەکات ئەو ڕایەڵانە لەدەستبدات کە پێگەکەی دیاریدەکات. هەروەها ئینتیمای بۆ ئەو "نیشانەیە" دیاریدەکات کە خەسڵەتی ڕێنماییکار و ڕەهەندی ڕێککاری هەیە. ئەو کات لە ڕەگ و ڕیشەی خۆی دادەبڕێت. هیچ پەیوەندیی بە کەسوکار و ناسنامەکەیەوە نامێنێت. ئیتر جوڵاندن و بەکارهێنانی بۆ هەر مەبەستێک ئاساندەبێت، ئەگەریش ئەو مەبەستە تانە بێت لە خودی خۆیشی، بە ئاراستەیەکیدا دەبات کە کۆتاییەکەی باش نییە و لە ژیانی خەڵکیدا جێگەی ڕازیبوون نییە. لەبەرئەوە، دەرئەنجامێکی تر لەسەر ئەوەی پێشوو دادەمەزرێت، لە هەموو ئەوانەوە بۆمان دەردەچێت، ئەویش خۆی لە پێکهاتنی تێڕوانینێکی نوێ بۆ مرۆڤ دەبینێتەوە، بەجۆرێک لە ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراوەوە سەرچاوەیگرتووە و هەمان جێپەنجەی ئەو کەسانەی هەیە کە هەڵدەستن بە بەسوکسەیرکردن و بەپێی سروشتی تێڕوانینی ئەوانە بۆ ژیان و ئاین و مرۆڤ.

ئەگەر تێڕوانین بە پێچەوانەی ئەوەی ناسنامە پێویستیدەکات پێکهات، ئەوا لە ڕێگەیەوە مرۆڤ گرنگیی بە خەمەکانی نادات و بەرەو ئاواتەکانی ناڕوات، بگرە زیاتر لەوەیش زۆربەی کات وەکو خودی دوژمنی لێدێت، تەنها بە شوێن ئەو شتانەدا دەگەڕێت کە کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگەی فیکریی و تێڕوانینی و تەنها گرنگیی بەوانە

دەدات کە ژیانی نارەحەتدەکات. ئەگەر مرۆڤ بەو جۆرەی لێهات، ئەوا لە ئاراستەکارانی ڕۆشتن بەرەو سوکسەیرکردن نزیکدەبێت، ئەمە یەک. دووەمیش دەبێتە هۆکارێک لەو هۆکارنەی بەخۆڕایی لە خزمەتیاندایە و دەستکەوتێکی لەوانەیە مادیی دەستبکەوێت، یان وەزیفەیەکی پێبدرێت، بەڵام ئەوەی بۆی دەکرێت هیچ نییە لەچاو قوربانییدان بە بەرژەوەندییەکانی ئوممەتەکەی و خزم و کەسوکارەکەی.

ڕۆژهەڵاتناسان زۆر جار ئەم ویستەیان دەربڕیوە و بە پەرۆشەوە کاریانکردووە هەتا پێیبگەن، ئەوە مەرجێکی بنەڕەتییە پێویستە لەپێناو بەدیهێنانی پەرتکردنی ڕیزەکانی ئوممەتی ئیسلامییدا بەدەستیبهێنن، چونکە ئەوەی ئاسودەیاندەکات ئەوەیە قوتابییەکانیان لە ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە بێت، کە کاری لەسەر دەکەن، توانایان هەبێت لەسەر تەفسیرکردنی ڕابردوو و ئێستایان. هەروەها بتوانن تەفسیری ڕۆژهەڵاتناسانەی بۆ بکەن، بگرە ئەگەر کرا ئەو تێگەیشتنەش تێبپەڕێنن"[1].

کاتێک ئەو ویستەیان هاتەدی، ئەوا کوڕی وڵاتەکە خۆی بەو کارانە هەڵدەستێت کە ڕۆژهەڵاتناس پێیهەڵدەستا، بگرە زۆر زیاتر لەویش دەکات، وایلێهاتووە ئاماژە بە دەستکەوتە زۆرەکانی دەکەن و دان بە بوێرییان بەرانبەر شتەکانی ئوممەتدا دەنێن. لەبەرئەوە تێبینییانکردووە کە هەندێک لە ڕۆژهەڵاتییە زیرەک و بوێرەکان ئەو ڕێگەیەیان گرتووەتەبەر و توانیویانە لە هەندێک حاڵەتدا بگەنە ئاستی خودی ڕۆژئاواییەکانی هاوڕێیان"[2].

ڕۆژهەڵاتناسەکان زیرەکانە بەرەو ئەو دەرئەنجامانە چوون کە بەهۆی ئەوانەی ئەو ڕەوتەیان گرتووەتەبەر بەدەستهاتووە، هۆشدارییانداوە لە تێکەڵاوکردنی سنوری نێوان ڕۆژئاواییەکان و جگە لە خۆیان، ئەمە شوێنکەوتەیی ڕەها مسۆگەردەکات، کە پەیوەستی خزمایەتیی لە نێوان لاواز و ئەوەی فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگریی لە دەستە دروستدەکات، لە ستایشی ئاستی بەدەمەوەهاتنی قوتابییەکانیان لە ڕۆڵەکانی ئوممەتی ئیسلامیی کردووە: "ئەوان پابەندن بە هەمان عەقڵیەتی هاوبەش و تەکنیکی گەڕان بە دوایدا و هەمان مەنهەج لە کارکردندا، ئەو کاتە سنور تێکەڵدەبێت و لەناودەچێت و ئەوە نامێنێت کێ ڕۆژهەڵاتیی و کێ ڕۆژئاواییە"[3].

کاتێک ئەو ویستە دێتەدی، بەهۆیەوە نسکۆی تیرۆانینی فیکریی دیتەدی کە لە حەقیقەتدا لەو نسکۆ مادییانە بەهێزترە کە ماوە ماوە بەسەر ئوممەتدا دێت. ئەم خۆی لە

---

[1] کابربیلي، فرانسیسکو."ثناء علی الاستشراق"، الاستشراق بین دعاته ومعارضیه، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨.
[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
[3] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

دۆزینەوەی عەقڵیەتێکدا دەبینێتەوە  کە لە ناو ناوەندەکانی ئوممەتی ئیسلامییدا بڵاوبێتەوە، کە خاوەنەکانیان لە ڕۆڵەکانی ئوممەت خۆی بێت، لە ڕەگەز و خوێن و گشتی خۆیان بێت، بەڵام لەوانە بن کە دوژمنان گۆشیانکردوون، لە ڕووی فیکریی و تێڕوانین و پەیوەندییەوە. بەم جۆرە ئەو ڕۆڵانەی مسوڵمانان کە ملکەچی خزان بەرەو سوکسەیرکردن بوون، ئەو کاتەی خاڵیبوون لە هەموو زانیارییەکی پارێزەر، کە دەبوو پێشتر هەیانبایە، لە کۆتایی ڕێگەکەدا گەیشتنە ئەوەی کە "مێژووی ئەوروپا لاپەڕەیەکی پرشنگداری پڕچالاکیی شارستانیی و پێشکەوتنی زانستیی و مادییە[1]، لەبەرئەوە ئاراستەکانی ئەویان گرتەبەر، بڕوایەکی دوور لە گومانیان هەبوو کە ئیسلام وەکو ئاین و فیکر و جێبەجێکردن لە ژیاندا، "شتێک نییە مکوڕبیت لەسەری!"[2] ئەمەیش وادەکات مرۆڤ لە توانەوە و تیاچووندا بژی هەتا ئەو کاتەی بەزەیی خودای پێدەگات.

مرۆڤ پێویستە کاتەکانی بە شتێک پڕبکاتەوە، کاتێک قسەکەر لە بارەیەوە ئەو جۆرە ژیانە بەتاڵە بژی، ئەوا بۆ بەڵگەنامەیەک دەگەڕێت خودی تاکی خۆی تێدا ببینێتەوە، بێگومان ئەوەیش خۆی لە چوون بەرەو ڕووی مێژووی ڕۆژئاوا دەبینێتەوە، بەو پێیەی "ئەو مێژووەیە کە شایستەی لەخۆگرتن و سەرسامبوونە پێی"[3]. لەگەڵ ئەوەدا ئێمە دەمانەوێت هەموو خەم و ناخۆشیی نسکۆکانمان بخەینە ئەستۆی ڕۆژهەڵاتناسەکان، ئەوانە ئوممەتێک بوون تێپەڕین، کاتێک بینییان دەروازەکان کراوەیە و قەڵاکان داڕماون، بینییان خاوەن_ماڵ لە خەوێکی قووڵادایە. چوونە ناوی –با تاوانیش بێت- ئەوەندە تۆمەت ناوروژێنێت هێندەی پرسیار هەڵدەگرێت لە بارەی ئەوانەی بەرپرسیارێتیی وازهێنان لە شوێنەکانی بەڕێوەبردنی کار و پلادانانی بەهێزی پاراستنی ئوممەت لە دوژمنەکانیان وازلێهێنا، "ئەو ئوممەتەی توانا فیکرییەکانی لەکاردەکەوێت و توشی گۆجبوون و لەجوڵەکەوتنی تەواو لە کار و دەستپێشخەریی دەکەوێت، ئەوە بەردەستە بۆ داگیرکران و هاتنەناوی"[4].

ئێمە ئەگەر هاتین شوێنی خاڵە لاوازەکانمان دیاریکرد کە بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم جۆرە ڕەوشە کە ئیدی بەهای ئوممەتەکەمان لە ناو ئوممەتەکاندا ناپارێزێت، ئەوا ئێمە چەند قۆناغێکمان بڕیوە لە دیاریکردنی دەروازەکانی چارەسەردا

---

[1] قطب، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص١٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[4] شبار، الحداثة في التداول الثقافي العربي الإسلامي، نحو إعادة بناء المفهوم ، سەرچاوەی پێشوو، ص١١.

کـە ئـەو قۆناغانـە ئاسـان نییـە، ئیدی ئـەو ناتەواوییانـەمان گێڕایـەوە بـۆ فاکتـەرە سیاسییەکان، یان گەڕاندمانەوە بۆ هۆکارە کۆمەلایەتییەکان، یان گۆڕانمان تێدا کرد و گێڕامانەوە بۆ هۆکاری ڕۆشنبیریی و فیکریی بەهۆی ئەو عەقڵیەتە باوەوە کە هەیە، ئێمە دانماننناوە بەوەدا کە ناتەواوییەک هەیە پێویستی بە چاککردن و چارەسەر هەیە.

ئەگەر ئەمە هاتەدی، ئەوا باشێتییەکی زۆر بەهۆیەوە دێتەدی لەپێناو گەیشتن بە ویسـتە ئەرێنییەکـە، ئەگـەر سـووربوونی ڕاسـتگۆیانە هـەبێت، ئـەوا ئاینـدەی پێدەردەکـەوێت، کـە ئامـانج لێـی خۆقایمکردنـە لـە هـەموو نامۆییـەکی زیانبـەخش و سـودمەند دەبێـت لـە هـەموو دەسـتکەوتێکی مرۆیـی کـە بەریەککـەوتنی لەگـەڵ تایبەتمەندیی ناسنامەدا نـەبێت و بـەرەو ئاراسـتەی لەڕێدەرچوون و لـەناوچوونمان نەبات، چونکە "ئەو ئوممەتەی کە "بەرگریی" فیکریی و "گومرگ"ی مـەعریفیی نـەبێت... ناتوانێت لە ناویدا باسی سەربەخۆیی، یان ڕزگاربوون، یان خاوەنی خۆبوون بکرێت، شوێنکەوتەییەکەی بەپێی قەبارەی زاڵێتیی هاتووەکە بەسەریدا و دزەکردنی بۆ ناوی دەگۆڕێت"[1].

لـە کۆتاییدا دەبێت ئـەم کارە بـەم جۆرە نەمێنێتـەوە، چونکـە ئوممـەت "پێویسـتی (پـەروەردەیی) هەیـە بـە لێکۆڵینـەوە هێڵـی لادان"[2] کـە ئامـانج لێـی دەرخسـتنی خاڵـە لاوازەکـانی بێـت بـە مەبەسـتی چاککردنیـان و تێپەڕانـدنی کۆسـپ و تەگـەرەکانیان، ئـەمەیش بـە هەڵوێسـتەکردن لەسـەر ئـەو کەلێنانـەی بووەتـە دیوارەکـانی ئوممـەت و شـورە ڕۆشـنبیرییەکانی، ئیـدی کـۆن بێـت، یـان نـوێ. ئـەم مەبـەسـتە تـەنها لای هیممەتبـەرزەکان ئەگـەر هـەبوون ئـازیز نییـە، ئەگـەر ئـەو ئیمانـەی لەگەڵدا نـەبێت کـە مرۆڤ لەسەر حەقە هەتا ئەو کاتەی لەسەر شەقامی ئیسلام بێت.

ئـەم قسـانەمان دەکەینـە دەروازەیـەک بـۆ تـاوتێکردنی ڕۆڵـەکانی کەلـەپوور لـە قایمکردنی ئوممەتی ئیسلامییدا بە تایبەت و بونیاتنانی هاوبەشی مرۆیی گشتیی، بە پشتیوانیی خودای گەورە ئەمانە لە بەشکانی دواتردا دەخەینەڕوو.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[2] قطب، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص١١٠.

# بەشی چوارەم:

## کەلەپووری ئیسلامیی و قایمکردنی ئوممەت

یەکەم: کەلەپوور و دیاریکردنی ڕوکارەکانی قایمکردن، دۆزینەوە و دروستکردن:

پێمانخۆشە ئەوەی پەیوەندداره بە ڕوکارەکانی قایمکردنی ئوممەتەوە بە پشتبەستن بە کەلەپوور لە ڕێگەی دوو ناونیشانەوە بخەینەڕوو، بەم جۆره دەیانهێنین:

١- کەلەپووری ئیسلامیی و دیاریکردنی تێڕوانین:

أ- کەلەپوور چاوگەی تێڕوانینە:

تێڕوانین بە جیاکەرەوەیەکی بنەڕەتیی لەو جیاکەرەوانە دادەنرێت کە ڕوخسارەکانی ڕەنگدەرەوەی بیروباوەڕەکانی کەسێتیی تاک و کۆمەڵ لە ژیاندا لێیەوە سەرچاوەدەگرێت، ڕێککاری ئاراستەیەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکان و گەردوون و مرۆڤ. کەلەپووریش لەم لایەنەوە چاوگەی تێڕوانینە، بەو پێیەی زەمینەی فیکریی و مەرجەعیەتی ڕۆشنبیرییە، لایەنی باشە و خراپەی خۆی هەیە.

لەبەرئەوە کەلەپوور دەبێتە خاوەنی شێوازێکی لەقاڵبدراو، لەو چاوگانەوە دروستدەبێت کە خودی کەلەپوور لێیەوە دروستبووە، چونکە کەلەپوور "لە ئەنجامی کارلێکی مسوڵمانەکان لەگەڵ ڕەوشی ژیانیان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئاین بەسەریاندا دروستبووە"[1].

کاتێک وەها دەبێت، هەڵوێستوەرگرتن بەرانبەری لەسەر سروشتی پەیوەندیی مرۆڤ بە ڕۆشنبیریی ئیسلامییەوە ڕاوەستاوە، کە لەوانەیە پەیوەندییەکی ئەرێنیی بێت و لەوانەیشە وا نەبێت.

---

[1] النجار، "مبادیء منهجیة في التعامل مع التراث"، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧٢.

لەبەرئــەوە ئینتیمــا بــۆ ئــەو ڕۆشــنبیرییە و نــامۆبوون لێــی، دوو ئاراســتەکە دیاریدەکەن: فیکریی و کرداریی، کە هەردووکیان لاپەڕەکانی ناوەوەیان لە ڕێگەی ڕوکارە سەرەتاییەکانی دەرەوەی خاوەنەکانیانەوە دەخوێندرێتەوە، ئەوی ئینتیمایەکی ڕاستەقینەی هەبوو زۆر لەو جێپەنجانەی لێوەردەگرێت کە جیایدەکاتەوە لەوانەی کە ئەو تایبەتمەندییەیان نییە، تێڕوانینەکەی لە زۆربەی هەڵوێستەکانی و لێکدانەوەو کارەکانیدا، تێڕوانینێک بووە بەخشینەکانی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی لەبەرچاوگرتووە، وەکو ڕوگەیەکی لێکردووە و لە بابەتە گەورەکاندا بۆی گەڕاوەتەوە لانی کەم، بۆ سروشتی تێڕوانینێکی یەکگرتوو و سەرچاوەیەکی فیکریی هاوبەش.

ئــەوەی لێــی دوورکەوتبێتــەوە، ئــەوا زۆربــەی کــات هەڵوێســت و لێکدانــەوەی پێچەوانەی دەبێت، بە ڕادەی دوورییەکەی لەوە دوورە کە ئەوەی پێشتر لەسەری بوو، یان دووریی ئەوەی باوەڕی پێیەتی، لەوەی لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیی بڕیاری لەسەر دراوە.

لەوانەیە کەسێک بێت و بڵێت، ئەو جیاوازییەی لە فیکری ئیسلامییدا کە کەلەپوور پاراستوویەتی بۆمان، پێگەیەکی هەبووە، بگرە چەندیین پێگەی هەبووە، لەسەر ئەو ڕووبەرەی کە لە ڕۆشنبیریی کۆنی ئیسلامییدا گرتوویەتی، ئەمە لە کاتێکدا بووە کە لایەنــە فیکرییــە جیاوازەکــان گوزارشــتیان لــە یــەک ڕۆشــنبیریی کــردووە، لــە بەخششــەکانی یــەک ژینگــەی ئـاینی، وەکـو ئاماژەیــەک بـۆ ئـەوەی کـە ئینتیمـا بـۆ ڕۆشنبیرییەکی دیاریکراو هیچ پەیوەندییەکی بە بەرهەمهێنانی تێڕوانینەوە نییە و هیچ کاری بەوەوە بە چ جێپەنجەیەک جیادەکرێتەوە، بەڵکو هەموو کارەکە دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕی مرۆڤ و سروشتە دەروونیی و مێشکییە تایبەتەکەی.

ئێمە ئەگەرچی لە بەرانبەر ئەم بۆچوونەدا هەڵوێستێکمان هەیە کەمێک دوورە لەو توخمە کارایانەی لە خولگەکەیدان، لەگەڵ ئەوەدا ئێمە بە تەواویی نایسڕینەوە، داوای فراوانکردنی تێڕوانینی خاوەنەکانی دەکەین، کە کەمێک دووربکەونەوە لەو تێڕوانینە بەشبەشییە، کە هەندێک شت دەبینێت و ناتوانێت شتەکانی تریش لەخۆبگرێت، چونکە ئەوە هەڵوێستێکە لەسەر بەشێک بۆ لەباربردنی هەمووی، ئەو بەشە تێیدا پەیوەستە بەوەی کە بابەتی جیاوازیی سەرچاوەگرتوو لە چاوەگە تێڕوانینیەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو فاکتەرانەی پەیوەندیی نامەرکەزییان لەگەڵ سروشتی ئەو تێڕوانینەدا هەیە، کە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ توخمەکانی گەردوون و ژیان بەڕێوەدەبات.

خـۆ ئەگـەر سـەرچاوەی ناکۆکییەکـە -بـەگوێرەی ئـەم بۆچوونـە- تـەنها ئـەوە بگرێتـەوە کـە دەروونیـی مێشـکییە، ئـەوا ئەمـە وا پێویسـتدەکات ببینـین کـە ئـەو دوو

هۆکاره به یەک شێواز و سیستەمێکی تایبەت ڕۆشنبیریی ئیسلامیی بەڕێوەدەبەن، بەڵام واقیع پێچەوانەی ئەوەیە، هەتا ڕێککەوتن و سازان لە زیاتر لە لایەنێکەوە هاتوونەتەدی، ئەوا ئامادەباشیی دیاریان هەیە -ئەگەریش بە هەموەکیی نەبێت- لەسەر زیاتر لە ئاستێکدا.

ئەمە لەوەی تایبەتە بە ژیانی ئیسلامیی بە گشتیی، بەڵام ئەگەر سەرنجبدەین لە ئاستە لاوەکییەکانی وەکو مەزهەبەکان و ئاراستە فیکرییەکانی کە لە کۆندا باوبووە، هەتا ئیستا زۆرێکیان چەندیین لای گرتووەتەوە، ئەوا ئێمە بە ئاسانیی ڕێکناکەوین لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی کە دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینێکی یەکگرتوویی، کە تەنها لە فاکتەرە دەرونیی و مێشکییەکانی تایبەت بە مرۆڤەوە سەرچاوەیگرتبێت، چونکە مەزهەب و ئاڕاستەکان زۆر جار بۆچوونێکی وای هەیە کە لەسەری کۆکبن، ئەوەی دواتر لەوەی پێشوویەوە دەگێڕیتەوە و ئەوەی پێشتر دەیگوازێتەوە بۆ ئەوەی دواتر لە ڕۆڵەکانی یەک قوتابخانە، یان یەک مەزهەب، ئیتر جیاوازیی لە نێوان تێڕوانینە هەموەکییە گشتگیرە یەکگرتووەکە دەرناکەوێت. خاوەنی بۆچوونێکیش لە پەیڕەوکەرانی قوتابخانە، یان مەزهەب ڕایەکی جیاواز ناهێنێت، زۆر بە کەمیی نەبێت، ئەگەر ڕوویدا، ئەوا لەگەڵ بنچینەکانی تێڕوانیندا بەرکەوتنی نابێت، بەڵکو لە لقەکانیدایە.

قسەکردن سەبارە بە بنچینەکان (أصول) و لقەکان (فروع) دەروازەیەک والآدەکات بۆ ئەوەی بگوترێت کەلەپوور چاوگەی تێڕوانین دەنوێنێت، با تێڕوانینەکانیش تێیدا لەوانەدا بێت کە تایبەت بە لقەکانن، بە دوای یەکدا بێن، بەجۆرێک لێکجیاواز بن هەندێک کات بگاتە ئاستی ناکۆکیی، لەگەڵ ئەوەدا لە چوارچێوەی بنچینە (أصول)ەکەدا دەمێنێتەوە و ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی گشتییە، کە هەموو ئەوانەی ئینتیمایان بۆ ڕۆشنبیریی ئیسلامیی هەیە لە کاتی حوکمدان لەسەر شتەکان بۆی دەگەڕێنەوە و کاتی وەرگرتنی هەڵوێست و لێکدانەوەکانیش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت.

**ب- کەلەپوور و ئاڕاستەکردنی تێڕوانین:**

لەوەی خستمانەڕوو بۆمان دەرکەوت کە کەلەپوور چاوگەی تێڕوانینە، ئەگەر لقەکانی جیاوازیی تێدا بێت، ئەوا بنچینەکانی پابەندە بەوەی تێڕوانینی گشتیی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە دەیخوازێت، ئەمەیش سیفەتێکە نیشانەی دەستپێکردنە، چونکە ئێمە دەبینین کەلەپوور بەو پێیەی ڕەوشێکی وەستاوە تێیدەپەڕێنێت بۆ وەزیفەی ئاراستەکردنی تێڕوانین و ڕێککردنی ڕێڕەوەکەی، بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤەی ئینتیمای بۆ

ڕۆشنبیریی ئیسلامیی هەیە دەسەڵاتی هەبێت لەسەر ئەو ئامڕازانەی هێڵکارییەکانی ئەو تێڕوانینە ڕێکدەخات، کە دەویسترێت ملکەچی بن، لەپێناو مامەڵەکردنێکی میانڕەوی پێشکەوتوو لەگەڵ شتەکاندا، کە ڕەنگدانەوەی ئینتیمایەکی ڕۆشنبیریی بێت لە ناسنامەیەکی جیاوازدا پرشنگبداتەوە و لە مەرجەعیتەتێکی تایبەتەوە سەرچاوەبگرێت.

لە ڕاستییدا تێپەڕاندنی کەلەپوور لە سیفەتی سەرچاوەی تێڕوانین بەرەو ئەوەی ئاراستەکاری بێت، لە حەقیقەتدا گواستنەوەیە لە قۆناغی وەستان و خۆشاردنەوە بۆ قوناغی بەشدارییکردن لە بونیاتنان و خۆقایمکردن، ئەویش لەو گۆشەیەوە لە قۆناغی خستنەڕووی مادەکەیدا نامێنێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەوەی دەیەوێت بیخاتەکار، بەڵکو لەگەڵیدا شتێکی هاوشێوەی شێوازی بەکارهێنان دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بەکارهێنانیدا بۆ ئەو مەبەستەی بۆی کراوە لانەدات و بەکارهێنانێک نەبێت دەرئەنجامەکەی نەویسترابێت.

لە ناو کەلەپووردا دوو کەلەپوور دۆزراوەتەوە بەگوێرەی تێڕوانینی ئەو کەسەی نوێنەرایەتییدەکات دابەشدەبێت –لەم دابەشبوونەوە تێڕوانینە بەشەکییەکان دەردەکەوێت، کە لێیانەوە جیاوازییەکان بە ڕوونیی دەردەکەوێت– دەتوانین بەم شێوەیە لێیانبدوێین:

- **کەلەپوورێک تێڕوانینێکی نەرێنیی بەکاربەر هەڵیدەسوڕێنێت**، خاوەنەکەی دەیەوێت بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی لە لایەن شوێنکەوتە و موریدەکانیەوە بەکارببرێت، بەبێ ئەوەی یەکێک لەوان قسەیەکی لەسەر هەبێت، ئەو کاتە وا گومان دەبات کە سەرچاوەی ئەو حەقیقەتەیە کە لە هیچ لایەکیەوە ناحەق نابێت.

خاوەنی ئەم جۆرە کەلەپوورە باوەڕیان وایە ئەوان کارێک جێبەجێدەکەن، بەڵام ئەوەی دەبینرێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە جۆرێکن تێڕوانینێکی نەرێنیی بەکاربەریان هەیە، مرۆڤ لەسەر ئازادیی بیرکردنەوە و بیروباوەڕ پەروەردە ناکات. هەروەها لە پۆخڵەواتەکانی شوێنکەوتەیی فیکرییەوە سەرچاوەناگرێت، کە ئەو دیمەنە لە دیمەنە بنەڕەتییەکانی بەڕێوەچوونە لە ژیانی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی لەگەڵ هەندێک لایەنی خوددا، بەرلەوەی لەگەڵ خەڵکانی تردا بژی، ئەوانەی کە ڕۆشنبیریی و بیروباوەڕیان لەگەڵ ئەم یەکناگرێتەوە و دژن.

لەوانەیە نزیکترین ئەو نەرێنییانەی لەو تێڕوانینە دەردەکەوێت، ئەوەیە دەبینین لە لایەکی دژ بە تێڕوانینی ئیسلامیی هەموەکی کە نوێنەرایەتیی سەرچاوە سەرەکییەکی دەکات ڕاوەستاوە، چونکە خودای گەورە نەهییکردووە مسوڵمان لەگەڵ شتێکدا بێت

کە هیچ زانیاریی لە بارەیەوە نییە. پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) دەفەرموێت: " **لَا تَكُونُوا إِمَّعَةً ، تَقُولُونَ : إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَحْسَنَّا، وَإِنْ ظَلَمُوا ظَلَمْنَا، وَلَكِنْ وَطِّنُوا أَنْفُسَكُمْ ، إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَنْ تُحْسِنُوا، وَإِنْ أَسَاءُوا فَلَا تَظْلِمُوا.**"[١]. واتە: "پاشكۆی خەڵک مەبن، بڵێن: ئەگەر خەڵک باشەیان کرد ئێمەیش باشە دەکەین، ئەگەر ستەمیان کرد، ئێمەش ستەم دەکەین، خاوەنی خۆتان بن، خەڵکیی باشەی کرد ئێوەش باشە بکەن، خەڵکیی خراپەی کرد، ئێوە ستەم مەکەن".

شوێنکەوتەیی بەبێ بیرکردنەوەو شارەزایی، بەڵکو سووربوون لەسەری و بێباوەڕبوون پێی، مرۆڤ والێدەکات شتی وا جێبەجێبکات کە ئاینەکەی بڕیاری لەسەر نەداوە، شتی وادەکات ئاینەکەی ڕێگریی لێکردووە، ئەمەیش وادەزانێت کارێکی چاک ئەنجامدەدات.

چەواشە و خراپییەکانی ئەم تێڕوانینە باسناکەین، کە لە پاشینەی بانگەشە بۆ نەیارێتیی لەپێناو نەیارێتییەوە سەرچاوەدەگرێت، کە هەندێک کەس وەکو جێگەیەکی بیروباوەڕیی بەپیت دەیبینن، وایلێهاتووە بووەتە عەقیدەیەکی چەسپاو بەجۆرێک کە خەریکە بۆچوونی پێچەوانەی قبوڵنەبێت، ئەوەی دەمانەوێت ناساندنی نەخۆشییەکە لەو نەخۆشییانەی کە ئوممەت لە کۆندا بەدەستیەوە ناڵاندوویەتی و هەتا ئێستا لە هەندێک بەشی لاشەیدا بوونی هەیە، ڕۆڵی مەترسییداری هەبووە لە پەروەردەکردنی نەوەکان لەسەر گوتنی شتانێک کە کەس گوێی لێنەگرێت و لەسەر ملەکەچبوونێک کە هیچ سودێکی بۆ خۆی نییە.

ئەم بەشە نەرێنییەی کەلەپوور تەنها ئەم جۆرەی لەخۆنەگرتووە، بەڵکو لە پاڵ ئەمەدا جۆری تریش هەیە، کۆکەرەوەیەکی نەرێنیی پێکەوەیاندەبەستێتەوە. ئەگەرچی لە زۆر ڕوکاردا جیاوازە لێی. هەتا کۆکەرەوەی هاوبەشی نێوانیان گەورتر و بەهێزتر بێت، ئەوا بێگومان ئینتیمای هەر بۆ ئەو دەبێت و نوێنەرایەتیی ئەو دەکات.

لە ناو ئەو جۆرانەی کەلەپووری بانگەشەی تێپەڕاندنی ئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیی لە دروشم و بیروباوەڕ و بنەما لەسەری سەقامگیربووە بەرەو زیادەڕۆیی لە ئەنجامدانیدا بەجۆرێک بگاتە سنوری ڕەهبانییبوون کە هیچ بوونێکی لە ئیسلامدا نییە، یان دەستبەرداربوون لە هێنانی شتێک لێی، یان هەندێکی.

---

[١] الترمذي، سنن الترمذي، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: البر والصلة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم ، باب: ما جاء في الإحسان والعفو، ج٤، ص٢٦٤، حديث رقم: (٢٠٠٧).

ئەو دارِشتە بنەڕەتییە وایکرد ئەم جۆرانەی کەلەپوور لە یەک بەشدا دابنێین، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هەموویان نیشاندەری تێڕوانینی پێگەیشتوانەی ئیسلام نین کە بانگەشە بۆ شتێک بکات لای خاوەکانی سەقامگیر نەبێت. تێبینیی ئەوە دەکرێت جۆرێکیان داوای گوێبیستبوونی بەتاڵ و ملکەچبوونی کوێرانە لە پەیڕەوانی دەکات، خاوەنەکەی وەکو بت لێدەکات، لە کاتێکدا ئاینی ئیسلام نەهییکردووە جگە لە (اللە) کەس بە خودا نەکرێت. ئەگەرچی یەکێکی تریان پێشنیازی زیادەڕۆیی و سەرکەشیی تەواو دەکات کە ئەوەیش لە تێڕوانینی ئیسلامییدا باش نییە. ئاینی ئیسلام بە جۆرێکی تر ئاراستەماندەکات کە سودی بۆ ئوممەت هەبێت لە پێش هەموو شتێکەوە، لە پاش ئەویشەوە مرۆڤایەتیی لێی سودمەند دەبێت. خۆ ئەگەر سێیەمی سیانەکە بەرەو بێلایەنیی نەرێنیی تەواو دەڕوات و فەرمان بە چاکە ناکات و ڕێگریی لە خراپە ناکات، ئەو هەڵوێستەی بە هەڵوێستێکی پێگەیشتوانە سەیردەکات، کە پێویستە شوێنیبکەون و بانگەشەی لێبووردەیی و ئازادیی لە بیروباوەڕ و ئەخلاقدا دەکات، ئەوا تێڕوانینی ئیسلامیی حەق بە جۆرێکی ترە.

ئەم بەشەی کەلەپوور کاتێک بەو تێڕوانینە جیادەکرێتەوە کە دەکرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ یەک تێڕوانین، ئەویش تێڕوانینێکی ناتەواوی پێنەگەیشتووە، ئەرکی کردنەوەی هەندێک دەروازە بوو، کە دواتر ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ئوممەت دەرکەوت، وایلێهات تاک و کۆمەڵ، شوێن و ئەوەی ئاوەدانیدەکاتەوە، ڕۆشنبیریی ئەوەی نوێنەرایەتییدەکات، ئاین و ڕەمزەکانی... هەموویان بە دەست نەهامەتییەکەوە گیرۆدەبوون کە وێنەی نییە. بە سەرنجدان لە سروشتی تێڕوانینی پەروەردەیی نەرێنیی لە نێوان توندڕەویی و توانەوەدا، کە ئەو جۆرە کەلەپوورە لە دەرون و مێشکی نەوەکانی ئوممەتدا چاندوویەتی.

کەلەپوور لەم گۆشەیەوە هیچ جۆرێکی قایمکردنی ئوومەت بەدەستناهێنێت، ڕۆڵی ڕۆشنبیریی سست و لاواز دەبێت و بەرهەمی پەروەردەییشی بەجۆرێک نەبوو سەرفرازییەک بەدەستبهێنێت، بان دوای ماوەیەکیش بێت، کاتێک بەو شێوەیە بێت، ئەوا بووەتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر بۆ ئەوانەی چاویان بڕیووەتە ئوممەت بە مەبەستی ڕوخاندنی، یان لانی کەم کۆسپدروستکردن لەسەر ڕێگەی. لەبەرئەوە ئەو بژارکردنەی لە شوێنی تری ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەگەر پشتیپێبەسترێت لەوەی کە دوورخستنەوەی هەموو نەرێنییەکانی کەلەپوور بگرێتەخۆی، لەوانەیە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت رونیبکەینەوە، لایەنێکی دیاری بنوێنێت.

- کەلەپوور کاڵاکانی دەخاتەڕوو، بەسەر موریدەکەیدا فەرزناکات بە شێوازی ئەوەی پێشوو بەکاریبهێنێت، بەڵکو پێوانەیەکی دەخاتە بەردەست، کە هەموو شتەکان ملکەچیدەبن و هەموو تێڕوانینە پێچەوانەکان و تێکڕای جێبەجێکردن و هەڵوێستەکانی دواتر و پێشتر، لە هەموو ئەوانەدا ڕێگەی بڕواپێکردن و خستنەڕووی بەڵگە بگرێتەبەر و پەراوێزێک بۆ ئەگەری دروستبوونی هەڵە تێیدا بهێڵێتەوە، لە سۆنگەی باوەڕبوونی بەوەی هەموو ئادەمیزادێک هەڵە دەکات، ئەمە کرۆکی تێڕوانینی ئەرێنییە لە کەلەپوور و خولگەکەیدا.

- ئێمە کاتێک ئاوڕ لەم بەشەی کەلەپوور دەدەینەوە، دەبینین کە دژە لەگەڵ قسەکانمان لە بارەی دۆزینەوەی هەندێک لە خەوشەکانی. لەو ڕووەوە دەڵێین ڕووکرنە دوێنراوەکانی لە خستنەڕووی بیرۆکەکە تێناپەڕێت و لە ڕێنماییکردنیان بەرەو ڕوکارە ڕاستەکانی تێناپەڕێت، کە ئەگەر باوەڕ تێیدا تەواو بێت، ئەوا دەبێتە سەرچاوە بۆ بەکارهێنان و گەشەپێدانی، بەو پێیەی وێستگەیەکە لە وێستگەکانی فکری مرۆیی کە ملکەچی قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە و وەرگرتن و بەرگرییلێکردنە.

لای زانایانی ئیسلام ئەوە چەسپاوە کە ئیجتیهاد "بە ڕێگەپێدانی ئاینیی وەسفدەکرێت، کە سەرپشککراوە بە ڕەخنە و تاقیکردنەوە سەرنجیبدات، هەتا لێیوەربگیرێت و ڕەتبکرێتەوە، بەگوێرەی ئەوەی تەرازووی حەق دەیخوازێت و بەرژەوەندییەکانی ئوممەت دەیخوازێت"[1]. ئەمە ئەو بابەتەیە ئێمە دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین ئەویش ئیجتیهادی ئاینییە، لە ناویشیدا بیروڕای تایبەتیی و کەسیی سەبارەت بە کاروبارە تایبەتەکانی مرۆڤ. ئەگەرچی ئیجتیهاد مافی پابەندکردنی نییە، ئیدی چۆن قسەکردن لە بابەتی تری کاروباری خەڵک ئەو مافەی دەبێت.

ناکرێت ئەمە وا لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە ڕۆڵی کەلەپوور بچووکدەکاتەوە و لە بەهای کەمدەکاتەوە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵیدا پێویستە کە "سەرچاوەکەی بنەمای ڕێزگرتنێک بێت کە سوکسەیرکردن ڕەتبکاتەوە و سەرپشککردنێک بێت دژی لاساییکردنەوەی بەزۆر"[2].

**ت- کەلەپوور و جیاوازیی تێڕوانین:**

پێشتر ئەوەمان زانی پێناسەی کەلەپوور بەوە ناوەستێت نوێنەری سەرچاوەی تێڕوانین بێت، بەڵکو ئەو ئاستە تێدەپەڕێنێت و ئەرکێکی تری دەگرێتەخۆی لە

---

[1] النجار، "مبادیء منهجیة في التعامل مع التراث"، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦٩.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧٠.

ڕێگەیەوە بەشداردەبێت لە بونیاتنانی ئوممەت و ئاراستەکاری تێڕوانینەکەی، ئەم ئەرکەیش بۆی هەیە سەرکەوتوو بێت تێیدا و بۆی هەیە سەرکەوتوو نەبێت. ئێمە ئێستا دەمانەوێت ئاوڕ لە لایەکی تری ئەو ئەرکە بدەینەوە کە کەلەپوور بە ڕوونیی و بەرزییەوە ئەنجامیدەدات، ئەویش خۆی لە بەشدارییکردنیدا دەبینێتەوە لە جیاکردنەوەی تێڕوانین بەوەی ڕوکاری تایبەت بە خۆی هەبێت کە تێڕوانینەکانی تر ئەوەیان نەبێت.

ئەو جیاوازییەی تێڕوانین کە کەلەپووری ئەرێنیی جەختی لەسەر دەکاتەوە، پێشینەکەی لەو جیاییەدا دەبینێت کە ئاینی ئیسلام بۆ مسوڵمانانی دەوێت، لە کاتێکدا کە قورئانی پیرۆز چەندیین جار جەختدەکاتەوە کە ژیانی ئیسلامیی لەوانی تر جیاوازە. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخْتَلَفُواْ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ...﴿١٠٥﴾﴾ (ال عمران)، لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ﴿١٩﴾﴾ (الحشر).

فەرمودەکانی پێغەمبەریش زۆر جەختیان لەمە کردووەتەوە. پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) فەرمویەتی: "صوموا يوم عاشوراء وخالفوا فيه اليهود، صوموا قبله يوما أو بعده يوما"[١]. واتە: عاشورا بەڕۆژووبن و سەرپێچیی جولەکەی تێدا بکەن. ڕۆژێک پێش عاشورا، یان ڕۆژێک پاش عاشورا بەڕۆژووبن. هەروەها فەرمویەتی: "جزوا الشوارب، وارخوا اللحي خالفوا المجوس"[٢]. واتە: سمێل کورتبکەنەوە و ڕیش بهێڵنەوە، سەرپێچیی ئاگرپەرستەکان بکەن.

---

[١] الترمذي، سنن الترمذي، سەرچاوەی پیشوو، کتاب الصوم، باب: ماجاء في عاشوراء أي يوم هو، ص١١٩، حديث رقم: (٧٥٥)، هەروەها بڕوانە:

- الشيباني، أبو عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل. مسند الإمام أحمد، تحقيق: شعيب أرنؤوط وآخرون، إشراف: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، بيروت: مؤسسة الرسالة، ط١، (١٤٢١هـ/٢٠٠١م)، ج٤، ص٥٢.

[٢] رواه مسلم في صحيحه وأحمد في مسنده. بڕوانە:

- القشيري، أبو الحسن مسلم بن الحجاج النيسابوري. صحيح مسلم ط و تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، بيروت: دار إحياء التراث العربي، (د.ت.)، كتاب: الطهارة، باب: خصال الفطرة، ج١، ص٢٦٠، حديث رقم: (٢٦٠).
- الشيباني، مسند الإمام أحمد، سەرچاوەی پێشوو، ج١٤، ص٣٩٠.

هەموو ئەم دەقانە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە ئیسلام سووره لەسەر جیاکردنەوەی پەیڕەوانی لە خەڵکانی تر بە جیاکردنەوەیەکی ئەرێنیی، با لە شێواز و ڕوکاریشدا بێت، جا ئیدی دەبێت تێڕوانین و جێبەجێکاریی چۆن بێت.

ئەمەیش پیشاندەری ئەو پێشینەیەیە کە کەلەپووری ئەرێنیی بۆ جیاکردنەوەی تێڕوانینەکەی لە تێڕوانیەکانی تر لێوەی سەرچاوەیگرتووە.

ئەم کارە کاتێک دەبێتە بنەمایەکی دامەزرێنەری تێڕوانینی مرۆڤی مسوڵمان، بەشداردەبێت لەوەی دواتر ئەو مرۆڤە دەیکات یان نایکات، چونکە دەبێتە یەک لە کێشە عەقڵییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی. ئەو کاتەیش هەر بەرهەمێکی فیکریی، یان هەر کارێک لە کارەکانی مرۆڤ لە ژیاندا، بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینێک کە دەیەوێت جیاکاریی ئەرێنیی هەبێت کە ئاین هاندەریەتی و لە بونیاتی مێشکی تاک و کۆمەڵگەدا چەسپیوە.

لەوانەیە جیاوازیی لە ڕۆشنبیرییەکانی تری جیا لە ئوممەتی ئیسلامییشدا داواکراو بێت، بەڵام ئێمە ئێستا باس لە ڕوکارەکانی خۆقایمکردن دەکەین، بابەتەکەمان قەتیسە لە جیاکردنەوەی ئەرێنیی کە باشێتییەکەی سەرەتا بۆ ئوممەت دەگەڕێتەوە، پاشان بۆ هەموو مرۆڤایەتیی. لەبەرئەوە قسەکانمان لە بارەی جیاوازێتیی، لەوانەیە ڕوبەری فیکریی هەموەکیی بەرهەمی کەلەپوور نەگرێتەوە، بەخششە فیکرییە کەلەپوورییەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامییدا هەیە، بەڵام کاتێک نامۆ بێت پێی، ئەوا ئێمە لە ناو ئەوانەدا سەرژمێریی ناکەین کە تێڕوانینێکی دیاریان هەبێت لە ژیانی ڕۆشنبیریی ئیسلامییدا.

ئەو کەسەی ئاگاداری کەلەپووری ئەرێنیی ئوممەتی ئیسلامیی بێت، دەبێت دان بە سووربوونی لەسەر جیاوازیی تێڕوانین لە لای بەرهەمهێنەرانی دابنێت، بە مەبەستی فراوانکردنی ئەو توێژانەیە سودمەندن لێی. بەڵگەکانیشی لەو بوارە مەعریفییە ئەرێنییانەوە وەردەگرێت، کە ئەو ڕێڕەوەیان گرتووەتەبەر، بە توندیی دەستیانپێوەگرتووە، بەبێ ئەوەی ماندووبوون و بێزارییان پێوە دیاربێت، ئەمەیش – بە پشتیوانیی خودا- لە میانەی قسەکردن لە بارەی ڕێککردنی کارکردن لە کەلەپووردا باسیدەکەین.

**٢- کەلەپوور و ڕێککردنی جێبەجێکردن:**

کەلەپوور تەنها گرنگیی بە دیاریکردنی حاڵەتە هەمەچەشنەکانی تێڕوانین نەداوە، بەڵکو گرنگیی بە ڕێککردنی جێبەجێکردنیشی دەدات، هەتا جێبەجێکردن و تێڕوانینەکە لە ئاستی تیۆرییدا، هاوئاهەنگیی و پێکەوەگونجاون و یەکێکیان بە لایەکدا لانەدات،

یان ڕووی لێوەرنەگیرێت، هەتا کۆکردنەوەیان پێکەوە نەشاز نەبێت و یەکخستنیش لە نێوان ئەوانەی دەیخوازن وەکو کۆکردنەوەی دژیەکەکان نەبێت.

کەواتــە ڕوکارەکــانی هاوئــاهەنگیی و پێکـــەوەگونجان لە نێــوان تێــڕوانین و جێبەجێکردندا چییە؟

ئــەو تێڕوانینــەی باڵادەســتبووە بەســەر دروســتکارانی کەلــەپووری ئــەرێنیی ئیسلامییدا، تێڕوانینێکی ڕوکار_ئاشکرایە و جیاوازە. لەبەرئەوە مرۆڤ لە دەستکەوتە مەعریفییەکەیەوە دەستیپێکردووە و ئامانجی گەیشتنە بە مەبەستەکەی. ئەوەی لە مێشکیدا داناوە کە دەرئەنجامی کرداریی پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو بینینە تیۆرییەی کە لە مێشکدا چەسپاوە، ئەم بوارە مەعریفییانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە:

### أ- لێکۆڵینەوە زمانەوانیی و ڕەوانبێژییەکان:

لە بەڵگەکانی ئەم کارە دەبینین کە زانایانی زمان بێهودە لێکۆڵینەوەیان لە زمان نەکردووە، هەروەها وەک بەدەمەوەچوونێکی حەزێکی فیکریی، یان دەرونیش نەبووە، بەڵکو ئامانجیان پاراستنی قورئان بووە لە خوێندنەوەی هەڵە، کە بەرەو لاربوونەوەی واتا و دەلالەتەکانی دەبات.

لە ڕاستییدا هەڵەخوێندنەوە (اللحن) قورئان هۆکارێکی سەرەکیی بووە بۆ دانانی زانستی نەحو لە پێشبینییەکانی سەرەتایدا بەرلەوەی لەسەر ئەو حاڵەتەی ئێستا هەیە جێگیرببێت، چونکە هەڵەخوێندنەوە لە لای هەندێک لە پێشینەکان گوناحێکە و بەبێ داوای لێخۆشبوون ناسڕێتەوە[1] ئەمە ڕووی نەدەدا، ئەگەر هەستی پێڕی یەکەم نەبایە بەوەی هەڵەخوێندنەوە کاریگەریی لەسەر دەلالەت و حوکمەکان هەیە و کاریگەریی دەبێت لەسەر سروشتی ئەو زمانەی قورئانی پیرۆزی پێ دابەزیوە.

لەبەرئەوە پێویستبوو قورئانی پیرۆز بپارێزرێت، ئەمەیش بە گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێن، لە پێش هەموویانەوە دانانی خاڵ و ئەو هێمایانەی کە پیتە هاوشێوەکان لە یەک جیادەکاتەوە، چونکە "نەوەی یەکەم قورئان و فەرمودەیان لە دەمی کەسەکانەوە بە گوێلێبوون وەرگرتبوو. پاشان کاتێک ژمارەی مسوڵمانان زۆر بوو ناچاربوون خاڵ و هێماکان دابنێن"[2]. بە سەرنجدان لە هاتنەناوەوەی نەتەوەکانی تر

[1] الذهبي، سير أعلام النبلاء، سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ص٢٠.

[2] القسطنطيني، مصطفى بن عبدالله. كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، بيروت: دار الكتب العلمية، (١٤١٣هـ/١٩٩٢م)، ج١، ص٧١٢.

کە زمانی جیا لە زمانی عەرەبییان هەبوو، لەم ڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوەکانی زمانی عەرەبیی دەستپێکرد.

لەبەرئەوە خزمەتگوزاریی زمانەوانیی بە ڕوانگەی ئاینیی دروستبوو، هەستا بە یەکخستنی ڕوانینی تیۆریی و جێبەجێکردنە کردارییەکان. یەکێک لە باشێتییەکانی ئەوە بوو لە ئاینەوە دەستپێکرد و بە سودگەیاندنی دونیایی و ئاینیی کۆتاییهات. وایکرد ئەوانەی خۆیان بۆ یەکلاکردبووەوە لە ماڵ و سامانی خۆیان لەپێناویدا ببەخشن، بەرگەی ناڕەحەتییەکان و ماندووبوونی ساڵانی زۆر بگرن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پاداشتی دونیا و قیامەت.

ئەوەی زانایانی زمان لەو کارەیان مەبەستیان بوو، بریتییە لە پاراستنی زمانی عەرەبیی بەو پێیەی ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێگەیەوە لە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) تێدەگەین، لە هێنانەدی مەبەستەکەیاندا سەرکەوتوو بوون، توانییان بۆ نەوەکانی دواتر بگەیەنن بە "زمانێکی ڕێکی بەڕێساکراوی ئامادە بۆ وەرگرتن و فێربوون"[1].

لە لایەکی ترەوە بنچینە زمانەوانییەکان کاتێک بەکاربران و لە زۆربەی لایەنەکانی ئاگاداربوون، لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیرییدا لێکۆڵینەوەی هونەریی شێوازی دەربڕین هاتەئارا، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ڕەوانبێژییەکاندا، کە ئامانج لێیان لە سەرەتادا دیاریکردنی جوانیی دەربڕینی قورئانی پیرۆز و ڕێککردنی ڕوکارە هونەرییەکانی بوو، بەرلەوەی لە توێژینەوەی شێوازی عەرەبیی هەموویدا بەکاربهێنرێت، بەو پێیەی شێوازێکە قورئانی پیرۆز بەهێز دەکات و پشتیوانییدەکات.

ئەگەر مرۆڤ ئاشنای ئەو ڕوانینە بوو کە حوکمی شارەزایانی زمان و ڕەوانبێژیی دەکات، کە ڕوانینێکی ئیسلامیی ڕوونە، لە ویستی دۆزینەوەی دەوڵەمەندیی شێوازی قورئانی پیرۆزەوە سەرچاوەیگرتووە، دوو ئامانجی هەبووە: دۆزینەوەی سیستەمی شێوازی قورئان و خزمەتکردنی زمانی عەرەبیی. دواتریش خزمەتکردنی شارستانیەتی ئیسلامیی. لە ڕێگەیەوە تێدەگەیت کە ئەوە کارێکە لە ڕێگەیەوە ڕوانین و جێبەجێکردن کە هەردووکیان دەیانەوێت خزمەتی ئاین و دونیا بکەن یەکدەخرێن. ئەمەیش دەکرێت ببێتە قەڵغانێکی پارێزەر، بەبێ ئەوەی دەست بە بۆچوونێکی لاواز، یان مونهەجێکی ناسکەوە بگیرێت.

---

[1] الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص٨١.

لە زانایانی بەناوبانگی زمان کە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد و گەشەیانپێدا، خەلیل[1] و سیبویە[2] و ئیبن جنی[3] و زەمەخشەری[4] و جگە لەوان... لەگەڵ ئەماندا توێژینەوە زمانەوانیی و ڕەوانبێژییەکان دەستپێکرد، بە مەبەستی خزمەتکردنی ئەو ڕوانینەی کە کەلەپووری ئیسلامیی لێیەوە لەپێناو تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) بە جێبەجێکردنێک کە بە تەواویی لەگەڵ ڕوانینی ئاراستەکاردا بگونجێت دەستپێکرد.

**ب- لێکۆڵینەوە فیقهی و ئوصولییەکان:**

شاراوە نییە فیقهـ و ئوصول پەیوەندییان بە ڕوانینی ئیسلامییەوە هەیە، هەردووکیان لە باخچەکەیدا ڕواون، دوو نوێنەرە سەرەکییەکەینی، چونکە فیقهـ "لە پاڵ زانستەکانی زماندا، بەخششی تایبەت بە ڕۆشنبیریی عەرەبیی ئیسلامیی"[5] دەنوێنێت. ئەو گوزارشتکاریی بەبێ شێواندنی سروشتەکەیەتی، هەر ئەویش پ اکە لەهەر بانگەشەیەکی ئەوانەی تۆمەتی ئەوە دەدەنەپاڵ ڕۆشنبیریی ئیسلامیی کە کاریگەریی ڕۆشنبیرییەکانی تری لەسەرە، چونکە بوارێکە لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر ناخایەنێت لە واقعی خەڵکیی و بارودۆخی تایبەتییاندا دەبێتە کرداریی، چونکە فیقهـ

---

[1] ئەو: ئەبو عەبدوڵڵا عەبدوڕەحمان خەلیل کوڕی فەراهیدە،ساڵی ١٠٠ی کۆچیی لەدایکبووە، ساڵی ١٧٩ی کۆچیی وەفاتیکردووە. لە زمانی عەرەبییدا سەر بووە، (علم العروض)ی داناوە. بڕوانە:
- ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ٢٤٤.

[2] ئەو: ئەبو بشر عەمر کوڕی عوسمان کوڕی قنبر فارسی پاشان بەسرییە، پێشەوای نەحو بەڵگەی عەرەب بووە، پاش مونازەڕەی لەگەڵ کەسائی وەفاتیکردووە، ساڵی ١٨٠ کۆچیی. بڕوانە:
- سەرچاوەی پیشوو، ج٣، ٤٦٣.

[3] ئەو: ئەبو فەتح عوسمان کوڕی جنی موسڵییە، ساڵی ٣٣٠ کۆچیی لەدایکبووە، ساڵی ٣٩٢ی کۆچیی وەفاتیکردووە، پێشەوانی زمانی عەرەبیی بووە، ئەدەبی بە شێخ ئەبی عەلی فارسی گوتووەتەوە. بڕوانە:
- سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ص ٢٤٦.

[4] ئەو: ئەبو قاسم مەحمود کوڕی عومەر کوڕی موحەممەدی خوارزمی زەمخشەرییە، ساڵی ٤٦٧کۆچیی لەدایکبووە، ساڵی ٥٣٨ کۆچیی وەفاتیکردووە، مەزهەبی موعتەزیلەی هەبووە، لە زۆر هونەردا پیشەنگ بووە، لە جورجانی خوارزم وەفاتیکردووە. بڕوانە:
سەرچاوەی پیشوو، ج٥، ص١٦٨.

[5] الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پیشوو، ص٩٧.

ئەگەر "زانینی حوکمە شەرعییە کردارییەکان بێت لە بەڵگە درێژەکانییەوە"[١] ئەوا بابەتەکەی "بریتییە لە کرداری بەندەکان"[٢].

بەڵام "ئوصولی فیقهـ"، قسەکردن لە بارەیەوە ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتناسەکان خاکێکی بەپیتیان تێدا دۆزیوەتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا جیایە لەوەی ئەوان بۆی چوون. وا دانراوە یاسادانانێکی عەقڵیی و مەنهەجیی هەڵهێنجانی ئەوەی هەڵنەهێنجراوە بێت، بەپێی ڕێسای زانستیی کە خزمەتی شەریعەتی ئیسلامیی دەکات، بە مەبەستی گونجان لەگەڵ ڕوانینی ئیسلامیی و ویستی جیاکردنەوەی ئەرێنیی، ئەگەر "ئەرکی "فیقهـ" بریتییبێت لە یاسادانان بۆ کۆمەڵگە، ئەوا ئەرکی "ئوصولی فیقهـ" بریتییە لە یاسادانان بۆ عەقڵ"[٣].

ئەم کارەی دانانی هەردوو زانستی "فیقهـ" و "ئوصول" لە لایەن زانایانی ئیسلامەوە لە ناو "زانستی گێڕانەوە"[٤] جا ئەگەر سنوری فیقهـ ئەوە بێت پێشتر زانیمان، ئەوا سنوری "ئوصول بریتییە لە زانینی ئەو ڕێسایانەی کە بەهۆیەوە دەگەیت بە فیقهـ"[٥].

ئەوەی باوەڕی پێهێنرا دەبێت گونجاو و سازبێت لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ لە جێبەجێکردندا بۆی دێت، ئەوەیش زانستی فیقهـ بە شێوەیەکی بەرزی جیاواز ئەنجامیدەدات، ڕوکارەکانی ئەو ڕوانینی کە حوکمی ئیمامی شافیعیی کردووە، کە مەنهەجی ئوصولی گەیشتووەتە دەستی "کردیە زانستێک بەشەکانی پێکەوە کۆک بێت، لایەکانی پێکەوەگونجاوە، بە گشتیی هیچ کاریگەریی مەنهەجی لێکۆڵینەوەی یۆنانیی لەسەر نەبووە"[٦].

ئەمەیش وامان لێدەکات تێبگەین کە ڕوانین و مەنهەجەکان تەنها بۆ ئەوانی تر نییە، بەڵکو پەیوەندیی هەیە بە ڕەنج و کارکردن و ویستی دۆزینەوەی گونجاو لەگەڵ بنەماکانی خود.

---

[١] القنوجي، صديق بن حسن. أبجد العلوم، تحقيق: عبدالمجيد زكار، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٧٨م، ص٤٠٠.

[٢] الزنجاني، محمد بن أحمد. تخريج الفروع من الأصول، تحقيق: محمد أديب صالح، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٣٩٨هـ ص٣٣.

[٣] الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٠٥.

[٤] القنوجي، أبجد العلوم، سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص٤٠٠.

[٥] الجرجاني، علي بن محمد. التعريفات، تحقيق: إبراهيم الأبياري، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٤٠٥هـ ص٤٥.

[٦] النشار، علي سامي. مناهج البحث عند مفكري الإسلام واكتشاف المنهج العلمي في العالم الإسلامي، بيروت: دار النهضة العربية، (١٤٠٤هـ/١٩٨٤م)، ص٩١.

**ت-  فەلەکناسیی:**

ئەو گونجانە هەموەکییەی نێوان ڕوانین و جێبەجێکردن لە کەلەپووری ئیسلامیی ئەرێنییدا ئاماژەی بۆ کرا، هەمان شت لە لای زانایانی زانستە حەقەکان دەبینین، وەک فەلەکناسیی کە ئەستێرەی مسوڵمانان تێیدا دەرەوشاوەتەوە و زانستەکانی گەشەپێداوە هەتا ئەو ئامانج و مەبەستانەی بەدیهێناوە، کە ئوممەتی ئیسلامیی و مرۆڤایەتییش لە پاش ئەو زۆر پێویستیان پێیبووە، بە مەبەستی زانینی ساڵ و ژمێرکاریی پسپۆڕانیش تێیدا قووڵبوونەوە، هەتا بتوانن کاتەکانی سەرەتای مانگەکان و کاتەکانی ڕۆژهەڵاتن و ڕۆژئاوابوون بزانن. بە مەبەستی ڕێککردنی کاتی نویژەکان و دروسمە ئاینییەکانی تری وەکو حەج و بەڕۆژووبوون، توانییان لە لێکدانەوەکانی جادووگەریی و فرتوفێڵ دەربازیبکەن کە بە سەریدا زاڵبوو، بەرەو ئاراستەیەکی قبوڵکراو لە ڕووی شەرعیی و عەقڵییەوەی ببەن.

ئەو پێشینەیەی کە زانستی فەلەکناسیی لای مسوڵمانەکان لەسەر دامەزراوە پێشینەیەکە بۆ ئاین دەگەڕێتەوە، چونکە قورئانی پیرۆز بەرەو سودێکی بەرز ئاراستەیکردوون کە دەکرێت لەو زانستە سودوەربگرن. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْأَهِلَّةِ ۖ قُلْ هِىَ مَوَٰقِيتُ لِلنَّاسِ وَٱلْحَجِّ ...﴿١٨٩﴾﴾ (البقرة)، لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ ۖ فَمَحَوْنَآ ءَايَةَ ٱلَّيْلِ وَجَعَلْنَآ ءَايَةَ ٱلنَّهَارِ مُبْصِرَةً لِّتَبْتَغُوا۟ فَضْلًا مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُوا۟ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ ۚ وَكُلَّ شَىْءٍ فَصَّلْنَٰهُ تَفْصِيلًا﴿١٢﴾﴾ (الاسراء). هەروەها دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلشَّمْسَ ضِيَآءً وَٱلْقَمَرَ نُورًا وَقَدَّرَهُۥ مَنَازِلَ لِتَعْلَمُوا۟ عَدَدَ ٱلسِّنِينَ وَٱلْحِسَابَ ۚ ...﴿٥﴾﴾ (یونس: ٥).

ئەم پاشخانە مسوڵمانانی لە قۆناغی بە دواداچوونی گۆڕانکاریی شوێنی ئەستێرەکاندا نەهێشتەوە، تەنها بە مەبەستی سودمەندبوونی پەرستشی، بەڵکو ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە بەدیهێنانی و بە زیادیشەوە. زیادەکەیش خۆی لەوەدا بینیوە کە گەیشتنە مەبەستێکی تری زۆر بەسود، لەو جێبەجێکردنەی پێشووی کەمێک دەردەچێت و کاری خۆی دەکات و دەگاتە پلە بەرزەکەی. ئەویش بیرکردنەوەیە لە دروستکراوەکانی خودای گەورە و بیرکردنەوە لە مەلەکوتی. ئەوەش مەبەستێکە لەسەری مەقاصیدی تر دروستبوو، بەرزترینیان بەدیهێنانی پەیوەندیی بەتینە بە خالقی بونەوەرەوە و دانان بە توانایدا و ملکەچبوون بۆ قودسیەت و جەبەروتی.

لەبەرئەوەی هەندێک لە زانایان گوتوویانە: سەرنجدان لە قودرەتی دەروازەی مەزن ڕاگرتنی خودا لە دڵدا دەکاتەوە"[1].

ئەو سودەی مسوڵمانان لە فەلەکناسیی و -تێکڕای زانستە حەقەکان- بەدەستیانهێنا ڕووی لە بەدیهێنانی پێکەوەبوون و گونجان لە نێوان (کتێبی نوسراو) بەو پێیەی وەحییە و هاتووەتەخوارەوە، قورئان و سوننەت. لەگەڵ "کتێبی بڵاوکراوە" بەو پێیەی دروستکراوێکی ڕامکراوە بە هەموو ئەوەی تێیدایە بۆ خزمەتی مرۆڤ. لە دەرئەنجامە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەوە بوو، کە کاری عەقڵ و نەقڵ لە یەک بواردا، دەرئەنجامەکانی سودی بۆ مرۆڤایەتیی تێدابوو. بە جەختکردنەوە لەسەر یەکێتیی سەرچاوەی دروستبوون و وەحیی. بەم شێوەیە ڕێڕەوێکی بڕی، هیچ کام لە توخمەکانی پشتیتێنەکرد و بە لاڕێدا نەچوو، لە بەشدارییکردنی چەسپاندنی ڕیساکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و قایمکردنی بیروباوەڕی مسوڵمانان لە بەرانبەر هەر شتیکی نامۆ، یا شازی، کە دەبێتە هۆی شێواندنی ئەوانەی لایان چەسپاوە کە لە کاروبارە زانراوەکانی ئاینە و پێویستە بۆی، یان پێکەوەسازان لە نێوان "کتێبی نوسراو" و "کتێبی بڵاوکراوە" بەدیدەهێنێت.

ئەوانەی باسکرا لەسەر دەستی زانایانێکی لێهاتوو بەدیهات، لەوانە بتانی[2] و ئیبن یونس[3] و بیرونی[4] و جگە لەوان...

### ث- ماتماتیک و ئەندازە:

هەمان شت لە ماتماتیک و ئەندازەدا بەدیهات، ئەو دوو زانستە لە زۆرێک لە بوارەکانی ژیاندا سودیان گەیاندووە، وەکو پێوانی ڕووبەرەکان و حسابکردنی گۆشەکان و زانینی شێوە جیاوازەکان کە لە بونیاتنانی مزگەوتەکان و کەوانەکان و گومەتەکاندا سودی لێوەرگیراوە.

---

[1] الذهبي، سير أعلام النبلاء، سەرچاوەی پیشوو، ج١٠، ص٢٥٩.

[2] ئەو: ئەبو عەبدوڵلا موحەممەد کوڕی سنانی حەرانی بتانی، ساڵی ٣١٧ی کۆچیی وەفاتیکردووە، ئەستێرەناس بووە، خاوەنی " الزيج الصابي"بووە. بڕوانە:
ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پیشوو، ج٥، ص١٦٤.

[3] ئەو: ئەبو حەسەن عەلی کوڕی عەبدوڕەحمان کوڕی ئەحمەد کوڕی یونسە، خاوەنی "الزيج الحاكمي في تقويم الكواكب"، تەمەنی لە چاودێریی فەلەکدا بەسەربردووە. بڕوانە:
- سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ص ٤٢٩.

[4] ئەو: ئەبو ڕەیحان موحەممەد کوڕی ئەحمەد بیرونییە، ساڵی ٣٦٢ کۆچیی لەدایکبووە، ساڵی ٤٤٠ کۆچیی وەفاتیکردووە، فەیلەسوف و فەلەکناس و پزیشک بووە، لە خوارزم دانیشتووە. بڕوانە:
- ابن أبي أصيبعة، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، سەرچاوەی پیشوو، ص٤٥٩.

مسـولْمانان گەشـەیان بـەو زانسـتانە دا کـە لـە زانایـانی پـێش خۆیانـەوە پێیانگەیشتبوو، لەگەڵ ئەوەدا هەندێک زانستیان داهێنا، کە لای ئەوانەی پێش خۆیان نەبوو. لە هەموو ئەمەیشدا لەگەڵ پێویستییەکانی ئاینی ئیسلامدا دەیانگونجاند و ئامانجیان خزمەتکردنی فەرمان و حوکمەکانی بوو، چونکە "زانست خزمەتی ئاین دەکات"[1] ئاینیش لەگەڵ زانستدا دەگونجێت، هەموویان لە خولگەیەکی شارستانیی پێکەوەگونجاودان.

نمونەی ئەمەیش داهێنانی "زانستی جەبر و موقابەلە" لە لایەن خوارزمییەوە، کە لەبەر پێویستیی خەڵکیی "لە میراتیی و وەسێتەکانیان و دابەشکردن و حوکمەکانی و بازرگانیان" هەستا بە دانانی[2]. بەو پێیە یەکێک لە لقەکانی بریتییە لە زانستی "میرات (فرائض)... ئەوکاتە ئەم زانستە ب ەشێک لەفیقهـ دەگرێتەوە، ئەویش حوکمەکانی میراتگرانە"[3].

## ج- پزیشکیی و دەرمانسازیی:

زانستی پزیشکیی کە باس لە "جەستەی مرۆڤ"[4] دەکات، مسولْمانەکان بە یەکێک لە زانستە بەشەکییەکانیان داناوە. ئەم زانستە "بابەتەکانی تایبەتترە لە بابەتی زانستێکی دیکە"[5] لەگەڵ ئەودا هەندێک زانستی تریان داناوە بەو پێیەی لقی ئەون، لە پێش هەموویانەوە زانستی توێکاریی (التشريح) و پزیشکیی چاو (الكحالة) و خۆراکەکان، دەرمانسازیی و نەشتەرگەریی و ڕاکێشانی خوێن[6] و ...هتد. هەموو ئەمانە ئەگەر سەرنجیانبدەین وەکو دابەشکاریی دەبینین، پسپۆڕییەکان جیادەکاتەوە و ملکەچە بۆ تێڕوانینێکی تەواوەندیی ڕێکخراو بەجۆرێک کە تێڕوانینی مسولْمانەکان پیشاندەدات، کە خۆی لە هەموو خۆپێدادانێک بەبێ بیرکردنەوە بەدووردەگرێت، کە هەموو ڕێکخستنێکی ملکەچ بۆ عەقڵێکی تۆکمە خۆی لێلادەدات.

زانستی پزیشکیی لە تێڕوانینێکی ئیسلامییەوە بۆ بەدەمەوەچوونی فەرمانی خودای گەورە دەستپێکرد، مسولْمانەکان گرنگییپێدانی ئەم زانستەیان کردە ئامانج

---

[1] هونكە، شمس العرب تسطع على الغرب، أثر الحضارة العربية في أوروبا، سەرچاوەی پیشوو، ص٣٦٩.

[2] الخوارزمي، محمد بن موسى. الجبر والمقابلة، تحقيق: علي مصطفى مشرفة ومحمد موسى أحمد، القاهرة: دار الكتاب العربي، ١٩٦٨م، مقدمة الكتاب.

[3] ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٨٤-٤٨٥.

[4] القنوجي، أبد العلوم، سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٤٦.

[5] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٥٨.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٦٥.

لەپێناو پاراستنی ئەو نەفسەی خودای گەورە دروستیکردووە[1]. کارەکەیشیان بە گونجانی تەواو لە تێڕوانینی ئیسلامدا بوو بۆی. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿...وَمَنۡ أَحۡيَاهَا فَكَأَنَّمَآ أَحۡيَا ٱلنَّاسَ جَمِيعًا...﴿٣٢﴾﴾ (المائدة).

لە جێبەجێکردنیشدا ملکەچی تێڕوانینێکی ئیمانییە کە بەجۆرێک ئاراستەیدەکات حەرامی تێدا بەکارنەهێنێت، پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) دەفەرموێت: (إن الله أنزل الداء والدواء، وجعل لكل داء دواء، فتداووا ولاتداووا بحرام)[2].

ئەم ڕوانگەیە پزیشکانی مسوڵمانی ئاڕاستەکرد بەرەو سودمەندبوون لە بەخششەکانی خودای گەورە لەو سروشتەی لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا دەگونجێت و ئاراستەی نەکردن بەرەو بەدواداچوونی مادە کیمیاوییەکان، کە ئەگەر لە لایەک چارەسەربێت، لە لایەکی تر ڕەنگدانەوەی بێسنووری لەسەر تەندروستیی مرۆڤ دەبێت، لە بارودۆخی ژیانی ئیستادا دەرکەوتووە، کە چارەسەرکردن بە گژوگیا و ڕووەکی سروشتیی باشترین چارەسەرە لە زۆربەی دەردەکاندا"[3].

لە پاڵ ئەمەدا تێڕوانینێکی ئیمانیی دەبینین ئاراستەیاندەکات کە هیچ نهێنییەک لە نهێنییەکانی نەخۆش بڵاونەکرێتەوە، وەکو کارکردن بە فەرمودەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) "ومن ستر مسلما ستره الله يوم القيامة"[4]. واتە: هەر کەسێک نهێنیی مسوڵمانێک بپۆشێت خودای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەیپۆشێت".

---

[1] بۆ دڵنیابوون بڕوانە ئەو ڕوداوەی کە خەلیفە مەئمونی لەگەڵ حەنینی کوڕی ئیسحاق کۆکردەوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پزیشکەکان دەبێت تەنها ئەو دەرمانانە فێربن کە بەسودە و دەرمانێک نەدەن ئازاربەخش، یان بکوژ بێت. ئەمەیش وەکو بەدەمەوەچوونی ئاین و پیشەکەیان. بڕوانە:

- ابن أبي صيبعة، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦١.

[2] السجستاني، أبو داود سليمان بن الأشعث الأزدي. سنن أبي داود، تحقيق: محمد محيي الدين عبدالحميد، صيدا وبيروت: المكتبة العصرية، (د.ت.)، كتاب: الطب، باب: في الأدوية المكروهة، ج٤، ص٧، حديث رقم: (٣٨٧٤)، هەروەها بڕوانە:

- البيهقي، أبوبكر أحمد بن الحسين بن علي. السنن الكبرى، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت: دار الكتب العلمية، (١٤٢٤هـ/٢٠٠٣م)، كتاب: الضحايا، باب: النهي عن التداوي بما يكون حراما في غير حال الضرورة، ج١٠، ص٩، حديث رقم: (١٩٦٨١).

[3] النجار، "مبادىء منهجية في التعامل مع التراث"، سەرچاوەی پیشوو، ص٢٧٧.

[4] حديث متفق عليه. بڕوانە:

هەروەها لەسەر ئەوەی پەروەردەیکردوون کە تەنها لەبەر بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادیی چارەسەری نەخۆش نەکەن، کە ئەوە چاوچنۆکیی و سووربوون لەسەر ژیانی دونیای لێدەکەوێتەوە، بەڵکو دەبێت ئامانج نەهێشتنی نارەحەتیی ئەوانە بێت کە نەخۆشن و دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵکی بێت، وەکو کارکردن بەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) "ومن كان في حاجة أخيه كان الله في حاجته، ومن فرج عن مسلم كربة، فرج الله عنه كربة من كربات يوم القيامة"[1]. واتە: هەر کەس بە دەم پێداویستیی براکەیەوە چوو، خودای گەورە بە دەم پێداویستییەوە دێت. هەر کەسێک برایەکی لە نارەحەتیی دەربازکرد، خودای گەورە لە نارەحەتییەک لە نارەحەتییەکانی ڕۆژی قیامەت ڕزگاریدەکات".

لە ڕاستییدا زانایانی ئیسلام بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە کاریاندەکرد، توێژینەوەیان لەسەر بۆچوونی ئەوانەی پێش خۆیان دەکرد و زانستە پزیشکییەکانیان گەشەپێدەدا و توانییان زۆر بە باشیی پێشیبخەن و تیۆر و پراکتیک پێکەوە کۆبکەنەوە، بەرهەمێکی گرنگیان بەجێهێشت کە لە ڕوانگەیەکی ئیمانیی ڕوونەوە سەرچاوەیگرتبوو. قسە و کردار پێکەوە کارلێکیانکردبوو. مرۆڤایەتیی ئەوەی کردە سەرچاوەی بونیاتنانی گەشەسەندنی مەدەنیەتی ویستراو، پاش ئەوەی ئوممەتی ئیسلامیی لە ڕۆژگاری سەربەرزییدا ئامانجەکانی پێ بەدیهێنا.

ئەوەی ئێمە پێداگیریی لەسەر دەکەین، خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕاپەڕیینە زانستییەکەمان پێویستە لەسەر ئەو تێڕوانینە بێت، کە پێشینەکانمان لێیەوە دەستیانپێکرد. بەو پێیەی ڕۆحێکی فیکریی و مەنهەجە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گەردوون و ژیان. بەجۆرێک تێیدا سەرنج "لەسەر ڕۆحی کەلەپوور و هاندەرە ڕۆحیی و فیکرییەکانی، زیاتر لە دەستکەوتە زانستیی و پیشەسازییەکانی"[2].

---

- البخاري، أبو عبدالله محمد بن إسماعيل. الجامع المسند الصحيح "صحيح البخاري"، تحقيق: محمد زهير بن ناصر الناصر، ترقيم: محمد فؤاد عبدالباقي، بيروت: دار طوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ كتاب المظالم والغضب، باب: لا يظلم المسلم المسلم ولا يسلمه، ج٣، ١٢٨، حديظث رقم: (٢٤٤٢).
- القشيري، صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: البر والصلة الاداب، باب: تحريم الظلم، ج٤، ص١٩٩٦، حديث رقم: (٢٥٨٠).

[1] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

[2] العمري، التراث والمعاصرة، سەرچاوەی پیشوو، ص٣١.

له نمونەی پزیشکه بلیمەتە مسوڵمانەکان: ئەبوبەکری ڕازی[1] و ئەبو عەلی کوڕی سینا[2] و کوڕەکانی زەهر[3] و زۆرێک تری جگە لەمان.

پاش هەوڵەکانمان بۆ دیاریکردنی تیڕوانین بۆ کەلەپوور و ڕونکردنەوەی ئەوەی ڕێککردنی جێبەجێکرانی پێویستیەتی، بەو پێیەی دوو ڕوانگەی تیۆریین لە لایەک و لە لایەکی ترەوە مێژوویین. پێمانخۆشە ڕۆڵەکانی لە قایمکردنی ئوممەت لە ڕۆژانی ئیستامان بخەینەڕوو، با ئەوەی دەمانەوێت لەمانەدا بیخەینەڕوو:

**دووەم: وەبەرهێنانی ڕۆڵی کەلەپوور لە پارێزبەندکردندا:**

کەلەپوور بەتەنها مێژووی ئوممەت پیشانادات، لایەنێک لە لایەنەکانی کەسێتیی پیشانادات، کە بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی بەسەرچوو و کۆتاییهاتوو، بەڵکو پێکهێنەرێکە لە پێکهێنەرەکانی بوونی بەردەوامیی. بەجۆرێک کە لە هەموو کاتێکدا دەتوانێت بە شێوەیەکی پێگەیشتوانە بۆی بگەڕێتەوە، بە مەبەستی سودوەرگرتن لێی لە قایمکردنی خۆی بە شێوەیەک کە لە چاوتێبڕینەکانی ئەوانی تر بیپارێزێت، کە بە ڕق و کینەوە چاویان تێبڕیوە.

باشە کەلەپوور چ ڕێگەیەک بگرێتەبەر بۆ دیایرکردنی بەردەوامیی ژیانی ئوممەتی ئیسلامیی؟

شوێنەوارەکانی لە پێکهێنانی ڕوکارە جیاکەرەوەکانیدا چییە؟

بە ویستی خودای گەورە، دەمانەوێت ئەمانە بخەینەڕوو.

---

[1] ئەو: ئەبوبەکر موحەممەد کوڕی زەکەریا ڕازییە، ساڵی ٢٤٠ کۆچیی لەدایکبووە، ساڵی ٣٢٠ی کۆچیی وەفاتیکردووە، "گالینۆس"ی عەرەب بووە، سەرۆکی (بیمارستانی عضدی) بووە لە بەغدا. بڕوانە:

- ابن أبي أصيبعة، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، سەرچاوەی پیشوو، ص٤١٤.

[2] ئەو: ئەبو عەلی حوسین کوڕی عەبدوڵلا کوڕی سینای حەکیم، ساڵی ٣٧٠ی کۆچیی لەدایکبووە، ساڵی ٤٢٨ی کۆچیی وەفاتیکردووە، لە پزیشکە بلیمەتە مسوڵمانەکان بووە، وەکو خزمەتکاری پزیشکیی دەکرد، نەک دەستکەوت. بڕوانە:

- ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پێشوو، ج٢، ص١٥٧.

[3] ئەوانیش: ئەبو عەلاء (مردنی:٥٢٥ کۆچیی) و ئەبو مەروان (سەدەی شەشەمی کۆچیی) و ئەبوبەکر (٥٠٧-٥٩٥ کۆچیی)، باپیرە و کوڕ و نەوە، لە ئشبیلیەی ئەندەلوس، هەموو ئەندامانی خێزانەکە زانا و کەسی دیار و حەکیم و وەزیر بوون. بڕوانە:

- سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ص٤٣٤.

**١- وەبەرهێنانی ئاسۆیی/ کەلەپوور و دروستکردنی ڕێگەکە:**

**أ- کەلەپوور بوارێکە بۆ وەبەرهێنانی ڕابردوو:**

ئەگەر ڕابردوو "کۆگای خود و گەنجینەی بەدەستهاتووەکان بێت، لەگەڵ ئەو چاکییانەی هەیەتی و ئەو تێبینییانەی لەسەریەتی"[١]، ئەوا ئێمە نامانەوێت تێیدا بۆ ئایندە بگەڕێین، بەڵکو دەمانەوێت بنچینە قایمکەرەکانمان پێبدات، کە خود پشتیپێبەستووە و لە ڕێگەی ئەوەوە تێڕوانینێکی شایستەی بۆ دروستببێت کە بپارێزێت لە بەئامانجگرتن لە لایەن ئەوانی ترەوە و هۆکارەکانی دەستپێکردنی ئەرێنیی بۆ بەدیدەهێنێت. لێرەدا دەمانەوێت لێیبدوێین:

- **گشتگیریی مەنهەج:**

گرنگترین خەسڵەتەکانی کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە -سەرەڕای سواربوونی شەپۆلی گەشەپێدانی بیرۆکەکانی ئەوانەی پێش خۆی- کەچی بست بە بست و باڵ بە باڵ، لەسەر ڕێنمایی کەلەپووری ئەوان نەڕۆشتووە، مەگەر تەنها لەوەی نامۆیە پێی، یان نەرێنییە خۆی بە پەیوەستبوون بە دونیاوە لەسەر حسابی قیامەت ڕاستنەکردووەتەوە، هەتا ببێتە مادیی و ڕووینەکردووەتە گرنگییدان بە قیامەتی و دونیای فەرامۆشبکات و خۆی بخاتە کۆشی ڕەهبانیەتەوە کە ئیسلام ڕەتیدەکاتەوە.

لەبەرئەوە دەبینین هەندێکی هێناوە و هەندێکیشی وازلێهێناوە، ئەویش بەپێی ڕوانینێکی گشتگیر، کە مەنهەجێکی بۆ ڕێکخستنی پیادەکردنەکەی پێکهێناوە. هەروەها ڕوانینیشی بۆ توخمەکانی ژیان ڕێککردووە و کارەکانی دونیای ملکەچی ئەوە کردووە کە ڕوانینی قیامەتی دەیخوازێت. لەبەرئەوە دەبینین هەڵگرانی لە هەموو جوڵە و وەستانێکدا کارەکانیان ملکەچی تەرازووی شەرع دەکەن، کە بە پاڵفتەکاری یەکەم دادەنرێت کە کاری پێ وەردەگیرێت و پێی ڕەتدەکرێتەوە.

کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی هەنگاوە مەزنەکانی بڕیوە و ئوممەتیش لە ماوەیەکدا خۆشگوزەرانیی بەدەستهیناوە، کە جگە لەو لە خەونێکی قووڵدا بوون و مرۆڤایەتیی ڕێنماییکردووە بەرەو ڕێگەکانی سەرکەوتن، لە کاتێکدا مەحکومبووە بە ئاراستەکرانی ئیمانیی کە وایدەبینێت مرۆڤ بەرپرسە لە تەمەن و گەنجێتییەکەی. ئەو دوانە بە تەرازووی ژیان کاتە و ماوەیەک بەکاردەبات، لەوانەیە درێژەبکێشێت، یان کورتبێت بەگوێرەی تەمەنی خاوەنەکەی.

---

[١] البوشيخي، مشروع المعجم التاريخي للمصطلحات العلمية، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦.

هەروەها ئەوەی بەدەستهێنا کە بەدەستیهێناوە، بەهۆی ئەوەی بەرپرسیارێتیی مرۆڤی لە ڕێنمایی خەڵکدا داناوە، چونکە ئیسلام بەرپرسیارێتیی زانست دەخاتە ئەستۆی زانا و هۆشداریی پێدەدات، کە لە بارەی زانستەکەیەوە پرسیاری لێدەکرێت کە چ کارێکی تێدا کرد. لەبەرئەوە دەبینین ئامۆژگارییکەر و دەستپاکە، ئەگەر لەبەر هۆکارێک لە هۆکارەکان لەم شەقامەی لاینەدابێت.

ئەو هۆشدارییەی کە دەیبینین بە شوێن فێرخوازانەوەیە لە هەر کوێ بن و بۆ هەر کوێ بچن و بە سزای دونیایی و قیامەتیی گەمارۆیداون. ئەگەر تەنها لەسەر ئەو کورتیبهێنایە لەوانەیە لەو هۆکارانە بایە کە پاڵی بە مرۆڤەوە بنایە بۆ نەمری لەسەر زەوی. هەتا متمانە و بەرپرسیارێتییەک هەڵنەگرێت، کە لە ڕۆژێکدا ماڵ و سامان و منداڵ بەکەڵکنایەن پرسیاری لە بارەوە لێنەکرێت، وایدەبینێت کە خۆی لە مەترسییەکانی بپارێزێت بە وازهینان لەوەی ڕایدەکێشێت بۆ لای. لەبەرئەوە موژدەکان دەبینین لە هەموو لایەکدا بڵاوە لەپێناو بەرگرییکردن لێی و هاندەرە و دەروازەی ئارەزوو بە هەردوولایدا دەکاتەوە.

لە ناو ئەوانەدا هەبوو ڕۆڵی باکگراوندێکی دەبینی، کە بەڕێوەبەر و پشتیوانیی مسوڵمانە بۆ بڕینی کۆسپە جیاوازەکانی زانست، بڕوای وایە بەوە لە ناو سەنگەرێک لە سەنگەرەکانی ئایندا دەبێت، ئەگەر ئەوەی ئیسلام داوای لێدەکات ئەنجامیدا، ئەوا بووەتە موجاهیدێک لەو موجاهیدانەی بەشداریی هیچ جەنگێکیان نەکردووە و هیچ خوێنیان نەڕژاوە!

لەبەرئەوە دەبینی زانایەک تەنها سەرقاڵی یەک زانست وەکو پسپۆڕێتیی نەدەبوو، چونکە باوەڕی وایە ژیان ئەمانەتە لە دەستی و هیچ ڕێگەیەکی تر نییە باشتر لە ڕێگەی زانست بیگرێتەبەر. ئەمە وێڕای باوەڕبوونی بەوەی کە ڕێککردنی زانست تەمەنە، زیادکردنی زانستێک بۆ زانستێکی تر وادەکات مرۆڤ لە یەک تەمەندا زیاد لە تەمەنێک بژی، هەر لەبەرئەوە شەرعزان، ماتماتیکزان و فەلەکناس و زمانەوان و ...هتد، بوو.

خۆ ئەگەر ئەم دیمەنە کۆکەرەوەی ئەو دیمەنانە بێت کە چاو و دەرون توشی سەرسامبوون دەکەن، ئەوا سەیرتر ئەوەیە ببینیت، نمونەی ئەوەی باسمانکرد، خاوەن_پیشەیەک بێت و ژیانی سەرشۆڕانەی قبوڵنەبێت و لە بەرهەمی ڕەنج و ئارەقەی ناوچەوانی بخوات، وەکو بەدەمەوەچوونێکی ئەوەی لە ژیانی ئیسلامییدا چەسپاوە، کە خودای گەورە بەندەی پیشەزانی شارەزای خۆشدەوێت.

- **بایەخدان بەوەی بەخشین جیاواز بێت:**

پێشتر بۆمان ڕونبوویەوە کە زانایانی ئیسلام مکوڕبوون لەسەر جیابوونی بەرهەم هەتا ڕادەیەکی زۆر، ئەو بنەمایەش ڕوانگەیەکی وای نییە خاوەنەکەی ویستی هەبێت لەپێناو سەرپێچییدا سەرپێچییبکات، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە مەرجەعیەتی ئیسلامیی لەسەر بنچینەی پاکی سازگار ڕاوەستاوە، نەشێوێندراوە و تێکەڵ بە شتانێکی ڕۆشنبیرییەکانی تر نەکراوە، لەبەرئەوە لە پێشترە بۆی کە هەموو ئەوەی دەکرێت بەرهەمیبهێنێت بەو پێیەی ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامییە. ئیدی لە زانستە ئاینییەکاندا بێت، یان دونیاییەکاندا، جێپەنجەی جیابوونی پێوە دیاربێت، کە دەگەڕێتەوە بۆ بنچینەی ئەو ڕۆشنبیرییەی خراوەتە بەردەستی. ئەمەیش سووربوونیان لەسەر جیابوونی تێڕوانین دەردەخات، کە کاتێک مرۆڤ دەستیپێوەدەگرێت بەوە چەندیین قۆناغی لە بەدیهێنانی سەربەخۆیی ناسنامەدا بڕیوە.

سووربوونی مسوڵمانان لەسەر جیاوازیی بەرهەمیان تەنها لە سروشتی ئەنجامدانیدا نەبووە، کە لەوانەیە بەخشینەکە تێیدا بگەڕێتەوە بۆ ڕوانگە ڕۆشنبیرییە پێچەوانەکانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی ئیسلامیی، بەڵکو سووربوونی گەورە تێیدا لەسەر پابەندبوون بە ڕیسا ڕێکخەرەکان و بنچینە مەنهەجییە باش و پێکەوەگونجاوەکان لەگەڵ ڕۆشنبیریی شارستانیەتی گشتیی بووە.

سووربوونیان لەسەر ئەم لایەنە بنچینەی مسۆگەر کاری کۆنترۆڵکردنی ئەو ئامرازانە بووە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداردەبێت لە پێکهێنانی ئەو ڕێگە شارستانیەی کە هیچ ناتەواوییەکی نییە و شڵەژانی تێدا نییە و پابەندە بە ڕوانینێکی دیاریکراوەوە، کە داوای پێکەوەگونجان لەگەڵ پێکهێنەرەکانی گەردوون دەکات و سوورە لەسەر بەردەوامێتیی مرۆڤبوونی مرۆڤ و دەستگرتن بەوەی لە پێگەی پێشەنگیی و جیاییدا دەیهێڵێتەوە.

ئێمە ئەگەر کەلەپوورمان بە بوارێکی وەبەرهێنانی ڕابردوو ئەژمارکرد، سەیری سروشتی ئەو تیرِوانینەمان کرد، کە تێیدا حوکمدەکات، لەگەڵ خەسڵەتەکانی مەنهەجی گشتیی کە گرتوویەتیەبەر، بەو پێیەی ئامرازێکی بە کۆمەڵە پێش ئەوەی لێی جیاببێتەوە هەتا ببێتە مەنهەجێکی بەشەکیی و داهێنان و دەستکەوتە کەلەپوورییەکانی لەسەر دروستدەبێت، ئەوا ئەوەی لە تواناماندایە ئەوەیە تێیدا پارێزراوییەک لە پارێزراوییە بنەڕەتییەکان دەدۆزینەوە، کە دەکرێت ئوممەت پەنای بۆ ببات، نەک لەپێناو خۆپەنادانی نەرێنیی بەهۆیەوە، بەو پێیەی کۆتا پەناگەیە، بەڵکو هەتا بیکەیتە سەرچاوەیەک لە ڕێگەیەوە ڕێگەی ڕۆشتن و ئامانجەکەی پێ

دیاریبکەیت، لێیەوە ئەو ئامرازانە هەڵێنجێنی کە پێشینەکان بەکاریانهێناوە لەپێناو ئەوەی لە لایەن ڕۆشنبیرییەکەوە قوتنەدرێن، کە ڕیشەی لە ڕەگی مێژوو داکوتاوە. بەهۆی ئەوەوە پەنایان بۆ وێرانەیەک نەبردووە کە لە پێشووەکانەوە بۆیان ماوەتەوە و پەنایان بۆ سۆزێک نەبردووە، کە هیچ سودێکی نییە لەپێناو خۆخەڵەتاندنیان بەوەی ئەوان خاوەنی مێژوو و ڕۆشنبیریی و کەلەپوورن، بەڵکو گەڕاونەتەوە بۆ خود لەپێناو دەستپێکردنێکی سەربەستانەی دوور لە شوێنکەوتەیی و هیچ شوێنەوارێکی ئەوانەی لەخۆنەگرتبێت، کە دەیانەوێت ڕوکارەکانی ڕۆشنبیرییەکەیان لەبارببەن.

**ب- کەلەپوور پێوەرە بۆ بونیاتنانی ئێستا:**

گوتنی ئەوەی کەلەپوور هیچ ڕۆڵێکی لەو ژیانەدا نەماوە کە تێیدایت، ئەمە ستەمێکی زۆرە، چونکە هەتا ئێستا دەکرێت لە زۆر ڕوکاری شارستانیی و مەعریفییدا وەکو یەک وەبەربهێنرێت. ئەگەر هەندێک کێشە و بیرۆکە هەیە -کە بەشێکن لە هەموو- لە کۆندا کەلەپوور باسی لێکردوون و ئێستا ئەو پێگەیەیان نییە کە لە ڕابردوودا هەیانبووە، ئەوە بۆ گۆڕانی ڕەوش و سەردەم دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئێمە وایدەبینین سودمەندبوون لەو لایەنە لە توانادا نییە، یان لانی کەم دوورە، ئەوا سودمەندبوونی گەورە لە لایەنەکانی تردا بۆمان دەردەکەوێت، کە زۆربەیان بۆ قایمکردنی ڕۆشنبریی دەگەڕێنەوە، کە دەکرێت کەلەپووری ئیسلامیی بۆ خودی ئیسلامیی لە ڕۆژگاری ئێستامان بەدەستیبهێنێت.

لەوانەیە لە باسکردنی زانیاریی و بیرۆکەی هاتوو لە بارەی کەلەپوور هەندێک تێبپەڕین، بەڵام ئەوەی ناتوانرێت تێبپەڕێنرێت قسەکردنە سەبارەت بە حەقیقەت و دەرکەوتنی ڕاستییەکانی لەپێناو دەرهێنانی گەنجینە مەنهەجیی و تێڕوانینیەکانی. بێگومان مەنهەج ڕەنگدەرەوەی ڕوانینی چۆنێتیی حوکمردنی خاوەنەکەیەتی لە ژیاندا، لە لایەن زانایانی ئیسلامەوە لە ئاین وەرگیراوە، گەشەسەندنی شارستانیەتی ئیسلامییش دەکرێت لە ڕێگەی بەدواداچوونی قۆناغەکانیەوە لە ڕێگەی ئەو قۆناغانەی مەنهەجی خاوەنەکانی بە مەبەستی دۆزینەوەی سیستەمی میتۆدیی و تێڕوانینیی بڕیویەتی، لەپێناو دیاریکردنی شوینە ناتەواوەکان تێیدا هەتا بتوانێت ئەو کەوتنانەی خاوەنەکانی تێیکەوتووە تێبپەڕێنێت، یان دۆزینەوەی شوێنی بەهێز و جیاواز لەپێناو بەهێزکردن و پشتیوانییکردن و گەشەپێدانی.

شوێنەکانی ناتەواویی کە هەندێک لە پێکهێنەرەکانی تێڕوانینی مەنهەجیی لە کەلەپووردا گرتووەتەوە ڕێگەخۆشکاری یەکەمە بۆ پەندوەرگرتن، چونکە مەنهەج بەو

پێیەی ڕێگەی پێگەیشتوانە و قەڵای پارێزەرە، یەکەم جێگە بووە لە پێکهێنەرەکانی شارستانیەتی ئیسلامیی توشبوبێت. کاتێک مەنهەج توشدەبێت، ئەوا زۆرینەی بیرۆکەکان چاوەڕوانی بەدیهاتنی ناکرێت.

ئێمە لە گۆشەیەکی ترەوە، کاتێک لە ئێستادا بۆ پێکهێنانی ڕێگەی خۆقایمکردنی شارستانیی دەگەڕێین، هەندێک پێشەکیی مەعریفیی لە کەلەپووری ئیسلامییدا دەبینین، سەربەرزانە بە ڕووی ئەوانەدا ڕاوەستاوە، کە وایدەبینن گەڕان لە کەلەپووردا بەفیڕۆدانی کات و بێئەنجامە. ئێمە ئێستا دەمانەوێت هەڵوێستەیەکی لەسەر بکەین، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە چۆن بەرەنگاری کات و سەردەمەکان بووەتەوە و گوێی بەو هەوڵانە نەداوە کە تێکشاندنی بنچینەکانی بونیاتە ڕۆشنبیرییە گەورەکەی کردووەتە ئامانج، لەو هێرش و بەئامانجگرتنانە گەورەتر بووە، بەهۆی بەهێزیی بونیاتە مەنهەجییەکەی، خاوەنەکەی زانیویەتی چی ویستووە، لەبەرئەوە بە عەقڵێکی پێگەیشتوانەوە بۆی چووە، ئەوەی توانیویەتی بەگوێرەی پێداویستییەکانی یاسای گەردوون بەرهەمیهێناوە، کە لەگەڵ یاسا ڕێکخەرەکانیدا گونجاوە.

کاتێک مەبەستمان بوو ئەو بەخشینە مەعریفییانە ڕۆڵی قایمکاریی بگێڕن، پێویستە قووڵاییە مەنهەجیی و تێڕوانینیەکانی تاقیبکەینەوە. پاشان ئەو کاتە بەخشینێکی زۆری نەبڕاوەمان دەستکەوتووە، کە تەنها ناوەستێت لە سنوری دۆزینەوەی پێکهێنەرەکانی مەنهەج لە چەندیین قۆناغ و پلە و میکانیزمە بەکارهێنراوەکانیدا، بەڵکو ئەوە تێدەپەڕێنێت هەتا مەبەستەکەمان بەدیبهێنێت لەو قایمکردرنەی چاوەڕوانی بووین، بۆ ئەو تیڕوانینە دەگەڕێت کە لە ژێرییدا پۆلێنکراوە. خۆ ئەگەر باشە بوو، ئەوا لە کردنەوەی ڕێگە و ڕۆشتن لەسەر ڕینماییەکانی پێشین سودی لێوەردەگیرێت. ئەگەر وانەبوو، وازیلێدەهێنرێت و پەندی لێوەردەگیرێت هەتا ئەو نەهامەتییە دوبارەنەبێتەوە.

ئەم کارە بەردەوامیی بە کەلەپووری ئیسلامیی دەدات بە زیندوویی و سەربەخۆ و ئازاد بمێنێتەوە و دەرکەوتنی بۆ خەڵکیی لە هەر ڕۆژێکدا بێت لەسەر شێوەیەکی خۆشویستراو دەهێنێتەدی. خەڵک بە پەرۆشییەوە بەرەو ڕووی دێن، ئەوەیش سەرلەنوێ ڕۆحی بەبەردادەکاتەوە و دێتەدی و لە کۆتاییدا بونیاتنانەوەی پەیوەندیی نێوانمان بەو پێیەی کە پاشینین لەگەڵ کەلەپوورەکەمان و زانا بلیمەتەکانیدا دروستدەکاتەوە، ئەمەیش بونیاتی دەرونیی و ڕۆشنبیریی و تێڕوانینی ئوممەت والێدەکات هەمەلایەن و پێکەوەگونجاو و دەروازە_قایمکراو و بەئاگابێت لە هەر دزەکردنێکی کۆن، یان داگیرکارییەکی نوێ.

ئەم دەستکەوتانەی باسکران، تەنها لەسەر ئەوەیە کەلەپوور وەکو بابەت بێت و خودی لێکۆڵینەوەکە وەکو وەرگرتنی گوتار بگرێتەوە، ئەمەیش وامان لێدەکات مکوڕبین لەسەر باسکردنی دەستکەوتی تر، کە بە لای خزمەتکردنی زانایانی بەناوبانگی ئوممەتی ئیسلامییدا دەچێت، مافێکی لەدەستچوویان بۆ دەگەڕێتەوە و دان بە بەرهەمێکی فەرامۆشکراویاندا دەنێت، بەوەیش دوو شت بۆ خەڵکیی دەردەکەوێت، ئەو دوانە بەم جۆرە باسدەکەین:

- ئەوەی لە ڕۆژئاوا، یان ڕۆژهەڵات گوتوویانە، لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو بنچینەی مەعریفیی و مەنهەجیی هەیە کە ئەوانەی پێشین کۆسپی دروستکردنەکەیان بڕیوە، ئەوانیش مافی دانان بەو کارەیان لە خزمەتی مرۆڤایەتییدا نافەوتێت.
- مسوڵمانانی سەرەتا زۆر داهێنانیانکردووە، داهێنانەکانیشیان بەشداربووە لە پێشخستنی مرۆڤایەتییدا.
- ئەوەش دەکرێت لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان باسبکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە کەلەپوور پێوەرێکە بۆ ئێستامان لەپێناو ئەوەی ڕێگە مەنهەجییەکان بگرینەبەر کە پێشینمان لە تێڕوانینی هەموەکییاندا گرتوویانەتەبەر، بەبێ چوونە ناو درێژە بەشەکییەکانی، هەموو کارێکی بەرز خاوەنەکەی لە کاتی هەنگاوەکانی بەئەنجامگەیاندنیدا ڕۆشنبیریی تر بەسەریدا زاڵدەبێت، ئەمەیش وای لێدەکات بکەوێتە کەلێنی شوێنکەوتەیی و توانەوەی فیکریی و ڕۆشنبیریی، هەتا ئەوە بەدەستبهێنێت کە لەپێناو خزمەتکردنی شارستانیەتی ئیسلامیی بەدەستهاتووە. دەکرێت بکرێتە پێوەرێک بۆ دەستکەوتەکانی ئێستا، بە تێڕوانیت خاوەنەکەی دەوڵەمەنددەکرێت، کە نەبێتە پاڵنەر بۆ دوبارەکردنەوەی دەستکەوتەکە، بەڵکو بەوەی یەکێتیی ڕوانگەی عەقیدەیی و یەکێتیی ئامانجی شارستانیی ویستراو دەهێنێتەدی، بەوەیش مەنهەج و مەعریفە ئەگەر هەبوون پێکەوە کۆدەبنەوە، "دۆزینەوەی عەقڵیی و داڕێژراوە و بونیاتنراوە"[١].

**ت- کەلەپوور ئامرازێکە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئاییندە:**

ڕۆشنکردنەوەی ئاییندە لەسەر مرۆڤ قورسترە لە لێکۆڵینەوەی ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی و بەهێزترە لەسەر دەرون لە پلانداناان بۆ ئێستا و بەڕێوەبردنی، چونکە یەکەم پەیوەستە بە غەیبەوە، پێویستدەکات ئامانجی داهاتوو دیارییکرێت و

[١] العلواني، طه جابر. "الأزمة الفكرية المعاصرة: تشخيص ومقترحات علاج"، نحو منهجية للتعامل مع التراث الإسلامي، سەرچاوەی پیشوو، ص٢٩.

توانا گونجاوەکان کۆبکرێنەوە و ئەو وزانەی کە دەتوانرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو دەستکەوتەی مەبەستە فەراهەمبکرێت.

دووەم، بەهۆی ئەوەی پەیوەندداره بە چارەنوسی ئوممەتێکەوه کۆششی زۆری کردووه و هێزی لەبەر براوه و لە ڕێلێونبووندا ژیاوه پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ هۆشی خۆی بە شوێن ئەو دەروازانەدا بگەڕێت کە لە شۆکەکان دەیپارێزێت و لە ڕێگەیەوە دەستپێکردنی شارستانیی ویستراو بەدیدەهێنێت، ئەوەیش ڕەوشێکە وادەکات ڕۆشنبوونی ئایندە بەرپرسیارێتییەکی مەزن و ئەمانەتێک بێت، کە بە باشیی بەجێبهێنرێت بەو شێوازە پەسەندەی کە گەڕانەوەی بۆ سەر ڕاستە شەقامەکە بەدیدەهێنێت و دەستپێکردنەوەیەکی شارستانیی بۆ بەدیدەهێنێت کە تێیدا مافەکان نافەوتێت.

دانانی کەلەپوور بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی ڕۆشنکردنی ئایندە کە لەسەر پەندوەرگرتن لە واقیعی پێشینەکانمان ڕادەوەستێت، پاش بەرچاوڕونیی لەو ڕوانگانەی ئەوا لێیەوە دەستیانپێکردووە و ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتوون، چونکە مێژوو کاتێک مەرجەکانی دێتەوە خۆی دوبارەدەکاتەوە، لاوازیی و پوکانەوە دەبنە هۆی دۆڕان و توانەوە، هێزی پێگەیشتوانەیش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بونیاتنەرانە و شارستانیەتێکی خزمەتکاری ئاین و دونیای مرۆڤ.

ئێمە دەمانەوێت واقیعەکەمان لە واقیعی پێشینەکانمان سودمەندبێت، ئەمەیش ڕونادات بەبێ ڕونکردنەوەی ڕوکارەکانی هەر یەکەیان، بە مەبەستی وەرگرتنی ئەرێنیی لە نێویاندا، چونکە واقیعەکەمان لەسەر حاڵەتی نەرێنییە وەکو ئێستا دەبینرێت، واقیعی کەلەپووریی پێشینەکانیشمان دەکرێت دابەشیبکەین بۆ دوو قۆناغ، کە گۆڕانکارییەکی فیکریی و جێبەجێکردن لای دروستکەرانی کەلەپوور لە یەکیانجیادەکاتەوە، ئەوەیش دەکرێت لەم دوو خاڵەدا ڕونبکرێتەوە:

- قۆناغی پشتبەخۆبەستن و بەرهەمهێنانی ئەوەی بە وزە خۆییەکان خزمەتیدەکات و بەردەستبوونی کێشمەکێشمی ڕۆشنبیریی لە نێوان ئوممەتی ئیسلامیی و ڕۆشنبیرییەکانی تردا، بەجۆرێک کە مسوڵمانەکان لە مەعریفەی جگە لە خۆیان ئاگاداربوون و گەشەیانپێداوە، بەڵکو ڕەخنەیان لە زۆر شتی بینەمای گرتووە کە لای نەتەوەکانی تر بڵاوبووە و زانستی وایان داناوە کە پێش خۆیان نەبووە.
- قۆناغی جێبەجێکردنی ئەوەی لای ئەوانی تر هەیە لە ژیانی زانستیی و کرداریی تایبەت بە مسوڵمانان، بەجۆرێک دیاردەی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییە فیکریی و ڕۆشنبیرییەکان لەگەڵ ڕۆشنبیرییە نائیسلامییەکان پێگەی بۆ خۆی لە

عەقڵی بیرمەندانی ئیسلامییدا دەدۆزییەوە، لەوانە وایلیهات "ناوەڕاستەکانی سەدەی پێنجەم لە مێژووی فیکری ئیسلامیی جیاکەرەوەی نێوان دوو سەردەم بێت: سەردەمێک مسوڵمانان پەنایاننەبردووە بۆ ئاوێتەکردنی زانستەکانیان بە لۆژیک و فەلسەفەی یۆنانیی و سەردەمێک تێیدا مسوڵمانەکان پرۆسەی ئاوێتەکردنیان ئەنجامدا، بە تایبەت لە چوارچێوەی لۆژیکدا"[١].

ئەم جوڵەیە نامۆیە، بەجۆرێک وەکو سوننەتێکی ناجۆر کە لەسەر ڕێگەی شارستانێتی ئیسلامیی جێگیربێت دەرکەوت، بەڵام ڕوانگەکەی لەوانەیە خۆی لەو پێشکەوتنە شارستانیەتەدا ببینێتەوە کە ناوچە ئیسلامییەکان بە خۆیەوە دەبینێت و لە مێشکی نوینەرانی زانستە ئیسلامییەکاندا چەسپاوە، کە هیچ مەترسییەکی هەڕەشەی ئەوانەیان لەسەر نییە کە لە ڕووی عەقیدە و تێڕوانینەوە پێچەوانەیان، وایلێهاتووە باوەڕیان وایە ئەوان لە پێگەی بەهێزەوە سەرچاوەدەگرن و وا خەیاڵدەکەن کە بیرۆکەکانیان هیچ کەس لە گۆڕەپانەکەدا نییە ململانێی لەگەڵ بکات، یان بەهۆی لاوازیی ڕکابەرەوەیە، یان بەهۆی ئامادەنەبوونی لە پێگەی گۆڕاندا.

ئەوەی لای توێژەران چەسپاوە ئەوەیە کە ئیمامی غەزالی[٢] یەکەم کەس بووە دەرگای بە هەموو لایەکدا بە ڕووی کارکردن بەم بۆچوونە کردووەتەوە، چونکە ئەو کاتێک ئاراستەی فیکریی بە گومانەوە گرتەبەر و پێداچوونەوەی بە بیروباوەڕەکانیدا کرد، هەتا سەرلەنوێ بە شێوەیەکی زانستیی قبوڵکراو دایبڕێژێتەوە و خاوەنی بڕێکی زۆری زانست و مەعریفە ڕیشەداکوتاو بوو لە مشتومڕدا، وای گومان برد کەسانی تریش وەکو خۆی وان، ڕێگەپێدانەکەی لەو ڕوانگەیەوە بوو کە تێیدا هیچ حسابێکی بۆ جیاوازیی نێوان خەڵک نەکردبوو، هەروەها بۆ جیاوازیی نێوان ویست و ئارەزووەکان.

---

[١] النشار، منهاج البحث عند مفكري الإسلام واكتشاف المنهج العلمى في العالم الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٦٦.

[٢] ئەو: ئەبو حامد موحەممەد کوڕی غەزالی طوسییە، ساڵی ٤٥٠ی کۆچیی لەدایکبووە، ساڵی ٥٠٥ی کۆچیی وەفاتیکردووە، حوجەتولئیسلام بووە، لە عیلمی کەلام و موناقەشەدا لێهاتوو بووە هەتا بووەتە چاوی مونازیرەکان. بڕوانە:

- ابن خلكان، وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ص٢١٦.

"ئیمامی غەزالی دژیەکی نێوان بنەماکانی لۆژیکی یۆنانیی و نەقڵی بینی، لەبەرئەوە بە باشیی زانی یەکەمیان لە ناوببرێت بۆ ئەوەی دووەمیان بپارێزرێت"[1]، بەڵام جێبەجێکردن ئەوە پاش ئەوە هات کە لۆژیکی ئەرستۆ لای جگە لە خۆی، ئەوانەی بواری لە بەردەمدا کردنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا پاراوکرا، ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرد بە دوایداچوون "لە کتێبەکانیدا... لە ئاوێتەکردنی لۆژیکی ئەرستۆ تاڵیسی بە ئوصولی فیهـ و کەلام"[2].

ئەم کارە لەم سنورەدا ڕاناوەستێت، بەڵکو بە نەرێنییەکانیەوە درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی زۆر لایەنی ژیانی ئیسلامیی بگرێتەوە، کە دەرئەنجامی گرتنەبەر ئەو ڕێگەیە تەنها نەرێنیی دەبێت، لەوانەیش گیرۆدەبوون لە زانستە تەجریبیەکاندا کە پێشتر تەنها" بەرهەمی توشبوون بوو لە زانستە شەرعییەکان خۆیدا"[3].

ئەو پەندەی دەتوانین لە نمونەی گرتنەبەری ئەم ڕێگەیەدا وەریبگرین خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئوممەتی ئیسلامیی لە ڕۆشنکردنەوەی ئایندەیدا دەکرێت هەموو ئەو کەوتنانە بهێنێتەیاد کە ئەوانەی پێشوو تێیکەوتوون لە کاتێکدا وا گومانیان بردووە کارێکی باش ئەنجامدەدەن، دەرئەنجامی خراپیشیان لەسەر هەموو شارستانیەتی ئیسلامیی هەبووە.

کەمتەرخەمییکردن لە بابەتی کێبەرکێی ڕۆشنبیریی، ئەگەر هەندێکمان ئاگاداری خراپییەکانی نەبین، ئەوە لە دەرەوەی ڕەوتی شارستانییە، بە ڕووی ڕۆشنبیرییەکانی تردا بکرێتەوە بەبێ ئەوەی بەگوێرەی پێویست و تەواو خۆی بۆ ئامادەکردبێت و ئامادەکارییەکانی قایمکردنی ئەرێنیی دەستەبەرکردبێت، خاوەنەکەی وەکو کەسێک لێدەکات کە بچێتە ناو دەریاوە بەبێ ئامادەکاریی، بە ئاراستەی قووڵایی دوور لە کەنار مەلەبکات بەبێ ئەوەی هۆکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلە سەرکەشەکانی پێبێت.

ئەمە بە واتای بانگەشە بۆ چەقبەستن و ڕاوەستان نایەت، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە و بانگەشەی بۆ دەکەین خۆپڕچەککردنەوە بە زانست و مەعریفەی

---

[1] النشار، مناهج البحث عند مفكري الإسلام واكتشاف المنهج العلمي في العالم الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٦٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٧٩.

[3] سفر، مەحمود موحەممەد. دراسة في البناء الحضاري، محنة المسلم مع حضارة عصرنا. الدوحة: وزارة الاوقاف والشؤون و المقدسات الإسلامية، سلسلة كتاب الامة (٢١)، رجب ١٤٠٩هـ ص١٦، من تقديم عمر عبيد حسنة.

قایمکـاریی خـودیی لـه ڕووی شارسـتانیەوە، بـە تایبـەت لـەم سـەردەمەمانـدا کـە داگیرکاریی ڕۆشبیریی لە چەندیین کەلێنەوە دێتە ژوورەوە کە حسابی بۆ نەکراوە لە کۆندا، لە ڕاگەیاندن و فێرکردن و تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکانەوە.

ئـەو پەندانـەی دەکرێت ئێمـە لە کەلـەپووری وەربگرین وەکو قایمکاریی خـود لـە بنەڕەتـدا خـۆی لـە هۆشـدارییدان مەترسـییەکانی ئاسـانکاریی لـە بـواری کێبـەرکێی ڕۆشنبیرییدا دەبینێتەوە، کارەکە بەو جۆرە نییە کە زۆرێک لـە ئێمـە گومـان دەبـەین، هـەروەها وەکـو ئـەوەی زۆرێـک لـە پێشینەکانیشـمان گومانیـان بـردووە. لەبەرئـەوە دەسـتگرتن بــە بــەهێزکارەکانی ئوممــەت و بــەها شەرســتانییەکانیەوە پێویســتە کەمتەرخەمیی و دەستلێبەردانی تێدا نەکرێت. هەروەها ناکرێت کەمتەرخـەمیی بکرێت لە دەستپێوەگرتن بە زانستەوە کە سودی بۆ ئاین و دونیا هەبێت و بڵاوکردنەوەی لە ناو تاکەکانی ئوممەتی ئیسلامییدا، هاندانی هەر کەسێک داهێنان و پێشکەوتنی هـەبوو تێیدا، لەپێناو سەرنجڕاکێشانی کەسانی تر و بانگەشەیان بۆ لای.

وەبەرهێنانی کەلەپوور لە بونیاتنانی ئێستا و بـەرچاوڕونیی ئایندەدا، تـەنها خـۆی لـە شـوێنکەوتنی وێستگە بنەڕەتییەکاندا نابینێتـەوە، کە بـە درێژایی مێژووی درێژی بڕیویـەتی، بـەڵکو تێیدەپـەڕێنێت بـەرەو ڕونکردنـەوەی ڕوکـارە دیارەکـانی ئوممـەتی ئیسلامیی لە کۆندا، کە داوای لێکراوە نوێنەرایـەتییبکات و دەستپێوەبگرێت، ئـەمەیش دواتر دەخەینەڕوو بە ویستی خودای گەورە.

**٢- وەبەرهێنانی ستوونیی/ کەلەپوور و پێکهێنانی سیماکانی خود:**

گەڕانـەوە بـۆ کەلـەپوور دەرفـەتی دۆزینـەوەی سـیما جیاکـەرەوەکان بـۆ مـرۆڤ دەڕەخسێنێت کە ئوممەتی ئیسلامیی هەتا سـەردەمێکی نزیک هـەیبووە، ئـەمەیش ئـەو سیمایانەیە کە دەکرێت تێڕوانینمان لە ژیانی ئێستاماندا پێوەی دیاربێت، چونکـە هـیچ لایەنێکی ژیان نییە نەیگرتبێتەوە و هیچ لایەکی لێنەگەڕاوە.

کاتێک ئەو سیمایانە لە هەموو لایەنەکان خود دەربکـەوێت، هەتـا وای لێبێت ببێتـە پاشـکۆی، لەبەرئەوە پێمانباشـبوو چەند تـەوەرێکی بۆ تەرخانبکـەین، بـەو مەبەسـتەی هەموویان بگرێتەخۆ و بەو ئارازووەی لە قایمکردنی ئوممەتدا بەشداربێت، بەم جۆرە لێیاندەدوێین:

**أ- سیمای عەقیدەیی:**

ئـەو کەسـەی ئاگـاداری کەلـەپوور بێت، سـیمای عەقیـدەیی تێیـدا زۆر سـەرنجی ڕادەکێشــێت، بــەجۆریک لــە زۆرییەنیـــدا قیامــەت تەوەرەکەیـــەتی، جـــا لای بەرهەمهێنەرەکـەی دەبێتـە هۆکارێـک لـە هۆکارەکـانی گەیانـدنی بـە بـەدیهێنانی

دەستکەوتی قیامـەتی. ئـەمەیش لـە ڕوانگەکەیدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پێشـینەیەی کـە لەوەی وەحیی خودایی هێناویەتی وەرگیراوە، بە قورئان و فەرمودەوە، بەجۆریک کە تێیانـدا دەقی زۆر دەبینین بـە ئاشکرا بانگەشـە بـۆ پەیوەسـتکردنی کـاری مـرۆڤ بـە قیامەتەوە دەکات و دەیەوێت مرۆڤەکان شوێنپێی ئەوانـە بگرنەبـەر، کـە بـەو ڕێگەیـەدا ڕۆیشتوون و ترساندن بەوەی کاری دونیایی تەنها سودەکەی بۆ ئێستایە.

لەبەرئەوە لە کتێبی ئەوانەی پێشوودا دەبینین بە پێشـەکییەکی دامـەزراو بـە (بسـم الله) و ستایشکردنی، پاشان ناردنی درود و سڵاو بۆ سـەر پێغەمبەر (درودی خودای لەسـەربێت) دەستپێدەکات، لە ڕێگەیەوە ویستی خۆی بـە بردنـەوەی پاداشـتی قیامـەت ڕادەگەیەنێت.

کاتێک شێوازی پەیوەستبوونی ئوممەت بە سیما جیاوازەکانیەوە لـە کۆنـدا، لەگـەڵ شــێوازی پەیوەنــدییمان پێیــەوە و ئــەوەی مەبەســتیەتی بەراوردبکــەین، بۆمــان دەردەکــەوێت کــە جیاوازییــەکی زۆر لــە نێوانیانــدا هەیــە. لــە بەڵگــەکانی ئــەوەی باسیدەکەین، پرسیار لە دڵی خۆمان دەکەین لـە بـارەی ئـەوەی تـەوەری عەقیدەییمان کردووەتـە ئـەو تـەوەرەی ژیانمـان بـە دەوریدا بخولێتـەوە، بـەجۆرێک هـەر کارێکمـان ویست، ئەوەمان لەیادبێت لەو ڕووەوە عەقیدە و شـەریعەت چی بە پێویست دەزانێت.

ئـەو کارانـەی مـرۆڤ لـە ژیانیـدا ئەنجامیاندەدات، تـەنها مـەحکوم نییـە بـەوەی کـە عەقیدە پێویستیدەکات، مەگەر لای کەسانێکی کەم، ئەمەیش ڕوکارێکە لەو ڕوکارانەی کە لـە حەقیقەتەکەیدا بووەتـە جیاکـەرەوەی ئـەم ڕۆژگارەمـان لەگـەڵ ئـەو شـێوازەی باووباپیرانمانی لەسەر بووە، ئەمەیش لێماندەخوازێت بگەڕێین بـە شـوێن چۆنیـەتیی گەڕاندنەوەی سیما شارستانییەکەمان لە ڕێگەی کەلەپوورەوە.

**ب- سیمای کێبەرکێی ڕۆشنبیریی:**

لە سیما سـەرەکییەکانی کە مرۆڤ لە توانەوەی ڕۆشنبیریی دادەبڕێت، پێویستیی هەبوونی پاڵنەری ڕۆشنبیرییە لە کاتی پەیوەندیبوونی بە ڕۆشنبیرییەکی پێچەوانەوە. ئەگـەر ئـەم هەسـتە هاتـەدی و بـووە پێکهێنـەرێک لـە پێکهێنـەرەکانی کەسـێتیی، ئـەوا پارێزەرەرێک لە پارێزەکانی هەیە کە لـە تیاچوون و لەدەستدانی ڕوکارە جیایـەکان دەیپارێزێت.

کاتێک دەمانـەوێت تـەنها کەلـەپووری ئـەرێنیی بگەڕێتـەوە بـۆ نـاو ژیـان لـەپێناو ئارامی ڕۆحەکەی و گرتنەبەری ڕێڕەوی دروستکارەکانی، دەبینین سیمای کێبـەرکێی ڕۆشنبیریی بە شێوەیەکی بەهێز ئامادەیی هەیە، هەست بـە ڕەنگدانـەوە ئـەرێنییەکەی لەسـەر ئوممەت دەکرێت، لە ناخدا بڵێسـەی بێداریی و لێهاتوویی دەبوژێنێتەوە، لەپێناو

له كەلێنێک له كەلێنەكانیەوە بۆی نەیەن. ئەمەیە كە هەندێک له توێژەران بە "ئاسایشی ڕۆشنبیریی" ناویدەبەن، ئەگەر نەهاتەدی ئەوا ئاسایش بە شێوازە جیاوازەكانیەوە لە تیاچووندایە، لەگەڵ لەدەستدانی پێكهێنەرەكانی ڕۆشنبیریی خود و گۆڕینی بە پێكهێنەرەكانی ڕۆشنبیرییەكی تر هیچ ئاسایشێكی نامێنێت.

ئوممەتی ئیسلامیی چەندیین ململانێی سیاسیی و مەزهەبی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام ئەو كاتەی لە بێدارییەكی شارستانییدا ژیاوە، پرچەک بووە بە سیمای كێبەركێی ڕۆشنبیریی كە لە بەردەم گێژەڵوكەكاندا هێشتوویەتیەوە، ڕووبەڕووی دڕەندەترین دوژمن بووەتەوە، سووربووە لەسەر بەرەوپێشچوون ڕووەو بونیاتنانی قەڵایەكی مرۆیی ئەرێنیی هەتا دواتر ئوممەت و مرۆڤایەتیی سودی لێوەربگرن.

لە بەڵگەكانی ئەمەیش، سووربوونی عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان[1] لەسەر بەردەوام_بەكارهێنانی دروشمەكەی لە نامەكانیدا، كە بریتیبوو لە ﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ①﴾ (الاخلاص) و ناوی پێغەمبەریشی (درودی خودای لەسەر بێت) لەسەر نوسی. ئەو كاتەی پادشای ڕۆم نامەی بۆ نوسی و بەڵێنی ئەوەیدا، ئەگەر بێت لە نامەدا ئەو شتانە بنوسێت، ئەوا لەسەر دراوی ڕۆمەكان كە ئەو كاتە لە لایەن مسوڵمانەكانەوە كاریپێدەكرا، شتێک دابنێت كە مسوڵمانەكان پێیانناخۆشە[2].

---

[1] ئەو: عەبدولمەلیک كوڕی مەروان كوڕی حەكەم كوڕی ئەبی عاصی كوڕی ئومەیە، خەلیفەی ئەمەوییەكان بووە، ساڵی ٢٦ی كۆچیی لەدایكبووە، ساڵی ٨٦ی كۆچیی وەفاتیكردووە، شەرعزان و زیرەک و دەمەزراو بووە. بڕوانە:

- الذهبي، سير أعلام النبلاء، سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ص٢٦٤.

[2] عەسكەری باسی ئەوە دەكات كە عەبدولمەلیكی كوڕی مەروان، یەكەم كەس بووە لە سەرەتای نامەكاندا نوسیویەتی "قل هو الله أحد"، لەگەڵ نابردنی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) لەگەڵ بەروارددا، پادشای ڕۆم نامەی بۆ نوسی، ئێوە لە نامەكانتاندا شتێكتان داهێناوە باسی پێغەنبەرەكەتان دەكەن، وازیلێبهێنن، ئەگەرنا دیناری وادەنێرین بۆ لاتان شتێكی لەسەربێت كە ڕقتان لێیەتی، ئەوە لەسەر دڵی عەبدولمەلیک گران بوو، ئەوە بوو خالیدی كوڕی یەزیدی كوڕی معاویەی –كە ئەدیب و زانا بوو– گوتی: ئەی باوكی هشام، كەوتووینەتەوە ناڕەحەتییەوە. گوتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران، خودای گەورە دەرووت لێبكاتەوە، دیناریان حەرامبكە و دراوی نوێ بۆ خەڵک دەربكە ناوی خودای گەورە و باسی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) و لەوەی كەڕقیان لێیدەبێتەوە مەیانبورە، ئەوە بوو لە ساڵی ٧٥ەوە دینار دەرچوو." بڕوانە:

-العسكري، أبو هلال الحسن بن عبدالله. الاوائل، تحقيق وضبط وتعليق: محمد السيد الوكيل، طنطا والمنصورة: دار البشير، (١٤٠٨هـ/١٩٨٧م)، ص٢٥٤.

له دەرئەنجانەکانی ئەو پاڵنانە کە مرۆڤ وا لێدەکات سووربێت لەسەر پاراستنی خودی شارستانیی. ئەوە بوو مسوڵمانەکان ڕێگەیەکی تریان گرتەبەر کە هێزەکەیان زیاتر دەکات و لە هەموو لایەکەوە سەربەخۆ دەیانهێڵێتەوە، ئەمەیش بەوەی دراوێکی خاوەن_مۆرکی ئیسلامیی دروستبکەن، کە دروشمێکی جیای هەبێت و کەرامەتیان لەوە بپارێزێت کە سوکسەیربکرێت، یان ئیهانەبکرێت.

یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی وەلامدانەوەی مەنێک بە دوو مەن بوو بە ڕووی ئەوەی ئوممەتی لە یەکێک لە ڕووەکانەوە کردبووە ئامانج، ئەمەیش بۆ هەندێکمان دەبێت لەم ڕۆژگارەدا، کە لە ڕەنگدانەوە شارستانییەکانیدا ئاسانکارییبکات و بە شتی وا ڕازیببێت کە بەرانبەرەکەی لە خۆی ڕازیبکات، واگومان ببات کاریکی زۆر گرنگ نییە.

ئەمەمان لەسەر ئاستی سەرکردەکان بۆ دەردەکەوێت، بەلام ئێمە کەمێک لە چینەکانی کۆمەڵگە ورددەبینەوە، دەبینین لە قۆناغی دواتردا هەڵویستی جیاوازیی بەرانبەر کێبەرکێی ڕۆشنبیریی وەرگرتووە، بەرەو ئەوەی بردوون کە ڕێگەی جیابێت، هەیانبووە سەرخەری ڕۆشنبیریی خود بووە. هەیانبووە پشتیتێکردووە و ڕووی لە خزمەتی ڕۆشنبیریی ئەوی تر کردووە، ئیدی لەوە دڵنیابووبێت، یان نا.

ئەو کێبەرکێ ڕۆشنبیرییەی مسوڵمانان گرتوویانەتەبەر زۆر ئەرێنیی و باش بووە، کاتێک کە تەنها لە ئاستی بەرگرییدا نەماوە، یان بە تەنها خۆیان بپارێزن بە خۆبچوککردنەوە، بەڵکو ڕێگەی هێرشکردنیان گرتەبەر و باشترین ئامرازیش بۆ بەرگرییلەخۆکردن هێرشکردنە، لەوانە دەبینین ئیمامی شافیعیی تەنها ئەوە نییە "بە لۆژیکی ئەرستۆتالیسی کاریگەر نەبێت"[1] بەڵکو هێرشیکردووەتە سەر" هێرشێکی توند دەیگەیەنێتە ئاستی حەرامکردن"[2].

زانایانێکی تری پاش ئەو هاتن هەمان هەڵوێستیان گرتەبەر، لە سەرووی هەموویانەوە ئیمام ئیبن تەیمییە کە بەدواداچوونی بۆ ڕێساکانی لۆژیکی ئەرستۆتالیسی کرد و "هەستا بە جێبەجێکردنیان، هیچی دەستنەکەوت جگە لە کۆمەڵێک بۆچوونی زۆر دوور لە بۆچوونە ئیسلامییەکان"[3] تا ئەوەی لە نێوان لۆژکناساندا ناسرابوو هەڵوەشێنێتەوە و بە دوای نشوستییەکانیان تێیدا ڕۆیشت،

---

[1] النشار، مناهج البحث عند مفكري الإسلام وأكتشاف المنهج العلمى في العالم الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧٠-٢٧١.

لەپێناو دامەزراندنی لۆژیکێک کە لەگەڵ تێڕوانینی ئیسلامدا بگونجێت، بەهۆیەوە "بیرۆکەکەی کە دەڵێت مسوڵمانان ڕێگەی تایبەتیان لە لێکۆڵینەوەدا هەیە، لە قورئانەوە سەرچاوەیگرتووە و لەسەری بنیاتنراوە"[1] دەهێنێتەدی.

بەڵام ئەم هوشیارییە لە دەرئەنجامی سووربوون لەسەر سیمای ڕۆشنبیریی، هەموو ئەو مێشکانەی ئینتیمایان بۆ ڕۆشنبیریی ئیسلامیی هەبوو لێی بەئاگانەبوون، یان کاتێک ئاشنابوون گرنگییە ڕاستەقینەکەیان بۆ دەرنەکەوت، لەبەرئەوە لە پاڵ ئەوانەی کەسانێکی تر دەبینین، خۆیان خستبووە کۆشی ڕۆشنبیریی یۆنانییەوە، بەخششەکانیان گەورە سەیردەکرد، هەر کەسیان ویستبێت ئەوەی لە بواری فیکرییدا لەسەری دروستبووە گەورەیانکردووە، بەڵام کۆمەڵگەی ئیسلامیی کاتێک حەقیقەتەکەیانی بۆ دەرکەوت، کە ئەوان "درێژکراوەی عەقڵی هلینین لە جیهانی ئیسلامییدا"[2]. هەروەها بۆی دەرکەوت کارەکە پەیوەندیی بە ڕوکاری کاتییەوە نییە، بەڵکو تایبەتە بە بونیاتە هەموەکییەکە، کە ئەگەر لەباربرا، مەترسییەکەی لەسەر ڕۆشنبیریی ئوممەت گەورەدەبێت، " کۆمەڵگەی ئیسلامیی بە تەواویی فڕێدەدرێت"[3].

حەقیقەتی کێبڕکێی ڕۆشنبیریی تەنها خۆی لەو ڕوکاری کاتییدا نابینێتەوە، تەنها لە سنوری دەرفەتێکیشدا ڕانەوەستێت کە بۆ ئوممەت ڕەخسابێت و قۆستبێتیەوە، بەڵکو دەگۆڕێت هەتا دەگاتە ئەوەی ببێتە بنچینەیەکی بەرجەستە، تایبەتناکرێت بە سەردەمێک و بەتەنها سەرنجی خەڵکانێکی دیاریکراو ناکرێت.

کێبڕکێی ڕۆشنبیریی لەسەر بنچینەی دەرونیی دروستدەبێت، ئەوەی بەرەو ئەوان چووە، وابیردەکاتەوە کە "دەرون، هەر دەم، پێیوایە ئەوەی بەسەریدا زاڵبووە و بووەتە شوێنکەوتەی تەواومەندە، یان بەهۆی ئەو مەزنسەیرکردنەی دەستیکەوتووە، بە تەواومەند دەیبینێت، یان بەهۆی بەهەڵەداچوون لەوەی شوێنکەوتنەکەی بۆی بەهۆی زاڵبوونێکی سروشتییەوە نییە، بەڵکو بەهۆی تەواومەندیی زاڵبووەکەوەیە"[4]. لەبەرئەوە واگومان دەبات ئەوەی خۆی دەخاتە ئامێزی ڕۆشنبیرییەکی ترەوە، ڕەنگدانەوەی دزینێکی فیکریی نییە، بەڵکو یەک لە ڕێگە زانستییەکانە کە بیرۆکەکان بەهۆیەوە دەپیتێنرێن و ئەوەی دواتر سود لە پێشووەکەی وەردەگرێت.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص ٢٧١.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٧٧.
[3] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
[4] ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٧.

ئەمە ئەوەیە کە لە بانگەشەی ئەمڕۆی زۆرێک لە لێکۆڵەراندا دەیبینین، بە جیاوازیی پلەی خۆخستنەئامێزی ڕۆشنبیرییەکانی تر، هەیانە لە ویستی خۆیەوە ئەوە بە سود دەزانێت لەپێناو دەرهێنانی ئوممەتەکەی لە چاڵاوی دواکەوتن. وایدەبینێت "وەرگرتنی پێکهێنەری ڕۆشنیریی لە کۆمەڵگەکانی تر و لاساییکردنەوەیان، نابێتە هۆی لەدەستچوونی هێزی ڕەسەنی ڕۆشنبیریی و دیارنەمانی بە تەواویی، بەڵکو لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆکاری بەهێزبوون و گەشە و دوڵەمەندبوون"[1]. هەیانە وایدەبینێت کە ڕێگەی ڕاست بریتییە لە وەرگرتن لە بەرهەمی ئەوانی تر و چاوپۆشیی لەو ڕۆشنبیریی خاوەن_ماڵ، لەبەرئەوەی –بەگوێرەی گومانی ئەو– تەنها دواکەوتن و پاشەکشەی بە ڕۆڵەکانی بەخشیوە.

لە ڕاستییدا مێژوو چەندیین نمونەی بۆ هەڵگرتووین کە هەموویان ئەو ڕێگەی دڵنیابوونەیان گرتووتەبەر، زۆری نەبردووە لەناوچوون، هەتا ببنە شوێنەوارێکی دوور لە چاو و خاوەنەکانیشی بوونەتە چیرۆک. لە کاتێکدا ئەوان بۆ چەندیین سەدەی دوورودرێژ شوێنەکەیان ئاوەدانکردووە و دونیایان پڕکردووە و خەڵکیان سەرقاڵکردووە!

نمونەی ئەمەیش خەڵکی مسوڵمانی ئەندەلوس، لە پەیوەندییان بە وڵاتی ئیسپانیای گاورەوە لە قۆناغەکانی دواییبوونی ئیسلام لەوێ "دەتبینی وەکو ئەوانن لە جلوبەرگ و نیشانە و زۆرێک لەوەی هەیانە، لە ڕەوشی ژیانیاندا تەنانەت لە کێشانی وێنەی پەیکەر لەسەر دیوارەکان و کارخانە و ماڵەکان، تەنانەت ئەو کەسەی بە چاوی داناییەوە سەرنجیبدایە هەستیدەکرد ئەوە لە نیشانەکانی دەستبەسەرداگرتنیانە"[2]. هەر ئەوەیش بوو پاش ماوەیەک بەسەریاندا هات.

لەوەی باسمانکرد دەردەکەوێت کە کێبڕکێی ڕۆشنبیریی لە سیما بنەڕەتییەکانە کە کەسێتیی خودی ئیسلامیی پێکدەهێنێت و ئوممەتیش بەرزبوونەوەی بەهۆیەوە بەخۆیەوەبینی و شوێنی وایگرت کە پێشتر ئاشنانەبوو، بە دڵی هیچ کەسیشدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان باوەڕ بە ئیسلام بهێنێت، یان بە عەرەبیی قسەبکات، یان کەلەپووری ئیسلامیی تێدا بەرهەمبێت.

هەروەها دابەزینی وای بەخۆیەوەبینی کە هەتا ئەم ڕۆژانە نەیتوانیوە لێی دەربازبن، ئەوەی پێشینەکان بونیاتیاننابوو لەدەستیاندا و ئەوەیان لەدەستچوو کە

---

[1] الجابري، کیف نتعامل مع التراث، سەرچاوەی پێشوو، ص٥.

[2] ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٧.

زاناکـان لـە زانسـت و مەعریفـە پێیگەیشـتبوون و دەروازەکـانی گەشەسـەندن و پێشکەوتنی شارستانییان بۆ مرۆڤایەتیی پێکردبووەوە.

ئوممەت توشی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی شارستانیی نەدەبوو، ئەگەر جارێک بە توندیی دەستی بە بەها ڕۆشنبیرییەکانی نەگرتبایە و جارێکیش نەمانی ویستی لەسەر ئەوە و کەمتەرخەمیی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕۆشنبیریی ئەوانی تر، ئەوانەی لە پێگەیەکی ڕۆشنبیریی پێچەوانەن. بەمە روندەبێتەوە کە کێبڕکێی ڕۆشنبیریی بنچینەیەکی بەهێزە، هەر کەس بیەوێت پارێزگاریی لە ڕۆشنبیرییەکەی بکات بە باشێتییەکانیەوە، لە حاڵەتی بەهێزیی و لاوازییدا، دەستییێوەدەگرێت. هەر کەسیش دەستبەرداربێت، یان دەرەنجامەکانی بەکەمبزانێت، ئەوا هەموو شتێک لەدەستدەدات.

**ت- سیمای زانستیی:**

وەحیی خودایی ڕوانگەی بنەڕەتیی بووە لە چەسپاندنی تێڕوانینێک کە زانست بەرزڕادەگرێت و بە پیرۆز تەماشایدەکات، هەمیشە بانگەشە بۆ لای دەکات. ئەگەر وەحیی بە بانگەشەی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) بۆ خوێندنەوە دەستپێبکات، کە نیشانەیە بۆ زانست و گرتنەبەری ڕێگەکانی، ئەوە دەستپێکێکە سیماکانی تێڕوانینی نوێی لێوەدەردەکەوێت.

لەبەرئەوەیە دەبینیت مسوڵمانەکان وەکو پەرستش گرنگییان بە زانست داوە، چونکە وایان سەیردەکرد کە پێکهێنەرێکە لەو پێکهێنەرانەی چووەتە ناو بونیاتی وەحییەوە و وەکو ئەو هۆکارە تەماشایاندەکرد کە بەهۆیەوە دەتوانن خەڵکیی لە تاریکییەوە بەرەو ڕوناکیی ببەن. لەبەرئەوە لە وڵاتانی ئیسلامیی ڕۆشنبیرییەکی گشتیی بڵاوبوویەوە، کە تەنها پێڕی ئەکادیمییەکانی نەگرتبووەوە، بەرگەگرتنی نەهامەتییەکان لەپێناو بەدەستهێنانیدا بووبووە کارێکی ئاسایی، ئەو گەشتەی پڕبێت لە ناڕەحەتیی مەرجێک بوو لە مەرجەکانی، هەر کەس سەفەری نەکردایە بۆ بەدەستهێنانی زانست، ئەوا کەموکورتییەک لە زانستەکەیدا هەبوو، لە ڕێزی کەمدەکردەوە.

هەموو ئەوانە گومان ناهێڵێتەوە کە کۆمەڵگەی ئیسلامیی کاتێک ئاشنای ئیمان بوو پابەندبوو بە جێبەجێکردنیەوە، هەموو ئەوەی باوەڕی پێیبوو، ئەوەی دەیکرد و ئەوەی وازیلێدەهێنا، هەمووی بە مەبەستی گەیشتن بە پاداشتی قیامەت بوو، بەبێ ئەوەی سوک سەیری کاروباری دونیا بکات، یان کار تەنها لەبەر ئەو ئەنجامبدات. لەبەرئەوە دەبینیت زانست خزاوەتە هەموو لایەکی ژیانی مسوڵمانانەوە بەو پێیەی پەرستشە.

کاتێک بابەتی زانست بەو جۆرەی لێهات، ئەو خەسڵەتە جیاوازەی هەبوو کە کردبوویە بەرهەمێکی عەقڵیی دەستەجەمعیی، شتەکان بە تێڕوانینێکی یەکگرتوانەی گشتگیر دەبینرا، عەقڵی مسوڵمان بەهۆیەوە توانی "بە خێراییەکی لەڕادەبەدەر لە نەخوێندەواریی و نەفامییەوە بگۆڕێت بۆ ڕۆشنایی و پرشنگدانەوەکانی یەک_خواناسیی"[1].

پرۆگرامی خوێندن، بەگوێرەی ویستی ئادەمیزاد زیاد و کەمی دەکرد، لەبەرئەوە دەبینیت کەسانێک هەن بەشێکیان بەدەستهێناوە و ئیدی چوون بە لای کاروباری دونیایەوە هەتا دووربن لە سواڵکردن و دەستپانکردنەوە لە خەڵک، ئەو کاتە ئەوەی لە زانست فێریبووە شتە پێویستەکانی ئاینە، بەجۆرێک دروست نییە بۆ کەسێک بچێت بە دەم کاروباری دونیاوە، ئەگەر سودمەند نەبووبێت لەوەی ئاینەکەی لەسەری دامەزراوە، ئەگەرنا کۆمەڵگە بە کەم سەیریدەکرد، خەڵکیش بە چاوچنۆک و باوەشکردوو بە دونیا وەسفیاندەکرد.

لە ناو مسوڵماناندا کەسانێک دەبینیت ڕێگەی زانستی گرتووەتەبەر و دەستیکردووە بە فێربوون لە زانستێکدا، پاشان دەستیکردووە بە فێربوون لە زانستێکی تردا، ئارەزووی ئەوەی هەبوو هەموو زانستەکانی دونیایی و قیامەتیی ئاشنابێت، ئەمەیش پەیوەندیی بە ساڵ و تەمەنەوە نەبووە، یان بە دەم گرێیەکەوە نەچووە کە جێگەی سەرنجی کەسانی تر بێت، یان نەچووە پاڵیلێبداتەوە بۆ ویستێکی کاتیی، بەڵکو لەمەدا مەبەستی ئەوە بووە پێگەی زانستیی بەدەستبهێنێت کە پاداشتی دونیا و قیامەتی دەستبکەوێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی هەموویان یەکێک لەو دوو پیاوە بوون، کەسێک زانستخوازە و بەهۆی هۆکارێکەوە بەردەوامنەبووە، کەسێکیش زانستی ویستووە و نارەحەتییەکانی چەشتووە و تامەزرۆیی هەمیشەیی و تینوێتیی بەردەوام هاندەریبووە. هەردووکیان پێکەوە وەکو بەدەمەوەچوونی فەرمانی خودای گەورە و فەرمانی پێغەمبەرەوە (درودی خودای لەسەربێت) داوای زانستیان کردووە.

ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە کۆمەڵگەی بەو شێوەیە لێکردبوو، لەبەرئەوە بونیاتێکی عەقڵیی بەرهەمهێنا کە ڕۆشنبیریی تێیدا خواستێکی دەستەجەمعیی بوو. بەو جۆرە

---

[1] خلیل، حول تشکیل العقل المسلم، سەرچاوەی پیشوو، ص٩-١٠، دەقەکە لە نوسینی تەها جابر عەلوانی.

نــەدەبوو ئەگــەر مســوڵمانان هۆشــیارنەبوونایە لــەوەی "زانســت مەترســییدارترین دیاردەکـانی شارسـتانیەتی مرۆڤایەتییـە و لـە هــەموویان زیـاتر نوانـدنی ئـەرێنیی ئامادەبوونی مرۆڤی -هەبووی عاقڵ- تێدایە لەم گەردوونەدا"[1].

لە کاتێکدا ئێمە قسە لەسەر ڕوکاری جیاکەروەی زانستیی دەکەین، سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە کۆمەڵێک لە توێژەران لە کەلەپووردا ئەو زانستە شیاوە نابینێت کە پێیڕازییە، بە تایبەت ئەگەر کارەکە پەیوەنددار بوو بە زانستە پراکتیکییەکانەوە، کە هەستدەکەین دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا ببینێت، بە تایبەت ئەوەی لە ڕابردوودا کارپێکراوە لە ئیستا وازلێهێنراوە[2] بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی زانستی هاوچەرخ لە بوارە جیاوازەکاندا بەدەستیهێنا.

پاشان، ئەوانەی بۆ لای پەیامیک بانگهێشتکراون، ئەویش خۆی لە سودمەندبوون لە هەموو لایەنە مەنهەجیی و تێڕوانینیەکانی کەلەپوور دەبینێتەوە، ئەگەر مەبەستمان زانستە هاوچەرخەکان بوو، کە ئێمە لێیانەوە دەستپێدەکەین، ئەوەی لای ئێمە داواکراوە، ئەوەیە کە عەقڵ و شەرع بیانەوێت.

خۆ ئەگەر مەنهەج گوزارشتکار بێت لە عەقڵی خاوەنەکەی و ڕێگەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی گشتیی بۆ گەردوون و ژیان، ئەوا لەسەر لێکۆڵەران پێویستە ئاوڕ لەوە بدەنەوە کە مەنهەجە هێنراوەکان بە هۆکاری کۆسپ لە نێوان ئێمە و کەلەپووری ئوممەتەکەماندا دادەنرێت. لەبەرئەوە پێویستە بەرەنگاری کێشەی مەنهەج ببینەوە و تێیدا سود لە بەرهەمەکانی کەلەپووری ئەرێنیی وەربگرین، کە پاک و پوختە، تێکەڵ بە جگە لەخۆی نەبووە، چونکە "کێشەی مەنهەج کێشەی یەکەمی ئوممەتەکەمانە، ناتوانرێت قەڵای زانستیی و شارستانییمان دابمەزرێت هەتا ئەو مەنهەجە

---

[1] الخولي، يمنى طريف. فلسفة العلم في القرن العشرين: الأصول- الحصاد- الآفاق المستقبلية، سلسلة عالم المعرفة (٢٦٤)، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، (رمضان ١٤٢١هـ/ديسمبر ٢٠٠٠م)، ص٧.

[2] لە نمونەی ئەمەیش شێوەی کارکردنی کاتژمێرە کۆنەکان، وەکو: کاتژمێری "قوتابخانەی بوعنانیە" لە شاری فاس و "کاتژمێری ڕەش" لە غەرناتە، کە لەکارکەوتن، لە سەردەمێکی زووەوە ڕێگەی چاککردنەوەیان بە خۆیانەوە نەبینی، بەهۆی ئەوەی زانستی هاوچەرخ وازی لە زۆر تەکنیک هێنا، کە لە کۆندا پشتیپێدەبەسترا و لە ئێستا لە ناو خەڵکدا -لە ناویاندا زانایان بە دیاریکراویی- نەماوە لەم ڕۆژگارەماندا.

پەیڕەونەکەین کە باشترینە و بە ڕادەی تێگەیشتنمان لە مەنهەج و پێگەیشتنمان تێیدا، ئاستی دەستپێکردنمان لە ڕووی چەندێتیی و چۆنێتییەوە بەو ڕادەیە دەبێت"[1].

خۆ ئەگەر مرۆڤ –لێرەدا- ڕوکارەکانی خود دیاریبکات کە کەلەپوور پێکیهێناوە، ئەوا لە پێشترە لەپێناو ئەوەدا دیاریبکات لە خۆیدا ڕەنگبداتەوە و دەستیپێوەبگرێت بە مەبەستی ئەوەی ئوممەت لە میانەی هەموو مێژووەکەیدا بە یەک ڕوکار ڕێبکات، ئەوە بەدەستبهێنێت کە بەدەستهاتووە لەپێناو خودی ئوممەت لێی سودمەندبێت، بە هەمان شێوە مرۆڤایەتییش بە جیاوازیی ڕەگەزەکانیەوە سودی لێببینێت. ئەمە ئەو کارەیە کە لە بەشی دواتر بە پشتیوانیی خودای گەورە قسەی لەسەر دەکەین.

[1] البوشيخي، مصطلحات النقد العربي لدى شعراء الجاهليين والإسلاميين، قضايا ونماذج ونصوص، سەرچاوەی پێشوو، ص٢١.

# بەشی پێنجەم:
## کەلەپووری ئیسلامیی و بونیاتنانی هاوبەشیی مرۆیی

**یەکەم: جیهانییبوونی کەلەپووری ئیسلامیی**

**١- سەرچاوەی ئیمانیی بۆ جیهانییبوونی کەلەپوور:**

لەم بابەتەدا گرنگیی بە ڕونکردنەوەی سەرچاوەکانی جیهانییبوونی کەلەپووری ئیسلامیی دەدەین، بە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکانی و هەڵوێستەکردن لەسەر ئاراستەکردنەکانی بۆ ڕۆشنبیریی لەم دەروازەیەدا، بەو مەبەستەی ئەو سەرچاوەیەی دیاریبکەین، کە کەلەپوور لە هەموو کاتێکدا بۆی دەگەڕایەوە، لە ڕێگەی ئەوەوە ڕوکارەکانی ئاراستەکە بەگوێرەی ئەوەی تێڕوانینەکە و ڕێگەکەی پێویستدەکات دیاریدەکرێت. باشە ئەو پێکهێنەرانە چین کە سەرچاوە ئیمانییەکەی لەسەر دەوەستێت؟ ئەو کۆڵەکانە کامانەن کە وەکو باکگراوەندی ئاراستەکار، کەلەپووری ئیسلامیی بەڕێوەبردووە؟

لە بنەڕەتدا سەرچاوەی ئیمانیی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەردا (درودی خودای لەسەربێت) خۆی دەبینێتەوە. لە ڕێگەی ئەم دوانەوە ئەو بنچینە و باکگراوەندەی لێیەوە سەرچاوەیگرتووە و کەلەپووری ئیسلامیی بەو جۆرە ئاراستەکردووە کە بەخششێکی شارستانیی دانەبڕاوی پێشکەشکردووە ڕوندەکەینەوە، کە بەهۆیەوە مسوڵمانان لوتکەی سەروەریی و سەربڵندییان بەدەستهێنا.

لە قورئانی پیرۆزدا چەندیین ئایەت هاتووە بە ڕوونیی پیشانیدەدات کە ئاینی ئیسلام لە حەقیقەتدا ئاینێکە تەنها بۆ عەرەب نەهاتووە، بەتەنها بۆ یەک ڕەگەز یان ڕەنگێکی دیاریکراو دانەبەزیوە، بەڵکو ئاینێکە تێکڕای مرۆڤایەتیی ئاراستەدەکات. هەر

کەس باوەری پێبهێنێت شوێنی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە. فەرموودەکانی پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەربێت) زۆری لەم بارەیەوە تێدا هاتووە، بەجۆریک هەستیپێدەکرێت کە مەیلی بە لای بەرزڕاگرتنی ڕەگەزێک، یان ڕەچەڵەکێکدا نییە.

ئەمەیش بەو جۆرە نەدەبوو ئەگەر قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) لە یەک سەرچاوەوە نەبایە، کە ئەویش خودای باڵادەستە، خۆ ئەگەر لە نمونەی ئەم فەرمایشتە: ﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ۝١٩٢﴾ (الشعراء) دەربکەوێت کە قورئانی پیرۆز وەحییە لە خودای گەورەوە بۆ پێغەمبەرەکەی (درودی خودای لەسەربێت)، ئەوا لەم فەرمایشتەی تری خودای گەورەوە: ﴿وَٱلنَّجۡمِ إِذَا هَوَىٰ۝١ مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمۡ وَمَا غَوَىٰ۝٢ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ۝٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ۝٤﴾ (النجم) دەردەکەوێت سووننەتی پێغەمبەریش بە هەمان شێوە وەحییە بۆ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت).

ئەو خەسڵەتەی ئاینی ئیسلام هەیەتی وایلێدەکات دووربێت لە کەمتەرخەمیی و نەگرتنەخۆ و نەبوونی گشتگیریی، دوورە لەوەی ملکەچی کەسێکی دیاریکراو بێت، یان کۆمەڵێکی تایبەت، لەوەوە خەسڵەتی گرتنەوەوەی هەموو ڕووبەری مرۆڤایەتیی سەرچاوەبگرێت. هەڵوێستە لەسەر ئەو لایەنانە دەکەین کە قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێت) گرتوویانەتەخۆ و ئەو سەرچاوەبوونە پیشاندەدات کە لێیەوە جیهانیبوونی کەلەپووری ئیسلامیی دەردەکەوێت. لەمانەدا:

أ- دەرکەوتن و جیابوون:

قورئانی پیرۆز دەرکەوتنی ئاینی ئیسلامیی بەسەر ئاینەکانی تر و ڕێچکە و ڕێبازەکاندا ڕاگەیاند، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ﴾(التوبة: ٣٣ و الصف:٩)، هەروەها دەفەرمووێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدٗا۝٢٨﴾ (الفتح).

واتای زمانەوانیی دەرکەوتن (الظهور) لە زاڵبوون و هێز و پشتیوانییدا خۆی دەبینێتەوە[١]. لەو دوو ئایەتەی قورئانی پیرۆزدا مەبەست لێی زاڵبوونە بەهۆی بەڵگەوە[٢]. هەروەها لەوانەیە ڕوویەکی تر لە ڕووە جیاوازەکان بگرێتەوە کە

---

[١] ابن منظور، لسان العرب، سەرچاوەی پێشوو، مادة: (ظهر).

[٢] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج١، ص٨٦.

بەهۆیانەوە دێتەدی. لەوانە "دەرکەوتنی زاڵبوون بە دەست لە جەنگدا"[١]. هەروەها "لە کۆتایی ڕۆژگاردا جگە لە ئیسلام هیچ ئاینێکی تر نەمێنێت"[٢]. هەروەها خودای گەورە موحەممەد (درودی خودای لەسەربێت) بەسەر ئاینەکانی تردا بەرزبکاتەوە، هەتا زانا و بەئاگابێت لە پوچەڵییەکانی و ئەوەی بەلاڕێیاندابردووە و شێواندوویانە لێی"[٣].

هەموو ئەم ئاراستانە، لەگەڵ فرەیی و جیاوازییاندا، بەرەو ئەوەی هێز و زاڵبوونی ڕوکارەکان و بەرزبوونەوەکان پێویستدەکات ئاراستەدەکات، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەست ئەوەیە کە "مسوڵمانان بەرز و بەڕێز بن"[٤].

فەرمودەکانی پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەربێت) جەختیان لەسەر ئەم بڕیارەی خودای گەورە کردووەتەوە و لایەنەکانیان ڕونکردووەتەوە. پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) دەفەرموێت: (**تَغْزُونَ جَزِيرَةَ الْعَرَبِ فَيَفْتَحُهَا اللَّهُ، ثُمَّ فَارِسَ فَيَفْتَحُهَا اللَّهُ، ثُمَّ تَغْزُونَ الرُّومَ فَيَفْتَحُهَا اللَّهُ، ثُمَّ تَغْزُونَ الدَّجَّالَ فَيَفْتَحُهُ اللَّهُ**)[٥]. واتە: (دورگەی عەرەبیی ڕزگاردەکەن و خودای گەورە بە ڕووتاندا دەیکاتەوە. پاشان ناوچەی فارس دەکەنەوە و خودای گەورە بە ڕووتاندا دەیکاتەوە. پاشان ناوچەی ڕۆم، خودای گەورە بە ڕووتاندا دەیکاتەوە. پاشان دەجال دێت و خودای گەورە بە ڕووتاندا دەیکاتەوە). ئەمەیش کارێکە هیچ سەیر نییە، چونکە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) ئەو سڕەرەوەیە کە خودای گەورە بێباوەڕی پێدەسڕێتەوە، "چونکە لە کاتێکدا دونیا لە تاریکایی بێباوەڕییدا بوو، ئەو بە ڕۆشنایییەوە هات هەتا سڕییەوە"[٦] ڕۆژگاری ئەو هەواڵدانەی چەسپاند.

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

[٥] رواه: مسلم فى صحيح، وابن ماجه في سننه، وأحمد في مسنده. بڕوانە:
- القشيري، صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: الفتن وأشراط الساعة، باب: ما يكون من فتوحات المسلمين قبل الدجال، ج٤، ص٢٢٢٥، رقم الحديث: (٢٩٠٠).
- القزويني، أبو عبدالله محمد بن يزيد بن ماجه. سنن ابن ماجه، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقى، القاهرة: دار إحياء الكتب العربية ومطبعة فيصل عيسى البابي الحلبي، (د.ت.)، ج٢، ص١٣٧٠، حديث رقم: (٤٠٩١).
- الشيباني، مسند الامام أحمد، سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ص١١٩.

[٦] الزرقاني، محمد عبدالباقي بن يوسف. شرح الزرقاني على مؤطأ الامام مالک، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٤١١هـ ص٥٥٩.

بەڵام کێشەیەک دێتە بەردەم زانایانی فەرموودە و شەرعزانان، تایبەتە بەو شوێنەی کە ئاینی ئیسلامیی تێدا بەسەر ئاینەکانی تردا دەردەکەوێت. لەبەرئەوە دەیانبینیت لە ڕێککردن و دیاریکردنیدا جیاوازییان هەیە. هەیانە بە "مەککە و وڵاتانی عەرەبیی و ئەو خاکانەی دێتە دەستیان و بەڵێنیان پێدراوە دەسەڵاتی ئوممەتەکەی پێیبگات دیاریکردووە"[1]. هەیانە وایدەبینێت سڕینەوەکە "گشتییە بە واتای دەرکەوتن و زاڵبوون"[2] لەسەر "نەهێشتنی بێباوەڕیی بە لابردنی پەیڕەوانی" ڕاوەستاوە"[3].

کارەکە بە هەر شێوەیەک بێت، ئیجتیهاد و لێکدانەوەکان هەر چۆن بن، ئەوا دەرکەوتن و زاڵبوون نابێت تەنها هێزی مادیی لەخۆبگرێت، بەڵکو پێویستە هێزی فیکرییان لەگەڵدا بێت. لەبەرئەوە کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی بۆ ئەوەیە، یارمەتییدەرێکی باش بووە بۆ مسۆگەرکردنی زاڵبوونی فیکریی و گرەنتییکردنی ئەوەی جیاوازیی لە بەخشیندا پێویستدەکات.

لەبەرئەوە دەرکەوتن و جیابوون، وەکو دوو بەهێزکاری ڕێککاری ڕوانینی ئیسلامیی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەدا هاتوون و باکگراوندێکی بنەڕەتیین کە کەلەپوور لە گرتنەبەری ڕێگەیدا لەسەری ڕادەوەستێت، سود لە ئاراستەکرانەکانی وەردەگرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو هێزی بەخشین و لە پێشبوونی داهێنانەی دەیخوازێت، باشێتیی ئەوەیش یەکەم جا بۆ هەموو ئوممەتی ئیسلامیی دەگەڕێتەوە، پاشان مرۆڤایەتیی سودی لێدەبینێت.

### ب- دەورەدان و گشتگیریی:

تێڕوانینی ئیسلامیی بە ڕێڕەوێکدا دەڕوات کە سیماکانی مۆرکی دەورەدانی هەموو شتێکی پێوەلکاوە، لە پرۆسەیەکدا هەتا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێککردنی خشت و بناغەکان دەچێت، بەبێ گوێدان بە وردەکارییەکان، بەڵام لە خزمەتی مەبەستەکەدا بێت، یان هاوکاربێت بۆ ڕونکردنەوەی مەبەست.

ئەو بەمە هەڵگەڕانەوەیەکی ڕیشەیی لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکە و شتەکان دروستدەکات، لەوەوە ڕێنمایی وادەدات کە سەیری توخمەکانی گەردوون و ژیان لە خودی خۆیدا نەکرێت، بەو پێیەی بونەوەری جیان و لەسەر دابڕان جگە لە

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] العسقلاني، أحمد بن علي بن حجر، فتح الباري بشرح صحيح البخاري، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي ومحب الدين الخطيب، بيروت: دار المعرفة، ١٣٧٩هـ ج٦، ص٥٥٧.

خۆیــان وەســتاون، بانگەشــەی ئــەوە بکــات پەیوەســتیبکات بــە توخمــەکانی تــری گەردوونــەوە. لــە پرۆســەیەکی بونیاتنانــدا کــە تێیــدا پەیوەنــدیی نێــوان توخمــەکان فەرامۆشنەکرێت و توخمێک تێنەپەڕێنرێت و لە بەهاکەی کەمبکرێتەوە، یان سوک سەیری سودەکە لە پەیوەندیی بەوانی ترەوە بکرێت.

لە ڕاستییدا ئەو کودەتایەی وەحیی هێنایەئاراوە، کرۆکی ئەو شێوازەی گرتەوە کە عەرەبەکان لەگەڵ توخمەکانی گەردوون مامەڵەیان پێدەکرد، لە جیاتی ئاسانکردن بەرەو ڕێککردن ئاراستەیکرد، ڕووە تێگەیشتن لە شتەکان لە بونیاتەکەیاندا کە لە بونیاتی بوون جیانابێتەوە. بەوە ڕێکخرا -هەر وەکو عیمادەدین خەلیل ئاماژەی بۆ کردووە- هەتا سەرلەنوێ بەو شێوازەی کە ویستراوە بۆی ببوژێتەوە: عەقڵیەتێکی پێکهاتەیی (ترکیبی)، توانای بەسەر تێڕوانینی پێشبینییکاردا هەبێت، کە لە بەرزییەوە بۆ دیاردە بێشومارەکان بڕوانێن، بە شوێن پەیوەندیی و پەیوەستییەکاندا بگەڕێت، هەتا دەگاتە حەقیقەتە خوازراوەکە"[1].

لە ڕاستییدا گرتنەبەری ئەو دوو سەرچاوە پێکەوە وایکرد ئاگاداری هەموو لایەنەکانی ژیان بن، هیچ شاز و نادیارێک نەمایەوە، هەر هەموویان لە تێڕوانینی ئیسلامییدا پێگەیان بۆ دۆزرایەوە. لەمەوە هەڵوێستوەرگرتن بەرانبەر هەموو تەخمەکانی گەردوون و ژیان ڕوون و دیار بووە، هیچ ناڕۆشنییەکی تێدا نییە و هیچ ناجێگیریەکی پێوە دیارنییە.

ئەمە ئەو ڕێگەیەیە کە کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی پێ جیادەکرێتەوە و دەکرێتە مەنهەج لە ژیاندا، دەبێتە هۆکارێک لەو هۆکارانەی خاوەنەکەی والێدەکات ئاگاداری ئەوە بێت کە دەیانەوێت. سەرەتا لە چارەسەرکردنی یەک گرفتەوە بە هەڵگەڕانەوەی ڕووەکانی و تێپەڕبوون بە پێشکەشکردنی ئەو چارەسەرییانەی گوزارشت لە فرەتێڕوانین دەکات و بە لێبوونەوەی لقی مەعریفیی و جیاکردنەوەیان بۆ بەشی زۆری جیاواز کۆتاییدێت.

**ت- پێڕاگەیاندن و ڕێنمایی:**

یاسای ئیسلام بۆ ڕێنمایی خەڵک هاتووە، ئەوەی باشترینە پێیانڕادەگەیەنێت، هانیاندەدات بۆ سووربوون لەسەری، بە سەرنجدان لەو شێوازە نەرمونییانەی لە بانگەوازدا هەیەتی، خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ...١٢٥﴾(النحل). پێغەمبەری خودایش (درودی خودای

[1] خلیل، حول تشکیل العقل المسلم، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٤.

لەسـەربێت) فەرمویـەتی: (يَسِّرُوا ولا تُعَسِّرُوا، وسَكِّنُوا ولا تُنَفِّرُوا"[1]. واتـە: ئاسـانكاريی بكەن و قورسی مەكەن، جێگيربكەن و دوورمەخەنەوە.

کاتێـک مـرۆڤ لـەو ڕەوشـە ڕادەمێنێـت کـە لـە سـەردەکەکانی گەشەسـەندندا مسوڵمانانی تێدا بووە، دەبينێت لە پێگەيەکی بەهێزی وادا بوون بتوانن خراپ مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تردا بکەن، بەڵام وايان نەکردووە. ئەمە جياوازييەکە وا پێويستدەکات ئاگاری کارێکی بـەرز بـين، ئـەويش خـۆی لـەوەدا دەبينێتـەوە کـە ئـاينی ئيسـلام لـە گرتنەبەری ڕێگەی نەرمونييانی سەرچاوەدەگرێت، لە فيکر و جێبەجيکردندا ڕێگەيەکی بەپێی بارودۆخی نەگرتووەتەبەر، هەتا بيگۆڕێت بە ڕێگەيەکی تری نەويستراو، لە کاتی بەهێزبوونی دوای لاوازيی و زاڵبوونی پاش خامۆشيی.

لـە پـاڵ ئەمـەدا، دەبينـين وەحيـی بـەو سـيفەتەی سـەرچاوەی جيهـانييبوونی کەلـەپووره، گرنگييـەکی زۆری داوە بـە موژدەپێدان ئەگـەر بەراوردييکـەين لەگـەڵ هۆشدارييدان، خودای گەورە کاتێک ئامانجی پەيامی ئيسلام دەخاتەڕوو دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٢٨﴾(سبأ).

ئەم ويستەی کە موژدەپێدان پێش هۆشدارييدان دەخات، تێيدا پەتی نەکراوەتە سەرشـــان، هەتـــا بەتـــەنها مەبەســـت موژدەپێـــدان بێـــت، بـــەڵکو ترســـاندن و هۆشدارييپێدانيش پێويستن، وەکو گونجان لەگەڵ تێڕوانينی ميانگيريی ئيسلاميی لە هەموو شتێکدا. لەبەر ئەوەيە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا لِّتَكُونُواْ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيۡكُمۡ شَهِيدٗاۗ ...١٤٣﴾(البقرة).

ئـەم ميانگيرييـەی مسـوڵمانانی بـۆ ئاراسـتەکراوە، بـەو شـێوەيەی بگاتـە پلـە پەسەندەکەی، کە پابەندە بە فەرمانی خودای گەورە، بە دەستگرتن بە کاری ئيجابيی و توند_دەستگرتن بە کاريگەرێتيی، هـەر ئەمەيـە لـەم ئايەتـەدا ئاماژەی بۆ کراوە: ﴿وَلۡتَكُن مِّنكُمۡ أُمَّةٞ يَدۡعُونَ إِلَى ٱلۡخَيۡرِ وَيَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ١٠٤﴾(ال عمران).

---

[1] حديث صحيح متفق عليه. بڕوانە:
- البخاري، الجامع المسند الصحيح "صحيح البخاري"، سەرچاوەی پيشوو، کتاب: الادب، باب: قول النبي صلى الله عليه وسلم:" يسروا ولاتنفروا"، ج٨، ص٣٠، حديث رقم: (٦١٢٥).
- القشيري، صحيح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، کتاب: الجهاد والسير، باب: في الامر بالتيسير وترك التنفير، ج٣، ص١٣٥٩، حديث رقم: (١٧٣٤).

لە ڕاستییدا ئەم سەرچاوەیە هەموو مرۆڤایەتیی کردووەتە ئامانج وەکو حەزێک بۆ ڕێنماییکردنی هەموویان و بەو حەزی ڕینمونییکردنی خەڵک بۆ لای ئەوەی خێر و چاکەی خۆیانی تێدایە، لێرەوە کەلەپووری ئیسلامیی هات و هەمان ڕێگەی دەگرێتەبەر کە هەردوو سەرچاوەکەی ئاماژەیان بۆ کردووە، لەبەرئەوە هەموو ئەوەی تێیدا هاتووە مەبەستی لێی سودگەیاندنە بە مرۆڤایەتیی.

د- ڕەحمەتی مرۆڤایەتیی:

لەوانەیە ئەو ڕەحمەتە مرۆڤایەتییەی ئیسلام دەیەوێت، بکرێتە باکگراوندێکی ئیمانیی بۆ کەلەپوور، بگرە لەسەر ئەو دروستبکرێت و ڕێگە بگرێتەبەر، چونکە ئەو بەخشینانەی بەدەستیهێناوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە لای ئەو قۆرغنەکراوە، تەنها سودی بۆ ئوممەتەکەی هەبێت و جگە لەوانی لێ بێبەشبێت.

هۆی بوونی هەموو ئەمانە ئەوە بوو، کەلەپوور لە سەرچاوەیەکی ئیمانییەوە دەستیپێکرد و هێز و ئاراستەکردنەکانی لە بەهاکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی ڕێزدارەوە وەردەگرێت، ئەو دوانەیش مرۆڤی مسوڵمانیان هانداوە لەسەر پابەندبوون پێیەوە، بەو پێیەی خەسڵەتێکی بڵاوکەرەوەی ڕەوشتە جوانەکانە، کۆمەڵگە لەسەر بناغەی بەدیهێنانی سودی هەموان بونیاتدەنێت.

لەو دەقانەی هانی هەڵگرتنی ڕەوشتی ڕەحمەت دەدات و تۆقێنەری پشتتێکردنیەتی، ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەری خودایە (درودی خودای لەسەربێت): "لا یرحم الله من لایرحم الناس"[1]. واتە: خودا ڕەحم بە کەسێک ناکات کە ئەو کەسە ڕەحم بە خەڵک نەکات. هەروەها فەرمودەی: "وإنما یرحم الله من عباده الرحماء"[2]. واتە: خودای گەورە ڕەحم بەو بەندانەی دەکات کە بەڕەحمن.

---

[1] حدیث صحیح متفق علیه، واللفظ للبخاري، بڕوانە:

- البخاري، الجامع المسند الصحیح "صحیح البخاري"، سەرچاوەی پێشوو، کتاب"التوحید"، باب "قول الله تعالى: (قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَ... ١١٠) (الاسراء)، ج٩، ص١١٥، حدیث رقم: (٧٣٧٦).
- القشیري، صحیح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، کتاب: الفچائل، باب: رحمته صلى الله علیه وسلم الصبیان والعیال وتواضعه وفضل ذلک، ج٤، ص ١٨٠٩، حدیث رقم: (٢٣١٩).

[2] حدیث صحیح متفق علیه، بڕوانە:

- البخاري، الجامع المسند الصحیح "صحیح البخاري"، سەرچاوەی پێشوو، کتاب"الجنائز"، باب "قول النبي صلى الله علیه وسلم یعذب المیت ببعض بکاء اهله علیه، ج٢، ص٧٩، حدیث رقم: (١٢٨٤).
- القشیري، صحیح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، کتاب: الکسوف، باب: البکاء على المیت، ج٢، ص ٦٣٥، حدیث رقم: (٩٢٣).

خۆ ئەگەر جیاوازیی لە بەرەحمبووندا لە ژیانی مرۆڤەکاندا دیاربێت، ئەوا پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) وەکو ڕەحمەت بۆ تێکڕای مرۆڤایەتیی ڕەوانەکراوە. خودای گەورە دەفەموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ١٠٧﴾ (الانبیاء)، چونکە ئەو هەواڵەی لەسەر شێوازی هەڵاوێردنەکە دروستکراوە، ئەو واتایە دەبەخشێت کە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) وەکو ڕەحمەتێک بۆ هەموو مرۆڤایەتیی ڕەوانەکراوە، بانگەوازەکەی تەنها بۆ نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە. "پێغەمبەران بۆ ڕەحمەت دروستکراون و موحەممەدیش (درودی خودای لەسەربێت) بۆ خۆی وەکو ڕەحمەت دروستکراوە، بووەتە دڵنیایی بۆ بوونەوەر"[1].

بەڵام هەندێک لە توێژەران لەم هەڵاوێردەدا ئەوە دەبینن کە بەتاڵکراو (مفرغ)ە، دەڵێت: هەڵاوێردەکە بەتاڵکراوە لە گشتگیرترین ڕەوش و هۆکارەکان. واتە (ما ارسلناك) لەوانەیە لە هۆکارەکان بێت، تەنها بۆ ڕەحمەتی فراوانی خۆمان، ئەوەی پێی نێردراوە هۆکارێکە بۆ بەختەوەریی هەردوو دوونیا"[2]. لەمەوە گوتارەکە هەموو دەروازەکانی خێر دەگرێتەوە و کراوەیە بە ڕووی هەموو ئەوانەی خواستە مرۆییەکان بەدیدەهێنن.

بەڵام ئەوەی ئامانجی ویستراو لە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) کە ڕەحمەتە بۆ جیهانییان، بەبێ مشتومڕ و قسەلەسەرکردن لە لایەن زانایانی ئیسلامەوە تێنەپەڕیوە. ئەمەیش لە بارەی سنورردانان و دیاریکردنی ئەوانەی بەهۆیەوە خەسڵەتەکانی ئەو کەسانە ڕێکدەخرێت، کە لە ڕەحمەتەکەی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) سودمەنددەبێت، ئایا "مەبەست لێی باوەڕداران و بێباوەڕان پێکەوەیە، یان تایبەتە بە ئیمانداران و بێباوەڕان ناگرێتەوە؟[3]

لەم بارەیەوە زانایان بەسەر دوو بۆچووندا دابەشبوون، هەیانە وای دەبینێت مەبەست لە ڕەحمەتەکە بۆ "هەموو جیهانە: باوەڕدار و بێباوەڕ"[4]. ئەم بۆچوونە پشتبەستووە بەوەی کە ڕەحمەتی خودای گەورە هەموو شتێکی گرتووەتەوە. لەبەرئەوە بێباوەڕیش بەشی بەردەکەوێت. ئیبن عەباس دەڵێت: "ئەمە گشتییە، بۆ

---

[1] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، سەرچاوەی پیشوو، ج٤، ص ٦٣.

[2] الشوكاني، فتح القدير، سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ص٤٣٠.

[3] الطبري، جامع البيان في تأويل القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج١٧، ص١٠٦.

[4] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بابەت.

چاک و خراپە، هەر کەس باوەڕی پێیهێنابوو، ئەوا ڕەحمەتی دونیا و قیامەتی بۆ هەیە، هەر کەسیش بێباوەڕ بوو پێی، ئەوا دەخرێتە کاتی مردن و قیامەت بۆی"[1].

هەندێکی تریان پێیانوایە ئەو ڕەحمەتەی پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) هێناویەتی بنەڕەتی سودمەندبوون لێی باوەڕهێنانە بەوەی هێناویەتی و کارکردنە بەوەی فەرمانی پێدەکات و خۆلادانە لەوەی نەهیی لێکردووە، ئەگەر ئەم مەرجە نەهاتەجێ، ئەوا ئەنجامەکەی نایەتەدی و لێی سودمەندنابێت. گوتوویانە: "بەڵکو مەبەست لێی ئیماندارانە و بێباوەڕان ناگرێتەوە"[2].

هەیانە پەسەنزانیی لە نێوان دوو بۆچوونەکەدا دەکات و دەڵێت: "بۆچوونی یەکەمیان لە پێشترە، بە بەڵگەی ئەم ئایەتە: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُعَذِّبَهُمۡ وَأَنتَ فِيهِمۡ...٣٣﴾ (الانفال)"[3].

لەبەرئەوە سیفەتی ڕەحمەت هەموو دروستکراوەکانی ئامانجە و نایەوێت جیاوازیی لە نێوان مرۆڤەکاندا بکات، هەندێکیان بێبەشبکات و لە ئەشکەنجەی توندا بن، لەگەڵ ئەوەدا دەبێت تێبینیی جیاوازیی ڕادەی ڕەحمەتەکە بکەین. لە سەعیدی کوڕی جوبەیر دەگێڕنەوە کە ئیبن عەباس گوتوویەتی: "موحەممەد (درودی خودای لەسەربێت) ڕەحمەت بووە بۆ هەموو خەڵکیی، جا ئەوەی باوەڕی پێیهێناوە و بە ڕاستی زانیوە بەختەوەر بووە پێی، ئەوەیشی باوەڕی پێنەهێناوە پارێزراوە لەوەی بەسەر نەتەوەکان هاتووە لە نغرۆبوون و خنکان"[4].

ئەو ڕەحمەتەی قورئانی پیرۆز و سوننەتەکان هانماندەدەن لەسەری، لەو توخمانەیە کە دروستکارانی کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی دەجوڵێنێت، بەهۆی ئەوەی لە پێکهێنەرەکانی تێڕوانینە کە لێیەوە سەرچاوەدەگرن، لە کارکردنیدا ئەوەی نەویستووە جیهان یەک ڕەچەڵەک، یان یەک ڕەگەز بێت، بەڵکو ڕووی لە هەموو ئوممەت بووە، پاش ئەویش لە تێکڕای مرۆڤایەتیی. ئامانجی لە هەموو ئەوانە ئەوە بووە بەو ڕێنماییانەی هێناویەتی ڕەحمەت بێت بۆ مرۆڤایەتیی. خۆی لەوە

---

[1] ابن الجوزي، زاد المسير في علم التفسير، سەرچاوەی پێشوو، ج٥، ص٣٩٨.
[2] الطبري، جامع البيان في تأويل القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج١٧، ص١٠٦.
[3] الشوكاني، فتح القدير، سەرچاوەی پێشوو، ج٣، ص٤٣٠.
[4] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج١١، ص٣٦٠.

دوورگرتووه عیلم و مەعرفە قۆرغبکرێت، هەر کەس پرسیاری سەبارەت بە عیلمێک لێبکرێت و بیشارێتەوە، ئەوا لە ڕۆژی قیامەتەدا بە لغاوێکی ئاگر دەمی دەبەسترێت"[١].

لە ڕاستییدا کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی باوەڕی بەم ڕوانگانە هەبووە کە بوونەتە باکگراوندێک بۆ جوڵە و ئاڕاستەکانی، لە میانەی ئەمانەیشەوە لەپێناو تێکڕای مرۆڤایەتییدا کاردەکات، لەمەیشدا ئینتیما و ڕەگەز سنوری بۆ دانانێت، سەرنجدانێکی هەموەکیی بۆ شتەکان هەیە، خۆی لانادات بە لای ئاسانکاریی و پارچەپارچەکردندا مەگەر وەکو ڕێککارێکی یارمەتییدەر ئەوە بکات. ڕێگەکانی هێز بەکاردەهێنێت لەپێناو زاڵبوونی ئەرێنیی بەدیهێنەری ئەوەی خزمەتی ئەو مرۆڤە دەکات، کە لە لایەن برای مرۆڤیەوە بەکۆیلەکرابوو.

## ٢- جیهانییبوونی کەلەپوور پێویستییەکی مرۆییە:

پێش ئەوەی قسە لەسەر پێویستبوونی بەجیهانییبوونی کەلەپووری ئەرێنیی بکەین، دەبێت ئەوە لە مێشکماندا بچەسپێت کە ئەوە بەرهەمێکی مرۆڤە و بەهۆی ئەوەی سەرچاوە ئیمانییەکەی پێیبەخشیووە بەرهەمهاتووە، لەبەرئەوە بەپێی ئەوەی پێویستە، مەبەستیشی خزمەتکردنی تێکڕای مرۆڤایەتیی بووە، بەبێ ئەوەی لابدات بە لای ڕێچکەیەکدا جگە لە ڕێگەی بەخشینی چاک، کە دووربێت لە ڕێگەی خراپەکاریی و بەگوێرەی پێوەری تایبەت لەمانەدا باسیاندەکەین:

### أ- حزووری خودای گەورە:

یەکێک لەو خەسڵەتە بنەڕەتییانەی کە کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی لە بەخشینەکانی تری مرۆڤایەتیی پێ جیادەکرێتەوە، بریتییە لە سیفەتی حزووری خودای گەورە لە هەموو هەنگاوێکدا کە هەڵیدەگرێت، ویستی بردنەوەی پاداشتی

---

[١] فەرمودەیەکی (صحیح)ە ئەبو داود و تەرموزی و ئیبن ماجە لە سوننەکانیاندا گێڕاویانەتەوە و ئەحمەدیش لە مەسنەدەکەیدا. بڕوانە:

- السجستاني، سنن أبي داود، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: العلم، باب: كراهية منع العلم، ج٣، ص٣٢١، حديث رقم: (٣٦٥٨).
- الترمذي، سنن الترمذي، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: العلم، باب: ما جاء في كتمان العلم، ج٥، ص٢٩، حديث رقم: (٢٦٤٩).
- القزويني، سنن ابن ماجه، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: الايمان وفضائل الصحابة والعلم، باب: من سئل عن علم فكتمه، ج١، ص٩٨، حديث رقم: (٢٦٦).
- الشيباني، مسند الامام أحمد، سەرچاوەی پیشوو، ج١٣، ص١٧.

کارەکە لە ڕۆژی قیامەتدا. ئەمەیش بە واتای ڕەتکرنەوە، یا نکوڵییکردن لە پاداشتی دونیایی نییە، کە لە بەرانبەر ئەو کارەی دەیکات دەستیدەکەوێت.

بەڵام سەرەڕای ئەم دیاریکردنە، دەیبینین سوورە لەسەر پاداشتی قیامەتی، زیاتر لە سووربوونی لەسەر دەستکەوتی دونیاییز زۆر لە زانایانی ئیسلام زۆر دونیانەویست بوون، باوەڕیان وابووە ئەگەر بەو لایەدا لاربینەوە، ئەوا لایەنی مادیی بەسەریاندا زاڵدەبێت، کە پەیوەندییەکەی بە شتێکەوەیە کە لەناودەچێت و نامێنێت و دووریدەخاتەوە لە هەر شتێک ڕۆحیی بێت و مرۆڤ بە پەروەردگار و قیامەتیەوە ببەستێتەوە.

حزووری خودای گەورە واتە چاودێریی ئەو بەسەر گەورە و بچووکی کردەوەکانمانەوە. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بیەوێت کارێک بکات، ئەوا دەیخاتە سەر تەرازووی شەرع کە بەرژەوەندیی ئوممەتی ئیسلامیی مەبەستە. بە هەمان شێوە بەرژەوەندیی تێکڕای مرۆڤایەتیی مەبەستە. هەر ئەمەیش لە پشت ئەوەوە بووە کە زانایان بە لای خراپەدا نەچن، نە بە قسە، نە بە کردەوە.

لەبەرئەوەیە دەبینیت مسوڵمانان کاتێک لە بەرانبەر هەر هەوڵێکدا ڕادەوەستن کە بیەوێت زیان بە ڕۆشنبیرییەکەیان بگەیەنێت، بە هەموو وزە و توانایانەوە بەرگرییەکی فیداکارانە دەکەن. ئەوان بەمە گوزارشتیان لەوە دەکرد کە ئاینەکەیان و بەرهەمی فیکرییان بەجۆرێکە کە خزمەتی مرۆڤایەتیی دەکات. بەرژەوەندیی مرۆڤایەتییش ئەوە دەخوازێت هەموو ئەو شتانە ڕەتبکرێنەوە کە دەیەوێت زیانی پێبگەیەنێت، یان زیان بە بەشێکی بگەیەنێت.

ئەم ڕوانگەیەی کەلەپووری ئیسلامیی لە سەرەتاوە مۆرکی جیهانییبوونی ئەرێنیی پێوە دیاربووە، کە نەیویستووە هەردوو جیهان ملکەچبکات، یان ناچاریانبکات پەیڕەوی ڕۆشنبیریی خاوەنەکانیان بکەن، بەڵکو ئەوەی بە باش و ئیجابیی بزانیایە بۆ ژیانی خەڵکیی و خزمەتی بەرژەوەندیی مرۆڤی بکردایە لەپێناو گەیشتن بە پلەی ئەو ڕێزەی کە خودای گەورە لەپێناویدا دروستیکردووە - کە زۆر جار لەوە لایدەدا لە پلە و بەهای کەمدەکردەوە- بڵاویدەکردەوە.

کاتێک زانایانی ئیسلام پەیڕەوییان لەو ڕوانگەیە کرد و بووە پێوەر بۆ کردار و گوفتاریان، بە ڕادەی "ئیحسان" سەربەخۆیی پێبەخشین، کە پێغەمبەر خودای (درودی خودای لەسەربێت) لە بارەی ئیحسانەوە دەفەرموێت: "الاحسان أن تعبد الله كأنك

تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك"[1]. واتە: ئیحسان ئەوەیە بەجۆرێک خواپەرستیی وەکو ئەوەی بیبینیت، خۆ ئەگەر تۆ ئەو نەبینیت، ئەوا ئەو تۆ دەبینێت. ئیبن عەرەبی[2] پەیڕەوانی خۆی بەوە یەکخست، کە ئیحسان بریتییە لە "بەکارهێنانی نیعمەتەکانی خودا لە گوێڕایەڵبوونی خودا"[3]. لەبەرئەوە وایان لێهاتبوو لە هەموو جوڵە و ڕاوەستانێکیاندا پەرستشی خودا بکەن، ئیدی ڕەوش و حاڵیان هەر چۆنێک بایە، لە هەموویدا حزووری خودایان لەبەرچاودەگرت.

پەرستش لە لای ئەوان ئەو واتا بچووکەی نەبوو کە لە سەردەمانی لاوازیی و پاشەکشەدا لە ناو خەڵکدا بڵاوبوویەوە و تەنها خۆی لە دروشمە ئاینییەکاندا دەبینێتەوە، بەڵکو هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتبووەوە و هەژموونی هەبوو بەسەر هەموو قسە و کردەوەیەکدا و هیچی لێ جیانەکرابوویەوە لەوانەی بەهۆیەوە مێشک بە لای شتێکی تردا دەچێت. لەبەرئەوە نوسینە فیکریی و داهێنانیەکانی ڕەنگدانەوەیەکی زۆر جوانی ئەوە بوو، هەروەها لە دۆزینەوە و داهێنانەکانیاندا ئەو مەبەستە بە شێوەیەکی چاک بەدیهاتووە، هەموو شتێک لە لای ئەوان وا لێیتێدەگەن کە لە خودای گەورە نزیکیاندەخاتەوە، گشت شتێک بووەتە دەروازەیەک لە دەروازەکانی بەدەستهێنانی دونیا و قیامەت.

### ب- گرنگییدان بە دونیا و قیامەت:

ئەم سیفەتە لە پشت بەدیهێنانی دەستکەوتێکی مەزنەوە بوو کە ڕۆشنبیریی ئیسلامیی سودی لێوەرگرت، بگرە لەسەری دروستبوو، چونکە ڕۆشنبیرییەکە لە پلەی دونیادا ئەوەندە بەرزنابێتەوە بگاتە ڕادەی سەرسامبوون پێی و ڕۆچوون لە خۆشییە بڕاوەکانیدا. هەروەها پلەی قیامەتیش هێندە بەرزناکرێتەوە بە تەواویی

---

[1] فەرموودەیەکی (متفق علیه)ە. بڕوانە:
- البخاري، الجامع المسند الصحیح "صحیح البخاري"، سەرچاوەی پێشوو، کتاب: تفسیر القرآن، باب: "قوله: (ان الله عنده علم الساعة) (لقمان: ٣٤)، ج٦، ص١١٥، حدیث رقم: (٤٧٧٧).
- القشیري، صحیح مسلم، سەرچاوەی پێشوو، کتاب: الایمان، باب: معرفهة الایمان والإسلام والقدر وعلامة الساعة، ج١، ص ٣٦، حدیث رقم: (٨).

[2] ئەو: ئەبوبەکر موحەممەد کوڕی عەبدوڵڵا، ناسراو بە ئیبن عەرەبی معافری ئەندەلوسیی، ساڵی ٤٦٨ی کوچیی لەدایکبووە، ساڵی ٥٤٣ی کۆچیی وەفاتیکردووە. لەو کەسانە بووە لە زانستەکان لێزان بووە و تێیدا قووڵبووەتەوە، یەکێک لە دانراوەکانی کتێبی "عارضة الأحوذي". بڕوانە:
- ابن خلکان، وفیات الأعیان وأنباء أبناء الزمان، سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ص٢٩٦.

[3] القرطبي، الجامع لأحکام القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج١٣، ص٣١٥.

بەوەوە سەرقاڵببێت، بەهۆی ئەوەی ماڵی مانەوەیە، بەڵکو ڕێگەیەکی مامناوەندی گرتەبەر بە شێوەیەکی تر لەوەی زۆرێک لە نەتەوەکان دەیزانن، تێیدا ئەمە فەرامۆشناکرێت و پلەی هێندە بەرزناکرێتەوە هاوشانەکانی بفەوتێت.

ئەم سیفەتەی میانڕەوییە وایکردووە ژیان هاوسەنگیی هەبێت کە ئەگەر لە لای هەر نەتەوەیەک ئەوە لەدەستدرا، ئەوا بێگومان ژیانیان بەرەو کەوتن و داڕمان دەڕوات. کۆمەڵەکانیان پەرتبوونی توشدەبێت و لەناودەچن و دەبنە چیرۆک، ئەوە سوننەتێکە لە سوننەتەکانی خودای گەورە، پێویستە لە هەموو پرشنگدانەوەیەک لە پرشنگدانەوەکانی ژیاندا هەبێت، ئەگەرنا بەشیان شڵەژان و دوودڵیی و کەوتن دەبێت.

لەبەرئەوە کاتێک ژیانی ئیسلامیی ئەم خەسڵەتەی هاوسەنگیی تێدا دەبێت، ئەوا پەسەندزانیی بۆ لایەک لە دوو لایەکە دەبێت: دونیا، یان قیامەت. تەنها بە مەبەستی بەدیهێنانی تیڕوانینێکی میانڕەوانەی جوڵێنەرە بۆ تاک و کۆمەڵ. هەر ئەوەیە لە کۆتایی ڕێگەکەدا سودی دونیایی و سودی قیامەتی پێکەوە کۆدەکاتەوە. هەر لە ڕێگەی ئەمیشەوە هەموو ڕۆشنبیریی بەرەو هەستکردن بە تەواوەمەندیی تێڕوانین دەگات کە هەر خەسڵەتێکی ئەرێنیی ئەو ئەنجامێکی باشی لێدەکەوێتەوە.

کاتێک ئەم سیفەتە حوکمی کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی بکات، ئەوا بووەتە هۆکارێک کە ئەگەر مرۆڤایەتیی لەم ڕۆژگارە نائاساییەدا بیگرێتەبەر، ئەوا دەبێتە قەڵغانێک بۆی لە کەوتنەکانی ئێستا و دەهاتوو دەیپارێزێت. لە سەرکەشیی و زیادەڕەوییەوە، کە لە زۆرێک لە ڕوکارەکانی ژیاندا ئاشنایانە، ڕاستیاندەکاتەوە بەرەو ڕێگەی میانڕەویی و هاوسەنگیی، کە لە ئێستادا زۆر بە کەمیی هەن.

**ث- ورد_ئەنجامدان (الاتقان):**

زانایانی ئیسلام ڕویانکردبووە ئەوەی هەر کارێکی دەیانویست ئەنجامیبدەن، بە دڵێکی بەرفەرمان بۆ تیڕوانینێک کە بە وردیی ئەنجامدان لە هەموو شتێکدا دەخوازێت ئەنجامیاندەدات، چونکە ڕێنماییەکانی وەحیی ڕێنوێنییاندەکات بۆ دەستگرتن بەم بنەمایەوە بە چاکیی. مرۆڤ بە باوەڕبوونی بە پێویستیی ورد ئەنجامدان هەنگاوێکی گرنگی بڕیوە لە خزمەتی مرۆڤایەتیی و سودگەیاندنی بەوەی سودی خەڵکی تێدایە لەوەی لەسەر زەویدایە و خۆی لاداوە لە هەموو خراپەیەک و دوورکەوتووەتەوە لە هەر شتێک بێهودە بەفیڕۆبچێت.

لەوانەیە خەسڵەتی ورد_ئەنجامدان لە ڕۆشنبیرییەکانی تردا هەبێت، بە تایبەت ئەوانەیان کە هاوچەرخن. هەندێکمان هەر زوو دەڵێت ئەو خەسڵەتە بۆ کەلەپووری ئیسلامیی دەگەڕێتەوە و هیچ ڕۆڵێکی نابێت لەوەی بەجیهانییبوونەکەی بکاتە

پێویستییەکی مرۆیی، ئەمەیش لێڵییەک دروستدەکات پێویستە بەرلەوەی بەسەریدا تێپەڕببین ڕونیبکەینەوە.

لە ڕاستییدا ورد_ئەنجامدان وەکو سیفەتێک کە بۆ کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی دەگەڕێتەوە -وێڕای بوونی خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەو و ئەوەی لە ڕۆشنبیرییەکانی تری ئەمڕۆماندا دەیزانین- لە ڕووی ڕوانگەوە لەوانی تر جیایە، چونکە پێگەی تێڕوانین ڕۆڵێکی مەترسییداری هەیە لە جیاکردنەوەی شتەکان و بڕیارەکاندا، ورد_ئەنجامدانێک لە ویستی بەدەستهێنانی کرپارەکانەوە سەرچاوەیگرتبێت، مەبەستی بێت بگاتە گیرفان و مێشکەکان، ئەوە وەکو ئەو ورد_ئەنجامدانە نییە کە لە گوێڕایەڵییکردنی فەرمانی خودای گەورەوە لە کاردا سەرچاوەیگرتبێت بە مەبەستی بەدستهێنانی پاداشتی دونیا و قیامەت. ئەو ورد_ئەنجامدانەی سەرچاوەکەی بۆ مادە بگەڕێتەوە هەرگیز وەکو ئەو ورد_ئەنجامدانە نییە کە مادە توخمێکە لەو توخمانەی لەسەری دروستبووە و بە مەبەستی گەیشتن بە ڕەزامەندیی ڕۆح بەهۆی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خودای گەورەوە وەکو یەک نین.

کاتێک کە بەرهەمی کەلەپووری ئەرێنیی ئەو باشێتییەی هەبێت، ئەوا دەبێتە پێویستییەکی مرۆیی ناکرێت مرۆڤایەتیی لێی بێبەشبکرێت. هەروەها نابێت مافی بەئاگابوون لە ڕێنماییەکانی کە بەردەوامیی بە ڕەوتەکەی دەدات بفەوتێنرێت.

**ج- لێپێچینەوە:**

یەکێک لە بنەما دامەزرێنەرەکانی ژیانی ئیسلامییانە ئەو فەرمودەی پێغەمبەری خودایە (درودی خودای لەسەربێت): "الكيس من دان نفسه وعمل لما بعد الموت"[1]. واتە: (مرۆڤی جەسوور ئەو کەسەیە لێپێچنەوە لە خۆی بکات و کار بۆ پاش مردنی بکات). لەبەرئەوەیە هەر یەک لە زانایانی ئیسلام لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی هەموو وزە جیاوازەکانی بخاتە خزمەت تەزکییەی کارە چاکەکانی. ئەو تەواو بە یەقینەوە دەزانێت هەموو ئەوەی لە دونیادا توشیدەبێت، یان بوویەتی، یان لەسەریەتی لە

---

[1] فەرموودەیەکی (حسن)ە، تورمزی و ئیبن ماجە لە سوننەکانیاندا، ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا گێڕاویانەتەوە. بڕوانە:

- الترمذي، سنن الترمذي، سەرچاوەی پیشوو، كتاب: صفة القيامة والرقائق والورع عن رسول الله صلى الله عليه وسلم، باب: ٢٥، ج٤، ص٦٣٨، حديث رقم: (٢٤٥٩).
- القزويني، سنن ابن ماجة، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: الزهد، باب: ذكر الموت والاستعداد، ج٢، ص١٤٢٣، حديث رقم: (٤٢٦٠).
- الشيباني، مسند الامام أحمد، سەرچاوەی پیشوو، ج٢٨، ص٣٥٠.

ڕۆژی قیامەتدا. لەبەرئەوە ئەرکی سەرشانیەتی ڕێگەی لێپێچینەوە بگرێتەبەر پێش ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت و کارەکانی بخاتە ژێر چاودێریی خۆی بەرلەوەی چاودێرییبکرێت.

ئەم بنەمایە کاتێک دەبێتە بنەمایەکی پەیڕەوکراوی مرۆڤ لە هەر کوێ بوو، هەرچی کرد، ئەوا دەبێتە قەڵغانێک بۆ ڕاگرتنی لە ئەنجامدانی زۆر کار کاتێک دەرئەنجامەکەی بەگوێرەی تەرازووی شەریعەت دەکێشێت، بۆی دەردەکەوێت کە لەگەڵ تێڕوانینی ئیمانیدا یەکناگرێتەوە، یان گومانێک لە گومانەکانی تێدایە و وایکردووە بە تەواویی جێگەی قبوڵکردن نەبێت. بگرە زۆرک ات دەستبەرداری مافێک لە مافەکانی بووە بەهۆی ئەوەی گومانی بۆ دروستبووە کە مافێکی تەواو پوختە. هەموو ئەمانە نەدەبوو ئەگەر ملکەچی بنەمای لپێچینەوە و چاودێریی نەبایە.

لەوانەیە لای نەتەوەکانی تریش ببینین لێپێچینەوە هەیە، بەڵام نابینین ئەو لێپێچینەوەیە پەیوەستبێت بە خودای گەورە و ویستی سوکبوونی لێپرسینەوەی ڕۆژی قیامەت، ئەوەیش ئەو درەوشانەوەیەیە کە تێڕوانینی ئیسلامیی جیادەکاتەوە، کە کەلەپوور ملکەچیبووە. لە شایەتییەکانی ئەوەیش عومەری کوڕی خەتتاب (خودا لێی ڕازیبێت) دەڵێت: "حاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا، وتزينوا للعرض الاكبر، وإنما يخف الحساب يوم القيامة على من حاسب نفسه في الدنيا"[١]. واتە: (لێپێچینەوە لە خۆتان بکەن پێش ئەوەی لێپێچینەوەتان لێبکرێت، خۆ بڕازێننەوە بۆ گردبوونەوەی گەورە، لە ڕۆژی قیامەتدا لێپێچینەوەکەی ئەوانە سوکتر دەبێتت، کە لە دونیادا لێپێچینەوەی لە خۆی کردبێت).

ئەگەر لێپێچینەوە لێرەدا سنوری سووربوون لەسەر ئەنجامدانی کار بە شێوەیەکی باشی تێپەڕاند هەتا ببێتە ئامرازێک بەهۆیەوە لێپێچینەوەی ڕۆژی قیامەت کەمتر بێت، ئەوا ئێمە لە شێوەیەکی تردا دەیبینین کە خۆی لە ئەنجامێکدا دەبینێتەوە کە بۆ تێڕوانینی ئیسلامیی سانا نییە، ئەویش تەقوایە کە مەیمونی کوڕی میهران لەب ارەیەوە دەڵێت: "مرۆڤ نابێتە تەقوادار هەتا لێپێچینەوە لە خۆی نەکات، وەکو ئەوەی لێپێچینەوە لە هاوڕێکەی دەکات، کە خۆراک و پۆشاکەکەی لەکوێوە هێناوە"[٢].

کاتێک کەلەپووری ئەرێنیی ئەو ڕێگەیە بگرێتەبەر، بە ملکەچبوونی بۆ بەئاگابوون لەوەی خاوەنەکەی توشی خراپە ببێت، لانەدات بە لای بەرژەوەندیی تایبەتیی کاتییدا

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

کـه پـاڵی بـه هێزەکانـەوە نـاوە -لـه ڕۆژگـاری ئێسـتاماندا- بـۆ فەرامۆشـکردنی بەرژەوەنـدیی ئـەوانی تـر، بـەڵکو پاڵپێوەنـاون بـۆ لێـدان و بـەئامانجگرتنیان، ئـەوا هـەنگاوێکی نـاوە لـه سـووربوون لەسـەر خزمـەتکردنی مرۆڤایـەتیی و هێنانـەدی ئامانجەکانی، که ئاسان نییه.

کاتێک ئەم سیفەتانه بنەمای کارپێکراو بن لای ئەوانەی کەلەپوور دروستدەکەن، ئەوا ڕۆڵـی گەورەی دەبێـت له بـوژانەوەی "خەڵکـانێکی زۆر که هێشـتا عەقڵیـان کاردەکـات و مانـدوودەبێت و هەوڵـدەدات... هەتـا ڕێـگه بـۆ مرۆڤـایەتیی له ڕۆژێکـدا ڕوناکبکـات، که له شـەوەزەنگێکی تاریکـدایه" [1]. بەهـۆیەوە "شارسـتانیەتی عەرەب گەشایەوە و بەرهەمی پێگەیشتوانەی به تەواویی هاتەبەرهەم" [2].

لەم لایەنەوە کەلەپـووری ئەرێنیـی ئیسـلامیی خزمەتکـاری تێکـڕای مرۆڤـایەتیی دەبێـت، بەجۆرێـک وادەکـات بـوونی پێویسـتبێت، له نەبـوونی ئەو خەسـڵەتانەدا که هەیەتـی، مرۆڤـایەتیی هەڕەشـەی کۆتاییهـاتنێکی خراپـی لەسـەرە، چـونکه ئەو شارسـتانیەتەی هەیه -"به شـایەتیی خاوەنەکـانی- بـەرەو داڕوخـانه، بەهـۆی چڕبـوونەوەی سـەرنجی لەسـەر لایەنـی مـادیی و فەرامۆشـکردنی پێکهێـنەرە ڕۆحییەکانەوە که به خودای گەورەوەی دەبەستێتەوە و له کەوتن ڕزگاریدەکات" [3].

## دووەم: لێهاتووییەکـانی کەلەپـوور له بەشـدارییکردنی بونیاتنـانی هاوبەشـیی مرۆڤایەتییدا

ئێمه ئەگەر پێشـتر ئەو ڕوانـگه ئیمانییانەمـان ناسـی که خـۆی له وەحیـی خواییـدا دەبینێـتەوە، له پـاڵ ئەوەدا ئاشـنای ئەوە بـووین که مرۆڤـایەتیی زۆر پێویسـتی به جیهـانییبوونی کەلەپـووری ئیسـلامیی هەیه، ئەوا لـه ئێسـتادا دەمانەوێـت ئامـاژە بـۆ لایەکی تری بکەین، که وێنه تـایبەتەکەی جیهـانییبوونی کەلەپووری پێ تەواودەبێت، ئەویـش خـۆی لەو لێهاتوویـیانەدا دەبینێـتەوە که هەیەتـی و بەهۆیـانەوە دەتوانێـت جیهانییبوون له هەموو سەردەمەکاندا بەدەستبهێنێت.

ئەو درێژبـوونەوانه چـین که لێهاتووییەکـانی کەلەپـووری ئیسـلامیی بەسـەردا دابەشدەبێت؟

---

[1] خلیل، حول تشکیل العقل المسلم، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٠-٦١.

[2] هونکه، شمس العرب تسطع علی الغرب، أثر الحضارة العربیة في أوروبیة، سەرچاوەی پێشوو، ص٣٧٢.

[3] قطب، کیف نکتب التاریخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص٣١.

چۆن دەتوانین لە سەردەمی جیهانگیرییدا لێی سودمەندبین؟

**١- لێهاتووییە مێژووییەکان:**

پێشتر باسمان لەوە کرد، کە لایەنی تیۆریی جیهانییبوونی کەلەپووری ئیسلامیی دەنوێنێت، ئێستایش دەمانەوێت ڕوکارە مێژووییەکانی ئەو لێهاتووییانە ڕونبکەینەوە، بەو پێیەی لایەنی پیشاندەری جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی. ئەگەر پێکەوە کۆببوونەوە، ئەوا لەخۆگرتنی بە ئاراستەکارەکانی کەلەپوور بەرەو خزمەتکردنی مرۆڤایەتیی و بونیاتنانی هاوبەشیی نەتەوە جیاوازەکانی دێتەدی.

لە ڕاستییدا جیهانییبوونی کەلەپووری ئیسلامیی بەو پێیەی جێپەنجەیەکی ئیسلامییە لە ڕێگەیەوە ویستی سودگەیاندن بە مرۆڤایەتیی و بونیاتنانی بە شێوەیەکی پێگەیشتوانە دەردەکەوێت، ئەو ئاراستەیە دیاریدەکات کە مسوڵمانان لە تێڕوانینیاندا بەرانبەر ئەوانی تر هەیانە. هەروەها سووربوونی تایبەتیان لە دەربازکردنی خەڵکی لە تاریکییەوە بەرەو ڕوناکیی پیشاندەدات.

بەڵام ئەم جیهانییبوونە لەوانەیە لای هەندێک کەس لەگەڵ ئەوەدا تێکەڵببێت کە لە ئێستادا بە جیهانگیریی دەیناسین، بەهۆی ئەو جیاوازییە زۆرانەی لە نێوانیاندا هەیە، ئەو جیاوازیی تێڕوانینە دەردەکەوێت کە بەڕێوەیدەبات، لە پاڵ جیاوازیی زۆری ئامانجی هەر یەکەیان، لە کاتێکدا "جیهانگیریی" ڕێگەیەکی پێنەگەیشتوانەی گرتووتەبەر لە مامەڵەکردن لەگەڵ مرۆڤەکاندا، شتی وا ڕێگەپێدەدات کە مافی ئەوەی نییە ڕێگەیپێبدات. مافی وایش زەوتدەکات کە مرۆڤ لە مرۆڤبوونی دادەڕنێت و بەرەو بەلاڕێداچوون و سەرلێشێوانی دەبات. لەبەرئەوە هەندێکمان ئەو مافەی هەیە وەسفیبکات بەوەی کە "ئەفسانەیەکە خەونەکانمان دەدزێت"[١]. بەجۆرێک کە مرۆڤ ناتوانێت هیچ ناوێک لە شوێنەوارەکانی بنێت "جگە لە نەخۆشیی کەمیی زیادەڕۆ لە ئومێدەکاندا"[٢]، بەڵام "جیهانییبوونی کەلەپوور" سنورێک بۆ خۆی دادەنێت، ئەویش خۆی لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە باشەکاندا دەبینێتەوە، کە باشێتییەکانی بەهۆی ئەزموونەکانی ژیان لە پاراستنی تەواوی مرۆڤایەتیی مرۆڤ چەسپاوە، جگە لە ئومێد هیچی تری هەڵنەگرتووە و جگە لە باشە ئادەمیزاد بەرەو شتی تر ڕێنوێنییناکات.

---

[١] هرست، بول، طومبسون، جراهام. ما العولمة، ترجمة: فالح عبدالجبار، سلسلة عالم المعرفة (١٧٣)، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والاداب، (١٤٢٢هـ/٢٠٠١م)، ص١٧.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

پاش ئەمە، وا باشە ئەوەی پێشاندەری "جیهانیبوونی کەلەپوور"ە لەوەی مێژوو بۆمانی پاراستووە بخەینەڕوو، هەتا لە ڕێگەیەوە ئەوەی تێڕوانینێکی مرۆییانەی بەسەرەوە بووە بە ڕوونیی و بەرزییەوە ڕونبکەینەوە، ئەوەیشی دەمانەوێت بەم جۆرە باسیدەکەین:

**أ- مرۆڤدۆستیی فەتحی ئیسلامیی:**

ئەگەر بەراوردێکی سادەی نێوان پرۆسەکانی فەتحی ئیسلامیی و داگیرکاریی لە لای نەتەوەکانی تر بکەین، بە ڕوونیی جیاوازیی نێوانیانمان بۆ دەردەکەوێت. فەتحی ئیسلامیی وەکو یەکێک لە کارە پەرستشییەکانی مسوڵمانان وایە کە خەسڵەتێکی مرۆیی جیاواز و بەرزی هەیە، بەجۆرێک کە لەمێژوودا دەگمەنە. "بە هیچ جوڵانەوەیەکی فراوانخوازیی لە مێژووی نەتەوەکانی تردا بەراوردناکرێت، ئەمەیش بەهۆی جیاوازبوونی لە کرۆک و ئامانج و ئەو شوێنەوارانەی لێیدەکەوێتەوە لەگەڵ ئەواندا"[1].

لە فتوحاتی ئیسلامییدا ئامانجی مرۆڤدۆستیی بە بەهێزیی هەیە، بگرە ئەو چەقی کارەکەیە تێیدا. گەڕانێک بە ناو دەقە مێژووییەکاندا ڕوکاری تێڕوانینی تایبەتی ئەوانەمان لە لا دەچەسپێنێت، کە کەلەپووری فیکرییان بۆ ئوممەت دروستکرد، ئەوان باوەڕیان وابوو ئاین بۆ ئەوە هاتووە خزمەتی مرۆڤایەتیی بکات لە تاریکییەکانی هاوبەشبڕیاردان و نەفامییەوە دەربازیبکات و بەرەو ڕۆشنایی زانست و دڵنیایی دەبات. لەبەرئەوە ئەزموونەکانیان تەنها بۆ ئەو دەگەڕایەوە، جا بە لای ڕێگەی تردا نەدەڕۆشتن هەتا پەرتەوازە نەبن. لەو دیمەنانەی فتوحاتی ئیسلامیی کە پارێزراون بۆمان، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دەردەکەوێت ئامانج لێی تەنها چاککردنی ڕەوشی خەڵک بووە، ئیدی ئەو خەڵکە مسوڵمان بووبن، یان نا. لە فەتحی ئەندەلوسدا (٩٢ی کۆچیی) ئیسلام ئەو ڕەوشە خراپەی نەیهێشت کە لە ئیسپانیا هەبوو، تەنها بە دروشم نەمایەوە، بەڵکو جێبەجێکردنیش دەستپێکرد، هەر لەبەرئەوە "فەتحێکی مرۆیی بوو، سەرەتایەک بوو بۆ ڕوداوێکی شارستانیی دەگمەن لە ئیسپانیا و ئەوروپا وەکو یەک"[2].

بەڵام ئەگەر ڕوومان وەرگێڕا بۆ لای ڕۆژهەڵاتی ناچەی ئیسلامیی، شتی وامان گوێلێدەبێت، کە هیچ کەس پێش مسوڵمانەکان کاری وای ئەنجامنەداوە، کاری زۆر سەرسوڕهێنەریان کردووە، بەجۆرێک کە فەتحکردنەکە بەبێ چەک بووە، پێویستی

---

[1] قطب، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨.

[2] الحجي، عبدالرحمن علي. التاريخ الاندلسي من الفتح الإسلامي حتى سقوط غرناطة، دمشق: دار القلم، ط٢، (١٤٠٢هـ/١٩٨١م)، ص١٤٣.

به ئەسپ و پەلامار نەبووە، بانگەواز لە ڕێگەی ئاکاری بەرز و کەسانی پێشەنگی باشەوە بووە، خەڵکی ئەو وڵاتە چاکەیش لە مامەڵکردنی بازرگانەکان و ڕەفتاریانەوە ئاشنای ئیسلام بوون و پۆل پۆل و دەستە دەستە مسوڵمان بوون و بوونەتە بەشێک لە ڕۆڵەکانی ئوممەت و مەشخەڵی هیدایەت و ڕێنمونییان هەڵگرتووە. بەرهەمەکانی ئەم جوڵانەوەیە بەکۆیلەکردن نەبوو، "بەڵکو ڕزگاکردنی بەکۆیلەکراوەکان بوو، پێکهێنانی ئیمپراتۆریەت نەبوو، بەڵکو پێکهێنانی ئەو ئوممەتە دەگمەنەی مێژوو بوو"[١].

ئەو کەسانەی فەتحی ئیسلامییان ئەنجامدا قورەکەیان جیاواز نەبوو لەوانەی کەلەپووری ئیسلامییان لە پاش بەجێما، هەموویان لە یەک ڕۆشنبیرییەوە بەهرەمەندبوون، هەموویان پەروەردەکراوی یەک ئاین و عەقیدەی یەک خواناس بوون. لەبەرئەوە کەلەپووری ئیسلامیی مۆری جیهانیبوونی پێوەدیارە بە هەمان شێوەی فتوحاتە ئیسلامییەکان.

**ب- مرۆڤدۆستیی پەیوەندییەکان:**

لەم تەوەرەدا تەنها باس لە جۆرێک لەو پەیوەندییانە دەکەین کە مسوڵمانانی بە جگە لە خۆیانەوە دەبەستەوە، ئەویش خۆی لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ پەیڕەوانی ئاینەکانی تر "أهل الذمة"دا دەبینێتەوە. بەهۆی ئەوەی لایەک بوون کە بیروباوەڕیان جیاوازبوو لەوەی لە کۆمەڵگەدا بڵاوبوو، لەبەرئەوە پێویستبوو پەیوەندییت لەگەڵی دیاریکراو بێت، ئەو بەمە دەبووە هێمایەک بۆ جگە لە خۆی، ئەوانەی لە مسوڵمانان نین. بۆ ئەوەی ئاشنای حەقیقەتی ڕەوشی نامسوڵمانەکان (أهل الذمة) لە وڵاتانی ئیسلامییدا ببین لە سەرمان پێویستە ئەوەی لە ڕۆژگاری ئێستادا بەرانبەر کەمینەکان لە ناوچە جیاوازەکانی سەر زەویدا کارپێدەکرێت لەبەرچاوبگرین، شتەکان بەهۆی دژەکانیانەوە دەناسرێن، کەمینەکان ڕەوشیان ئاگادارین، لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی دیموکراسیەتەوە هیچی دەستناکەوێت، هیچ پۆستێکی باڵا بەدەستناهێنێت، هیچ هەست بە ئاسوودەیی دەرونیی ناکات، لە سایەی واقیعێکدا کە هێزی زۆرینە بەڕێوەیدەبات.

ئەم وێنە دیاریکراوەی ڕوکارەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان لە واقیعی ئێستادا پاڵمانپێوەدەنێت سەرنج لە ڕوکارەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چینەدا بدەین لە ڕۆشنبیریی ئیسلامییدا، ئەمەیش لە ڕێگەی ئەوەی لە سوننەتە کردارییەکانی پێغەمبەردا بۆمان پارێزراوە. پاشان لە ڕێگەی ئەوەی کەلەپووری ئیسلامیی

---

[١] قطب، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٨.

پاراستوویەتی بۆمان. لەوانە کاتێک جولەکەیەک لەگەڵ جولەکەیەکی تردا کێشەی بۆ دروستبووە، داوەرییەکەی دەبنە خزمەت پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) ئەویش "بەگوێرەی ئەوەی لە تەوراتدا هاتووە"[1] داوەرییان بۆ دەکات و بۆ شایەتییدانی جولەکە دەگەڕێتەوە و کار بەوە دەکات[2].

لە ڕاستییدا ئەم کارە بووە یاسا لە ناو فەرمانڕەوا مسوڵمانەکاندا، وێڕای جیاوازییان لە فەرمانڕەوایەتیی و حوکمکردندا، بۆچوونێک دەبینین کە خاوەنەکانی باوەڕیان وایە پێویستە "لەسەر فەرمانڕەوا ئەگەر پەیڕەوانی ئاینەکانی تر داوەرییان هێنایەلای، بە حەق داوەریی نێوانیان بکات و بۆی نییە سەیری کێشەکەی نێوانیان نەکات" [3]. ئەمەیش ئەو ریگەیەیە کە بەهۆیەوە مافی بێدەسەلاتەکان بفەوتێت و گەورەکانیشیان شتێکیان دەستناکەوێت کە هیی خۆیان نەبێت.

ئێمە کاتێک بەراورد لە نێوان ئەو ڕێککارانەدا بکەین، لەگەڵ ئەوەی لە یاساکانی ئەوانەی سەرکردایەتیی مەدەنیی هاوچەرخیان بەدەستە جێگیربووە، جیاوازییەکی ڕوون لە نێوانیاندا دەبینین لەوەی پەیوەندداره بە مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان، بەجۆرێک لێرەدا بە پشتبەستن بە شەریعەتەکانیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لە ڕۆژگاری ئێستاماندا بە پشتبەستن بە یاساکانی ئەو دەوڵەتانەی لەخۆیگرتوون مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەمەیش دەبێتە هۆی توانەوە و سڕانەوەی ڕوکارەکانی با پاش ماوەیەکیش بێت.

لە نمونەی ئەمە، ئەوەی لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمر دەگێڕنەوە کە "مەڕێکی سەربڕی و گوتی: ئایا لە گۆشتەکەی بۆ دراوسێ جولەکەکەمتان برد، چونکە بیستوومە لە پێغەمبەری خودا (درودی خودای لە سەربێت) فەرمویەتی: ((ما زال جبريل يوصيني بالجار، حتى ظننت أنه سيورثه))"[4]. واتە: (هەتا ئیستا جوبریل لە بارەی دراوسێوە ئامۆژگارییمدەکات، هەتا وا گومانم برد کە میراتیشی لێدەگرێت).

---

[1] القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج٦، ص١٧٩.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] الطبري، جامع البيان في تأويل القرآن، سەرچاوەی پیشوو، ج٦، ص٢٤٥.

[4] فەرمودەیەکی صەحیحە، ئەبوداود و تورمزی لە سوننەنەکانیاندا گێڕاویانەتەوە. بڕوانە:

- السجستاني، سنن أبي داود، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: الأدب، باب: في حق الجوار، ج٤، ص٣٣٨، حديث رقم: (٥١٥٢).
- الترمذي، سنن الترمذي، سەرچاوەی پێشوو، كتاب: البر والصلة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم، باب: ما جاء في حق الجوار، ج٤، ص٣٣٣، حديث رقم: (١٩٤٣).

دەق –شایەتی تر زۆرە- کە بە زمانی حاڵ بڵێت پەیڕەوانی ئاینەکانی تر/ کەمینەکان، ڕەوشیان چۆن بووە، ئەوانەی هەستیان بە جیاکاریی ڕەچەڵەک، یان جیاوازیی ئاین لە هیچ ڕوویەک لە ڕووەکانی ژیانەوە نەکردووە. لە سایەی شارستانیەتی ئیسلامییدا بە ئارامیی دەژیان و ئارامییان بەدەستهێنابوو، سودمەندبوون لەو نیعمەتانەی ئاسایش و هێمنایەتیی کە بەرقەراربوو، هەر ئەوانیشن لە سایەی شارستانیەتەکانی تردا تاڵیی و سوێرییان چەشتووە.

ئەو نامسوڵمانانەی لە کۆمەڵگەی ئیسلامییدا دەژیان سودمەنددەبوون لە ڕێنماییەکانی وەحیی خودای گەورە تایبەت بە ئاراستەکردنی ڕەفتارەکان، مسوڵمانان "صەدەقەیان[1] دەبەخشییە هەژارە نامسوڵمانەکان. کاتێک هەژاری مسوڵمان ژمارەیان زۆر بوو، پێغەمبەری خودا (درودی خودای لەسەربێت) فەرموی: (لا تتصدقوا الا على أهل دينكم"[2]. واتە: صەدەقە تەنها بدەنە پەیڕوکارانی ئاینەکەتان. ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە: ﴿۞لَّيْسَ عَلَيْكَ هُدَىٰهُمْ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِى مَن يَشَآءُ...﴿٢٧٢﴾﴾ (البقرة). بەوەیش صەدەقەی موباحکرد بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە ئیسلام نییە"[3].

هەروەها (أهل الذمة) لە فەتوای زانایانی ئیسلام سودمەنددەبن، "پیاوێک بە ئیبن عەباسی گوت: بە مەبەست مریشک و مەڕ لە (اهل الذمة) دەبەین و دەڵێین: هیچ گوناحمان ناگات. پێیگوت: ئەمە وەکو ئەوە وایە کە ئەهلی کیتاب گوتیان: (ليس علينا فى الاميين سبيل) واتە: (لە خواردنی ماڵی ئەو نەخوێندەوارانە گوناحبار نابیت). ئەوان ئەگەر جزیەیان دا، ئەوا ماڵ و سامانیان حەڵاڵ نییە بۆتان، مەگەر بە ویستی خۆیان پێتانبدەن"[4].

لە پاڵ سودمەندبوونیان لە یاسا، بە هەمان شێوە لە وەزیفەکانی دەوڵەت، هەرچەندە بیروبۆچوونیان جیاوازە، کەسی وا دەبینرێت کە پێیوایە وەزیفەکانی دەوڵەت ئەمانەتە لە ئەستۆی مسوڵمانان، ناکرێت بەج گە لە مسوڵمان بسپێردرێت و ئاگاداریبێت. لە پاڵ ئەمەدا هەیە ئاسانکاریی لە کارەکەدا کردووە و هیچ ئاستەنگێکی

---

[1] مەبەست لە صەدەقە لێرەدا صەدەقەی بەخشینە، نەک صەدەقەی فەرزکراو، وەکو ئەوەی قورتبی باسیکردووە: "زانایانمان گوتوویانە ئەم صەدەقەیە ڕێگەپێدراوە بۆیان، وەکو ئەوەی لەم دەقانەدا هاتووە، ئەویش صەدەقەی بەخشینە، بەڵام ئەوەی فەرزە ئەوا دروستنییە بدرێتە بێباوەڕ". بڕوانە:

- القرطبي، الجامع لأحكام القرآن، سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ص١١٨.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ص١١٨.

[4] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

تێدا نەبینیوە، بەوەیش مێژوو چەندیین پۆستیی وەزیفیی دەوڵەتی پاراستووە بۆمان، کە ژمارەیان کەم نییە و لە لایەن نامسوڵمانەوە بەڕێوەبراوە. قورتبی دەڵێت: "ڕەوشی ئەم سەردەمە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەوەی پەیڕەوانی ئاینەکانی تر کراوەنەتە نوسەر و ئەمانەتپارێز و بەوە زاڵبوون"[1] هەیانبووە بووەتە وەزیر[2] و پزیشک[3] و وەرگێڕ[4] و سەرپەرشتیارانی بەڕێوەبردنی بەیتولمال[5].

لەم بارەیوە "صمویل ئەتنگر" شایەتییەک دەدات کە بۆ ناوەندی ئیسلامیی گرنگە، باسەکەی تەنها لە بارەی جولەکەوەیە لە سەدەی نۆیەمی کۆچییدا، دەڵێت: "بەشداربوونی جولەکەکان لە دامەزراوە حکومییەکان لە ڕۆژهەڵات لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆیەم، دەرئەنجامی بەدەستهێنانی یەکسانیی بوو لە مافەکاندا"[6].

ئەهلی زیمە/ کەمینەکان لە کۆمەڵگەی ئیسلامییدا لە دڵئارامیی بەهرەمەندبوون کە سەرچاوەی هاتنی هەموو خێروبێرێکە. لەمەوە دەردەکەوێت کە کۆمەڵگە و ئەو کەلەپوورەی لێیەوە دەرچووە ڕوو لە بەدیهێنانی جیهانییبوون بووە، شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئەوانەدا ڕوانگەیەک بووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جگە لە خۆیان، ئاماژەیەکیش بووە لەسەر ئاوێتەبوونی ئەرێنییان لەگەڵ هەموو ناوەندەکاندا.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ج٤، ص١٧٩.

[2] لێرەدا لە وەزیرە جولەکەکان باسی "حەسدای کوڕی شبروت" وەزیری عەبدوڕەحمان ناصری خەلیفەی قرتوبە و "ئیبراهیم توستاری" (سەدەی ٤ی کۆچیی)، لای خەلیفەی فاتمییەکان. بڕوانە:

- سورنیا، جان شارل. تأريخ الطب: من فن المداواة الى علم التشخيص، ترجمة: ابراهيم البجلاتي، سلسلة عالم المعرفة (٢٨١)، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، (صفر ١٤٢٣هـ/ مايو ٢٠٠٢)، ص٦٧-١١٦.

[3] لێرەدا ناوی "ئیبن حنين" لە ڕۆژهەڵات و "موسای کوڕی مەیمون" لە ڕۆژئاوا و "ئیبن زرزور" پزیشکی ئیبن ئەحمەر لە ئەندەلوس.

[4] لێرەدا باسی "حەنین کوڕی ئیسحاق"ی شێخی وەرگێڕەکان لە سەردەمی خەلیفە مەئموندا دەکات.

[5] صموئیل ئتنگر باسی ئەوە دەکات فەرمانڕەواکان "مکوڕبوون لەسەر ئەوەی جولەکە سەرپەرشتیی کاروباری دارایی بکات، ئەمەیش بەهۆی ئەو ئەزموونەی لەو بوارەدا هەیانبووە". بڕوانە:

- أتنجر، صمويل. اليهود في البلاد الإسلامية، ترجمة: جمال أحمد الرفاعي، مراجعة: رشاد عبدالله الشامي، سلسلة عالم المعرفة (١٩٧)، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، (ذو الحجة ١٤١٥هـ/ مايو ١٩٩٥م)، ص٥١.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ص٥٣.

### ت- سودمەندبوونی شارستانیەتەکانی تر لە کەلەپووری ئیسلامیی:

- بەخششی زانستیی:

کەلەپووری ئیسلامیی تەنها زانستەکانی لەخۆنەگرتبوو، خاوەنەکانیشی لەو کەسانە نەبوون کە ڕژی بکەن لەوەی خودای گەورە پێیبەخشیوون و بە نەتەوەکانی تری نەبەخشیوە، لەبەرئەوە لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا هەستان بە دامەزراندنی مەڵبەندی زانستیی، لەوانە: مزگەوتی ئەمەویی لە دیمەشق و مزگەوتی زەیتونە لە تونس و مزگەوتی قرویین لە مەغریب و ئەزهەری شەریف لە میسر و مزگەوتی گەورە لە قورتبە.

لە ڕاستییدا ئەم ناوەندانە ڕۆشنکەرەوە بوون و بانگەکەی دەگەیشتە قووڵایی ئاسمان، بانگی هەر کەسێکی دەکرد کە زانستی بوێت، ئەگەریش لەسەر ئاینێکی تریش بێت دەبن، هەر لەبەرئەوە دەبینین کەسانێکی زۆری نامسوڵمانیش لە لایان خوێندوویانە، هەرچی ویستبێتیان پێیانبەخشیون، بەبێ منەتکردن و ئازاردان، بەبێ چاوەڕوانیی پاداشت و سوپاس.

لەم ناوەندانەوە ئەو شارستانیەتە جیهانییە ویستراوە سەرچاوەیگرت، " زانایانی عەرەب لە زۆرینەی بوارەکاندا -فەلەکناسیی و سیمیا و ماتماتیک و پزیشکیی و زانستی تریش، لە پێشەوەی پێشکەوتنی زانستییدا بوون"[1]. توخمی ئەورووپیی هەستانەوەی خۆی بە تەواویی لەسەر دەسکەوتەکانیان بونیاتنا.

لە ڕاستییدا ئەو زانستە ئیسلامییانەی کە لە نامە زانستییەکانی زانا مسوڵمانەکاندا هەبوو، زۆر بەرزترە لەوەی لە هیچ شوێنێکی تری جیهان شتی وات دەستبکەوێت"[2] چاوگە زانستییە ئیسلامییەکان هەموو ئاستە زانستییەکانی تێدەپەڕاند، هەر ئەو لوتکە و هەر ئەو سەرچاوە بوو، هەر ئەویش شەرعیەتی دەدایە هەر کەسێک بیویستایە بچێتە ناو ئەو بوارانەوە.

لە شایەتییەکانی ئەمە پێشکەوتنی زانایانی مسوڵمان بوو کە هەیانە هەڵەی زۆری تێزی زانایانی یۆنانیان دەرخستووە، لەوانە قسەکردنی ئیبن هەیسەم[3] کە "ئەو

---

[1]هف، توبي أ. فجر العلم الحديث، الإسلام- الصين- الغرب، ترجمة: محمد عصفور، سلسلة عالم المعرفة (٢٦٠)، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، ٢٠٠٠م، ص٦٥.

[2]سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

[3]ئەو: ئەبو عەلی موحەممەد کوڕی حەسنی کوڕی هەیسەم، بەسری پاشان میسریی، ساڵی ٤٣٠کۆچیی وەفاتیکردووە، لە زانستی ڕیازیاتدا کەس وێنەی نەبووە لەو سەردەمەدا. بڕوانە: ابن أبي أصيبعة، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، سەرچاوەی پێشوو، ص٥٥٠.

ڕێککردنەی بۆ جوڵەی تەنە ئاسمانییەکان پێشنیازکراوە لە کتێبی مجستیدا هەڵەیە"[1]. هەر ئەویش ڕەخنەی لە پرۆسەی "بینین" گرتووە، کە ئەبوبەکری ڕازی پێیهەستاوە، بۆچوونی وابووە بینین بە دەرچوونی تیشک لە تەنە بینراوەکەوە بۆ چاو دروستدەبێت[2].

هەروەها چوونەتە ناو بواری ئەزموونکاریی زانستیی و چەندیین ڕێسا و یاسا و تیۆریان داناوە کە بە تەواویی بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە. لەوانەیش خوارزمی "لۆگاریتمەکان"ی خستە بەردەست، بەو پێیەی جۆرێکە لەو کردارانە (دالة)ی دەکرێت لە بوارە جیاوازەکاندا وەبەربهێنرێت. هەروەها داهێنانی زانستی "جەبر و موقابەلە" و "حسابی سێگۆشەکان"، کە (توبی. أ. هف) لەب ارەیەوە دەڵێت: "ئەوەی هیچ گومان لە گرنگیی مەزنییدا نییە ئەوەیە زانستی سێگۆشەکان بەشێکی سەرەکیی ماتماتیکە بۆ گەشەپێدانی زانستی فەلەکناسیی، ئەم زانستەیش عەرەبەکان دایانهێناوە"[3].

هەروەها دۆزینەوەی ئیبن هەیسەم بۆ پەیوەندیی یەکسانیی نێوان گۆشەی کەوتن و گۆشەی دانەوە و هەڵێنجانی ئەوەی "بۆشایی ئاسمان لە نۆ بازنەی بەدواکداهاتووی خاوەن یەک چەق پێکهاتووە، هەر ئەم بیرۆکەیەیە کە ڕۆژئاوا وەریانگرتووە"[4].

لە ڕاستییدا هەموو ئەمانە و-زۆری تریش- لە ژیانی مسوڵمانەکاندا وەکو بەدەمەوەچوونی فەرمانی ئاینی ئیسلام و ڕێنماییە خزمەتبەخشەکانی بە ڕۆح و مادە بەدیهاتووە، هەر لەبەرئەوە کۆمەڵگە ڕوویان لە ویستەکانی کرد، "بەهۆی پاڵنەری حەز و پاڵنەرە ئاینییەکان"[5].

---

[1] هف، فجر العلم الحديث، الإسلام- الصين- الغرب، سەرچاوەی پێشوو، ص٧١.

[2] شوقي، جلال. "أبوبكر الرازي وبحوثه في علم الطبيعي"، عالم الفكر، مج(١٤)، العدد (٢)، ١٩٨٣م، ص٢١١.

[3] هف، فجر العلم الحديث، الإسلام- الصين- الغرب، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٧.

[4] سورنيا، تأريخ الطب: من فن المداواة الى علم التشخيص، سەرچاوەی پێشوو، ص٩٢.

[5] هف، فجر العلم الحديث، الإسلام- الصين- الغرب، سەرچاوەی پێشوو، ص٦٩.

تۆماس گوڵدشتاین ئەو فاکتەرانەی کە یارمەتیی مسوڵمانانی داوە بۆ گەیشتن لە لوتکەی بەخشینی زانستی جیاواز لەمەدا پوختکردووەتەوە: "پەرۆشیی بۆ دۆزینەوەی شاراوەکانی ژیان و هەبوونی گەردوونییبوونی لە ڕۆشنبیریی ئیسلامییدا". بڕوانە:

-جولد شتاين. توماس. المقدمات التاريخيه للعلم الحديث، من الاغريق القدماء الى عصر النهضة، تصدير: ايزاك اسيموف، ترجمة: أحمد حسان عبدالواحد، سلسلة عالم المعرفة (٢٩٦)، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، (رجب ١٤٢٤هـ/ سبتمبر ٢٠٠٣م)، ص١١٣-١١٤).

هەر ئەمەیە ڕۆژئاوا دەستپێکی خۆی لەسەر پەیژەی شارستانییبوون دەستپێکرد، زانایانیان دەهاتن دەستکەوتەکانی مسوڵمانانیان دەکردە ڕوانگەی زانستیی سەرەکیی، چونکە "هەموو زانستێکی تایبەتمەند، بە جیا لە ڕۆژئاوا، لە بنچینەکانیدا قەرزاری پاڵنەری ئیسلامییە، یان لانی کەم لەو کاتە بەدواوە بە ئاراستەی ئەو بووە"[1]. دەبینین ئەوروپییەکان "زانستی کۆمەڵناسیی"یان دامەزراند، لەمەیشدا لەو بنچینانەوە سەرچاوەیانگرت کە زانایانی ئیسلام دایاننابوو. ئەوەی لای ئەوان بە "زانستی ئاوەدانکاریی" ناسراوە لە ڕێگەیەوە هەستان بە گۆڕینی مەرجەعیەتەکەی لە قورئانەوە بۆ مەرجەعیەتێکی ڕۆژئاوایی.

دەیانبینین سوڕی خوێن دەدۆزنەوە و کارەکەیان لەسەر دۆزینەوەی سوڕی بچووکی خوێن لە لایەن مسوڵمانەکانەوە دادەمەزرێنن، هەر ئەوانن ئاراستەکردنی قورئانی بەرەو زیندوونەوەی دەرونی مرۆیی بردنی، بە مەبەستی بردنەوەی پاداشتی زیندووکردنەوەی تێکڕای خەڵک.

فەلەکناسە ڕۆژئاواییەکان دەبینین داهێنانەکانی قوتابخانەی مراغەیان[2] بەکارهێناوە و لە نمونە نابەتڵەمییەکانی ئەوەوە سەرچاوەیانگرت -ئەو نمونانە لە داهێنانە تایبەتەکانی زانایانیان بوو- لەسەر ئەوانە تووێژینەوە و کارە فەلەکناسییەکانیان دامەزراند. لەمەیشدا گێڕایانەوە بۆ مەرجەعیەتێکی ڕۆژئاوایی و مۆری داهێنانی ئەوروپییان لەسەر سنگی داوە.

ئەم کارە هیچ هەڵبەستنێکی تێدا نییە، ئەمە بۆی هەبوو وابێت ئەگەر ئەو قسەیە لە لایەن جگە لە ڕۆشنبیرانی ڕۆژئاواییەوە بکرایە، بەڵام کاتێک بۆچوونەکە بە

---

ئێمە ئەگەرچی هاودەنگین لە هەموو ئەوانەدا لەگەڵی، بەڵام لە ڕیزبەندییکردنی ئەو فاکتەرانەدا بۆچوونمان جیایە، چونکە ئەو فاکتەرەی ئاراستەکردنێکی یەکلاکەرەوەی ڕووەو ئەنجامدانی ئەوەی ئەنجامدراوە هەبووە خۆی لە قورئانی پیرۆزدا دەبینێتەوە، لەبەرئەوەی عەرەب پێش ئەوە هیچ نەبوون، کاتێک قورئانی پیرۆز هات کردنیە سەرداری فەرمانڕەوای هەموو ژیان.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١١٦.

[2] مراغە: شارێکی بەناوبانگی مەزنە، مەزنترین و بەناوبانگترین ناوچەی وڵاتی ئازەربایجانە، ڕووگە و قوتابخانەی فەلەکناسیی لەوێیە. لە دیارترین زانایانی: ئەردی (ساڵی ١٢٦٦ز وەفاتیکردووە). توسیی (ساڵی ١٢٧٤ز، وەفاتیکردووە). قوتبەدین شیرازی (ساڵی ١٣١١ز وەفاتیکردووە). ئیبن شاتر (ساڵی ١٣٧٥ز وەفاتیکردووە). بڕوانە:

- الحموي، ياقوت بن عبدالله الرومي. معجم البلدان، بيروت: دار صادر، ١٩٩٥م، ج٥، ص٩٣.
- هف، فجر العلم الحديث، الإسلام- الصين- الغرب، سەرچاوەی پێشوو، ص٧١.

پشـتیوانیی ئامـاژەی زانایـانی ڕۆژئـاوا خۆیـان بێـت[1]، ئەوا لە تانەلێـدان پـارێزراوە، بەهۆی شایەتیی خاوەن_ماڵ.

- **چاودێریی کۆمەڵایەتیی:**

کـۆمەڵگەی ئیسـلامیی، هەر وەکـو چـۆن باڵادەسـتیی خـۆی لە بـواری زانسـتییدا سـەلماند، لە ڕووی تیـۆریی و جێبەجێکـردنەوە، دەبینـین باڵادەسـتییەکی مەزنـی لە بواری کۆمەڵایەتییدا بەدەستهێناوە، کە هیچ بوارێک بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوەی نەتەوە هاوچەرخەکانی تر لەو بوارەدا پێیگەیشتوون نییە.

ئێمە کە لە بڕگەی لێهاتووییە مێژووییەکانی جیهانییبوونی کەلەپووردایین، شایەتیی لەسـەر قسـەکانمان دەخەیـنەڕوو، هەیـانە لە کتێبـی گەشـتیارە مسـوڵمانەکاندا هەڵوێستەی لەسەر دەکەین. کاتێک باسی مەڵبەندە پزیشکییەکان و ژمارەیان دەکەن[2] چـونکە لە بـواری چارەسـەرکردن و دەرمانسـازییدا ئەستێرەی مسـوڵمانەکان لە بـەرزاییەکی مەزنـدا بـووە. ئیـبن جـوبەیر -لە میـانەی قسـەکردنی لە بـارەی سەلاحەددینی ئەیوبییەوە- دەڵێت: "لەوەی بینیمان، لە شانازییەکانی ئەم سوڵتانە، ئەو تیمـارگەیە بـوو لە شـاری قـاهیرە، کۆشـکێک بـوو لە کۆشـکە بەرز و جـوان و فراوانەکان"[3].

ئیـبن جـوبەیر بەردەوامـدەبێت لە ناسـاندنەکەی و باسـی دیمەنێـک لە دیمەنـە جوانەکانی ڕێکخستن دەکات، کە زۆر لە وڵاتانی ئیسلامیی لەوەدا دواکەوتووە. باسی بەشـەکانی تیمـارگەکە لە نـاوەوە دەکـات و ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات لە سـێ بەش پێکهاتووە. ئەوانیش:

**یەکەمیان: شوێنی تایبەت بە پیاوان.**

**دووەمیان: شوێنی ئافرەتان.**

سێیەمیان: تایبەتبووە بەو کەسانەی توشی نەخۆشیی مێشک بوون و دەڵێت: "لە پـاڵ دوو شـوێنەکەی باسـکرا شـوێنێکی تـر هەیـە، حەوشـەیەکی فـراوان، ژووری

---

[1] هف، فجر العلم الحديث، الإسلام- الصين- الغرب، سەرچاوەی پێشوو، ص٧٤.

[2] ئەو: یوسف کوڕی ئەیوب کوڕی شادی، ساڵی ٥٣٢ی کۆچیی لەدایکبووە، جەنگی حەتین لە نێوان ئەو و ئەفرەنجەکاندا ڕویداوە و بە خراپیی شکستی بەسەر هێناون و سەرکردەکانی بە دیلیی گرتوون. بڕوانە:

- الذهبي، سير أعلام النبلاء، سەرچاوەی پێشوو، ج٢١، ص٢٧٨.

[3] ابن جبير، محمد بن أحمد الاندلسي، رحلة ابن جبير، بيروت و القاهرة: دار الكتاب اللبناني ودار الكتاب المصري، (د. ت.)، ص٥٢.

بچووکی تێدایە، پەنجەرەی ئاسنیان بەسەرەوەیە، کراوەتە بەندیخانەی شیتەکان، کەسانێکیان هەیە هەموو ڕۆژێک بەسەریاندەکاتەوە، چی باشبێت بۆیان دەکات"[1].

ئەوەی ئیبن جوبەیر بینیویەتی وایکردووە بەهۆیەوە بیهێنێتەگۆ و دەڵێت: "ئەم تیمارگەیانە شانازییەکی مەزنە لە شانازییەکانی ئیسلام"[2]. هەمان شت وایکردووە لە زۆرێک لە ڕۆژئاواییەکان بە بەرزییەوە ئاماژەیان بۆ کردووە و گوتوویانە: "پزیشکی نەخۆشخانەکان لە سەدەی ناوەڕاست لە لای عەرەبەکان، لە گەشەسەندنێکی زانستیی بێوێنەدا بوو"[3] وەکو "سەردەمی زێڕیینی پزیشکیی ئیسلامیی وابوو"[4]. بگرە ئەوان شایەتییدانی وایان هەیە کە خزمەت بە کەلەپووری ئیسلامیی دەکات، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە جیهانی ئیسلامیی "نەخۆشخانەی بە شێوەی زانستیی دامەزراندووە، ڕۆژئاوایی مەسیحیش چاوەڕانبووە، هەتا لە سەدەی هەژدەیەمدا هاوشێوەی ئەوان دروستبکات"[5].

ئەمە ڕێگەیەکی ئامادەدەبێت کە ئەوروپا بۆ ڕێکخستنی ژیانی پاشتر دەیگرێتەبەر، ئەویش خۆی لە لایەنێک لە لایەنەکانی "جیهانیبوونی کەلەپووری ئیسلامیی" دەبینێتەوە. ئەگەر سودوەرگرتن لە هاوشێوەی ئەمە دەستکەوتێکی ڕاستەوخۆ بێت، بۆ سودوەرگر ئەوە ڕەخساوە هەڵە و ناتەواوییەکانی کە زانیویەتی لە کاتی پێداچوونەوە جیاوازەکانیدا تێبپەڕێنێت و دەست بە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونەکە و گەشەپێدانی بکات.

هەروەها لە شایەتییەکانی تری پێشکەوتنی کەلەپووری ئیسلامیی لە بواری گرنگییدان بە مرۆڤ ئەوە بوو، بۆ هەموو کەسێکی نەناسراو، یان ڕێبوار، شوێنی حەوانەوە دابینبکات، بەجۆرێک خزمەتکارانی گۆشەکە بەیانیان دەچوون بۆ لای هەژارەکان و هەریەکەیان ئەو خواردنەیان دیاریدەکرد کە حەزیان لێیەتی، جا کاتێک بۆ نانخواردن کۆدەبوونەوە، بۆ هەریەکەیان نان و شلەیەک لە قاپێکدا بە جیا دادەنرا،

---

[1] سەرچاوەی پیشوو، هەمان لاپەڕە.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص ١٩٨.

[3] سورنیا، تاریخ الطب: من فن المداواة الی علم التشخیص، سەرچاوەی پیشوو، ص٩٢.

[4] جولدشتاین، المقدمات التاریخیة للعلم الحدیث، من الاغریق الی عصر النهضة، سەرچاوەی پیشوو، ص١١٩.

[5] سورنیا، تاریخ الطب: من فن المداواة الی علم التشخیص، سەرچاوەی پیشوو، ص٩١.

کەس لەگەڵی بەشدارنەدەبوو"[1]. ئەمە وێڕای پۆشاکی زستانە و هاوینە و موچەی مانگانە و شیرینیی لە شەکر و سابوون و کرێی چوون بۆ گەرماو، زەیت بۆ خۆڕازاندنەوە[2].

لە ڕاستییدا ئەو ڕوکارانەی لێهاتووێتیی مێژوویی کە لەسەر مرۆییبوونی فەتحی ئیسلامیی ڕاوەستاوە و مرۆڤدۆستیی پەیوەندییەکانی کە تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکەوەدەبەستێتەوە و بەشداریپیکردنی کەلەپووری ئیسلامیی لە بونیاتنانی هاوبەشیی مرۆڤایەتیی، وایلێهاتووە لە ڕێگەی ئەوەی ئاماژەی پێکرا پێکدێت، لەوەوە دەگاتە پلەیەکی بەرزی مرۆیی لە تێڕوانینی باڵادەست بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامیی، بەوەیش قۆناغێکی گرنگی بۆ بەدیهێنانی مرۆڤبوونی مرۆڤی بڕیوە. لە ڕووی گوفتار و ڕەفتارەوە، پێش ئەوروپا کەوتووە لە سەربەخۆیی و باڵادەستیی شارستانییدا.

**٢- لێهاتووییەکانی تێڕوانین و مەنهەج:**

ئەگەر پێشتر قسەمان لەسەر لێهاتوویی مێژووییەکان کردبێت کە پەیوەندداره بە بوارەکانی جێبەجێکردن و بەجێگەیاندنەوە، بەو پێیەی ڕوکارن بۆ پیشاندانی جیهانی کەلەپوور، ئەو بنچینەیەیە کە شارستانیەتی هاوچەرخ لێیەوە سەرچاوەیگرتووە. ئێمە ئێستا دەمانەوێت ئاوڕ لە لایەکی تر بدەینەوە، ئەویش خۆی لە لێهاتوویەتییەکانی تیڕوانین و مەنهەجدا دەبینێتەوە، بەو پێیەی بناغەیەکی تیۆرییە، جوڵێنەری ئەو جێبەجێکردنانەیە.

ئێمە کاتێک سوورین لەسەر ئەنجامدانی ئەوە، لە ڕوانگەی ویستمان لەسەر هەڵوێستەکردن لەسەر لێهاتووییەکانی کەلەپووری ئیسلامیی لەپێناو ئەوەدایە بەو پێیەی جیهانییە سەربەخۆ بێت، نەک بە مەبەستی چوونە ناو خەسڵەتەکانی مەزهەبە ئاینیی و فیکرییەکان لە مێژووی مسوڵماناندا، چونکە ئەم کارە بنەچەی تایبەتی هەیە کە تینووێتیی دەشکێنێت زیاتر لەوەی کە توێژینەوەکەمان لێیدەکۆڵێتەوە.

لەبەرئەوە ئێمە ئەو لێهاتووییانە لە ڕوانگەی هاوبەشیی گشتییەوە دەخەینەڕوو، نەک ڕوانگەی باڵادەستیی تایبەت. ئەوانەیش بەم جۆرە باسدەکەین:

---

[1] ابن بطوطة، محمد بن عبدالله بن محمد اللواتي. تحفة النظار في غرائب الامصار وعجائب الاسفار، تحقيق: علي المنتصر الكناني، بيروت: مؤسسة الرسالة، ١٤٠٥هـ ص٥٤.

[2] سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

## أ- كرانەوەی ڕێككراو:

مەبەست لە كرانەوەی ڕێككراو، باوەڕبوونی زانایانی مسوڵمانە بەوەی ڕۆشنبیرییەكەیان جیهانییە بەجۆرێك كە جگە لە خۆیان دەتوانێت سودی لێوەربگیرێت. هەروەها دەتوانن ئەمانیش سود لە جگە لە خۆیان وەربگرن بەهۆی گونجانی تێڕوانینیەوە لەگەڵ گەردوون و ژیاندا. ئەوەیان بە ئەركی سەرشانیان زانیوە كە بكەونە شوێنی جۆگە مەعریفییە بەسودەكان "ئیدی سەرچاوەكەی هەر كوێ بێت، با بێباوەڕێك باسی ئەو عیلمە بكات"[1] دانایی ونبووی مسوڵمانە. بەڵام ئەم سنورە ناكرێت واتای "كرانەوە" بەرەو "ڕێكوپێكیی" تێبپەڕێنێت، مەگەر بە چەند پێودانگ و سنورێك، كە هەموویان پێكەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی كرانەوە مۆركی بەربەرەڵایی و پێكدادانی هەڕەمەكیی پێوەنەبێت، بەڵكو ئەگەر ڕێككرابێت بەجۆرێك مەرجی ئەوەی تێدابێت، یەكێك لە دەرئەنجامەكانی ئەوە نەبێت مرۆڤ لە ڕیشەوە هەڵبكێشێت.

لە دەرئەنجامەكانی كرانەوەی ڕێككراو ئەوە بوو، زانایانی مسوڵمان -بەبێ خۆخستنەئامێزی هێنراوەكان- بەهۆی ڕۆشنبیرییەكەیانەوە بیریاندەكردەوە، نەك بەهۆی ڕۆشنبیرییەكانی ترەوە. ئەمەیش واتە "بیركردنەوە لە ڕێگەی ڕشتەبەندییەكی مەرجەعییەوە كە پێكهێنەرە سەرەكییەكانی لە سنوربەندكراوەكانی ئەو ڕۆشنبیرییە و پێكهێنەرەكانی دروستدەبێت"[2] لەپێناو بەدیهێنانی جیاوازیی ئەرێنییدا.

لە دیاردەكانی ئەمە، وەرگێڕانی مەعریفەی نەتەوەكانی تر -لە سەرووی هەموویانەوە كەلەپووری یۆنانیی- هەتا مسوڵمانان ئاگادارییین و بزانن چی تێدایە، بەرگەی سەختییەكانی بەرهەمهێنانی فیكرێك دەگرن، كە لەگەڵ تێڕوانینیان بۆ ژیان بگونجێت. ئەوەی لەم بارەیەوە پێشبینییدەكەین ئەوەیە كەلەپووری یۆنانیی وەكو هاندەرێك وابووە مرۆڤی هانداوە بۆ داهێنانی كەرەستە و ئامێرەكان هەتا لەو بوارانەی زانستی یۆنانییەكانی كاری تێدادەكات بەكاریبخەن، بە شێوەیەك بە تەواویی بگونجێت لەگەڵ ئاین و تێڕوانینیدا، پارێزگاریی لە پێكهێنەرە خودییەكانی لە گۆڕەپانی كێبڕكێی ڕۆشنبیرییدا بكات. ئەم كرانەوەیە بە ڕووی ڕۆشنبیرییەكانی تردا چەند مەرجێكی هەیە، دەبێت چاودێریی لەسەر هەبێت و سودمەندبێت لەو بەسودانەی لەگەڵ تێڕوانینی مسوڵماناندا دەگونجێت، نەبێتە هۆی دارمانی فیكریی، یان بەزایەدانی ئەوەی خود لەوانی تر جیادەكاتەوە.

---

[1] هونكه، شمس العرب تسطع على الغرب، أثر الحضارة العربية في اوروبا، سەرچاوەی پیشوو، ص٣٦٩.
[2] الجابري، تكوين العقل العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣.

قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بووەتە ئیجتیهادێکی شەرعیی و بۆچوونی جیاوازی لەسەر هەیە. هەیانە ڕەتیدەکاتەوە و هەیانە قبوڵیەتی. یەکەمیان ڕێگەپێدەدات بەبێ کۆت و مەرج ئەوەی لە لای کەسانی تر هەیە ئاگاداریبین، بەبێ گوێدانە ئەوەی چی لێدەکەوێتەوە، ئەمەیش بەهۆی باوەڕبوونی بەهێزی خۆی کە هیچ شتیک کاریگەریی لەسەری نابێت، یان بەهۆی باوەڕبوونی تێکەڵبوونی ڕۆشنبیریی مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤایەتیی. دووەمیان زیاتر خۆپارێزە، وایدەبینێت ڕۆشنبیرییەکانی ئەوانی تر ئەو وێرانکەرەیە کە لێدانەکانی بەر جەستە و فیکری ئوممەت دەکەوێت. هەردوو هەڵوێستەکە پێکەوە پێگەیشتوانە نین، ئاشنابوونی ڕۆشنبیرییەکانی تر مەرجێکە وادەکات مرۆڤ لەگەڵ تەنها خودی خۆی بێت، بەجۆرێک تەنها بەپێی ئەو شارەزاییەی ژینگەکەی پێیبەخشیوە ژیان بەسەرببات. خۆخستنەئامێزی گشتیی بۆ ڕۆشنبیرییەکانی تریش وادەکات مرۆڤ سیما جیاکەرەوەکانی لەدەستبدات.

لێرەدا گروپی سێیەمی زانایانی ئیسلام بۆچوونێکی پێگەیشتوانەتریان هەیە کاتێک دەڵێن ئەوەی تایبەتبێت بە خوێندنی فەلسەفە و لۆژیکی یۆنانیی -مەبەستی قسەی پێشوومان ئەو دووانەیە- لە نێوان حەڵاڵکردن و حەرامکردندایە، بەجۆرێک ئاگاداربوون لێی ڕێگەپێدراوە بۆ کەسێک ڕێگەپێنەدراوە کە "ڕێسا شەرعییەکان لە دڵیدا نەچەسپابێت"[١].

کرانەوە کارێکی گرنگە ئەگەر زیانی نەبێت، کاتێک زانایانی ئیسلام مەرجەکانیان دادەنێن لەوەدا لەگەڵ تێڕوانینیاندا بۆ گەردوون و ژیان گونجاو بێت، ئەگەر کراوە بوو نابێت بەو واتایە بێت بە تەواویی شارستانیەتی بە ڕەگوڕیشە و پایەیەوە هەڵبکێشێت. "مەرجی خودیی نابێتە ڕێگر لە کرانەوە و وەرگرتنی ئەوەی لە لای ئەوانی تر هەیە، مەرجی کرانەوە و وەرگرتنیش نابێتە هۆی نەهێشتنی خود و یاخیبوون لێی"[٢]. لەمەوە تێڕوانینەکە بابەتییانە دەبێت و پارێزگاریی لە مرۆڤبوونی مرۆڤ دەکات. لەمەوە کەلەپوور بەرەو بەدیهێنانی جیهانییبوون دەڕوات، کە یەکێک لە مەرجەکانی کرانەوەی ڕێکوپێکە.

---

[١] النشار، مناهج البحث عند مفكري الإسلام واكتشاف المنهج العلمي في العالم الإسلامي، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٩٠.

[٢] شبار، الحداثة في التداول الثقافي العربي الإسلامي، نحو إعادة بناء المفهوم، سەرچاوەی پێشوو، ص٨٥.

**ب-  ڕەوشتییبوونی زانست (تخليق العلم):**

لە ڕاستییدا مسوڵمانەکان باوەڕیان وابووە، کە زانست یەکلابوونەوەی گشتیی و ڕوتێکردن بە هەموو توانای دەوێت، هەرگیز "پاڵێلێناداتەوە، یان شاندانادات، یان ڕووی ناگەشێتەوە، بۆ ئەوانە نەبێت کە بە تەواویی خۆیان یەکلاییکردووەتەوە"[1] بەڵام ئەم باوەڕبوونەیان خودیی نەبوو، بەو واتایەی داوای زانستیان نەکردووە و هانیاننەداوە لەسەری تەنها بە مەبەستی بەدیهێنانی، بەڵکو بۆ ئەوەیان ویستووە ببێتە ڕێگەیەکی پێگەیشتوانە بەهۆیەوە سەرفرازیی دونیا و قیامەتیان دەستبکەوێت. لەبەرئەوە "فێربوونی عیلم تەواوکار و پێویستبووە"[2]. هەر لەبەرئەوە لای ئەوان هۆکاربووە، نەک ئامانج.

ناکرێت ئەم پێناسەیە لە بەهای زانست لای مسوڵمانەکان کەمبکاتەوە، چونکە ئەگەر ئەوە پلەکەی بێت، ئەوا حەقیقەتەکەی لەوەوە سەرچاوەیگرتووە کە "ما لايتم الواجب الا به فهو واجب" واتە: (ئەوەی پێویستییەک بەبێ ئەو نەتوانرێت ئەنجامبدرێت، ئەوا خۆیشی پێویستە). هەر وەکو لای زانایانی پێشین بڕیاری لەسەر دراوە.

پاش ئەوەی بڕیار لەسەر ئەمە دەدرێت، دەمانەوێت سەرنج لە خەسڵەتێک بدەین بووەتە جێی بایەخی بەرهەمهێنەرانی کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی، ئەویش خۆی لە ملکەچکردنی زانست بۆ ئەخلاقی ئیسلامییدا دەبینێتەوە، کە ئامانجی خزمەتکردنی مرۆڤایەتیی و بەدیهێنانی دڵئارامیی مرۆڤەکانە، بەو جیهانییبوونەی کە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات.

لێکۆڵەر، کاتێک چاو بە کتێبەکانی کەلەپووردا دەگێڕێت و دەیخوێنێتەوە، چەندیین ڕێنماییکردنی ڕەوشتیی بەرزی بەرچاودەکەوێت، ئەو ڕێنماییانە بۆ چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ توخمەکانی ژیان کاتی سەرقاڵبوون بە زانستەوە گرنگن، لە ڕووی تیۆریی و پراکتیکەوە، ئەنجا زانست بەو کاڵایەوە دەردەکەوێت کە گونجانی مرۆڤ لەگەڵ گەردوون و ژیاندا دروستدەکات. بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆ ئادەمیزادەکان ملکەچکراوە هەتا سودی لێوەربگرن، بە پێکەوەگونجانێکی تەواو لەگەڵ ئەوەی وەحیی خودایی پێیڕاگەیاندووین.

---

[1] المقدسي، مطهر بن طاهر، البدء والتأريخ، القاهرة: مكتبة الثقافة الدينية، (د.ت.)، ج١، ص٤-٥.

[2] ابن خلدون، مقدمة ابن خلدون، سەرچاوەی پێشوو، ص٤١.

له ڕاستییدا ڕەوشتیببوونی زانست ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە بەدیهێنانی ئارامیی دەرونیی ژیانی ئیسلامییدا، کە مرۆڤی هاوچەرخ –بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا- کە بە شێوەیەکی جێگەی سەرنج لەدەستیداوە، ئەمەیش دەبێتە هۆی نەهامەتیی هەمەجۆر، لەوانەیە وابکات ژیان تەنها لەسەر مادە ڕابوەستێت، بەهۆی ئەمەیشەوە ناتەواویی لە هاوسەنگیی نێوان لایەنی مادیی و لایەنی ڕۆحییدا دێتەئارا، ئەمەیش سونەتێکی خوداییە لە دروستکراوەکانیدا.

لەوانە سزای پیسبوونی ژینگە کە لە ئێستا ئەوانەیشی هیچ دەستێکیان لە پیسکردنیدا نییە بوونەتە قوربانیی، پێشکەوتنی زانستیی وایلێهاتووە یەکسانبێت بە پیسبوون بە هەموو مادە ژەهراوییەکان و لەبارببردنی سەرچاوەکانی نوێبوونەوە و بەردەوامبوونی ژیان.

لەوانە گۆڕانی دروستکراوانی خودای گەورە بەبێ ئەوەی پێویستبکات، ئەگەر زانا وا گومان ببات کە بووەتە باڵادەست بەسەر سروشتدا و بەسەر خۆی و یاساکانیدا زاڵبووە، دووربکەوێتەوە لە هەر خواستێکی خۆگونجان لەگەڵ گەردوون، ئەوا ئەوە بەجێگەیاندنێکی زانستە کە ڕوکارەکانی لە ئاسۆدا دیارە و دەریدەخات کە ئەو زانستە لە خزمەتی مرۆڤایەتییدا نییە و نایەوێت بەرەو سەرکەوتن لە هەموو لایەنەکانی ژیانی ببات.

له ڕاستییدا ئەو مەنهەجەی زانایانی ئیسلام گرتیانەبەر "جیاوازیی لە نێوان خواستەکانی جەستە و داواکارییەکانی ڕۆحدا ناکات، واناکات یەکێکیان لەسەر حسابی ئەوی تریان کاربکات، یان دژ بە یەک کاربکەن"[1]. لەبەر ئەوەیە ئەو هاوسەنگییە لە ژیانی مسوڵماناندا هاتووەتەدی، چونکە ڕۆح مامەڵەکردن لەگەڵ مادەدا دادەڕێژێت و مادەیش دەچێتە خزمەت ڕۆحەوە، هەردووکیشیان لە خزمەت هاوسەنگیی ژیاندان هەتا ئەوپەڕی سنور سودیان لێوەردەگیرێت.

واقیعی ژیان جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوروپا، با شەرستانیەتەکەی لەسەر دەستکەوتەکانی مسوڵمانانیش بونیاتنابێت، بەڵام لەسەر ئاستی ئەو تێڕوانینەی کە گەردوون دەبەستێتەوە بە سەرچاوەکانی سەرەتاییەوە نەیتوانیوە سودی لێوەربگرێت، بەڵکو تەنها لە دەستکەوتە مادیی، یان ڕێککارییەکانی سودمەندبووە و

[1] قطب، كيف نكتب التأريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پیشوو، ص٥٠.

توانیویەتی خۆی لە بنەما ئاینیەکانی دەربازبکات. لەبەرئەوە وایلێهاتووە "لە ڕۆژئاوا کەسی وا هەیە بۆچوونی وایە کە خودی زانست "کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە"[1].

لەوەی ڕابورد دەردەکەوێت کارکردن بە بنەمای "ڕەوشتیبوونی زانست" کە مسوڵمانەکان چەسپاندوویانە، لە ڕووی تیۆریی و پراکتیکییەوە، بە دەروازەیەکی سەرەکیی لە دەروازەکانی گەڕاندنەوەی شارستانیەتیی بۆ سەردەمی تێگەیشتنی دادەنرێت، چونکە شارستانیەت بریتییە لە"بەهاکان... بەهۆی بەهاکانەوە شارستانیەتەکان دروستدەبن، بە بەهاکان دەژین، کاتێک بەهاکان لەدەستدەدەن بەرەو داڕوخان دەچن"[2]، بەهۆی ئەویشەوە تێڕوانینی کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی "جیهانییبوون" بەدیدێنێت، ئەوەیش پیشاندەری خزمەتکردنی مرۆڤایەتیی هەموویەتی، نەک تەنها هەندێکیان بگرێتەوە.

**ت- خواستەکانی ئاینده:**

لێکۆڵەری کەلەپوور سەرنجی بۆ لای ویستی زانایانی مسوڵمان بە لای دابینکردنی پێویستییەکانی ئاینده و بەدەمەوەچوونی خواستەکانی مەعریفە، کە لە لایەن کەسی خەیاڵکردوو، یان گریمانەکارەوە وادەخوازێت، بەجۆرێک دەتوانین ناویبنیین "خواستەکانی ئاینده"[3].

ئەم پرشنگدانەوەیە ئاماژەیە بۆ فراوانیی ئاسۆیی کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی کە وایلێهاتووە چارەسەر بۆ کێشە گریمانەکراوەکانی مرۆڤایەتیی دەخاتەڕوو، کە واقیع هێشتا ئەو کێشانەی بەخۆوەنەدیوە و خەڵکیش نازانێت چی پێویستە.

لە سروشتی ئەم سەرقاڵبوونە زانستییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە عەقڵی مسوڵمان ئەوە کە بۆ ئێستا پێویستە تێدەپەڕێنێت بەرەو ئەوەی گرمانەدەکرێت لە ئایندەدا پێویستبێت و لە غەیبدایە. ئەمەیش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر سروشتی تێڕوانینی زانستیی کە تێیدا کەلەپوور لە ڕێنماییەک دەرچووە، کە سەرچاوەکەی ئەوەی خواستووە، بەوەی هەر لە سەرەتای هاتنەخوارەوەی وەحییەوە مسوڵمانەکان

[1] هف، فجر العلم الحديث، الإسلام، الصين، الغرب، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٣.

[2] قطب، كيف نكتب التاريخ الإسلامي؟، سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٩.

[3] دەمانەوێت بەم قسەیەمان بڵێین ئەوەی لە کتێبەکانی کەلەپووری شەرعییدا خراوەتەڕوو، بە تایبەت کتێبە فیقهییەکان، وێنەی وامان پیشاندەدات کە لە ئەمڕۆدا پێیدەگوترێت "فیقهی گریمانەکراو"، بەڵام لە بوارە زانستییەکانی تردا هیچ شتێکمان نەبینیوە بەڵگە بێت لەسەر ئەمە. بە هەمەحاڵ، ئەم دیمەنە وەکو سەرەتای کرانەوەی دەروازەی گریمانەکردن وایە کە دڵگرانین نەگوازراوەتەوە بۆ بوارە زانستییەکانی تر.

بەرەو زانست و فێربوونیان بردووە و ڕووەو بیرکردنەوە لە گەردوون و بەڕێوەچوونی ژیانیان ئاراستەکردووە.

لە ڕێگەی ئەو بەخششە زۆرەوە و لە ڕێگەی ئەو جیاوازییە گەورەی نێوان ئەوەی واقیعی ژیان دەیخوازێت و ئەوەی زانست لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بەرهەمیدەهێنێت، ڕوکاری ئەو پێشکەوتنە زانستییەی کە مسوڵمانان تێیدا ژیاون دەردەکەوێت، خستنەڕووەکە زۆر زیاترە لەوەی داواکراوە، بەخششی زانستیی هەبوو زۆر زیاترە لەو بابەتانەی لە واقیعدا خراوەتەڕوو، ئەو ڕووی لە ئایندەیە و خۆی دەخاتە ئامێزیەوە، بەوەی پێش سەردەم و گرفتەکانی دەکەوێت.

ئەو وێنەیەی سەردەمێک لە سەردەمەکان زانستی وڵاتانی ئیسلامیی تێدابووە، کلیلێکی گرنگ بووە بۆ دەستپێکردنی زانستی هاوچەرخ، کە بەرەو خەیاڵی زانستیی دەڕوات، ئەوەیش لە ڕاستییدا گریمانەیە بۆ ئەوەی کە هیشتا لە داهاتوودا دیار نییە و لە دەزووە خەیاڵییەکانی زۆر بابەت و کێشە دەچنرێت، کە هێشتا دەروازەیان بە ڕووی زانایاندا نەکراوەتەوە هەتا ئەو کۆسپانە ببڕن کە ئەوەی لە پشتیانەوە پەنهانە بە خەیاڵی کەسدا نەهاتووە.

لە ڕێگەی ئەوەی باسمانکرد، ئەو ئاماژە مەنهەجییانەمان بۆ دەردەکەوێت کە زانایانی ئیسلام –بە تایبەت شەرعزانان- هەیانبووە لە دۆزینەوەی دەلاقە پێویستەکاندا کە پێش زانست کەوتووە لە بابەتەکانی ژیان و کێشەکانیدا، ڕووی لە ئایندە بووە، بەوەیش زانستێکی زیاتری بەرهەمهێناوە و خۆی لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا دەبینێتەوە کە هێشتا واقیعی ژیان بەخۆیەوە نەبینیوە.

ئەم ئاماژەدەرە لێهاتووییەکی مەنهەجییە لە لێهاتووییەکانی کەلەپووری ئیسلامیی کە وا دەیهێڵێتەوە دەست بە پێگە دیارەکەیەوە لە بەخششی بەردەوامدا بگرێت، کە هەمیشە لە خزمەتی مرۆڤایەتییدا بێت. لەم بارەیەوە عەرەبەکان "بەنرخترین دیارییان پێشکەشکرد، ئەویش بریتییبوو لەو ڕێگە دروستەی توێژینەوەی زانستیی کە ڕێگەی لە بەردەم ڕۆژئاوا خۆشکرد بۆ ئاشنابوونی نهێنییەکانی سروشت و باڵادەستبوونی لە ئەمرۆدا بەسەریدا"[1].

---

[1] هونکە، شمس العرب تسطع على الغرب، أثر الحضارة العربية في أوروبة، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠٢.

### ث- پێکەوەگونجان لەگەڵ گەردوون:

زۆر جـــار لە دەقە ئیســـلامییەکاندا خوێنـــدوومانەتەوە بە پێویســـتی دەزانێـــت پێکەوەگونجان لەگەڵ گەردوون و توخمەکانیدا هەبێت، ئیدی ئەوەی سەرچاوەکەی دەقێکی وەحیی بێت، یان لە دەقەکانی کەلەپووری مرۆییدا هاتبێت. ئەوانە هەموویان ڕوویان لە گەردوونە "سەرچاوەی هەموو بەهاکان لای ئێمە -ئێمەی مسوڵمان- دوو کـاری پـێکەوە پەیوەسـتن، بە تەنیشـت یەکەوە بەبـێ بـوونی دابـڕان لە نێوانیانـدا تێدەپەڕن، ئەوانیش: وەحیی و بوون"ـن[1]. هەرچەند بویسترێت لێکجودابکرێنەوە، ئەوا ئەوە بە واتای وێرانەیی لەو بەهایانە، یان لە هەموو پلەکانیدا دێت"[2].

ئەم سەرچاوەبوونە بە تەواویی لەگەڵ سروشتی ئەو پەیوەندییەدا دەگونجێت کە مســـوڵمان لە ڕێـــگەیەوە دەبەســـتێتەوە بە گەردوون و توخمەکـــانیەوە، ئەمەیـــش پەیوەندیی ڕامکراوە کە خزمەتێک پێشکەشدەکات و ئامانجێک دەهێنێتەدی، بەوەی بۆی ڕامکراوە کە نابێت لە خۆی بایبببێت، یان بانگەشەی شتێک بکات پێچەوانەی حەقیقەتە ئەزەلییەکە بێت.

لەوانە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبینین خەڵک هەیە دەڵێت مرۆڤ زاڵبووە بەسەر سروشتدا و داگیریکردووە. دیارە ئەمە حەقیقەتەکەی تەنها ڕوکاری دەرەکیی هەیە، بەڵام حەقیقەتـی ئەزلیـی پـێچەوانەی ئەوە دەسـەلمێنێت، چـونکە مـرۆڤ تـوخمێکە لە توخمەکانی سروشت، بۆی فەراهەمکراوە لەپێناو ئەوەی ببێتە گۆڕەپانی تاقیکردنەوە و نارەحەتییەکانی.

گەڕانێـک بە نـاو کـێڵگە مەعـریفییە جیاوازەکانـدا کە مسـوڵمانان کاریـان لەسـەر کردووە، ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیوەندیی ڕامکردن (تسخیر) ئەوەیە کە جوڵێنەری دروستکەرەکەیەتی، بەو پێیەی پەیوەندییەکە سەرەتا بە ئیلهام پێیبەخشیوە. پاشان بەو پێیەی ئەو ڕێڕەوەی بۆ دیاریکردووە، کە عەقڵ و فیکر دەیخوازێت. لەبەرئەوە ئەوەی لە زانســـتی ئیســـلامیی دروســـتبووە "تەنهـــا دەرئەنجـــامی خۆشەویســـتیی مسوڵمانان بۆ جیهان و پەرۆشییان بۆ ڕێککردنەوەی بەشەکانی بە وردیی بووە"[3].

---

[1] العلواني، "الازمة الفكرية المعاصرة: تشخيص ومقترحات علاج، نحو منهجية للتعامل مع التراث الإسلامي، سەرچاوەی پیشوو، ص٣٠.

[2] سەرچاوەی پیشوو، هەمان لاپەڕە.

[3] جولدشتاين، المقدمات التاريخية للعلم الحديث، من الاغريق القدماء الى عصر النهضة، سەرچاوەی پیشوو، ص١٢٠.

لەبەرئەوە دەبینین ئەوانەی کەلەپووری ئیسلامییان لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا بەرهەمهێناوە باسی نیعمەتی فەراهەمکردنی گەردوون بە گەورەیی و ملکەچییەوە دەکەن، دەستکەوتیش لە لای ئەوان جۆگەیەکە لە جۆگەکانی خزمەتکردنی ئاین، ئیدی کارەکە دۆزینەوە بێت، یان داهینان پێویستە باسی نیعمەتەکانی خودای گەورە بکات، پێویستە دان بە تواناکانیدا بنرێت و فەرمانەکانی جێبەجێبکرێت و ئەوەی نەهیی لێکردووە خۆی لێلابدات.

لەم ڕوانگەیەوە مرۆڤی مسوڵمان پاسەوانی گەردوونە، نەک وێرانکاریی. خزمەتکاریەتی، نەک ململانێکاری. یارمەتییدەریەتی لەسەر بەردەوامبوونی وێنە ئەرێنییەکەی کە لەسەریەتی، نەک کۆسپ بخاتە سەر ڕێگەی.

لەبەرئەوە دەستکەوتەکە ڕەوتێکی نەگونجاو لەگەڵ سروشتی ژیانی نەدەگرتەبەر، نەشیدەویست خۆی بخاتە کۆشی هەڵاوێردکردن و شازێتییەوە.

بەڵام ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد، هەندێکمان دەتوانن وای سەیربکەن ئەو پاڵنەرەی وایکرد مسوڵمانان بیگرنەبەر خۆی لە پابەندبوونێکی مەبدەئییدا نابینێتەوە، بەڵکو پاڵنەرەکەی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە زانست هێشتا بازدانە جۆرییەکەی بەخۆیەوە نەبینیوە و ئەو کۆسپانەی تێنەپەڕاندووە کە کەوتبووە نێوان مرۆڤ و ئەوەی لە پشتیەوە لێیشاردراوەتەوە.

لەوانەیە ئەمە لە ڕوکاریدا ڕاستبێت، بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی حەقیقەتی کارەکە ڕونبکەینەوە، پێویستە تێڕوانینەکە ملکەچی کیانە شارستانیەکەی بکەین کە زانای ماتماتیک تێیدا شەرعزان بووە. زانای فەلەکناس کاتژاگر بووە، دروستکەر موفەسیر و فەرمودەگێڕەوە بووە... لەبەرئەوە تێڕوانینەکە لە ڕووی تیۆرییەوە ئەوەی مرۆڤ لە ئاینەکەی بەدەستیهینابوو بەدیهێنابوو، لەسەر ئەوەیش دایمەزراندبوو بەرلەوەی بە لای بوارەکانی تری دۆزینەوە و داهێناندا بڕوات.

ئەم تێڕوانینە دامەزراوە لەسەر ئیمان سەرەتا بەگوێرەی ڕێنمایی خوایی و پاشان پیکەوەگونجان لە نێوان مرۆڤ و گەردووندا، ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە بڕینی ئاراستە بەرەو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ، ئەمەیش وایلێدەکات تێڕوانینێک بێت لە کەلەپوورێکی خاوەن_مەیلی جیهانییەوە سەرچاوەیگرتووە.

ئەم لێهاتووییانە هەموویان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە بەدیهێنانی هەستانی ئەوروپیی کە خاوەنەکانی ڕۆحی کەلەپووری ئیسلامییان بەو شێوەی کە هەبووە نەنواندووە، بەڵکو بە شێوەیەکی دژەئاین بژاریان بۆ کردووە. ئەمەیش وایکردووە باڵادەستیی زانستییان دان بە مرۆڤایەتیی مرۆڤدا نەنێت، بەجۆرێک تەنها ئامانجی

سودی مادییە لە ژیاندا، بەهۆی ئەوەی مەحکومە بە تێڕوانینێکی مادیی کە لە ڕۆح هەڵدێت و دژایەتییدەکات.

بەم جۆرە ئەو لایەنانەمان خستەڕوو کە وایدەبینین کەلەپووری ئیسلامیی بەشداربووە لە بونیاتنانی هاوبەشێتیی مرۆیی لەسەریان دامەزراندووە. سەرەتا بە دیاریکردنی سەرچاوە ئیمانییەکەی کە بەرەو خزمەتکردنی تێکڕای مرۆڤایەتیی ئاراستەیدەکات، بەوەدا تێدەپەڕێت کە جیهانیبوونی کەلەپوور پێویستییەکی مرۆڤایەتییە، بەهۆی ئەو باکگراوەندەی هەیەتی و سودی گشتیی دەوێت. ئەمەیش بە گرنگییدان بە دونیا و قیامەت و بە درێژایی مێژوو بەخششەکانی بەردەوامبووە و مەنهەجیەتێکی هەبووە کە لەسەر گشتگیرێتیی و لەخۆگرتن و ئاگاداربوون و ڕۆشتن بەرەو ئایندە و پارێزگاریی مرۆڤبوونی مرۆڤ بووە.

# کۆتایی

لەوانەیە ئەم توێژینەوەیە هەموو لایەنەکانی کەلەپووری لەخۆنەگرتبێت، بۆی هەیە ئەوەی خستوویەتیەڕوو بە شێوازێکی وا نەبێت کرۆک و دەرەوەی وەکو یەک پیشاندابێت، بەڵام ئەوەی خاوەنەکەی لێیتێگەیشتووە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەشداربووە لەوەی پێیوایە هەوڵێکی پەسەندە لە ئاگاداربوونی ئەو ڕۆڵەی کەلەپووری ئیسلامیی لە بونیاتنانی ئێستای ئوممەت و بەرچاوڕونیی ئایندەیدا هەیەتی. ئەو ڕۆڵانەی کەلەپوورمان خستەڕوو کە یارمەتییدەرمان بوو لە بەدەستهێنان و تۆمارکردنی لە سێ دەروازەدا، لە سەرووی هەموویەوە ئەو ڕۆڵەی دەروازەی مێژوویی هەیە، لە پاڵ ئەویشدا دەروازەی پاڵنەری ڕۆشنبیریی و دوای ئەوانیش دەروازەی مرۆیی.

لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکە بە هەمووی پوختەی کۆمەڵە بابەتێکە کە ئەوەی پشتمانپێبەستووە و هێناومانە شایەتە بۆ ئەوەی نادیارە و نەهێنراوە. وایدەبینین ئێمە لەم کۆتاییەدا بەتەنها کۆی دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان کە دەمانەوێت بخرێتە خزمەت دەربازکردنی کەلەپوور و سود لە بەسودەکەی لە ژیانی ئوممەتدا وەربگیرێت، ئەوەیش بەم شێوەیە دەبێت:

**أ- دەرئەنجامەکان:**

- بژارکردنی کەلەپوور پێویستە هەتا ئەوەی بەسودە جیابکرێتەوە و بتوانرێت لەپێناو وەبەرهێنانی لە ژیانی مسوڵماناندا ببوژێنرێتەوە.
- پێویستە سود لە دەستکەوتەکانی ژیانی هاوچەرخ وەربگیرێت بە مەبەستی بەکارخستنی کەلەپوور، لەپێناو ئەوەی ببێتە توخمێک لە توخمەکانی ژیانی ڕۆژانە.
- پێویستە ئاگاداری بەیەکگەیشتنی ڕەوتەکانی هاوچەرخ و ڕۆژهەلاتناسان بین لەپێناو تەقاندنەوەی کەلەپوور لە ناوەوە.
- پێویستە ئاگامان لەوە بێت نوێگەرەکان بەشدارنابن لە ڕزگارکردنی کەلەپوور بە بەدیهێنان و لابردنی گەرد و تۆز لەسەری، بەڵکو ئەوان پاش دەرهێنانی وەکو توێژینەوەی دەربازکار ڕوویتێدەکەن.

- بچووکردنەوەی کەلەپوور لە لایەن نوێگەرانەوە لە چەند ڕوکارێکدا کە خزمەتگوزاریی ئایدیۆلۆژیی پێشکەشدەکات، بە بەکارهێنانی بژارکردنێکی ستەمکارانە و پاشەکشە لە زانستیبوون لە ڕوکاردا.
- توانای کەلەپووری ئەرێنیی ئیسلامیی لەسەر قایمکردنی ئوممەت لە هەموو ئەو بەئامانجکرانە قینلەدڵانەکانی سەردەمی لاوازیی و بێدەسەڵاتیی.
- لادانی پەردە لەسەر خەسڵەتی "جیهانیبوون، کە کەلەپوور هەیەتی، ئەمەیش بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئیمانییەکەی و مەرجەعیەتە مێژووییەکەی و ڕامان لە ڕوخسارەکانی تێڕوانینی مەنهەجی کۆنترۆڵکار تێیدا.

**ب- ڕاسپاردەکان:**

- پێویستە چەمکی کەلەپوور دیاریبکرێت، بە تایبەت لە ناو ئەو توێژەرانەی لە تێڕوانینێکەوە کە کەلەپوور سەردەخات و کێشەکانی ئوممەت و بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت. تەنانەت ئەگەر نەشیگەیاندبێتە ئاستە باڵاکەی، ئەوا پێویستە لەسەریان ئاستە نزمەکەی بەدیبهێنن، کە قسەیان کۆدەکاتەوە لەسەر خزمەتکردنی و یەکخستنی ڕەوتی دەستکەوتەکانیان لە پاراستن و بوژانەوە و بەکارخستنیدا. بەوەیش لەسەر یەک قسە دەبن، کەلەپوور بە ڕەهایی سەرناخەن، دژایەتیی هەموو شێوەکانیشی ناکەن، بەڵکو ڕودەکەنە ئەوەی بەسود و پابەندە بە خزمەتکردنی بەهاکانی ئوممەتەوە.
- پێویستە لە بارەی خزمەتکردنی کەلەپوورەوە قسە لە باوەڕبوون بە سودی کاری بەکۆمەڵی دامەزراوەیی تێیدا یەکبخرێت، چونکە کاری تاکیی بونیاتنەنراو لەسەر هەماهەنگیی هەوڵەکان و یەکخستنی کارەکان، بەو جۆرە دەمێنێتەوە کە کەلەپوور لە ڕۆژهەڵات سودمەنددەبێت لە دەستکەوتێک کە لە ڕۆژئاوا دەستکەوتێکی تر ڕکابەرایەتییدەکات، ئەگەر فڵانەکەس لەوپەڕی زەوی لێکۆڵینەوەی لە دەستخەتێک کرد و کات و تەمەن و ناڕەحەتیی و دارایی تێدا خەرجکرد، تەنها خودای گەورە قەدریدەزانێت، چونکە ئەو هەر کە لە کارەکەی بوویەوە، هێشتا لەوانەیە عارەقی ناوچەوانی وشکنەبووبێتەوە، یەکێکی تر ڕایبگەیەنێت هەمان کاری ئەنجامداوە و هەمان دەستخەتی دەرهێناوە. ئەمەیش ڕەوتێکە بە هەموویەوە لە نەبوون کاردەکرێت، بەهۆی نەبوونی پەتی پەیوەندیی لە نێوان توێژەرانی عەرەب و مسوڵماندا، ئەمەیش تابلۆیەکە بە ڕووی زانایاندا کە هەوڵی هەڕەمەکیی بەفیڕۆدەری کات و تیابەری تەمەن و سامانە لەپێناو کارێکی دوبارەکراوە و دەرئەنجامێکی بێسوددا.

- بۆ ئەوەی کەلەپوور ئامانجی خۆی بهێنێتەدی، بژێنێتەوە و ڕزگاربکات و ببووژێتەوە و کاربکات، پێویستە ئەو دەوڵەتانەی کە هەن دەستوەردانبکەن لە "بەدامەزراوەییکردن"ی کارەکانی کەلەپووردا. ئەمەیش بە سەپاندنی دەسەڵات و سەرکوتکردن نا، بەڵکو بە سەرپەرشتییکردنی دامەزراوە کەلەپوورییەکان و دامەزراندنی کەسانی بەتوانا و لێهاتوو و دەستپاک لەسەریان، پێشکەشکردنی ئەوەی پێویستیانە، چونکە هەوڵەکانی دەوڵەتان وەکو هەوڵی تاکەکان نییە، توانای دەوڵەتانیش بۆ پاککردنەوە و خستنەگەڕی توانا و سامان بە هیچ شێوەیەک بە تواناکانی تاک بەراوردناکرێت، لەمەدا ئەگەر کۆبن.

- پێویستە بابەتێک، یان وانەیەکی خوێندن لە هەموو بەشەکانی فێرکردندا دابنرێت کە گرنگیی بە بابەتەکانی کەلەپوور و کێشەکانی و ڕەوش و بارودۆخی و چۆنیەتیی ڕزگارکردن و بوژاندنەوە و بەگەڕخستنی بدات، بە نەخشاندنی ئەو ڕێگایانەی دەکرێت بە کارایی تێیاندا بخرێتەگەڕ، هەتا قوتابییان بزانن کە مێژوویان زۆرباشترە لە ئێستایان. بە دڵنیاییەوە بزانن کە سەربەرزیی باووباپیرانیان زۆر چاکتر بووە لەو لاوازییەی کە گەورە و بچووک خۆی خستووەتە کۆشیەوە، هانی هەنگاوەکانیان بەرەو چاککردنی ئێستا و بونیاتنانی ئایندەیان لەسەر شێوەیەک بدات، کە جێگەی ڕەزامەندیی ئوممەت بێت و مێژوویش شایەتییبدات کە ڕەوشی ئێستا کەوتنێکە لە کەوتنەکانی ڕۆژگار و نەهامەتییەکە لە نەهامەتییەکانی بەهەڵەداچوون و لەبیرکردن.

ئەمە پوختەی ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە لە دەرئەنجام پێیگەیشتووە. هەمووی دەریدەخات کەلەپوور چەندیین ڕۆڵی لە بونیاتنانی ئێستا و ڕۆشنکردنی ئایندەی ئوممەتدا هەیە. ئەمەیش وەکو پێویست بەرهەمی نابێت ئەگەر هەوڵی توێژەرانی گرنگییدەر بە کێشەکانی ئوممەت چڕنەکرێتەوە بۆ لادانی گەرد و تۆز لەسەری و کارپێکردنی لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان هەتا بەردەوامێتیی خۆی لە بووندا بە سەربەرزییەوە بەدەستبهێنێت. ئەمەیش بۆ خاوەن_هیممەتە بەرزەکان، ئەوانەی دەیانەوێت خزمەتی ئوممەت بکەن بە نۆژنکردنەوەی قەڵا داڕوخاوەکانی و بونیاتنانی کەشی ئایندەی فراوانی بۆشایی بۆی.

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە بەهۆی نیعمەتەکانی ئەوەوە کارە باشەکان تەواودەبن.

# پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک ـ ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

ـ فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلامەوە.

ـ گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

ـ چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

ـ بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

ـ هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

ـ ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.

ئەگەر کەلەپوور یادگە و مێژووی ئوممەت (ذاكرة الامة) بنوێنێت، ئەوا بەو پێیەی بەشێکی ژیانیەتی و بەشێکە لە نەستە تێکڕاییەکەی، نابێت فەرامۆشن بکرێت، چونکە ئەگەر بە هەڵە، یان بێئاگایی، یان بە نکوڵیلێکردن و بەسوکسەیرکردن لەدەستیدا، ئەوا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی کەوتنە ناو بازنەی لەبیرچوونەوە و فەرامۆشکردن و سڕانەوەی ڕوکارەکانی.




نرخی (٤٠٠) دینار